ژمارە ١٣
ئەیلولی ٢٠١١

# نوێبوون

## گـــۆڤارێکی سیاسی و روناکبیری وەرزیـــیە

خاوەن ئیمتیاز/ مەڵبەندی (١) رێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك)

ســـــــــــەرنووسەر/ ئەنوەر ساڵح عەزیز
جێگری ســـــــــەرنووسەر/ ئازاد تۆفیق

راوێژکاران
ئـــەکرەمـــی میهرداد
محەمەد کـــەریـــم
ئـــومێد قەرەداغی

سەرپەرشتیاری هونەری
ئـــــالان قـــادر

هەواڵنامەی کتێب

ناونیشان / سلێمانی -شەقامی سالم
(مەڵبەندی(١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك))

Email: nwebunm1@yahoo.com
nwebun@live.com
www.pukm1.com
Tel: 07480172102
07705434650

هەڵەچن / محەمەد نەجمەدین
چاپ / چاپخانەی شڤان
تیراژ / ١٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن / ٢٠٤

هەواڵنامەی کتێب

# لەم ژمارەیەی نوێیووندا


| | | |
|---|---|---|
| * بارودۆخێکی هەستیار | سەرنووسەر | ٥ |


## چاکسازیی


| | | |
|---|---|---|
| * چاکسازیی، زادەی پێداویستییەکانە | ئازاد تۆفیق خەیات | ١٥ |
| * چاکسازیی: چۆن دەکرێت.. لە کوێوە دەست پێبکەین؟ | فرسەت سۆفی | ٤٧ |
| *رۆڵـــی دەزگـاکـانـی راگـەیـانـدن لەبەگژداچوونەوەی گەندەڵیدا | عەلی رەزا خوسرەوی<br>لەفارسییەوە: کارزان محەمەد | ٥٣ |
| *پێشینەی هزریی ریفۆرمی سیاسی | ئەنتۆنیو کاسادۆ دارۆکا<br>وەرگێڕان و ئامادەکردنی:<br>ئاوات ئەحمەد سوڵتان | ٦٥ |


## دیـــدار


| | | |
|---|---|---|
| *مێزگردی سەروەریی و پاراستنی یاسا | سازدانی/ئەکرەمی میهرداد | ٧٥ |
| *وتووێژێك لەگەڵ دکتۆر یوسف سلامە :<br>دەربارەی جیهانگیریی و کۆمەڵگای سیاسی و شوناس و وەزیفەی فەلسەفە | سازدانی : نسرین مخلوف<br>لەعەرەبییەوە:محەمەد کەساس | ١١٣ |

## دیموكراسیو پارتەكان


| | | |
|---|---|---|
| * دیمەنەكانی دیموكراسیی كوردی و ئاسۆكانی ریفۆرم. | ئەكرەمی میهرداد | ١٢٩ |
| * كۆمەڵناسیی سیاسی پارتەكان. | شۆڕش محەمەد | ١٧٣ |
| *دانوسان: چەمك و خاسییەتەكان | د. نادر ئەحمەد ئەبو شێخە<br>و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان | ١٨٧ |
| *حزبە سەرەكییەكان چۆن بزووتنەوە نوێكان دەخەنە پەراوێزەوە؟ | حسینعلی نوزری<br>لەفارسییەوە/ محەمەد كەریم | ٢١١ |


## ئــابووری


| | | |
|---|---|---|
| * كاریگەریی قەرزە گشتییەكانی ئەمریكا لەسەر ئابووریی ئەمریكاو جیهان . | فەیسەڵ عەلی | ٢٣١ |

| | | |
|---|---|---|
| * فەرهەنگی زارەوەكان | ئامادەكردنی/ ئازاد تۆفیق | ٢٦٩ |


هەواڵنامەی كتێب

# بارودۆخێکی هەستیار

**مەسەلەی** نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەیی، یەکێکە لەوپرسانەی کە ئێستاش لەناو فکری سیاسی و میتۆدی سیاسیدا، لەکایەکانی کاری سیاسی نێودەولەتانو نەتەوە بندەستەکاندا، گرنگی خۆی هەیەو مەسەلەیەکی گەرمو گوڕی چارەنووس سازە بۆ ئەو نەتەوانەی کە تائێستا مەسەلەی ناسیۆنالیزمو پرسی دەولەتی تێدایە، مەسەلەیەکی ژیاری و ژیانی تاکەکانی ئەو نەتەوانەیە، پڕۆسەی خەمی نەتەوە بێ دەولەتەکان، تائێستاخەمێکی گەورەیەو کاریگەری سیاسیو کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگی خۆی هەیە، لەسەر ڕەوشی ژیانی ئەو ناوچانەی کە تائێستا بەدەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێننو سەرچاوەی کێشەو بگرەو بردەیە. هەرچەندە بەتەنیشت ئەم واقیعەوە، بیرکردنەوەیەکی گلۆباڵی (گەردوونی)هەیە، کە دەڵێت مەسەلەی نەتەوەو دەولەتی نەتەوەیی مەسەلەیەکە گرنگی سیاسی خۆی لەدەستداوە، ئەم بـیروڕایـەش لەبەر ئەنجامەکانی پڕۆسەی بەجیهانی بوونەوە هاتووە.

کورد لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا یەکێکە لەو نەتەوانەی ناوچەکە کە زیاتر لە ٤٠ ملیۆن خەلك بەزمانی کوردی لەسەر خاکێکی مێژوویی خۆیو خاوەن فەرهەنگێکی هاوبەش، خاوەن مێژوویەکی دوورو درێـژە، تائێستا نەتەوەیەکی بێ دەولەتەو سەرباری ئەمەش لەسەر دەستی ئیمپریالیزمی کۆن و ولاتە زلهێزەکان دابەشو پارچە پارچەکراوە بەسەر چوار دەولەتی ناوچەکەدا، لەئەنجامی ئەم پڕۆسەیەش کورد بـەردەوام لە ململانێدا بووەو خەباتی کـردووە، ئەم جۆری خەباتەش جۆرێك بووە لە شـۆڕشو خەباتی چەکداری ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە کە بـەردەوام هیچ ڕێگایەکی ئاشتی و مەدەنیانەی بۆ خەباتی سیاسی داواکانی گەلی کورد نەهێشتۆتەوە، بەلام لە واقیعدا پێکهاتەی ئەم دەولەتانە پێکهاتەیەکی ئارەزوومەندانە نەبووە، بەلکو بەشێوەیەك بووە کە لەبەرژەوەندی دەولەتە زلهێزەکانو نەتەوە سەر دەستەکانی ناوچەکە بووە، دانیشتووانی ئەم دەولەتە دروستکراوانە، خەلکێك بوون لەرووی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبیەوە لێك جیاواز بوون، ئەمەش وای کردووە ئەم خەلکە نەتوانن پەیوەندیەکی کۆمەلایەتی هاوبەش و فەرهەنگێکی هاوبەش و ئایندەو ستراتیژییەکی هاوبەش دروست بکەن، بەلکو بەپێچەوانەوە بەردەوام هەولدراوە جۆرێك لە پەیوەندی دوژمنانەو بەچاوی دوژمن و هاوولاتی

پلە دوو وپلە سێ سەیری یەکتریان کردووە، و لەهەمان کاتدا سیستمی سیاسی ئەم نەتەوە سەردەستانە سیستمێك بووە نەیانتوانیوە مافەکانی نەتەوەکانی تری ئەم چوارچێوەیە دابین بکەنو بروای پێ بهێننو زەمینەی سیاسیو کۆمەڵایەتی بۆ فەراهەم بکەن تا بتوانن لەوێوە لە ناو سیستمێکی دیموکراتیدا چەمکی هاووڵاتی بوون بنیات بنێن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم سیستمانە سیستمی دیکتاتۆرییو تۆتالیتاریی بوون وبەردەوام بەشێوەیەکی نامرۆڤانە هەوڵی ئەوەیان داوە پەیوەندی نێوان نەتەوەکان پەیوەندیەکی نا تەندروست و دوژمنکارانە بێت، وە هەوڵی ئەوە نەدراوە زەمینەیەك سازبکرێت بۆ پێکهێنانی سیستمێکی سیاسی کە ببێتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتێکی فیدرالی و هەموو نەتەوەکان بەشێوەیەکی تەندروست دەسەلات و حوکمداری خۆیان بکەن و وەفاداریان بۆ ئەو ولاتە هەبێت کە تێیدا دەژین، وەلەهەمان کاتدا نەتوانراوە زەمینەیەکی دیموکراتی لە سیستمی ئەم ولاتانە بهێنرێتە کایەوە، کە مافو ئازادیەکانی خەڵك پارێزراو بێت لەرێگەی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی کردنەوە ، هاووڵاتی نوێنەری خۆی بۆ دەسەلاتەکانی ناو ولات هەڵبژێرێت.

لەبەرامبەر ئەمەدا میللەتی کورد بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە کێشەکانی بەشێوەی گفتوگۆو دانوستانو ئاشتیانە چارەسەر بکات لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزدا بەڵام بەداخەوە ئەم رێگەیە کە رێگەیەکی ئاشتی پەروەرانەیە لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەکاندا زۆر لاواز بووەو دەوڵەتانی ناوەند حساباتی جدیان لەسەر نەکردوەو بەردەوام بەچاوێکی زۆر نزم سەیری ئەم هەوڵدانەی کوردیان کردووە، بۆیە کورد بەناچاری دەستی داوەتە چەك و شۆرشی ئەنجامداوەو خەباتی کردووەو قوربانی داوە ئەویش لەپێناو پاراستنو شوناسی نەتەوەیی خۆی دا، ئەم ململانیەش بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی ئەم دەوڵەتانە بەردەوام بووە، کە ئەمەش نەتیجەیەکی حاشا هەڵنەگری دروستکردووە، کە ئەویش ئەوەیە کە دوو رێگا لەبەردەم ئەم کێشەیەدایە بۆ ئەوەی لە بنەرەتدا چارەسەری ئەم کێشانە بکرێت:

أ- ئەم دەوڵەتانە بە شێوەیەکی سیاسییانەی تەندروست بیربکەنەوەو بەشێوەیەکی عەقلانی سیستمێکی سیاسی فیدرالی دابمەزرێت کە نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تر لەناوچوارچێوەی ئەم سیستمە فیدراڵیە یاساییەدا فەرمانرەوایی خۆیان بکەن و ناوەند نەبێتە شوێنی هەموو بریارەکان، نەتەوەکانیش بەشداریی لەدەسەلاتو بەرێوەبردنی ئەو ولاتە بکەن، هاووڵاتیان وەکو هەر هاووڵاتیەکی تری نەتەوەی سەردەست بەشداری سیاسی خۆی هەبێت و دەنگ و رەنگی هەبێت لە دارشتنی سیستمی سیاسی و بریارە سیاسییەکان لەو ولاتەدا، کە ئەمەش لە ئێستای

دونیادا مافی سەرەتایی هەموو تاکێکی نەتەوەیە کە لە چوارچێوەی هەر دەوڵەتێك کە دەژی و خۆی بەهاووڵاتی ئەو وڵاتە دەزانێت، تائێستاش وتاری سیاسی کوردی وتارێکە کە داوای ئەمەی سەرەوە دەکات، وە هیچ پارتێکی سیاسی کە کاریگەری هەبێت لە کوردستاندا داوای دەوڵەتی سەربەخۆی نەکردووە و داوای ئەوەی نەکردوە لەم وڵاتانە جیابێتەوە بەڵکو بەردەوام گفتوگۆ لەسەر ئەوە بووە لەناو چوارچێوەی ئەم وڵاتانەدا نەتەوەی کورد مافەکانی پارێزراوبێت وبەشداری لە سیستەمی دەسەلاتدارێتی بکات، خێروبێری وڵاتەکەی بۆ بەرەوپێشچوونی ژیانی کورد دەستەبەربکاتو ژیانێکی شایستە بۆ تاکی کورد زامن بکات .

ب- بەڵام بەداخەوە تێروانینی دەسەلاتدارانی ئەو وڵاتانە بەپێچەوانەی ئەم خواستەی کوردەوە بووە، بەڵکو هەوڵیانداوە کە سیستەمێکی دیکتاتۆریی بنیات بنێنو بـەردەوام هێزو توانای مـاددی و مەعنەویان لە پێناوی سەرکوتکردنی جوڵانەوەکانی کورد بەکارهێناوە، ئەمەش ئەو رێگەی دووەمەیە کەئەم وڵاتانە بەکاریان هێناوەو مـەودای خاڵی یەکەمیان بۆ کورد نەهێشتۆتەوە، بۆیە ئاشی جەنگی ئەم وڵاتانە بەردەوام بووە، بەئامانجی لەناوبردنِ و سوتماك کردنی خاك و جینۆسایدکردن و گرتنو لەسێدارەدانی تاکەکانی کۆمەڵگا تەنانەت پەنایان بردۆتە بەر شێواندنی کەلتوورو فەرهەنگی نەتەوەیی کورد بۆیە کورد لەبەرامبەر ئەمەدا هیچ رێگەیەکی تری نەبووە تەنها خەباتو تێکۆشانی شۆرشگێرانە نەبێت، ئەویش بە ئامانجی پاراستنی نەتەوەیەك بووە ، ئەمەش ئەو فاکتەرەیە کەهزری نەتەوەی سەردەستی گەیاندۆتە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە، ئەمەش کەلتوورێکی بۆ دروست کردوون کە توانای پێکەوە ژیانیانِ نەبێت لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، وە ئاستی بیرکردنەوەیان یان هوشیاریی کۆمەڵایەتی سیاسییان نەگەشتۆتە ئەو بروایەی کە سیستەمێکی دیموکراسی بهێننە کایەوە، (کە نموونەکەی لە وڵاتانی دنیادا زۆرە ) کە هەموو هاووڵاتیەك لەناو چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا هەست بەبوونی خۆی بکات ئەم پرۆسەیە ئەوەندەی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەم دەسەلاتانە خاوەن کەلتوورێکی دیموکراتی نینو نەفەسی گیانی پێکەوە ژیانیان کەمەو ناتوانن لێبوردەبن لەبەرامبەر جیاوازییەکاندا ئەمەش رەنگدانەوەی خۆی هەبووە لە بیرکردنەوەی هەموو تاکێکی فارس یان عەرەب یان تورکدا کە زۆرجار ئەمانە ئەگەر لەدەرەوەی دەسەلاتیشدابن بیرکردنەوەیان بەرامبەر بەدۆزی کورد بەشێوەیەکی رەگەزپەرستانە بووە (ئەم قسەیە بەشێوەیەکی رەها ناڵێین) بەڵکو ئەوەندەی مەبەستمان لەو پرۆسەیەیە لەمێژووی دروستبوونی ئەم دەوڵەتانە کاری لەسەر کراوەو بۆتە بونیادی بیرکردنەوەی تاکەکانی نەتەوەی سەردەست چونکە بە بەردەوامی نەتەوەی سەر دەست خۆی بە پلە یەك

داناوەو خەڵكی تر بە پلە دوو وە بەخەڵكی كێوی و تێكدەر بە یاخیبوو .. هتد لەقەڵەم داوە. ئەمە وای كردووە زەمینەی پێكەوەژیان كەم بكاتەوە بەنموونە لەساڵی ( ٢٠٠٣) دا حكومەتی بەعسی فاشی لە عێراقدا ڕووخا، بەڵام لەساڵی ( ١٩٩٢) دا كورد دەسەڵاتداریێتی و دەزگاكانی دەسەڵاتی خۆی هەبوو حوكمی گەلەكەی خۆی دەكرد بەڵام پاش ساڵی (٢٠٠٣ ) كورد چووە بەغداد بەبرا عەرەبەكانی وت ئێمە دەمانەوێ لەناو ئەم وڵاتەدا بژین، پێكەوە حوكمی عێراقی نوێ بكەین و لەئەنجامی ئەم ماوەیەی پێكەوە كاركردن، كورد بەخەباتی سەرسەختانەی خۆی توانی لەگەڵ عەرەبی سوننەو شیعەی عێراق دەستوورێك بهێنێتە ئاراوە بۆ عێراقی نوێی فیدراڵ، كەمافی نەتەوەی كورد تێیدا پارێزراو بێت پاش ٨ساڵ لە تەجروبەی عێراقی فیدراڵدا هەرچەندە لەپەرلەمانی عێراق نوێنەرایەتی هەیە وە سەرۆكی كۆماری عێراق كوردەو وە لەناو حكومەتی عێراقدا وەزیری كوردو جێگری وەزیری كورد هەیە بەڵام تائێستاش بیر كردنەوەی برا عەرەبەكانمان لە عێراقی فیدراڵدا نەك هەر هەوڵ بۆ پووچەڵكردنەوەی ئەم دەستوورە دەدەن بەڵكو بەردەوام دەیانەوێت كێشە بۆ جێ بەجێ كردنی دەستوور دروست بكەنو تا ئێستاش چەندین كێشە لەنێوان حكومەتی هەرێمی كوردستانو حكومەتی فیدراڵدا هەن كە بەچارەسەرنەكراوی ماونەتەوە، یان دەستی دەستییان پێدەكرێت، یان عەرەبەكانی عێراق بروایان پێی نیە، ئەمەش ئەو بونیاتە فكرییەیە لە بونیاتی سیاسی ئەماندا دروست بووە، بەرامبەر بەگەلانی تر .. ئێوە سەیركەن تازە بەتازە دەیانەوێت لەڕێگەی تیرۆریستو عەرەبی شۆڤێنیەوە تەعریب درێژە پێبدەنو ماڵی كورد لە شوێن و ژیانی مێژوویی خۆی ئاوارە دەكەن، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین كێشەی تر هەیە كە مافی نەتەوەیی كوردە لەناو چوارچێوەی دەستووری عێراقدا پیادەی بكات، تائێستا دەسەڵاتدارانی عەرەبی شیعەو سوننەش لەناو ئەم سیستمە سیاسییەدا بەدوای ڕۆژێكدا یان بەدوای هەلومەرجێكدا دەگەڕێن كە سیستمی فیدراڵی و دەستووری عێراقی نوێ لەڕەگەوە دەبێنن وجارێكی دی دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بكەنەوەو نەتەوەی كوردیش وەك نەتەوەی دووەمو بن دەست سەیربكەن. ئەم جۆرە بیركردنەوانەی عەرەبی سەر دەستو تورك یان فارس ناچارت دەكات كە تۆ بە بەردەوامی خۆت بە هاووڵاتی ئەم وڵاتە دروستكراوانە نەزانی بۆیە بەردەوام مەسەلەی نەتەوە و نەتەوایەتی ئەو مەسەلەیەیە كە تاكی كورد خەون بەوەوە دەبینێت، چۆن ئەم وڵاتانە لێك هەڵدەوەشێت و نەتەوەی كوردیش لەو هەلوەشانەوەدا هەست بەبوونی نەتەوەیی خۆی بكات، ئەم لێكدانەوەیە بەردەوام پرسیاری گرنگی دروستكردوە بۆ هەموو تاكێكی كورد كە ئایا من كوردم یان عێراقیم یان ئێرانیم یان توركیایم، ئەمە ئەو واقیعەیە كە هەموومان هەستی پێدەكەین لەبەرامبەر چەوساندنەوەو زوڵم كە دژ بە نەتەوەی

کورد ئەنجام ئەدرێن .

خۆشبەختانە لە ئەمرۆی دنیادا بەهۆی گەشەسەندنی (ماس میدیاوە) کە ئەنتەرنێت و سەتەلایت و مۆبایل ..هتد لەئارادان کورد توانیوێتی کێشەی خۆی بە دنیا بگەیەنێت ، لەدوای راپەرینەوە کورد بەشێوەیەکی بەرفراوان دۆزەکەی خۆی لەدەرەوەی خۆی بناسێنێتو وە کێشەو گیرگرفتەکانی نەتەوەیی خۆی بباتە ناو تۆری پەیوەندی ولاتانی دەرەوە ئەمەش بەهۆی ئاسان کارییەوەیە کە لەدنیای کۆمنیکەیشندا هەیە ئەم پرۆسەیە توانیوێتی هاوکارێکی جدی دۆزی کورد بێت کە بەرێگەیەکی خێرا ژیان و گوزەرانو دۆخی کورد بەگشت جیهان بگەیەنێت، ئەمەش وای کردووە یەکێك بێت لە فاکتەرەکان کە دۆخێکی نوێ یان نیەتی گۆرانکاری نوێ یان دیدی نوێ دروست ببێت بەرامبەر کورد، وەکو نەتەوەیەکی چل ملیۆنیی بێ دەولەت ئەمەش پرۆسەیەکە لەدەرەوەی ئیرادەی ولاتانی ناوچەکە بەرێوەدەچێت ئەم پرۆسەیە بەرهەمی گۆلۆبالیزەیشن (بەجیهانیبوونە) و فاکتەرێکی تری ئەم بزاووتەی ناوچەکە دەگەرێتەوە بۆ دکتاتۆریەت و داخراوی ئەم ولاتانە، وە لەهەمان کاتدا بەرژەوەندی ولاتانی زلهێز لەناوچەکەدا، ئەمانە هەمووی بەبێ بەشداری کورد لەم ناوچەیەدا توانای سەرکەوتنی پرۆسەی گۆرانکاریی نابێت، چونکە بروامان وایە ئەو هەلە مێژووییەی کە لەناوچەکەدا کراوە نابێت دووبارە بێتەوە بەلکو دەبێت رێگە راستەکە بدۆزرێتەوە...

## بارودۆخەکە :

**بارودۆخی** ناوچەکەو هەولەکانی ولاتانی دنیا بە ئاراستەیەك دەروات، کە گۆرانکاریی کارێکی حەتمیە بەتایبەتی سیاسەتی ئەمریکا روونو ئاشکرایە بەرامبەر بە تیرۆریزم و ولاتانی دیکتاتۆریی، وە هەر لەرێگەی ئەمریکاوە بوو دەسەلاتێکی دیکتاتۆریی وەکو دەسەلاتی بەعسی عێراق لەناوچوو، وەهاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و مانەوەی لە عێراقدا نیشانەی پەرۆشیەتی بۆ ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست وەبارودۆخی ناوخۆی ولاتانی ناوچەکە بەعێراقیشەوە لەبارێکی نا ئارام و ناسەقامگیردایە، ولاتێکی وەك سوریا ئێستا لەژێر هەرەشەی جەماوەرەکەیدایەو بەرەو رووخان دەروات پاش رووخانی حزبی بەعسی سوریا دەبێتە پێگەی ململانێیەکی سەختو خوێناوی لەنێوان ئێخوانی موسلمین و سوننەو عەلەویەکان و کوردی ئەو ولاتە لەگەل ئەمەشدا ئێرانو تورکیاو ئیسرائیل رۆلیان دەبێت لەناو ئەو ململانێیانەدا و دەیانەوێت دەستیان لەنەخشی سیاسی ئایندەی سوریا هەبێت. رەنگە خوێندنەوە بۆ ئایندەی سوریا زوو بێتو کارێکی زەحمەتە لەم سەروبەندەدا، بەلام ئاراستەکان بەرەو ئەو حالەتە

دەڕۆن .

–تورکیا بۆخۆی کێشەی گەورەی سیاسی و ئابووری هەیە، تورکیا هەرچەندە ئەندامی ناتۆیە و دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکەیە بەڵام بەقەدەر گەورەیی خۆی کێشەی هەیە، کێشەکانی تورکیا هەر لەکێشەی قوبروس وکێشەی ئەرمەن و کێشەی کوردو کێشەی لەگەڵ ئیسرائیل و کێشەی هەژاریی‌و کێشەی نێوان جەنەراڵەکانی سەربازیی تورکیاو حزبی عەدالەت‌و گەشەپێدانی دەسەلاتداری تورکیا کە ئێستا لە تورکیادا چەندین جەنەراڵی سەربازیی لەنێو زینداندان. وە پەیوەندییەکانی دەرەوەی تورکیاش بەتایبەتی لەگەڵ ئەوروپادا لەسەر ڕەهەندە دیموکراتیەکان‌و مافی مرۆڤ و دادپەروەری وەستاوە، تائێستا تورکیا چەند جارێك پەیمانی داوە بە دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد، بەڵام بەداخەوە تازە تورکیا بەهێزی سەربازیی وەڵامی کێشەی کورد دەداتەوە، ئەمەش زیاتر تورکیا بەرەو پێگەی جەنگ دەبات، کە هەموو ئومێدی ئەوەمان دەخواست چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بەئاشتی چارەسەر بکرێت.

– ئێران بارودۆخی لەبارودۆخی ئەم وڵاتانە باشتر نیە هەم لەئاستی ناوخۆدا وهەم لەئاستی دەرەوەو نێودەوڵەتیشدا، ئێران لەناوخۆی خۆیدا لەگەڵ هێزی ریفۆرمخوازەکاندا بەردەوام لە ململانێیەکی سەختدایە، وەلەسەر ئاستی دەرەوەش بەهۆی چەکی ئەتۆمیەوە لەژێر چەندین ئابلوقەی ئابووریدایە، بەکورتی ئەم وڵاتانە لەم هەلومەرجەی ئێستادا وڵاتێکن لەئاستی ناوەوەو دەرەوەدا پڕ لەکێشەن، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاریگەریی ئەو تەوژمە گۆڕانکارییەیە کە لەسەر ئاستی دنیاو ناوچەکەدا هەیەو کاری خۆی دەکات، کە دەبێت ئەم وڵاتانە یان وڵاتێکی دیموکراتی بن کە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی تیا دەستەبەر بێت، یان بەرەو هەڵوەشان ولەبەر یەکترازان دەچن.

## ئێمە دەبێت چی بکەین؟

دەبێت کورد لەهەموو حاڵەتەکاندا خۆی ئامادەبکات بۆ ئەو باهۆزەی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە، ئەم حاڵەتەش هەموو کورد بەبێ جیاوازی دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی مێژوویی گرنگەوە، ڕەنگە ئەم گۆڕانکارییانە وەرچەرخانی گەورەی تێدا دروست ببێت بۆ مەسەلەی کورد کە دەیان ساڵە کورد خەباتی بۆ دەکات، وەیان ئەگەری ئەوەی هەیە بەدیوەکەی تردا بڵێین کورد تووشی نەهامەتی زیاتر ببێت، بۆیە



هەواڵنامەی کتێب

دەبێت هەموومان بەو پەڕی هوشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ کۆی ئەم گۆڕانکاریانەدا بکەین.

واقیعی کوردستانی باشوور ڕەنگە بکەوێتە بەردەم گورزی ئەو گۆڕانکاریانەوە، دەشکرێ ببێتە بنکەیەکی گەورە بۆ ڕابەرایەتی گۆڕنکاریی لەناوچەکە بەگشتی، بەڵام ئێمە لێرەدا فاڵ ناگرینەوە بەڵکو دەبێت هەموومان بڕوامان بەوەهەبێت کە هەلومەرجێك هەیە، یان واقیعێك لە ئارادایە دەبێت لەهەموو حاڵەتەکاندا کورد خۆی بۆ ئامادە بکات.

ڕەنگە کێشەی هەرپارچەیەك لە کوردستان جیاواز بێت لەوی تر، بەڵام کوردی هەرپارچەیەك بەرپرسیارە بەرامبەر ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانی بۆ دروستکردنی ئایندەیەکی نوێ، وەنابێت هەندێك کار بکەین ببێتە هۆی دروستکردنی بۆشایی سیاسی، تا وڵاتانی ناوچەکە وەکو فرسەتێك بەکاری نەهێنن بۆ تێکدانی ئەوەی کە هەیە، وەدەبێت نیەتێکی لێك تێگەشتن بۆ حاڵەتە جۆراوجۆرەکان هەبێتو مامەڵەیەکی عەقلانی لەگەڵدا بکرێت، بەدوور لە هەموو دەمارگیریی کەسایەتی وئایدۆلۆجی و ناوچەییو حزبایەتی .. هتد.

لەم هەلومەجەدا لەکوردستانی باشوور (واتە هەرێمی کوردستانی عێراق) هەرچەندە لەژێرفشاری تۆپبارانی تورکیا و ئێراندایەو عەرەبەکانی عێراقیشمان کەوتوونەتەوە تەعریب کردنەوەی کوردستان.. ( ڕەنگە لێرەدا کاتی ئەوە نەبێت مەسەلەی ستراتیژی ئەم ڕەفتارانە ڕوون بکرێتەوە) بەڵام دواجار ئامانجیان ئەوەیە فشار لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق دروست بکەن لەپێناو ئامانجەکانی خۆیاندا، گرنگە بۆ هەموو کوردێك، بزانێت دەسەڵاتی باشووری کوردستان پێگەیەکی گرنگی بۆ هەموو کورد هەیە، بۆیە دەبێت هەموو لایەکیش هەوڵی پاراستنی ئەم دەسەڵاتە کوردییە بدات بۆ ئەوەی ئەم کاروانی ڕزگاری نیشتمانیە لەم جوگرافیایە بگاتە مەنزڵی خۆی.

**ئەرکی ئەم هەرێمەش:** ئەوەیە کە نموونەیەکی جوان لە دەسەڵاتدارێتی وێنا بکات، تاببێتە بناغەیەکی گرنگ بۆ ئەو ئایندەیەی کورد خەونی پێوە دەبینێت، وە ناتوانین ئەو خەونە بەدی بهێنین کە دەوڵەتی نەتەوەیی کوردە ، ڕاستە ئێستا ئەم دەسەڵاتە هەیە بەڵام دەپرسین لەئایندەدا ئێمە چین ؟ ، ئایندە چۆن دەبێت بۆ ئێمە ؟ بۆیە زۆر گرنگە ئەمڕۆ بنیاد بنێین بۆ ئەوەی ئایندەی پێ دروست بکەین، ئەم پرۆسەیەش دەبێت دەسەڵات لە کوردستاندا هەوڵ بدات بۆ چاکسازی کردنی بوارەکانی دەسەڵاتو سیستمی کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسی و وە سیستمی ئابووری بۆیە لەم قۆناغەدا گرنگە هەوڵبدات بۆ:

* ســەروەری یاساو جیاکردنەوەی دەسـەڵاتـەکـان وچەمکی هـاووڵاتـی بـوونو بەدامەزراوەیکردنی دامودەزگاکانو سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و دیموکراتیزەکردنی سیستمی سیاسی و دەستەبەرکردنی ماف و ئازاردیەکان هتد. ئەگەر ئەمڕۆ خەبات بۆ دەستەبەر کردنی یان بۆ زەمینەسازی ئەم چەمکانەی سەرەوە نەکەین ناتوانین گەشبین بین بەوەی کە ئایندە بنیاد بنێین.

* دەبێت هەموو دامودەزگا حکومی و حزبیەکان کار لەسەر ئەکتیڤکردنەوەی ئینتمای نەتەوەیی بکەن وە دەبێت رۆحی نەتەوەیی سومبولی هزری هەموو تاکێك بێت لە پێناو چاکسازیی لە هەموو بوارەکاندا. واتە بەرۆحیەتی نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ هەر دیاردەیەك بکرێت یان هەر کەسێ: کە کاری گەندەڵی و کاری نارەوا دەکات خزمەتی وڵاتی خۆی ناکات ئەمە دەکرێت بەکەسێك ناوبرێت کە کورد نیە، یان بە دژە کورد ناوی بەرین، مەبەست لەوەیە هوشیاریی نەتەوەیی ببێتە پەیامێك بۆ هەرکارێك کە مرۆڤی کورد دەیکات.

* دەبێت کورد لە هـەولی ئـەوەدا بێت بۆ ئـەوەی ئایندە دروسـت بکات، دەبێت هێزێکی بەرهەم هێنەر لە ڕووی مادی و مەعنەوی لەم وڵاتە لەدایك ببێت، دەبێت خەڵك و دامودەزگاکان بەرهەم هێنەر بن، بۆ ئەوەی بتوانین متمانە بۆ ئایندە دروست بکەین بەبێ ئەم متمانەیەش ناتوانین کایەیەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بنیات بنێین کە ببێتە بناغەیەك بۆ ئایندەیەکی سەرکەتوو.

*دەبێت بەردەوام خەبات بکەین بۆ ئەوەی یەکریزیی میللەتی کورد بپارێزین و ئاشتی کۆمەڵایەتی دەستەبەرکەین چونکە یەکریزیی دەبێتە هۆی هێنانەدی هێزی نەتەوەیی وە ئەم هێزە نەتەوەییەشە ڕابەرایەتی ئەرکەکانی ئایندەی پرۆسەیەکی نەتەوەیی دەکات. وە دەبێت حزبەکان لە کوردستان بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە بە جیاوازی بۆچوونو ئایدۆلۆجیشەوە بە ئیسلامی و عیلمانیشەوە، مەسەلەی نەتەوەیی ئەو چەترە بێت کە هەموومان لەژێریدا ئامانج دیاری بکەین و ململانێی دیموکراتی لەژێردا بکەین.

*دەبێت گوتارێکی نەتەوەیی هەبێت .. ئەم گوتارە گوتارێکی حەکیمانە بێت، وە گوتارێکی گشتگیر بێت بۆ هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگا، گوتارێك بێت لە ئاستی وەلامدانەوەی ڕووداوەکانی دنیاو ناوچەکە بێت، وە گوتارێك بێت لەئاستی وەلامدانەوەی پێداویستیە نەتەوەییەکاندا بێت، وە ئاراستەی ئینتیمای نەتەوەیی هەر تاکێکی کورد بکات بە مەرامی ئایندەیەکی نوێ وە ژیانێکی نوێ بۆ نەتەوەی کورد.

سەرنووسەر

# چاکسازیی

- چاکسازیی، زادەی پێداویستییەکانە.
- چاکسازیی: چۆن دەکرێت.. لە کوێوە دەست پێبکەین؟.
- ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەگژداچوونەوەی گەندەڵیدا.
- پێشینەی هزریی ڕیفۆرمی سیاسی.

هەواڵنامەی کتێب



# چاکسازیی، زادەی پێداویستییەکانە

ئازاد تۆفیق خەیات

هەواڵنامەی کتێب

# پێشگۆتن

**كاتێك** باس لە چاكسازیی دەكەین، هەڵبەت كەموكوڕی وكێشەیەك هەیە، كە دەشێت قەیرانێك دروست بكات وپێویستی بە شەنوكەوێكی لێبڕاوانە هەبێت. جا ئەو قەیرانە، یا بەرەو باشبوون ونوێبوونەوە دەڕوات، یاخود بەرەو تێكشكان وهەڵخزان وهەڵدێر. بەڵام، مادامەكی، خواست لەسەر چاكسازییە، و ویست ئەوەیە كە چاكسازێك ئەسپی خۆی تێدا تاوبدات، ئەوا تای تەرازووەكە بەلای باشبوون ونوێبوونەوەدا، بەرەوخوار جووڵە دەكات.

چاكسازیی، بەمانای بەجێگەیاندنی دادوەریی كۆمەڵایەتییە. دەكرێت بە شێوەیەكی گشتی، پێناسەیەكی پوختی چاكسازیی بكەین، بەوەی گۆڕانكارییەكە لە بنەماكانی كار، یاخود لە هەڵسوكەوتی بەشێك یان هەموو سیستمی كۆمەڵگایی،وە چارەسەركردنی كەموكوڕییەكان. هەروەها، هەوڵدانە بۆ هەستانەوەی كۆمەڵگا، لە هەموو بوارەكانی ئابووری وكۆمەڵایەتی وسیاسیدا. واتە، شێواز ودەروازەیەكی نوێیە، بۆ دووبارە ڕێكخستنەوە وتەواوكاریی پەیوەندییە ناوخۆیی ودەرەكییەكانی كۆمەڵگایەكی دیاریكراو.

هەژیی گۆتنە، تێكڕای پەیوەندییە ئاڵۆزەكانی ناو كۆمەڵگا، وهەموو جومگەكان ولایەنەكانی تری ژیانی كۆمەڵایەتی، پێویستی بە پێداچوونەوەی بنەڕەتیو چاكسازیی وریفۆرمكردن هەیە. بە جۆرێك، لەگەڵ قۆناغەكانی گەشەسەندن وپێداویستییەكانی ژیان وپێشكەوتنی هزر وتەكنۆلۆژیای مودێرن وجڤات وكۆمەڵگەی سەردەمدا بگونجێت.

دیارە، بەرهەڤكردنی خۆشگوزەرانی وكەمكردنەوەی هەژاری وچاككردنی باری كۆمەڵایەتی وكاركردن وچارەسەركردنی ناكۆكییەكانی ناو كۆمەڵ وپاراستنی ژینگە ومسۆگەركردنی ژیانی باشتر وزۆرێكیتر، پێویستی بە پلاندارێژییەكی عەقڵانی كارامە هەیە، كە لە توانایدابێت ئەم كارانە بە شێوەیەكی زانستییانە جێبەجێ بكات. هەڵبەت، سەرەتا پێویستە بزانین چاكسازی وگۆڕانكاری لە چ بوارێكدا دەكەین، ئاخۆ ئەوە

چییە کە پێویست بە چاکسازیی وگۆڕانکاریی دەکات؟ بەم شێوەیە، فاکتەر ومەبەستەکانی چاکسازییەکە رووندەبێتەوە، وکەلێن وکەموکورییەکانیش دەستنیشان دەکرێن. وەلێ، خواستی گۆڕانکارییەکان، نۆرم ومیکانیزم وشێوازو جۆرو ئامرازەکانی جێبەجێکردنیان ئاشکرا دەکات. کەواتە، چاکسازییو گۆڕانکارییەکان، بەمانای سەرپێی وسەرزارەکی ئەنجام نادرێت، بەڵکو بۆ پراکتیزەکردن وکارپێکردنی، نەخشە وکاری بێوچان وهەوڵی هەمەلایەنەی دەوێت.

گەلۆ، چاکسازیی راستەقینە، هەردەم دەبێت دووربێت لە دەستێوەردانی حزبی وعەقڵی تاکرەوانە وبالادەستیی هێزی سیاسی ولایەن ودەستە وتاقمێك. پێویستە، چلەپۆپەی دەسەلات، کە لە تواناییدایە سیستمی حوکمرانی وحکومەت پێکبهێنێت، جاری ریفۆرم وچاکسازیی بدات. لەبەرئەوەی، هەموو چاکسازییو گۆڕانکارییەك، کاراترکردن ونوێبوونەوەی دامودەزگا دەوڵەتییەکان لەخۆدەگرێت وراستەوخۆ کاردەکاتە سەر جومگە وکایەکانی حکومەت. لەسەر حکومەت ودەسەلاتە، کە ئاوەزباوەرانە بیربکاتەوە ودەستبخاتە سەر بابەتی کێشەکان. هەردەم، دەبێت ژیربێژانە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکات، بەوەی هەموو کارێکی عەقلانی، مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باش وهەنگاوی چاکتر وچاکتری لێدەکرێت. ئەمەش، بە هەنگاونانی بەرچاو دەبێت لە سەرجەم بوارەکاندا. وێڕای ئەوانە، دەبێت هێزە سیاسییەکان، پرۆگرامەکانیان لەسەر ستراکتۆری تۆکمە وبەرنامەسازیی و چاکسازییدابرێژن.

پێویستە، چلەپۆپەی دەسەلات، کە لە تواناییدایە سیستمی حوکمرانی و حکومەت پێکبهێنێت، جاری ریفۆرم و چاکسازیی بدات.

لەبەرئەوەى، هەر ئەوانن كە لە توانايانداية حكومەت ودوارۆژێكى پرشنگدار بۆ هاوولاٌتيانيان بەدى بهێنن. كەواتە، بەرنامەرێژيى زانستييانە، بونيادى حكومەتێكى ريفۆرمخوازى ديمۆكرات دەخولقێنێت.

## يەكەم/ پێناسەى چاكسازيى:

لە رووى زمانەوانيەوە، چاكسازيى، بريتييە لە گۆرانكارييەك بەرەو باشتر. هەلٌبەت، بزووتنەوە چاكسازييەكانيش، بريتين لەو بانگەوازانەى كە بانگەشەى چين وتوێژێكى مرۆيى دەكەن، بۆ چاككردنەوەى ئەو گەندەلٌييانەى لە چەندين بواردا روويانداوە. بەوەى، ژيانى مرۆڤەكان بەرەو ئاستێكى بالاٌترى پلەبەنديى گەشەى مرۆيى بەرن.

لە رووى دەستەواژەييەوە، هەلٌبەت جياوازييەكى ئەوتۆ لە نێوان دەستەواژەى چاكسازيى ودەستەواژەى شۆرشدا نييە، لەسەر ئاستى گۆرانكارييەكان وگشتگيرييەكانى. بەلٌكو، لە رووى كات وشوێن وشێوازى گۆرانكارييەكانەوە جياوازى هەيە. وەلێ، هەردووكيان، ماناى گۆرانكارييەكى گشتگير وقوولٌ دەگەيەنن. بەلاٌم، شۆرش، زياتر رێگاكانى توندوتيژيى وخێرايى لە بەجێگەياندنى كارەكەدا دەگرێتەبەر. لەكاتێكدا، گۆرانكارييە چاكسازييەكان، وردە وردە وبە شێوەيەكى پلەبەنديى دەبێت. زۆربەى كات، شۆرش، هەولٌى گۆرانكارى داكەوت (واقع) دەدات، بەلاٌم ميتۆدەكانى چاكسازيى، زياتر هەولٌى گۆرانكاريى لە تاكەكاندا ودووبارە دارشتنەوەى ماهيەت وخودى ئەو تاكانە بەپێى بانگەشەى چاكسازيى دەدات. پاشان، خودى ئەو تاكانە، خۆيان هەلٌدەستن بە گۆرانكاريى لە واقعدا، وبونيادنانى نموونەيەكى چاكسازيى نوێ. هەربۆيە، مێژووى كۆمەلٌگا مرۆييەكان، چەندين كێشمەكێش لە نێوان بانگەوازانى چاكسازيى وبزووتنەوە هاوشێوەكانى لەلايەك، وە گەندەلٌ وگەندەلٌكارانى لەلايەكى ترەوە بەخۆوە بينيوە. [١]

چاكسازیی، یاخود ڕیفۆرمه سیاسییه‌كان، هۆكاری سه‌ره‌كی گۆڕانكارییه سیاسییه‌كان بـوون. ڕه‌نگه چاكسازیی له سه‌ره‌تادا، سنووردار وپه‌یوه‌ست به پانتاییه‌كی دیاریكراوه‌وه بووبێت. هه‌ندێك له چاكسازییه‌كان، ڕه‌نگه كاریگه‌ریی وكارتێكه‌رییان له هه‌ندێك له شۆڕشه‌كان زیاتر بووبێت. ده‌رباره‌ی هه‌لومه‌رجه‌كانی چاكسازیش، پێویسته ئه‌وه بگوترێت كه ئه‌نجامدانی ئه‌و چاكسازییانه، جیابوونه‌وه وناكۆكییه‌ك له نێوان خودی چینی ده‌سه‌ڵاتدار له‌لایه‌ك، وله‌لایه‌كی تره‌وه ئه‌و چاكخوازانه وئـه‌و كه‌سانه‌ش كه به‌هۆی ئه‌و چاكسازییه‌وه زه‌ره‌رمـه‌نـد بوون، دێنێته‌كایه‌وه وپێویستیشه ئه‌وه دروستبێت، چونكه ناكرێت لێی ڕابكرێت. پاشاكان، سه‌ربازه‌كان وسوپا وبه‌شێك له چینی ئه‌شرافه‌كان وڕوناكبیران، ئه‌وانه‌ن كه ڕۆڵیان له گۆڕانكاریی وچاكسازییه سیاسییه‌كانی وڵاتانی جیاوازدا بینیوه. هه‌روه‌ها، سه‌ركه‌وتنی ئه‌و ڕیفۆرم وچاكسازییانه، پێویستی به هۆكاری تره، له‌وانه: ده‌بێت ئه‌وانه‌ی ناومان بردن، له هه‌لومه‌رجێكی تایبه‌تیدابن.. [٢]

چاكسازیی یان ڕیفۆرم، وشه‌یه‌كه، به‌كاردێت له بواری سیاسی، كۆمه‌ڵایه‌تی، ئابووری، یاسایی وهه‌موو بواره‌كانی تری ژیـان، بۆ ئاماژه‌كردن به پرۆسه‌ی پێداچوونه‌وه وچاكسازیی وگۆڕانكاریی وبردنه‌پێشه‌وه وگه‌شه‌پێدانی ئه‌و خاڵانه‌ی كه ده‌ستنیشانكراون، وئه‌و بوارانه‌ی كه مه‌به‌ستن بۆ به‌رژه‌وه‌ندی مرۆڤایه‌تی وخزمه‌تكردن به نه‌وه‌كانی داهاتووش. ئه‌وه‌ش، به شێوه‌یه‌كی نه‌رم وله‌سه‌رخۆ وئاشتیخوازانه، وه له‌سه‌ر بناغه‌ی له‌یه‌كگه‌یشتن ولێكدانه‌وه‌ی ته‌واو وبڕوابوونی زۆرینه به پێداویستی ئه‌و مه‌به‌ستانه وئه‌و گۆڕانكارییانه‌ی كه ده‌خوازرێت، دێته‌دی. هه‌ڵبه‌ت، ئه‌مه‌ش به فه‌راهه‌مكردنی ئامراز وتوانا وئیمكانیاتی جێبه‌جێكردنی، له‌گه‌ڵ بوونی ئۆرگان وكه‌سایه‌تی وشاره‌زایی وئه‌و پسپۆڕیانه‌ی كه پێویستن، بۆ ئه‌نجامدان وبوونی ئیراده‌ی به‌هێز وده‌سه‌ڵاتی ته‌واو وشێوازی گونجاو، بۆ هێنانه‌كایه وبه‌رجه‌سته‌كردنیان.. [٣]

## چاكسازیی سیاسی:

شایستەی وتنە، چاكسازیی، شێوازی جۆراوجۆری هەیە، دەكرێت "گشتگیر" بێت، لێرەدا زۆر نزیك دەبێتەوە لە چەمكی گۆڕانكاریی. یاخود، دەشێت ئەو چاكسازییە، كورت بووبێتەوە لە یەك بوار یان زیاتر، لە بوارەكانی چالاكی كۆمەڵایەتی، هەروەك چاكسازیی ئابووریی، ئیداریی، ڕامیاریی، ئایینیی، دادوەریی وە یاخود ڕۆشنبیریی وبەو شێوەیە. دواتر، چاكسازیی پەیوەست دەبێت بە ئاستێكی دیاریكراو لە گۆڕانكاریی، وبەو كۆمەڵە ئامانجەی، كە پێشتر ناوەڕۆكەكەی دیاریكرابوو. لەبەرئەوە، ناكرێت باس لە چاكسازیی بە گشتی بكرێت، یان باس لە كۆمەڵە پرۆسەیەكی ئەبستراكت بكرێت، ئینجا هێزە كاریگەرەكان وەك ڕاگر وپایە بخزێنرێنە ناوی، بەپێی ئەو ئامانجەی كە مەبەستە بەئەنجام بگەیەنرێ.

دیارە، چاكسازیی گۆڕەپانی سیاسی ووەلانانی ئامڕازەكانی دامركاندنەوە وناچاركردن وزۆرەملێیی، سەرەتایەكی تەندروستە، كە هەلی سەركەوتنی كرداری گۆڕانكاریی، یان چاكسازیی بە ڕەهەندە جیاوازەكانییەوە، فەراهەم دەكات. بەتایبەت، لە كاتێكدا كە زۆرینەی كۆمەڵگا سیاسییەكانی جیهانی سێ (بەتایبەت دەوڵەتە عەرەبییەكان)، پێویستیان بە دەربازبوونە لەو بارودۆخە شلۆقەی كە ئێستاكە تێیكەوتوون، تاوەكو لە ڕێیەوە، نموونەیەكی گەشەدار لە پەیوەندییەكانی نێوان دەسەڵات وتاكەكانی نێو ئەو كۆمەڵگایانە و نوێنەرایەتیكردنی بەرژەوەندییەكانی گشت چین وتوێژەكان و ویستێكی دەستەجەمعی، پلورالیزە بكات.

هەڵبەت، لە ناخی بابەتی سیاسەتدا، گەندەڵیی سیاسیی بوونی هەیە. لە

فراوانترین ماناشیدا، بەوە دەناسێنرێت کە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتییە (واتە دەسەڵاتی حکومی)، لەبۆ مەبەستی نارەوا. زۆربەی کات، بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسیی، ئەم کارە بە نهێنی ئەنجام دەدرێت. ئاشکرایە، کە هەموو سیستمێکی سیاسی دەشێت دوچاری گەندەڵی سیاسی ببێت بە چەندین جۆر، بەڵام بەربڵاوترین جۆریان، بەرتیلخواردن وخزمخزمێنە وفێڵکردن وبەکارهێنانی دەسەڵات وسەرانەسەندنە. لەگەڵ ئەوەی، گەندەڵی سیاسی، چالاکییە تاوانکارییەکان کارئاسان دەکات، وەکی سەوداکردن بە مادە هۆشبەرەکان وسپیکردنەوەی پارە وداوێن پیسیی، بەڵام وەنەبێت تەنها لەم بوارەدا چالاك بێت، بەڵکو لە چەندین بواریتر وکاری نامرۆیی وتاوانی تریشدا یارمەتیدەرە.

کرۆکی گەندەڵی سیاسی، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ولە دەسەڵاتێکی دادوەرییەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. ئەمە لە کاتێکدا، کە بەجێگەیاندنی کاری سپۆنسەریی سیاسی لە وڵاتێکدا یاساییە، ولە وڵاتێکی تر نایاساییە. یاخود، لە هەندێك وڵاتدا، هێزەکانی پۆلیس وداواکارە گشتییەکان، دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەیە لە ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ کەسانێك، کە ئەمەش دیاریکردنی سنوورێکی جودا لەنێوان کارتیاکردنی دەسەڵاتەکان (ممارسە الصلاحيات) وگەندەڵیدا، زۆر قورس وئەستەم دەکات، هەروەك بابەت وکێشەکانی ڕاسیزم (العنصریە). هەربۆیە وبەم هۆیەوە، لەو وڵاتانەدا، کە ئەم جۆرە کارتیاکردنانە بە گەندەڵیی سیاسی لەقەڵەم دەدرێن، لە وڵاتانێکی تردا بە کارتیاکردنێکی ڕەوا ویاسایی وسانا دادەنرێن، ئەمەش بۆ ڕاییکردن وبەدەنگەوەچوونی خواستی ئەو کۆمەڵ ودەستە وتاقمە فەرمییانەی بەرژەوەندییەکی بەهێزیان لەو کارەدا هەیە.. [٤]

دەشێت، لە نێوکۆی بابەتی چاکسازیی سیاسیدا، چاکسازیی فیکریش بەدیبکرێت. بەواتای، وەکی خواستێك لەسەر گۆڕانکاریی لە کایەی فیکریی وئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگا ویەکەی سیاسیدا. بەو پێودانگەی، قۆناغێکی پێشکەوتووتر هاتووەتە کایەوە وپێشهاتەکان وادەخوازن کە گۆڕانکاریی لە بوارە جیاجیاکانی دەوڵەتدا پێویستە

ودەبێت ئەنجام بدرێ، ئەگەرنا دەوڵەت لە قۆناغێكی دژوار وناهەمواردا دەمێنێتەوە، ئەوەش زیانی ڕاستەوخۆ بە سەرخان ودامودەزگا دەوڵەتییەكان دەگەیەنێت. واتە، گۆڕانكاریی وچاكسازیی، شتێكی حەتمی دەبێت لەبۆ ستراكتۆری ئەو كۆمەڵگا سیاسییە. بەتایبەت، سەرەتا ئەگەر گۆڕانكارییەكی ڕادیكاڵیی لە ئایدیۆلۆژیای باوی ئەو دەوڵەتەدا، داواكاری وخواستی سەرەكی گەل بێت.. بێمكووریكردن، عێراقی سەردەمی ڕژێمی بەعس، چەشەكرابوو بە ئایدیۆلۆژیایەكی ناسیۆنالیستیی توندڕەو، لە سایەی هزرێكی تۆتالیتاریی سۆشیالیستیدا، تەعریب وتەبعیس وئەنفال وجیینۆساید، سیمای سەرەكی دەسەڵات بوون، لەسایەی عەقیدە وئایدیۆلۆژیایەكی ناسیۆنالیستیی توندڕەوی هەڵكێشراو لە سۆشیالیزم. كاتێكیش، ئەو ڕژێمە، لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق دوورخرایەوە، بێشك هەمان فیكری تۆتالیتاریش وەلانرا.

سەردەمانێك، تاكەكانی كۆمەڵگا ویەكە سیاسییەكانی بلۆكی ڕۆژهەڵات، تەنها بە یەك ئایدیۆلۆژیا شاد ببوون. بەمانای، تەنها وتەنها ئایدیۆلۆژیای كۆمۆنیزم وسۆشیالیزم ڕێنیشاندەر وتاكە فیكری ڕێپێدراوی نێوخۆی وڵات بووە. لەگەڵ بانگەشەی یەكسانیی وئازادیی بۆ گەلان، دەوڵەت نەك هەر دیمۆكراتی وعەلمانیی نەبووە (بەو مانایەی ئایین لە دەسەڵات جیابكرێتەوە وڕێزیش لە ئایین بگیرێت)، بگرە ئایین وسرووتە ئایینییەكانیش ڕێپێدراو نەبوون، ئەمە بێجگەلەوەی ئازادیی ڕادەربڕین ومافی تاك وداهێنان وكایە دیمۆكراتییەكان بوونیان نەبووە. تاك، نەك هەر داهێنەر نەبووە، بگرە لە ناو كۆمەڵگایەكی سۆشیالیستیشدا تواببووەوە. لەوەش زیاتر، تاك ببووە برغوویەكی بێبەها، لەبۆ ماشێنێكی گەورە وگرانبەهای دەوڵەت، دیارە دەزگا زەبەلاحەكانی ڕاگەیاندنیش تەنها كەرەنایەكی دەسەڵاتی حزب بوون. ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە، دەسەڵاتی سۆڤێتی جاران، مۆركی چەندین كڵێسە ودێر وشوێنی پیرۆزی ئایینیی نێو خاكی خۆی گۆڕیبوو، هەردەم سرووتە ئایینییەكانی بە كات كوشتن لەقەڵەم دەدا، لەوەش زیاتر، ئایینە پیرۆزەكانیشی بە سركەری گەلان ناوزەد دەكرد.

دەكرێت بپرسین، ئایا ئەم كارانەی دەوڵەتگەلێكی تۆتالیتار، جینۆسایدی چەندین كەمە نەتەوەی تر بەدوای خۆیدا ناهێنێت؟ كەواتە، ئەوە دەسەڵاتدارانی حزبێكی چەشەكراو بە ئایدیۆلۆژیایەكی توندرەوە، كە رێگە بە خۆی دەدات كارگەلێكی نادروستی لەو جۆرە ئەنجام بدات. هەربۆیە، ولە سەردەمانێكی دواتردا، گۆرانكاریی رادیكاڵی ببووە خواستێكی جەماوەریی. هەڵبەت، لە نێوكۆی ئەو گۆرانكاریی وچاكسازییانەدا، گۆرانكاریی لە ئایدیۆلۆژیای سەپێنراوی دەوڵەتدا، یەكێك بوو لەو خواستگەلە..

**بەرهەڤكردنی یەكەیەكی سیاسی پێشكەوتوو، كاراكردنی دامودەزگا دەوڵەتییەكان و چاكسازیی بەردەوامی پێویستە.**

بە درێژایی ساڵ، حكومەتی یەكێتی كۆمارەكانی سۆڤیەتی جاران، كە هیچی بەرهەم نەدەهێنا، گەشەی كرد وگەشەی كرد، لە حاڵێكدا كە پاشماوەی هێزەكانی بەرهەمهێن، پێبەپێی ئەم، بەرەو پووكانەوە دەچوون. هەڵبەت، گەندەڵی وپووكانەوەیەك، تا دەگاتە قۆناغی نزیك بە وێرانبوونی موتڵەقی هێزی بەرهەمهێنان. ئـەوەی لە یەكێتی سۆڤیەت روویـدا، بە تەرزێكی گونجاو لەو نوكتەیەدا شیبووەتەوە كە دەڵێت: "ئەوان وا خۆیان دەردەخست كە پارەمان دەدەنێ، ئێمەش وا خۆمان دەردەخست كە كاریان بۆ دەكەین." دیارە، یەكێتی سۆڤیەت، لەو رووەوە شكستی هێنا كە لە دواجاردا بەرهەمهێنەرێك نەمایەوە. ئێستاكە، خەڵكی رووسیا وكۆمارە تازە سەربەخۆكانی تر، تێدەكۆشن كە شێوازی دیمۆكراسی رۆژئاوایی، وێڕا بە بازاڕی ئازاد وحكومەتی قانوون، لە ولاتی خۆیاندا پیادە بكەن.. ٥

هەولێرنامەی كتێب

گەر، ئاوڕێك لە داكەوتی خۆمان بدەینەوە، ئەوا دەبینین كە چاكسازیی وگۆڕانكارییەكی بەپەلە، پێویستییەكی هەنووكەییە. ئەمەش، بێمكووڕیكردن، سەرجەم ئاست وبوارەكانی ژیان دەگرێتەوە. هەڵبەت، مەبەستیش بەرەوپێشبردن وچاكسازییەكی ئەوتۆیە، كە هەرێم بگەیەنێتە ئاستی پـێـوەرە تەندروست وگونجاوەكان. وەلێ، بەرهەڤكردنی یەكەیەكی سیاسی پێشكەوتوو، كاراكردنی دامودەزگا دەوڵەتییەكان وچاكسازیی بەردەوامی پێویستە.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەداخەوە گوتاری نوخبەی سیاسی كوردی، لە ڕووی مەعریفییەوە زۆر لەوە لاوازتــرە كە بتوانێت پاساوی فیكریی بۆ بەسەرچوونی سەردەمی ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتار ومژدەبەخشەكانی وەك ناسیۆنالیزمی گشتگیر یان كۆمۆنیزم بێنێتەوە، یان بتوانێت لە دیدێكی پراگماتییەوە باس لە پاشكۆیەتیی ئایدیۆلۆژیا بۆ واقع بكا. ئەو دیدەی، كە ئێستا لە سەردەمی گلۆبالیزەیشندا لە دۆخی بەجیهانیبووندایە. ئەوانە، تەسلیمی واقیعێك بوون، كە دەزانن شتەكان لە ڕووی واقعییەوە گۆڕاون. بەڵام، ناتوانن بیانخوێننەوە یان بیانناسێنن، چونكە لە ڕووی فیكرییەوە نازانن شتەكان بۆچی گۆڕاون.

بۆ حزبی كوردی، زووە بیر لە گۆڕانكاریی بكاتەوە لەسەر ئاستی عێراق وناوچەكە وجیهان، گەر پێشتر توانای گۆڕانكاریی لە بونیاد وبەرنامە وهێڵی فیكریی خۆیدا نەبێت. گەر، پێشتر توانای دیاریكردن وناونانی ئەو كەرتە كۆمەڵایەتییانەی نەبێ، كە ئەو لەسەر ئاستی كوردستان نوێنەرایەتییان دەكا. گەر پێشتر توانای وەرچەرخانی ڕێكخراوەیی نەبێ لە دەزگای دیوەخانەوە بۆ دەزگایەكی سیاسیی لێكدراو..[٦]

كەواتە، گوڵەوەچنەی قسەكان، فەراهەمكردنی چاكسازییەكی هەنووكەیی وپلاندانانێكی درێژخایەنی چەشەكراو بە گۆڕانكاریی وچاكسازییەكی سەردەمانەی دەوێـت، بۆئەوەی گەلی كورد لەم دۆخە چەقبەستووەی ئێستایدا بەرەو ئاستە باڵاكانی نەتەوەكانی تر تەكان بدات. بە مانای، لە خاوەنماڵێكی كرێچییەوە، ببێتە خاوەنماڵێكی ڕاستەقینە.

## چاكسازیی ئابووریی:

له هه‌شتاكانی سه‌ده‌ی پێشووه‌وه‌، بابه‌ته‌كانی چاكسازیی ئابووریی، به‌ ره‌هه‌نده‌ جۆراوجۆره‌كانییه‌وه‌، به‌شێكی زۆری له‌ گرنگیپێدانه‌كانی سه‌ركرده‌كان وهزرمه‌نده‌كان، وته‌نانه‌ت هاوولاتیانی ساده‌ی ولاتانی تازه‌ گه‌شه‌سه‌ندووش، داگیركردووه‌. به‌تایبه‌ت، له‌ دوای پاشه‌كشه‌كردنی رۆڵی كه‌رتی گشتی وسه‌رنه‌كه‌وتنی له‌ به‌جێگه‌یاندنی به‌ڵێنی گه‌شه‌ی ئابووریی گشتگیردا. هه‌ربۆیه‌، له‌گه‌ڵ سه‌ره‌تای هه‌زاره‌ی نوێدا، بانگه‌شه‌ی چاكسازیی ئابووریی زیادیكرد. ئێستاشی له‌گه‌ڵدا بێت، چاكسازیی ئابووریی، پێگه‌یه‌كی پێشكه‌وتووی له‌ پرۆگرامه‌ ئابووری وسیاسییه‌كانی جۆره‌ها ره‌وت وهێزی سیاسی له‌ جیهاندا گرتووه‌.

هه‌ژیی گۆتنه‌، چاكسازیی ئابووریی، به‌ مانای جێبه‌جێكردنی پرۆگرامێكی گشتگیر دێت، كه‌ هه‌وڵی ئاراسته‌كردن ده‌دات رووه‌و پشتبه‌ستن به‌ هێزی بازار، وهاندانی ده‌ستپێشخه‌رییه‌ تایبه‌تیه‌كان وئازادكردنی سیاسه‌ته‌ ئابووری وئیداری وسیستماتیكه‌كان. هه‌روه‌ها، به‌ مانای گۆرانكارییه‌كی سیستماتیكیی له‌بار ورادیكاڵیی قووڵ وگشتگیری چه‌شه‌كراو به‌ پلان وتێروانینی ستراتیژیی وبه‌شداری هه‌مه‌كیی دێت. دیاره‌، ئه‌مه‌ش رێخۆشكه‌ر ده‌بێت، بۆ پێداچوونه‌وه‌ به‌ سیستمی ئابووریی ده‌وڵه‌تدا، هه‌روه‌ها بۆ رووبه‌رووبوونه‌وه‌ی پێداویستییه‌كانی سه‌رده‌م وبه‌ره‌نگاربوونه‌وه‌كانی داهاتوو..[٧]

بابه‌تی زانستی ئابووریی سیاسی، به‌پێی بۆچوونی نوێ، توێژینه‌وه‌ی ئه‌و مه‌سه‌لانه‌یه‌ كه‌ زانستی سیاسه‌ت وزانستی ئابووری ده‌یانگرێته‌وه‌. به‌ ده‌ربرینێكی تر، به‌ دووی تێگه‌یشتن له‌ په‌یوه‌ندییه‌كانی نێوان هێزه‌ سیاسییه‌كان وهێزه‌ ئابوورییه‌كان له‌گه‌ڵ یه‌كدیدا، وكاریگه‌ری ئه‌و په‌یوه‌ندییانه‌ش به‌ دروستبوونی

سیاسەتە ئابوورییەکانەوە، دەیانگرێتەوە. هەروەها، کاریگەریی باری ئابووریی، لەسەر ئەو حکومەتانەی کە لەلایەن جەماوەرەوە هەڵبژێردراون، لەم زانستەدا تاووتوێ دەکرێت. سەرکەوتنی حکومەت، لەڕووی سیاسەتە ئابوورییەکانەوە، دەبێتە هۆیەك بۆ زێترکردنی ڕەوابوون وئەگەری هەڵبژاردنەوەشی بۆ جارێکیتر زێتر دەکات. [٨]

ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وهێزی کار، بە مەرجە پێویست وسەرەکییەکانی هەر بەرهەمێك دادەنرێت، لەبەرئەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وهێزی کار، بە هێزی بەرهەمهێنانی کۆمەڵ دادەنرێن. کۆمەڵگا، لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەی مێژوویی خۆیدا، (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وهێزی کار)ی دیاریکراو بەدەست دەهێنێت. هەربۆیە، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، ڕێگایەکی دوور ودرێژی لە گەشەسەندن بریوە. وەلێ، هێزی کاری مرۆڤەکان، پێ بەپێی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، گەشەدەکات..[٩]

لە ڕاستیدا، ئەم چەند دێرە، زامنی گەشەی ئابووریی کۆمەڵگایەکی مرۆیی دەکات. دیارە، ئەگەر گەندەڵی لە ئارادا بێت، هەرگیز بەرهەمهێنان لە ئاستێکی چاوەڕوانکراودا نابێت. واتە، ئەگەر ئاستی بەرهەمهێنان ئەوە نەبوو، ئەوا دەبێت چاکسازیی ئابووریی، ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت، بۆ گێڕانەوەی بارودۆخێکی ئابووریی گونجاوتر..

لەم ساڵانەی دوایيدا، وبەتایبەت بەهۆی کاریگەریی بارستەبوونە ئابوورییە زەبەلاحەکان وکۆمپانیا فرەرەگەزەکان وجیهانگیریی وبازاڕ وکێبڕکێ وپاشەکشەکردنی ڕۆڵی ئابووریی دەوڵەت، یاخود بەرەودان بەو پاشەکشێی ڕۆڵە، وە یان بانگەشەکردن بۆ دووبارە سنووردارکردنەوەی، لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە ئاستەکانی گەشەسەندن لە هەندێك لەو وڵاتانە دەوەستێنێت، یاخود پاشەکشەکردنی لە هەندێك کاتدا. هەموو ئەمانە، وایانکرد کە چەمکی چاکسازیی



هەولێرمەکتیب

ئـابـووریـی، چاکسازیی کورتبکاتەوە لە کرانەوەدا، وە پـەرەسەندنیش لە گەشەی ئابووری پەتیدا. بە مانای، لە وەبەرهێنان ودەسـتـكـەوتـە سـەرمـايـەداريـيـەكـەيـدا. هەربۆیە، چاکسازیی نوێ، بووە هێمایەك لەبۆ گرنگیدان بە ژمارەکان، ئامارەکان، ئاماژەدان بە وەبەرهێنان وبەرهەمهێنان وژمێریاریی دارایی ونەختینە وپێشینە..[10]

**رەوشی خۆشگوزەرانیی هەموو کۆمەڵگایەك، سیاسەتی شەفاف و بەهێزیی ژێرخانی ئابووریی و پرۆسە چاکسازیی**

رەوشـــی خـۆشـگـوزەرانـیـی هـەمـوو کۆمەڵگایەك، سیاسەتی شەفاف وبەهێزیی ژێرخانی ئابووریی وپـرۆسـە چاکسازیی وریـفـۆرمـخـوازەکـانـی حکومەتەکەیەتی. دەکرێت، بەراوردێك لە نێوان ئەم قسانە وداكـــەوت وسـيـاسـەتـە چاکسازەكـانـی حکومەتی هەرێمدا بکەین. دیـارە، بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکانی سەنتەری ستراتیجی کوردستان، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٣٠) دەبێتە زیاتر لە (١٠) ملیۆن کەس. ئەمە لە کاتێکدایە، کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە، زیاتر لە (٣٢) ملیار دۆلار، بودجە لە بەغداوە بۆ کوردستان هاتوە، بۆ (٤) ملیۆن کەس. کەچی، هێشتا زیاتر لە (٢٥) گرفتی گەورەی هەیکەلیی، لە ئابووریی کـــوردســـتـــانـــدا هـــەن..[11]

لە ڕاستیدا ولە ڕوانگەی ئەم داتایانەوە، پێدەچێت ئابووریی هەرێم، پێویستی بە چەندین پرۆسەی چاكسازیی هەبێت، لەوانە: كاركردن لەسەر بەهێزكردنی كەرتی تایبەت، بەوەی كلیلی چارەسەری چاكسازیی ئابوورییە. هەروەها، بوونی پرۆسە وبەرنامەڕێژییەكی تۆكمە، تا لە ڕێیەوە ژێرخانی ئابووریی هەرێم زیاتر گەشە بكات. هەوڵ بدرێت، هێنانی شمەكی هاوردە كەم بكرێتەوە، بەمانای خستنەگەڕ وزیاتر هاندانی كاڵای ناوخۆیی، گەر توانای زێدەبەرهەمیش نەبێت. پاشان، كار لەسەر نەهێشتنی دەستێوەردانی حزبی لە بوارەكانی ئابووریی وبەرهەمهێنان و وەبەرهێناندا بكرێت. هەروەها، هەلی كار بۆ گەنجان زیاتر بكرێت، بە دروستكردنی چەندین كارگەی جۆراوجۆر. پێویستە، حكومەت سیاسەتێكی ژیرانە وشەفاف بۆ هاندانی بەرهەمهێنەران وبوژاندنەوەی كەرتی ئابووریی بگرێتەبەر، هەموو ئەمانە بە یاسا ڕێكبخات. ئەمە و چەندین سیاسەت وهەوڵی چاكسازیی تر، لە بواری پیشەسازی وكشتوكاڵ و وەگەڕخستنی داهات وسەرمایەگوزاریی، كە گرەنتی ژێرخانێكی گەشەسەندوو دەبەخشن.

هەواڵنامەی کتێب

## چاکسازیی ئیداریی:

بەوە پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە گۆڕانکارییە بەردەوامەکان، بەپلانە، گشتگیرەکان، لە دامودەزگا حکومییەکانو لە بوارگەلێکی ئیداریدا. ئەمەش بە مەبەستی بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی گەشەی ئابووریی وکۆمەڵایەتییە.

هەڵبەت، ئەم چاکسازییە ئیدارییە، رووبەڕووی بەربەستگەلێکی هەڵقوڵاوی خودی ژینگەی ناوخۆیی دەبێتەوە، وەکی کێشەکانی هەڵاوسانی کار وئەرکی وەزیفی، دابەزینی هەلی کار بۆ فەرمانبەران بە هەمان تایبەتمەندیی. هەروەها، چاکسازیی ئیداریی، تووشی کێشەی ڕێکخستنیش دەبێتەوە، هەروەك ناسەقامگیریی وەزیفیی وگۆڕانکارییەکان لە پەیکەری ڕێکخستن، یان تایبەتمەندییەکان وە یاخود لە کار وفەرماندا. ١٢

ڕەنگە بە شێوەیەکی پراکتیکی، چاکسازیی وگۆڕانێکی وەها لە بەرنامە سەرەکییەکانی سیاسەتی حکومەتگەلێکدا ڕووینەدابێ. بەڵام، لە هەموو ئان وساتێکدا، هەموو دەوڵەتەکان، خۆیان بە لێپرسراو بەرانبەر بە پاراستنی یاسا وڕێسا وهێوریی ودابینکردنی جۆرێك لە دادپەروەریی وبەرگریکردن لە وڵات، لە بەرانبەر هێرشە دەرەکییەکان زانیوە. هەرچەندە، بۆچوونی باوی هەر سەردەمێك، لەمەڕ مەبەست وئامانجی سەرەکی سیاسەت وحکومەت، جیاواز بووە. لە سەردەمی پێش مۆدێرندا، وا باو بووە کە بۆچوونێکی ئاکاریی، فەلسەفیی وئاینیی سەبارەت بە ئامانجی سیاسەت، لە ئارادا بێت، ئەویش لەبەرئەوەی هێشتا ئەو بوارانە لە یەکدی جودا نەکرابوونەوە. بەڵام، لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا، بۆچوونێکی دنیایی، خۆشگوزەرانی وئابوورییانە،

هەواڵنامەی کتێب

لە مەبەست وئامانجی سیاسەت وحکومەت خرایە ڕوو..[١٣]

شیمانەی ئـەوە دەکرێت، کە گرتنەبەری سیاسەتێکی عادیلانە وشەفاف وڕاست ودروست، لەلایەن حکومەتگەلێکەوە، یەکسانیی ودادپەروەریی وئاستێکی بـاڵای دیمۆکراسی فەراهەم بکات. بە مانای، هەموو ئیدارەیەکی باش، دەبێت سیاسەتگەلێکی باش پەیڕەو بکات، تا لە کۆسپ وتەگەرە جۆراوجۆرەکان ڕزگاری ببێت. هەڵبەت، ئەمڕۆکە وڵاتانی پێشکەوتوو، سیاسەتێکی ئەوتۆیان گرتووەتەبەر، کە مافەکان وئەرکەکانی هاووڵاتییانی بە یاساگەلێك ڕێك ودەستنیشان کردووە، لە بەرانبەردا، هاووڵاتیانی وڵاتانی دواکەوتوو، زیاتر ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان دەزانن. هەربۆیە، دەوترێت: "کۆمەڵگای پێ"کەوتوو لەڕووی سیاسییەوە، دامەزراوە جێگیرەکان دەیبەن بەڕێوە، لەکاتێکدا کۆمەڵگای دواکەوتوو لەڕووی سیاسییەوە، کەسانێك دەیبەن بەڕێوە."[١٤]

لێرەوە، گەی"تینە ئەو هەقیقەتەی، کە حوکمڕانیی عادیلانە، کلیلی چارەسەر وسەرفرازیی سەرتاسەریی دەوڵەتانە. بەمانای، گەر حکومەتێك دادپەروەریی ویەکسانیی پەیڕەو بکات، زۆر ئەستەمە تووشی ن"وستی ببێت، یان بە زمانێکی تر، ئەو حکومەتە هەرگیز پێویستی بە چاکسازی ڕێ"ەیی لە سیاسەت وحوکمڕانیدا نابێت. بەڵکو، ئەوەی پێویستە لەسەری، جۆری میکانیزم وگەڕان بەدوای کێ"ە هەنووکەییەکانە، تا باشترین خزمەتگوزاریی پێ"کەش بکات.

بەم شێوەیە، واتای "دادوەریی" دەبێتە هۆیەك، بۆ بەدیهێنانی حاڵەتێکی دیاریکراو، ئەویش بەخ"ینی هەموو ئەو شتانەیە کە هەر تاکێك خاوەنیەتی وئەوەشی لە ئەستۆیدایە وپۆستەکەی لێیدەخوازێ. دیارە، چەمکی "دادوەریی" بەو پێیەی کە باسکرا، زیاتر لە نموونەی ئەخلاقییەوە نزیکە وەك لە نموونەی سیاسییەوە..[١٥]

بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵە، دادوەریی، گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەبووە

بۆ فەلسەفەی سیاسی. بەپێی تێپەڕبوونی سەدەکان، هزرمەندە سیاسییەکان، کۆمەڵگەی باش بە کۆمەڵگەیەکی عادیلانە وەسف دەکەن، بەڵام ناکۆکییەکی زۆر هەیە سەبارەت بەوەی "دادوەریی" چی دەگەیەنێت. لە ڕاستیدا و لە زمانی ڕۆژانەدا، دادپەروەریی بە شێوەیەکی ئاسایی بە مانای (یەکسانیو ڕاستی) بەکاردەهێنرێت. یاخود، ئەوەتا بە شتێك دەوترێت کە ئەخلاقییەن ڕاست بێت. بێگومان، دادوەریی چەمکێکی ئەخلاقی یاخود پێوانەییە، واتە ئەو شتەی کە عادیلانەبێت، لەلایەنی ئەخلاقییەوە شتێکی باشە. هەروەها، کاتێك بە شتێك دەوترێت (ناعادیلانە)، واتە ئیدانەی ئەو شتە دەکرێت، وەك شتێکی خراپ لەڕووی ئەخلاقییەوە.

بەڵام، ئەوە زۆر ڕوونە کە دادوەریی، هەر مانای (ئەخلاق) ناگەیەنێت، بگرە جۆرێکی تایبەت لە حوکمێکی ئەخلاقییە. بە کورتی، دادوەریی، واتە بەخشینی مافی هەموو کەسێك بە دروستی وبە یەکسانی. بەڵام، لەوەش زەحمەتتر، بریتییە لە پێناسەی ئەو مافە، ئاخۆ دەبێت ئەو مافانە چی بن؟ بۆیە، دادوەریی، نموونەی چەمکێکە کە لە جەوهەردا، قسە وباسی زۆر هەڵدەگرێت..[١٦]

لە ڕاستیدا، حکومەتەکان، لە شێوازەکانیاندا یەکجار جیاوازن، ئەو جیاوازییەش سروشتی ڕێکخستنی حکومەت وسنووری ئەو دەوڵەتانەی مومارەسەی دەکەن وپێوەندی ڕێکخراوەکانیان بەیەکدی دەگرێتەوە، سەرەڕای جیاوازییە زۆرەکانی تر.[١٧]

## چاکسازیی کۆمەڵایەتی:

چاکسازیی کۆمەڵایەتی، ئاماژەیە بۆ:"جووڵەیەکی گشتی، کە هەوڵی سەرکەوتن بەسەر ئەو ناتەواوییانەدا دەدات، کە بەهۆی هەڵەیەك یان ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی یاخود بابەتێکی لەوجۆرەوە ڕوودەدات. چەمك وئامانجی چاکسازیی کۆمەڵایەتی، دەکەوێتە نێوان خزمەتی کۆمەڵایەتی وئەندازیاریی کۆمەڵایەتییەوە.



هەولێرنامەی کتێب

چاكسازیی كۆمەڵایەتی، هەوڵی تواندنەوەی جیاوازی چینایەتی دەدات. هەروەها، هەوڵی بەجێگەیاندنی هاوتایی هەلیكار ویەكسانیی لەبەردەم یاسا ودادوەریی لە دابەشكردنی خەرجی گشتی وبژێوی، وبەشداریكردنی سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگا، لە بەرپرسیارێتی وچێژ وخۆشنوودی لە ئازادییە سیاسییەكاندا دەدات. [١٨]

دەوترێت، كۆمەڵگا مرۆییەكان، هێندەی دێرینییان، لە دێرزەمانەوە بە ئایینەكان ئاشنابوون. واتـە، مێژووی مرۆڤایەتی، چەندە كۆن بێت، هێندەش ئایینەكان ودەسەڵاتی ئایینیی وبگرە لاهووت وهزری ئایینیش، پێ بەپێی ئەو و وەكی ئەو كۆنە. كەواتە، شیمانەی ئەوە دەكرێت، كە وەكی تێكڕای بوارە كۆمەڵایەتییەكانی تر بەلارێداچوون بەخۆوە ببینێت. گەر نا، ئەدی بۆچی ئایینەكان لە سەردەمان وكات وشوێنی جیاوازدا، گۆڕانكارییان بەسەردادێت؟ ئەمە بێجگەلەوەی، دەسەڵاتی تیۆكراسی (پیۆكراسی) وقوتب وپیاوانی ئایینیی وهەلومەرجە جۆراوجۆرەكان، خولقێنەری گۆڕانكاریی وچاكسازییەكانن.

پێشتر ئاماژە بـەوەدرا، كە ئایینەكان لە ناخی كۆمەڵگا مرۆییەكانەوە هەڵدەتۆقێن. دەشوترێت، مێژووی ئایینەكان، هێندەی مێژووی مرۆڤایەتی كۆنە. لەبەرئەوە، شتێكی زۆر سانایە، كە سەرەتا جۆرێك لە خورافات ودواتریش لاهووت وسەپاندنی دەسەڵاتی ئاینیی لەگەڵ خۆیدا هێنابێ. واتە، هێدی هێدی چوارچێوە سەرەتاییە پیرۆزەكەی خۆی بریوە ولە دواپلەی قۆرخكردنی دەسەڵاتدا خۆی بینیوەتەوە. بەم شێوەیەش بێت، چاكسازیی وگۆڕانكاریی، شتێكی زۆر چاوەڕوانكراو دەبێت، گرنگیش نییە كێ دەبێتە سووتماك، تا چەند ماڵوێرانی ونەهامەتی بەدوای خۆیدا دێنێ. پاڵەوانی چاكساز، كێ ولە چ كات وسەردەمێكدا دەبێت، گرنگ ئەوەیە ئەمكارەی تریان خواستی مێژووە. واتە، چاكسازیی دەبێتە پرۆسەیەكی مێژوویی، كە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە دوا قۆناغی خۆی. بەم شێوەیە، بواری ئاینیش، وەك سەرجەم بوارەكانی تر لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، دوچاری كرداری گۆڕانكاریی وچاكسازیی دەبێت.

واتای پێشتری چاكسازیی، بە دووبـارە دارشتنەوە دەهـات، هـەروەك چۆن سەربازەكان هێڵەكانی خۆیان ڕاستەكردەوە. ئەم واتایەی چاكسازیی، سیفەتێكی كاردانەوەیی هەیە، چونكە دووبارەكردنەوەی ڕابردوو دەگەیەنێت، وگێڕانەوەی شتێك بۆ سیستمە بنەڕەتییەكەی. ئەم سیفەتەی چاكسازیی، ئاشكرابوو لە بەكارهێنانی زاراوەی (Reformation)، بۆ وەسفكردنی دامەزراندنەوەی كەنیسەی پرۆتستانتی لە سەدەی شازدەهەم، چونكە پشتیوانانیان، ئەم كارەیان بە بزووتنەوەیەك دەزانی، بۆ گێڕانەوەی فۆرمێكی كۆنتر وپاكتری ئەزموونی ڕووحانیی پێشتر. بەڵام، بەكارهێنانە مۆدێرنەكەی چاكسازیی، زیاتر بە مەبەستی نۆژەنكردنەوە بەكاردێت نەك گێڕانەوە. واتە، دروستكردن وداهێنانی فۆرمێكی نوێ، كە لە دژی فۆرمە كۆنەكە بووەستێتەوە. بەڵام، ئێستاكە، چاكسازیی بەندكراوە بە ئایدیاكانی پێشكەوتنەوە..[١٩]

گەر پیاوانی ئایینی چاخەكانی ناوەڕاست، بە نموونە بهێنینەوە، ئەوا مێژوو گەواهیی ڕاستی ئەوە دەدات، كە "زۆربەیان" چ زەبرێكی كوشندەیان لە كۆمەڵگا ومرۆڤایەتی وزانست وپێ"كەوتن داوە. گەندەڵی وداوێـن پیسی وقۆرخكردنی دە دەسـەڵات سیمای سەرەكی ئەوانە بووە. وەنەبێت تەنها ئەورووپای خۆرئاوا لەو بارودۆخە ناهەموارەدا بووبێت، بەڵكو ئەوانەی باسكرا، ببووە دیاردەیەكی جیهانیی، بەواتای، سەرتاسەری كۆمەڵگا مرۆییەكانی ئەو سەردەمە، نغرۆی گەندەڵی وزەبری دەسەڵاتی ئایینی بووە. كاتێك (مارتن لۆتەر– مارتن لوپر) (١٤٨٣–١٥٤٦ز)، *بە هەردوو چاوی خۆی، (پسووڵەی لێبوردن– صكوك الغفران)ی پاپا (لیئۆی دەیەم)ی دیت، (بەمەبەستی دابینكردنی خەرجی پێویست، بۆ نۆژەنكردنەوەیكۆشكی "سان پێترۆ، "پاپای ناوبراو ڕێگەیدا بە فرۆشتنی "پسووڵەی لێبوردن") هێندەی تر شێتگیر بوو. دیارە، ئەم ڕووداوە ڕۆڵێكی بنەڕەتی وگرنگی گێڕا لە جودابوونەوەی لۆتەر لە كڵێسەی كاتۆلیكی.[٢٠]

هەڵبەت، ئەمەش جۆرێك لە چاكسازیی ئایینی لەخۆ دەگرێت، لەبەرئەوەی

هۆگەلێك بووە هۆی ئەوەی وەکی دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو، لۆتەر بەو کارە چاکسازییانەی هەستێت. لەوبارەیەوە، لۆتەر، ئاماژەی بەوە دابوو کە: "هەموو مرۆڤێك دوو وڵاتی هەیە، یەك لە گیانستان ویەکی دی لە دونیاستان. لە گیانستاندا، هەموو کەسەکان یەکسانن، چ پیاو بێت چ بۆرە پیاو، هەر هەمووشیان گوناهبارن وسزایەکی هەمیشەییان لێرەوایە. بەڵام، لە جیهانی دونیاستاندا، هەرکەسە وئەرکێکی تایبەتیی هەیە، جا چ میر بێت چ نۆکەر، چ کارمەند بێت چ وەستا، جیاوازی پێگەی ئەمانە فراوانە ودەشبێ وەها بێ. ئەمە، ویست وفەرمانی خودایە، دەبێ هەموو کەس بە بەختی خۆی ڕازی بێتش.[21]

ناوبراو، وێڕای ئەوەی هەوڵی چاکسازییەکی ئاینیی ڕیشەیی دابوو لەنێوخۆی کۆمەڵگاکەیدا، بەڵام درکی بەوەش کردبوو کە تاکلایەنانە ئەستەمە ئەو کارە ئەنجام بدرێت. هەربۆیە، پەنای بردبووە بەر میر ودەسەڵاتەکانی ئەو سەردەمەی خۆی. واتە، سەرکەوتنی شریفۆرمی ئاینییش بەندبوو بە چۆنیەتی کاری میرەکانەوە. ئەمەش، دوابـەدوای ئەوە دێت، کە سەرکەوتنی چاکسازیی پرۆتستانتیی لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکاندا، بەند بوو بە ڕۆڵی کارا وکاریگەریی میرەکانەوە.[22] دیارە، لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، حوکمڕانەکان شان بەشانی چەند دامەزراوەیەکی تر، دەسەڵاتیان پراکتیزە دەکرد، وەك کەنیسە ودەستەی پیاوماقوڵان ودەستەی دەرەبەگەکان. وێڕای ئەوەی، کارێکی زۆر ئاسایی بوو، کە دەسەڵاتێکی ئاینیی وەك دەسەڵاتی پاپا، لە سەرووی هەموو دەسەڵاتە کاتییەکانی سەر زەوییەوە بێت. بەڵام، دواتر لە ئەوروپا، دەوڵەتە مۆدێرنەکان، کە لە سەدەی پازدە وشازدەی زایینییدا پەیدا ببوون، شێوەی سیستمێکی حوکمڕانی شناوەندییانش وەرگرت، کە شوێنی هەموو گرووپ ودامەزراوە لاوەکییەکانی گرتەوە، بە دامەزراوە هەمیشەیی وکاتییەکانیشیەوە.[23]

هەڵبەت، چاکسازیی وکاردانـەوەی کارەکان، دەرکەوتنی هەقیقەت وئەقڵ ورەخنەیان بەدوای خۆیاندا هێنا. لەمبارەیەوە، فەیلەسوفەکان، مەشخەڵی زەینیان ئەوە بوو، کە تەنها ئەقڵ وزانست پەی بە دۆزینەوەی هەقیقەت دەبا، بۆیە هێرشێکی بەربڵاویان بۆسەر کڵێسە دەستپێکرد، تاوەکو کۆمەڵگا لە نەخۆشییەکانی ئایین

بپارێزن. وەلێ، لە دیدی فەیلەسوفەکانەوە، کڵێسە لە رێگەی وانەکانییەوە، خەسارەتێکی زۆری لە کۆمەڵگا دەدا.[٢٤٠]

هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، لە خانەی چاکسازیی کۆمەڵایەتیدا جێگەیان کرایەوە. وەنەبێت، تەنها ئایین وئایینزاکان تایبەت بن بە بواری کۆمەڵایەتی، بەڵکو بواری پەروەردەش وەك بوارێکی تری کۆمەڵایەتی، کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر نەخوێندەواری ودواکەوتوویی وچەقبەستوویی وبگرە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکان. بەواتای، "پەروەردە وفێرکردن، " لەلایەك زیندووکەرەوەی کۆمەڵگاکانە، لەلایەکی تریش"ەوە، سستیی پەروەردە، بەرەو هەڵدێربردنیەتی. زۆرجار، لێرە ولەوێ، دەشێت میکانیزمی کارتیاکردن وکارپێکردنی ئەم بوارە کۆمەڵایەتییە، دووچاری خاوبوونەوە وبەلارێداچوون وگەندەڵی ونشوستی ببێت، هەربۆیە، چاکسازیی، دەبێتە رێنوێنیکەر وفریادرەسی راستەقینە.

**زۆرجار، لێرە ولەوێ، دەشێت میکانیزمی کارتیاکردن و کارپێکردنی ئەم بوارە کۆمەڵایەتییە، دووچاری خاوبوونەوە و بەلارێداچوون و گەندەڵی و نشوستی ببێت، هەربۆیە، چاکسازیی، دەبێتە رێنوێنیکەر و فریادرەسی راستەقینە.**

لە کاتی خۆیدا، (ژان ژاك رۆسۆ)، بێئەندازە جەختی لەسەر گرنگیی بواری پەروەردە وخوێندەواری کردبوو، بەوەی منداڵی پۆلۆنی لە سەرەتای ژیانیەوە تا گەورە بوون، دەبوایە بە خوێندنەوە ونووسینی پۆلۆنییەوە خەریك بکرایە، هاوتا لەگەڵ فێربوونی زانستەکانی تردا. هەموو

هەولاتی کتێب

ئەمانە، لە پێناوی بنیاتنانی هاوولاّتییەكی پۆلۆنی چەشەكراو بە هەست وسۆزی نەتەوایەتی (مواطن متحمس) بووە. لەلایەكی تـرەوە، باس لە (مۆنتسكیۆ)ش دەكرێت، وبە هەمان شێوە ئەویش جەختی لەسەر گرنگی بـواری پـەروەردە وخوێندن كردبوو، بەمەبەستی چەسپاندنی خۆشەویستی نیشتمان وپارێزگاریكردن لە حكومەت.[٢٥] كە لێرەدا، دەكرێت ئەمانە بخزێنرێنە نێو خانەی چاكسازییەوە. لەبەرئەوەی، گرنگیدان بە بواری پـەروەردە وفێركردن، چاكسازیی كۆمەلاّیەتی وگەشەی فەرهەنگیی وكەلتووریی وزمانەوانیش، لەخۆدەگرێت.

## دووەم/ مێژووی هەنگاوە چاكسازییەكان:

**پێشتر** ئاماژە بەوە درا كە، چاكسازیی، نە لە خـۆڕا وبەبێ هۆ، نە لە ساتەوەختێكی نادیار وبێبەرنامەشدا دەكرێت. بەڵكو، سەرەتا جۆرێك لە گەندەڵی وناتەواویی وناڕێكیی بەدیدەكرێت، تا وای لێدێ ئەو واقیعە پێویستی بە پرۆسەیەكی گۆڕانكارییە، چیتر بەرگەگرتنی ئەو واقیعە تاڵە بوونی نامێنێت، هێندەی زیانی هەیە، ئەوەندە سوود وقازانجی نییە. هەموو داتاكان، ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە گۆڕانكارییەك ڕوودەدات، یان دەبێت ڕووبدات. پاشان، بە نهێنی بێ یان بە ئاشكرا، فەرمی بێ یان خۆڕسك، زەمینەسازیی بۆ ئەم كارە دەكرێت.

هەڵبەت، ئەم میكانیزمەش لە هەناوی پرۆسەی مێژوودا هەڵگیراوە، بۆیە ڕەوڕەوەی مێژوو خۆی لە ڕێی كەسان ودەستە ولایەن ویاساگەلێكەوە كە دەبنە ئامرازی مێژوو، كاری گۆڕانكاریی بەپێی (یاسای گۆڕان) دەگرێتە ئەستۆ. بە مانای، لەگەڵ ئەوەی لە ڕێی كۆمەڵێك فاكتەر ویاسا وكەسانێكەوە وبە هەر جۆرە میكانیزمێك بێ، ئەو كارە ئەنجام دەدرێـت، بەلاّم ئەو چاكسازیی وگۆڕانكارییە پێ بەپێی ڕەوڕەوەی مێژوو جووڵە دەكات. واتە، ئەوە ئەقڵ وڕۆحی مێژووە، ئەو یاساگەلو

کەسانە هەڵدەسووڕێنێت، تا گۆڕانکاریی فەراهەم بێ وئەو بارودۆخە بگاتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر وداکەوتێکی تەواو جیاواز. ئەو ئامرازانەش، کە لەم پرۆسەیەدا بەکار دەهێنرێن، بلیمەت وقارەمانی نەتەوەکانن. بەمانای، کارەکتەرە لێهاتووەکانی مێژووش (واتە، کەسە گۆڕانخوازەکان)، ئەو ئامرازانەن کە ئەو ڕۆحە یان ئەو ئەقڵە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکارییە و مەبەستەکانی، بەکاریان دەهێنێ.[٢٦]

**ئەوە ئەقڵ وڕۆحی مێژووە، ئەو یاساگەل و کەسانە هەڵدەسووڕێنێت، تا گۆڕانکاری فەراهەم بێ وئەو بارودۆخە بگاتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر و داکەوتێکی تەواو جیاواز**

بێمکوڕیکردن، هەموو حاڵەتێکی ئاڵۆز، خۆی لە خۆیدا هەڵگری تۆوی ناکۆکییە لەگەڵ یەکتری. ئەم یەکانە، لە حاڵەتێکی نائارامیدان، بۆیە ناکرێت ئەم حاڵەتە تا سەر بەردەوام بێت. ناکۆکییەکان گەشە دەکەن، تا ئەو ڕادەیەی لەناودەچن وحاڵەتێکی نوێ دێتەکایەوە، هەڵبەت ئەم حاڵەتە نوێیەش ناکۆکی نوێی تێدایە. دیارە، ئەمەش لۆژیکی بنەڕەتیی گۆڕانە. لە هەموو پرۆسەیەکی گەشەکردندا، تەنیا شتێك کە بتوانێت ئەم نەخشەی چاکسازیی وگۆڕانکارییە تێکبدات وئازادی بە تاکەکان ببەخشێت، ئەوەیە کە حاڵەتێکی "بێناکۆکی" بێتە ئاراوە. واتە، ئەگەر هیچ ناکۆکییەك نەما، ئیتر چاکسازیی وگۆڕان بەردەوام نابێت..[٢٧]

وێڕای پرۆسەی چاکسازیی وگۆڕانکاریی، ئاشکرایە کە "دژەبابەت" ڕەتکردنەوەیەکی



هەولێر کتێب

نێگەتیڤانەی "بابەت"ە و"تێهەڵكێش"یش، ڕەتكردنەوەی ئەم ڕەتدانەوەیە، (واتە، نێگەتیڤی نێگەتیڤە). وەلێ، ڕەتكردنەوەی نێگەتیڤ، هێزی ڕووخان ودامەزراندنە، لەلایەكەوە ڕەتدانەوەی بابەت وڕووخاندنی دەزگا وبیروباوەڕێكی دامەزراوە. لەلایەكی تریشەوە، هەڵچنین ودامەزراندنی دەزگا وبیروباوەڕێكی نوێترە، كە لەناو خۆیدا دووبارەبوونەوە وگەڕانەوە بەرەوپاش، قبووڵ ناكات. هەر لەبەر ئەمەشە، كە گۆڕانكاریی، بە پێشكەوتنخواز دادەنرێت. چونكە، ئیحتیمالی گەڕانەوە بۆ دواوەی نییە، وهەردەم قۆناغی باشتر ودەوڵەمەندتر وبەرزتری لەپێشە.. [٢٨]

دیارە، دیارترین سیمای ژیانی هاوچەرخ، گۆڕان وگۆڕانكارییە. ئەو گۆڕانكارییانەش كە ڕوویانداوە یان لە داهاتوودا ڕوودەدەن، چ خەڵك بە چاوێكی پێشكەوتن وبەرزبوونەوە بەسەر پلیكانەكانی شارستانییەت وگەشەكردندا سەیریان بكەن، یاخود وەها سەیریان بكەن، كە گومراییەكی زۆر بەخۆیەوە دەگرێ وبەها مرۆڤایەتییە شكۆمەندەكان بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە، ئەوا ئەو واقیعەی دەبێت دانیپیابنێین، ئەوەیە كە پێشهاتەكان لە بوارە جیاجیاكاندا یەك لەدوای یەك دێن وتێكدەڕژێن. هەڵبەت، ئەو شتەی بەسەر خەڵكە شارستانی وپێشكەوتوخوازەكاندا دەسەپێندرێت، ئەوەیە كە بەدوای ئەو یاسایانە، یان شەریعەتانەدا بچن كە بۆخۆیان دادەنێن وبەهۆیانەوە ڕەفتاری تاكەكەسی وكۆمەڵییان پێ ڕێكدەخەن. [٢٩]

گەر، ئاوڕێك لە مێژووی خۆمان، بەتایبەت لە سەردەمی میرنشینە كوردییەكان بدەینەوە، دەبینین كە گەندەڵی ونەبوونی چاكسازیی، چ كاریگەرییەك وفاكتەرگەلێكی دارمانی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەمە بێجگەلەوەی، هۆكارگەلێكی وەك ئایین وسیاسەت وبەرژەوەندی بەرتەسكی خێڵایەتی ونەخوێندەواریی وهەژاریی وچاوتێبڕینی زلهێزانی ناوچەیی ونێودەوڵەتیی، لەسەر ئاستی ناوخۆیی ودەرەكی، لە خاكی كوردستان، كاریگەرییان زۆر زیاتر هەبووە.

گەڕانەوە بۆ خێڵ، یاخود ئارەزووی پارێزگاریكردن لێی، هەڵسوكەوت وئەقڵییەتی تاكی كوردی دەستنیشان دەكرد، بە ئەندازەی ئەو تاكە، تا چەند پەیوەست وئەندام



هەولێرەی کتێب

بووە لەو خێڵەدا. تاکی کورد لە بۆتەی خێڵدا توێنرابووەوە، بەشێوەیەك کە "سیستمی باو" بە باڵاترین یاسا دادەنرا. هەڵبەت، هەموو کەسایەتی وچاکە وئاکار وزمان وهەڵسوکەوت ودابونەریتێکی لەپێناوی خێڵدا بووە، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە ئەقڵییەتێکی بەرتەسکی خێڵەکی سنوورەکەی خۆی پەسەند دەکرد وزاڵ بوو بەسەریدا، بێئەوەی ئەو ئەقڵییەتە ڕێگە بدات بەو تاکە، کە بیربکاتەوە لە فیکرەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی جێگیر.[٣٠]

حوکمداریی کورد، لەسەردەمی میرشینە کوردییەکاندا، زیاتر حوکمدارییەکی خێڵەکی وناوچەگەریی داخراو بووە، وەك لەوەی حوکمدارییەکی دادپەروەرانەی هەوڵدەر بۆ یەکێتییەکی سەرتاسەریی ونەتەوەیی بووبێت. هەردەم، کار بۆ دژایەتی ولەناوبردنی دەسەڵاتی یەکتری کراوە، هەوڵدراوە سنووری دەسەڵات لەسەر حسابی یەکتر فراوان بکرێت، تێکرای میرشینەکان بوونەتە دوو بەرە، بەرەی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی (تورکیا) وبەرەی سەر بەدەوڵەتی سەفەوی (ئێران). ئەمەش ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە زۆرینەی میرشینەکان بوونەتە ئامراز لەبۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجی سەرەکی دوو دەوڵەتی زلهێزی ڕکابەری یەکتر.

بنەماڵەی دەسەڵاتداری میرشین، کە بازنەیەکی داخراو بووە، لە سنووری دەسەڵاتی داخراوی خۆیاندا دەسەڵاتی ڕەهایان بەسەر پێکهاتەی خوارەوەی میرشیندا پیادە کردووە وئەوانەی خوارەوە لە هەموو ماف وئازادییەك بێبەش بوون. یەکێك لە هۆکارەکانی ڕووخاندنی دەسەڵاتەی میرشینییە کوردییەکان، نادڵسۆزی پێکهاتەی خوارەوەی میرشین بووە بۆ لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی میرشین، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو سیاسەت ورەفتارە توندوتیژ ونامرۆییانەی بەرانبەریان کراوە. دیارە، سوپا وپارێزەری میرشینیش، هەر خەڵکە ڕەشورووتەکەی سنووری دەسەڵاتی خۆی بووە، نەك سوپایەکی ڕێکخراو. هەربۆیە، وەك پێویست ئامادە نەبوون لە پێناوی پاراستنی ئەو دەسەڵاتە نامرۆییەی سەرەوەیاندا، خۆیان بەخت بکەن. بۆیە دەبینین بەگشتی، میرشینەکانی کورد لە شەڕەکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی یان فارسی،



هێواڵدەی کتێب

بە زوویی هەرەسیان هێناوە.[31]

کەواتە، ئەگەر زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی ئەوسای میرنشینە کوردییەکان، وەك پێویست هاوسۆز وتێکەڵاوی خەڵك ببوونایە، وهەستیان بە کێشەی ڕەعیەتیان بکردبا، وچاکسازییان لە سیستمی دەسەڵات وشێوازی بەڕێوەبردنی میرنشینەکانیان بکردبا، هەڵبەت لە خەمەکانیان دەگەیشتن ولە بەرانبەریشدا، هاومیرنشینان دڵسۆزی ڕاستەقینەیان دەبوون. هیچ دەسەڵاتێك، بێ کەموکوریی نابێت، بەڵام دەبێت دەزگایەك هەبێت، کار وئەرکەکان ڕێکبخات وبەدواداچوونیش بۆ کێشە وکەموکورتییەکان بکات. هەروەها، لە بەرانبەردا، هاووڵاتیانیش چاودێرین بەسەر کارەکانی دەسەڵاتەوە. بەمانای، بوونی جۆرە لێپرسینەوەیەکی دوولایەنە. ئەم کارەش، بوونی شەفافیەت ودیمرکراسی مسۆگەر دەکات، واتە هاووڵاتی هەست بە مافەکانی وئەرکەکانی دەکات. دیارە، ئەوەش تەنها کاری دەسەڵاتێکی حەکیم ویاسایە، کە باڵانسی ئەو هاوکێشە وکارە دوالیزمە ڕادەگرێت، دواجار هێندەی تر ئایندە وپایەکانی ئەو دەسەڵاتە تۆکمەتر دەبێت.

جێگای داخە، زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی شۆڕش وجوڵانەوەکانی گەلەکەمان، نەیانتوانیوە خوێندنەوەیەکی ورد بکەن، لەسەر ئەو مەسەلانەی کە پێگە وشۆڕشەکانیان بەهێز دەکات، لە بەرانبەر داگیرکەر ودوژمناندا. یان، بەدواداچوون وهەڵسەنگاندنێکی ئاوەزباوەڕانە، بۆ تێکڕای بارودۆخە ناوخۆیی ودەرەکییەکان بکەن، بەدوای کێشە وچارەسەرەکاندا بگەڕێن وچاکسازیی بکەنە پەیڕەو وپرۆگرامی خۆیان. ئەگەرچی، گەلێکی وەك کورد، لە نێوان سێکوچکەی داگیرکەران (عەرەب، فارس، تورك) دووچاری دەیەها وسەدەها تەنگوچەڵەمە بووە، وە هەمیشە لە سێ لاوە فشاری بۆبراوە. بەڵام، بەداخەوە، تا ئێستاش پیلانەکان ژێربەژێر هەر درێژەی هەیە ویەك ستراتیژ ویەك ئاراستە ویەك ئەقڵییەت وبیروبۆچوونیان لەبارەی مەسەلە هاوبەشەکانیان، لە هەمبەر کورد هەیە.

هەواڵنامەی ژین

وەڵامگۆی وتەکان، ئەوەیە کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە وەکی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن ودیمۆکراتخواز وپێشکەوتوخواز، خۆمان زیاتر دەربخەین، بە سوود وەرگرتن لەو بارودۆخە گریمانەییەی پێشبینی دەکرێت. هەڵبەت، ئەم کارەش بە قسە نابێت، بەڵکو بە هەوڵ وبە زیاتر دامەزراوەییکردنی دامودەزگا حکومییەکانمان دەبێت. سەرکردە وهێزە سیاسییەکان، دەبێت ئەو ڕاستییە باش بزانن کە ئەوان خزمەتکاری گەل وخاکن، نەك بەپێچەوانەوە. گەر ئەوان باس لە پێشکەوتوویی ولە عەلمانیەتی خۆیان دەکەن، دەبێت ئاوەزباوەڕانە وژیارانە وسکیۆلارانە ڕەفتار بکەن. خۆ ئەگەر، چاکسازییەکی هەمەلایەنە وپێشبینی داهاتوو نەکرێت، وکۆمەڵگاش خۆڕسك گەورە ببێت، دیارە بەری نەهامەتی دەچنرێتەوە.. [٣٢]

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:


١. ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧

٢. ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان– سلێمانی، ٢٠١١

٣. برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمەڕەشید گورون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٠

٤. جان. ام. دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محمد ولی کاکایی، جیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی ، ٢٠٠٨

٥. جان ئار ماتیوز: سەرهەڵدان وڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر

٦. حوسەین بەشیریە: بنەما تیۆرییەکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩

٧. رایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران– سلێمانی، ٢٠١٠

٨. سارا فلۆوەرز: چاکسازی ئایینی، و: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات

٩. سڤێن– ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی ئاپێك– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩

١٠. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپ وبلاوكردنەوەی چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧
١١. د. غانم محمد صالح: بیری سیاسی كۆن وناوەڕاست، و: سەلام كەریم، چاپی یەكەم، خانەی چاپ وبلاوكردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٥
١٢. د. موسا ئیبراهیم: فیكری سیاسی خۆرئاوا لە مەكیاڤیلیەوە تا ماركس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥
١٣. د. محەمەد عابد جابری: ئایین ودەولەت وپیادەكردنی شەریعەت، و: فوئاد سدیق، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی موكریانی– هەولێر، ٢٠٠٦
١٤. د. محەمەد كەمال: فەلسەفەی هیگل، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، كوردستان، ٢٠٠٩

## سەرچاوە عەرەبییەكان:

١. باسيلي نيكيتين: الكرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ت: الدكتور نوري طالباني، الطبعة الثالثة، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني– السليمانية، ٢٠٠٧
٢. بويد شيفر: القوميه عرض و تحليل، دار مكتبة الحياة– بيروت، لبنان، ١٩٦٦
٣. د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسي الحديث، دار الحكمة للطباعة و النشر، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد– بغداد، ١٩٩٠
٤. د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات– الكويت، ١٩٨٥

## گۆڤار ورۆژنامەكان:

١. نوێبوون: ژمارە (٤)، گۆڤارێكی سیاسی ڕوناكبیریی وەرزییە، بەشی ڕووناكبیریی مەڵبەندی (١)ی ڕێكخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەكات، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، هاوینی ٢٠٠٨

## ماڵپەرەكان:

• احمد عبدالرحمن خضر: ثرؤسةى ريفؤرمى ئابوورى لة هةريَمى كوردستاندا، ٢٠٠٩، www.mop-krg.org
• ا. د. اسعد السعدون: الاصلاح الاقتصادي، المفاهيم والمتطلبات، منتدى الشرقية الاقتصادي الالكتروني، ٢٣/ ٢/ ٢٠٠٩، www.asharqiaforum.com
• ابو فيصل: الاصلاح الاداري، منتدى بني مالك بجيلة، ٢٠/ ١/ ٢٠٠٨، www.banimalk.net
• الاصلاح الاجتماعي: منتدى المقاتل، ٧/ ايار (مايو)/ ٢٠٠٩، www.moqatel.com
• تعريف الاصلاح: موقع سبيس باور، الخميس، ٢٨/ اوكتوبر/ ٢٠١٠، sbes.yoov.com
• تعريف الفساد السياسى: موقع فيسبوك، ٢٠١١، en-gb.facebook.com

هەولنامەی كتێب

- دڵشاد: ریفۆرمخوازیی لە نێوان واقیع وخەیاڵدا، ٢٠١١، zh-cn.facebook.com
- الدکتور قدری جمیل: السیاسات الاجتماعیه واقتصاد السوق الاجتماعی، جمعیه العلوم الاقتصادیه السوریه،

## پەراوێزەکان

١ تعریف الاصلاح: موقع سبیس باور، الخمیس، ٢٨/ اوکتوبر/ ٢٠١٠، sbes.yoov.com

٢ حوسەین بەشیریە: بنەما تیۆرییەکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٢٧- ٢٢٨

٣ دڵشاد: ریفۆرمخوازیی لە نێوان واقیع وخەیاڵدا، ٢٠١١، zh-cn.facebook.com

٤ تعریف الفساد السیاسی: موقع فیسبوك، ٢٠١١، en-gb.facebook.com

٥ جان ئار ماتیوز: سەرهەڵدان ورووخانی یەکێتی سۆڤیەت، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، ل ١٣٦

٦ نوێبوون: ژمارە (٤)، گۆڤارێکی سیاسی روناکبیریی وەرزییە، بەشی رووناکبیریی مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، هاوینی ٢٠٠٨، ل ٣٤٣- ٣٤٤

٧ ا. د. اسعد السعدون: الاصلاح الاقتصادي، المفاهیم والمتطلبات، منتدى الشرقیة الاقتصادي الالکتروني، ٢٣/ ٢/ ٢٠٠٩، www.asharqiaforum.com

٨ حوسەین بەشیریە: بنەما تیۆرییەکانی زانستی سیاسەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧- ٦٨

٩ ل. لیونتیف: الاقتصاد السیاسي- أسئلةو أجوبة، ت: د. محمد رشاد الحملاوي، الطبعة الثانیة، دار الثقافة الجدیدة- القاهرة، ١٩٧٤، ص ١٧

١٠ الدکتور قدری جمیل: السیاسات الاجتماعیه واقتصاد السوق الاجتماعی، جمعیه العلوم الاقتصادیه السوریه، www.mafhoum.com

١١ احمد عبدالرحمن خجر: پرۆسەی ریفۆرمی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، ٢٠٠٩، www.mop-krg.org

١٢ ابو فيصل: الاصلاح الاداری، منتدی بنی مالك بجيله، ٢٠/ ١/ ٢٠٠٨، www.banimalk.net

١٣ حوسەین بەشیریە: بنەما تیۆرییەكانی زانستی سیاسەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠

١٤ د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولی، وكالة المطبوعات– الكويت، ١٩٨٥، ص ١٧

١٥ د. غانم محمد صالح: بیری سیاسی كۆن وناوەڕاست، و: سەلام كەریم، چاپی یەكەم، خانەی چاپ وبلاوكردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠٢

١٦ ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٨٤

١٧ رایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەكان، و: رێبین رەسوڵ وموحسین ئەدیب، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٢٣

١٨ الاصلاح الاجتماعی: منتدی المقاتل، ٧/ ايار (مايو)/ ٢٠٠٩، www.moqatel.com

١٩ ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٨

* مارتن لۆتەر (مارتن لوپر): ساڵی ١٤٨٣ لەشارۆچكەی (ئیسلیبین) لەهەرێمی سەكسۆنیا لەدایك بووە، ساڵی (١٥٠١ز) دەچێتە زانكۆی (erfurt) دوای چوار ساڵ ماستەر وەردەگرێت، پاشان یاسا دەخوێنێت. بەڵام ساڵی (١٥٠٥ز) بەهۆی ڕووداوێكەوە لەپڕێكدا دەبێتە ڕاهیب، دواتر لەساڵی (١٥٠٧ز) دەبێتە قەشە، لە (١٥١٢ز) دا لەزانكۆی (ڤێتنبێرگ) بڕوانامەی دكتۆرا وەردەگرێت وپاشان دەبێتە مامۆستا.بەڵام ساڵی (١٥١٧ز) لەبەرامبەر فرۆشتنی (پسوڵەی لێبوردن– صكوك الغفران) لەكڵێسەكاندا شاڵاوێكی توندی نارەزایی دەست پێدەكات. لەمانگی (تشرینی یەكەمی ١٥١٧ز) دا ولەڕۆژی جەژندا دەست دەكات بە هەڵواسینی هەر (٩٥) برگە بەناوبانگەكەی بە دەرگای كڵێسەی زانكۆدا لەڤێتنبێرگ. ناوبراویەكەم كەس بووكە ئایینزای پرۆتستانتی هێنایە گۆڕێ وئینجیلی پیرۆزی گۆرییە سەر زمانی ئەڵمانی وكڵێسەی نەتەوەیی هێنایە ئاراوە....

٢٠ سارا فلۆوەرز: چاكسازی ئایینی، و: هەژار رەحیمی، چاپی یەكەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوكردنەوەی موكریانی– هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل ٢٥

٢١ سڤێن– ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی ئاپێك– سلێمانی، كوردستان، ٢٠٠٩، ل ١٠٢

٢٢ د. عبدالرچا حسين الگعان: تأريخ الفكر السياسى الحديپ، دار الحكمه للگباعه و النشر، وزاره التعليم العالى و البحپ العلمى، جامعه بغداد– بغداد، ١٩٩٠، ص ٢٥٦

٢٣ ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩

٢٤ جان. ام. دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محمد ولی کاکایی، جیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل ٥٧

٢٥ بويد شيفر: القوميه عرچ و تحليل، دار مكتبه الحياه– بيروت، لبنان، ١٩٦٦، ص ٣١٣–٣١٩

٢٦ د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٥٧

٢٧ برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمەڕەشید گورون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٩٩–٣٠١

٢٨ د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی هیگڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩، ل ٧٤– ٧٥

٢٩ د. محەمەد عابد جابری: ئایین ودەوڵەت وپیادەکردنی شەریعەت، و: فوئاد سدیق، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٥٧

٣٠ باسيلي نيكيتين: الكرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ت: الدكتور نوري طالباني، الطبعة الثالثة، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني– السليمانية، ٢٠٠٧، ص ٢٩٤

٣١ عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپ وبڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١١١

٣٢ ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان– سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٦٣

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# چاکسازیی

چۆن دەکرێت.. لە کوێوە دەست پێبکەین؟

فرسەت سۆفی

هەولێرنامەی کتێب

ساڵانە بە هۆی گەندەڵی ٧٪ لە ئابووری جیهان بە فیرۆ دەچێت كە دەكاتە دوو ترلیۆن و سێ سەد ملیار دۆلار، ئەمەش بە قەدەر بودجەی ئەمریكایە، كە بەشی هەرە زۆری لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بە هەدەر دەدرێت. بە پێی راپۆرتێكی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئەو پارانەی كە لە لایەن وڵاتەكانی جیهانی سێیەم لە بانكەكانی ئەمریكا قەرز دەكرێن، جارێكی دیكە ٨٠٪ تا ١٠٠٪ ی هەمان ئەو پارانە بۆ بانكەكانی سویسراو ئەمریكا رەوانە دەكرێنەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەك موڵكی شەخسی بەرپرسە باڵاكانی ئەو وڵاتانە.

جێگای داخە ئەم دیاردەیە عێراق و هەرێمی كوردستانیشی شەكەت كردوەو وا یلێهاتووە هەر لە بەڵگەنامەی لە دایك بوون(شهادە الـولادە) تا بەڵگەنامەی مردن(شهادة الوفاة) بە بەرتیل و واسیتەو رۆتین بەرێوە دەچێت، هەربۆیە عێراق بە پێی ریزبەندیی لە ریزی پێشەوەی وڵاتە گەندەڵەكانی جیهاندایە. جا بۆئەوەی بتوانین هەرێمی كوردستان بەكرداری بكەینە عێراقەكەی دیكەو سنوورێك بۆ گەندەڵی دابنێین بە هەموو جۆرەكانیەوە دەبێ سەرەتا ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات هەردووكیان بەیەكەوە بەرەیەكی فراوان لە دژی گەندەڵی و نادادپەروەریی و خراپ بەكارهێنانی دەسەلات بكەنەوە، چونكە گەندەڵی بەفراوانی تەشەنەی كردوەو زۆربەی جومگەكانی حوكمرانیەتی گرتۆتەوە، بۆیەش پێویستی بە یەكخستنی هەموو هێزەكانی چاكسازیی هەیەو هیچ لایەك بەتەنها ناتوانێت ئەم شـەڕە گەورەیە بكات. كە ئەو لەیەكتر تێگەیشتنە دروست بوو لە سەر چاكسازیی پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە وەك پرەنسیپی بنەڕەتی بۆ سەركەوتنی هەر چاكسازییەك لە بەر چاو بگیرێن:

١ –چاكسازیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێت و هیچ كەسێك حەصانەی نەبێت و بۆ هەمووان بێت. چونكە ئەگەر بەرپرسە باڵاكان سزا دران ئاسانكاریەكی گەورە



هەولامەی كێژ

بۆ سزادانی ئەوانەی خوارەوە دروست دەبێت ( سزادان مەبەست لادان نیە لە پۆستەکانیان بەڵکو تەسلیم کردنیانە بە دادگاو یاسا).

٢ –ئەوەی چاکسازیی دەکات و رووبەڕووی دەبێتەوە دەبێ کەسانی پاك بن و نەبووبنە خاوەنی بەرژەوەندی نایاسایی لەم بارودۆخە، چونکە چاکسازیی و بڕیاری بوێرانە بەوانە نادرێت کەخۆیان تا سەر ئێسقان لە گەندەڵی غەرق بوون و بەشێکن لە کێشە نەك بەشێك لە چارەسەر.

٣ –کۆمەڵێك ناو لەم وڵاتە هەن کە شوێنی گرنگیان بە دەستەوەیەو خەڵك خۆشی ناوێن لە هەر هاووڵاتیەك بپرسیت دەتوانێت لیستێکت بداتێ و لەوانەشە لیستێکی هاوبەش بێت، ئیتر کاتی ئەوەیە ئەمانە دوور بخرێنەوە، هەرنەبێ وەك رێزێك بۆ هەستی هاووڵاتیان.

٤ – پێشێلکردنی بنەما بنەڕەتیەکانی مافی مرۆڤ بۆ هەموو لایەك هێڵی سوور بێت و جارێکی دیکە لە ژێر هیچ پاساوێك کەس رێگە بەخۆی نەدات فیشەك بەڕووی هاووڵاتیان بتەقێنێت و پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی توندوتیژیی و سەرکوتکردن و ئازارو ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیان وروناکبیران و رۆژنامەنووسان.

٥ –بەهیچ شێوەیەك نان و بژێوی هاووڵاتیان وسەرچاوەی دارایی هێزەسیاسیەکان نەکرێتە کارتی فشاری سیاسی و هەر رێوشوێنێك لەم رووەوە لە چوارچێوەی یاسا دابێت.

٧ –بۆ ئەوەی بتوانین لە ژێر سایەی سیستمێکی دیموکراتی چاکسازیی بکەین زۆر گرنگە کە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی هەبێت، بۆیە هیوامان وایە ئۆپۆزسیۆن نەچێتە ناو حکومەت و بە ئۆپۆزسیۆنی بمێنێتەوە.

٨ –پاراستنی ناوبانگ و یەکڕیزیی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە لە سەر ئاستی حکومەتی ئیتحادی، بەهیچ شێوەیەك لە دەسکەوتی سیاسی و ململانێی ناوخۆیمان کاریگەریی نەکاتە سەر ستراتیژیەتی داهاتوومان بۆ ناوچە دابڕاوەکان و هەمیشە بە یەك لیستی و یەکگرتوویی بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین لەم ناوچانە. هەروەها لە

سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی یەکگرتوویی خۆمان پیشان بدەین و هەمیشە خۆمان کێشەکانمان چارەسەر بکەین و لە ژێر هیچ بیانوویەك نابێ ڕێگە بە دەست تێوەردانی دەرەکی بدەین بە تایبەتی دەست تێوەردانی هەرێمیی.

٩ – بۆ ئەوەی بشتوانین ئەم بەرەیە دژی نادادپەروەیی و فەساد دروست بکەین ئیتر دەبێ بەشی ئەوەش لە خۆبردووبین کە بەلامانەوە خودی چاکسازیی ئەولەویەتی هەبێت، ئینجا ئەوەی ئاخۆ ئەم دەسکەوتانە بۆ کامە هێزی سیاسی دەگەڕێنەوە.

کاتێك کە توانیمان بەم شێوەیە هەنگاو بنێین لەو کاتە پێویستمان بەوەیە کە بە شێوەیەکی زانستی ڕوو بەرووی گەندەڵی ببینەوە، بۆ ئەمەش دەبێ ستراتیژێکمان هەبێت، هەروەك ئەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی یەکەمی بەرنامە چاکسازییەکەی خۆی بەڵێنیدا کە ئەو ستراتیژە لە ماوەی سێ مانگ ئامادە دەکرێت.هەموو ئەو وڵاتانەش کە سەرکەوتنیان هێناوە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە پێی ستراتیژێك کاریان کردوە Governmental Strategy to Anti Corruption ، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئاخۆ دەبێ ستراتیژیەتی چاکسازیی چۆن بێت و چۆن دابنرێت و چی تێدابێت؟.بۆ دانانی ئەم ستراتیژو نەخشە ڕێگایە ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دەخەمە ڕوو:

١ –پێویستمان بەوەیە ئەولەویاتی چاکسازیی دیاری بکەین، ئاخۆ کامەیان زۆر گرنگەو زۆریش بە پەلەیە، کامەشیان گرنگە بەڵام بە پەلەنیە. ئینجا دابەشیان بکەین بە سەر چەند قۆناغێك و بۆ هەر قۆناغێکیش خشتەی زەمەنی دابنرێت و ڕێو شوێنە خۆپارێزی و چارەسەریەکانیش دیاری بکرێن، هەروەها خاڵە لاوازو بەهێزەکانیشمان لە هەرلایەنێك دەست نیشان بکەین. بۆ ئەمەش پێویستمان بە ئامارو داتای زانستی هەیە، دەشبێت بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك ڕاپرسی ئەمانەی سەرەوە ئەنجام بدەین، تابزانین بەلای هاووڵاتیان کامە تەوەر بخرێتە ئەولەویەتی بە پەلەی چاکسازیی.

٢ – بۆ ئەوەی بتوانین ئەمانەش بکەین پێویستە تەوەرە سەرەکیەکانی

چاكسازى ديارى كراوبن و وەلأمـى هەموو پرسيارە گرنگەكان لە هەر تەوەرێك بدرێتەوە. بۆنموونە، ئاخۆ لە سەر ئاستى ياسايى پێويستمان بە چيەو كامانەن ئەو ياسايانەى كە پێويستە هەمواربكرێن و ئەوانەشى كە دەربچن و ئەوانەشى كە رەت بكرێنەوە ئەوانەشى كە ئينفاژ بكرێن و ئەوانەشى كە جێبەجێبكرێن. لە رووى چاودێرى چى بكرێت و كامانەن ئەو دەستەو دامەزراوانەى كە رۆلٚيان هەيەو ميكانيزمى كاراكردنيان ديارى بكرێت. ئينجا دەسەلأتى دادوەريى چۆن سەربەخۆ بێت و بە رۆلٚى گرنگى خۆى هەلٚبستێت. لە سەرئاستى ئابووريى چى بكرێت بۆ دەستەبەركردنى دەرفەتى كارو نەهێشتنى بێكاريى و...هتد.لە سەر ئاستى ئيداريى چۆن بۆ كێشەكانى وەزيفەى گشتى و دامەزراندن و جياكردنەوەى حزب و حكومەت هەنگاوبنێين؟.لە كەمكردنەوەى رۆتين چيبكرێت و چۆن سوود لە تەكنەلۆجيا وەربگرين؟. لە بوارى شەفافيەتى داراييو گرێبەستەكان و رێگەنەدان بە ئيحتكارى بازار نەخشەرێگامان چيبێت؟. هەروها لە بوارى هێزەكانى ناوخۆو پێشمەرگە لە چيەوە دەست پێبكەينو چۆن بگەينە ئامانج؟. بۆ بلأوكردنەوەى وشيارى و دروستكردنى ئيرادەى سياسىو ئـيرادەى جەماوەريى دژى گەندەلٚى رۆلٚـى رێكخراوەكانى كۆمەلٚگاى مەدەنى و رۆژنامەگەريى و پياوانى ئاينى و پسپۆران چيەو چى بكرێت؟.

٣ –بۆ ئەوەى ئەو ستراتيژو نەخشە رێگايەى ئامادەدەكرێت هێزێكى پابەندى هەبێت بۆ هەموو دەسەلأتەكان و ئيرادەى جەماوەريشى لە گەلٚ دابێت، وا باشە سەرەتا لە ناوەندە ئەكاديميەكان و رێكخراوەكانى كۆمەلٚگاى مەدەنى و كەسانى رۆشنبيرو شارەزاو رۆژنامەنووسان و توێژە جياوازەكانى كۆمەلٚگا گفتوگۆى لە سەر بكرێت، ئينجا لە لايەن پەرلەمانى كوردستان پەسەند بكرێت و ببێتە بەلٚێننامەيەكى پابەندى نيشتمانى.

٤ –هەر بۆ ئامادەكردنى نەخشە رێگايەكە پێويستمان بەوەيە سوود لە ئەزموونى ئەو ولأتانە وەربگرين كە توانيان سەركەوتووانە بەرەنگارى گەندەلٚى ببنەوە، بۆ نموونە لە بولگاريا گەندەلٚيەكى زۆر تەشەنەى كردبوو، بەلأم لە سالٚى (٢٠٠٠) هاوپەيمانيەتيەك

دروست كرا بە ناوی هاوپەیمانیەتی ٢٠٠٠ توانیان بە خێرایی بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوەو لە ساڵی ٢٠٠٠ رێژەی فەساد ٥٠٪ هاتە خوارەوە بە بەراوورد لە گەڵ ساڵی ١٩٩٨. گرنگە بزانین ئەوان چیان كردو چۆن توانیان ئەم هەنگاوانە بنێن؟. یان چۆن بتوانین سوود لەو ناوەندو رێكخراوە نێودەوڵەتیانە وەربگرین كە تایبەتن بە دیموكراتیەت و شەفافیەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. بۆ نموونە(مركز الدولي للاخلاقيات العامة– الصندوق الوطني للديمقراطية– مركز دراسات الديمقراطية– الوكالة الامريكية للتنمية الدولية– منتدى العالمي لمكافحة الفساد– منظمة شفافية الدولية– برنامج البنك الدولي لمساعدة الدول النامية في محاربة الفساد وبرنامج بنك الدولي لمكافحة الفساد الاداري والقضاء على البيروقراطية). یان سوود وەرگرتن لە رێكەوتننامەو پەیماننامەكانی تایبەت بەم بوارە، وەك رێكەوتننامەی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ بنبڕكردنی فەسادی ئیداری لە ساڵی ٢٠٠٣ كە لە(٧١) ماددە پێك هاتووە. بەشێكی زۆری وڵاتان سوودیان لەوانەی سەرەوە وەرگرتوە، بۆ نموونە لە وڵاتی سربیا رۆتینێكی ئێجگار زۆر هەبوو لە ناو دەسەڵاتی دادوەریی، بۆ یەكلاكرنەوەی یەك نیزاعی دادوەریی( ١٠٣٦) رۆژی دەخایاند، هەر بۆیەشە ٢٥٪ لە سربیەكان ناچاربوون بەرتیل بدەن(رشوه)، ئینجا لە ساڵی ٢٠٠٤ بە هاوكاری هەندێ ناوەند كە لەسەرەوە ناومان بردوون ستراتیژێكی تایبەتیان بۆ ئەم مەسەلەیە ئامادەكردو توانیان هەنگاوی گەورەی ئیجابی بنێن

٥ –لە پێناو بە دواداچوونی چۆنیەتی جێ بەجێكردنی ستراتیژەكە، دەستەیەكی نیشتمانی لە هێزە سیاسیەكان لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسۆن دابنرێن كە پێك هاتبن لە كەسانی پاك و شارەزا. ئەمەش بۆ ئەوەی چاكسازیی ببێتە مەسەلەیەكی نیشتمانیی و كۆدەنگی تەواوی لە سەربێت و تێكەڵ نەكرێت بە موزایەداتی سیاسی و دەسكەوتی حزبی، چونكە چاكسازیی پێویستی بە هێزو پاڵپشتی هەموو لایەكەو دەبێ هەموومان بۆ بنبڕكردنی گەندەڵی لە یەك بەرەبین.

# ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن

## لەبەگژداچوونەوەی گەندەڵیدا

هەواڵنامەی کتێب

عەلی ڕەزا خوسرەوی
لەفارسییەوە: کارزان محەمەد

## بەرایی

**گەندەڵیی** لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا تەمەنەکەی بەئەندازەی شارستانییەتەو هەنووکە یەکێکە لەو مەسەلانەی دووچاری وڵاتانی جیهان بووە. مەسەلەی گەندەڵیی لە سەرجەم قۆناغەکاندا، یەخەی دەوڵەتانی گرتووەو جێگەی تێڕامانی فکریی زۆرینەی دانایانو بیرمەندانی سیاسی بووە.

گەندەڵیی دیاردەیەکی نوێ نییەو (٢٠٠٠) هەزار ساڵ لەمەوپێش (کۆتی لیا)ی سەرۆك وەزیرانی شایەکی هیندی، لە کتێبەکەی خۆیدا باسی لەکێشەی (گەندەڵیی) کردووە. (ئیبن خەلدون)ی بیرمەندی ناسراوی موسڵمانانیش بایەخی بەگەندەڵیی ئیداریی داوەو فاکتەرە سەرەکییەکەی بە پەیوەندی توندی چینە دەسەڵاتدارەکان بە ژیانی باقوبریقەوە ناوزەد دەکات.

حکومەتەکانو دەوڵەتان سەدەها ساڵ لەمەوپێش ڕووبەڕووی کێشەی سوودوەرگرتنی نیگەتیڤانەی کرێکارە حکومییەکان بیوونەوە. ئەو بودجە زیادەڕۆو جۆراوجۆرانەی ئەم تاوانە دەیخاتە ئەستۆی کۆمەڵگاو دەوڵەتەوە، بۆتەمایەی ئەوەی کە پسپۆڕانی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتیو ئابورییەکان لەم دەیەی دواییدا، بایەخ بە دیاردەی لادانی ئیدارییو داهێنانی میتۆدە کاریگەرو کەم بودجەکان بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی بدەن.

لەم وتارەدا باس لە ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەین لە پرۆسەی تێکۆشان دژ بەگەندەڵییو چاوپۆشی لەو هۆو هۆکارانەش بکەین کە پەیوەندیدارن بە ڕەهەندەکانی تری ئەم باسەوە. لە سەرەتادا لەتێروانینێکی گشتییەوە، باس لە گوتەزای گەندەڵیی

دەکەین، پاشان ئاماژە بۆ ڕۆڵو میکانیزمی کارکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ تێکۆشان دژ بەم گرفتە دەکەین.

## پێناسی گەندەڵیی

**ئەگەرچی** پێناسەی جۆراوجۆر و زۆر بۆ گەندەڵیی خراوەتەڕوو، بەڵام ڕووخسارێکی هاوبەشی تەواوی ئەم پێناسانە ئەوەیە کە لە (ژینگەی گەندەڵ)دا، مافە کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسییەکانی هاووڵاتیان ڕەچاو ناکرێ یا مافی تەواوی تاکەکەس یا گروپێك بەئاسانی ڕاماڵ دەکرێت یا بەناحەق دەدرێتە کەسێك یان کەسانێکیتر. هەروەها هەندێ لە ڕەهەندە کردەییەکانی گەندەڵیی، ڕێژەییەو پەیوەندیدارە بەسیستمی بەهای هەر کۆمەڵگا یارێکخراوێکەوە.

**ئەگەرچی پێناسەی جۆراوجۆر و زۆر بۆ گەندەڵیی خراوەتەڕوو، بەڵام ڕووخسارێکی هاوبەشی تەواوی ئەم پێناسانە ئەوەیە کە لە (ژینگەی گەندەڵ)دا، مافە کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسییەکانی هاووڵاتیان ڕەچاو ناکرێ**

پرۆسەی گەندەڵیی گوزارشتە لە کردەوەیەك یا بڕیارێك کە دەبێتەمایەی ئەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی دەچنە ژێر کاریگەریی نیگەتیڤی کارێك یا بڕیارێکەوە زیاتر بێت لەو کەسانەی کە کاریگەریی پۆزەتیڤ وەردەگرن.

هەنگاوێك لە چوارچێوەی چالاکییە ئیداریی–



کتێبخانەی هەولێر

حكومییەكاندا بە گەندەڵیی هەژمار دەكرێت كە لەڕوانگەی خەڵكی كۆمەڵگاوە بە نائاكاریی و زیان ناوبرێت.

هەندێ لە لێكۆڵیاران، گەندەڵیی ئیداریی بە كۆمەڵە هەنگاوێكی كارمەندان و بەرپرسانی حكومەتی دادەنێن كە:

یەكەم: زیان بە (بەرژەوەندی گشتیی) بگەیەنێت.

دووەم: ئامانج لە ئەنجامدانەكەی (گەیاندنی سوود) بێت بە بكەرەكە (كارمەندە ئەنجامدەرەكە) یا بەكەسی سێیەم كە بكەرەكەی بەكرێگرتووە بۆ ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە.

گەندەڵیی سوودوەرگرتنی نیگەتیڤانەیە لە پێگەی كارێك بۆ بەرژەوەندی تایبەتی (چ لەپێناوی خود و چ لەپێناوی ئەوانیتردا بێت).

## گەندەڵیی و ڕۆڵی لە لەناوبردنی دەوڵەتاندا

**گەندەڵیی** و ناسەقامگیریی دووڕووی یەك دراون و پێكەوە لەدایك دەبن. جارناجار قوربانییەكان پەنا بۆ شۆڕش دەبەن تا كۆتایی بەم دیاردەیە بێنن، خودی ئەمەش یەكێك بووە لە هۆكارە سەرەكییەكانی شۆڕشەكان.

یەكێك لە خاڵە لاوازە بنەڕەتی و فاكتەرە گرنگەكانی شكستی ڕژێمی شای ئێران، گەندەڵیی بەرپرسە حكومییەكان و ئەندامانی خێزانی شا بوو. ڕێژەی بەرتیلخۆری و مووچەكە لەسەربنەمای قەوارەی كارو ڕەسیدی پێویست بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەو بەرنامە ئابوورییەكان هەژمار دەكرا، هەندێكجار ژمارەی خەیاڵی و زەبەلاح بوون.

بەبڕوای هەندێ لە تیۆریستان، (هێز گەندەڵیی دروست دەكات ) و (هێزی ڕەها بەتەواوەتی خوڵقێنەری گەندەڵییە). هەربۆیە سیستەمی دیموكراسی، هێزی

دەسەڵاتدارانی سنووردار كردووەو ئینتیما بۆ گەندەڵیی كەم دەكاتەوە. حكومەت كاتێ قۆرغ دەكرێت كە لە دەست ژمارەیەكی زۆری تاكەكان بهێنرێتەدەرەوەو بخرێتەژێر دەستی ژمارەیەكی كەمی كەسەكان. ڕاڤەكردنی گەندەڵیی دیدێكی بەنرخ بۆ ناواخنی دیموكراسی فەراهەم دەكات، هەتا ڕێژەو ژمارەی ناوەندە نادیموكراسییەكان لە كۆمەڵگادا زیاتر بێت، گەندەڵیی زەمینەی دەركەوتنو توانستێكی زیاتری دەبێت. ئابووریی بازاڕ (دیموكراسییەتی ئابووری) و دیموكراسییەتی سیاسی لە كۆمەڵگایەكی مەدەنیدا، بەمانای هەردوو باڵەكەی گەشەپێدانی كۆمەڵگا دێت، بەبێ یەكێكیان ئەویتریان نایەتەدی. هەتا ئاستی گەشەپێدان باڵاتربێتو ڕێـژەی دەستوەردانو بەشداریی خەڵك لە دیاریكردنی چارەنووسو شێوازی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگادا زیاتر بێت، بەهەمان ڕێژەش ئەگەری دەركەوتنی گەندەڵیی كەمترە.

گەشەیەكی ئابووری– كۆمەڵایەتی پایەدار و هاوسەنگو خۆماڵی، بەندە بە ناواخنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانەوە، واتا بەندە بەڕێژەی ئۆرگانیزەكردنی پەیوەندییەكانو ڕەفتاری دیموكراسی لە سیستمێكی كۆمەڵایەتیدا.

پشتیوانی لە دیموكراسی لەهەمبەر گەندەڵییو خۆپارێزیدا، بەندە بە قەدەغەكردنی هەرچەشنە دەسەڵاتێكی بەهێزی مۆنۆپۆڵكەری زانیارییەكانەوە.

لەلایەكیترەوە، دیموكراسی پێویستی بە (وەڵامدانەوەو بەرپرسیارێتی)یە، هەرچەندە لەوانەیە دیموكراسی لەگەڵ گەندەڵیی دارایی دا پێكەوەبژین بەڵام بە دژواری دەتوانن پێكەوە ئاشت بنو درەنگ یا زوو پێكدادانێك لەنێوان ئەو دووانەدا ڕوودەدات.

ناوەندە دیموكراسییەكان لەسەر ئاستی جۆراوجۆر، میكانیزمی وەڵامدانەوەو شەفافییەت بۆ خەڵك فەراهەمدەكەن، ئەم كارە ڕێگە لە درێژەكێشان و بەردەوامبوونی



هەواڵنامەی كتێب

تۆڕی گەندەڵیی دەگرێت. سەربەخۆیی دەسەڵاتەكانو بوونی سیستمێكی دادوەریی كارا و بەهێز، دەتوانێ ڕێگر بێت لە سازشكردنی حزبی دەسەڵاتدار لەگەڵ حزبە ئۆپۆزسیۆنەكانو ڕێگەش لە گەندەڵیی دەگرێت.

ڕەوایی (مەشروعییەت)ی دەوڵەت لەڕێگەی كاراكردنی دەوڵەتەوە دەپارێزرێت. لەو شوێنانەی دیموكراسی لەسەربنەمای وەڵامدانەوەو بەرپرسیارێتی، ئازادی چاپەمەنیو رادەربرین، سەربەخۆیی دەسەڵاتەكان، فەرمانڕەوایی یاساو (تێڕوانینی زۆرینەی خەڵكو بەشداربوونی هەمووان) بنیات نراوە، ئەگەری سەرهەڵدانی گەندەڵیی تیایدا كەمترەو چاودێریكردنیش تیایدا زۆرترە بەبەراورد لەگەڵ سیستمە نادیموكراسییەكان یا دیكتاتۆریی.

لە كۆمەڵگا خەڵكسالارەكاندا، میكانیزمی كاركردنی حكومڕانان لەلایەن ئەو خەڵكەوە كە فەرمانڕەوایی دەكرێن، هەمیشە دەخرێنە ژێر دادوەرییو ڕەخنەوە. لە چەرخی ئێستادا، زەرورەتی وەڵامدانەوە لە ستراكتۆری دەوڵەتێكی دیموكراسیدا لەسەر ئەم گریمانەیە بنیاتنراوە كە هەریەك لە هاووڵاتیان ئەم مافەیان هەیە تاكەكەس یا گروپێ لە پێكهاتەیەكی ئیدارییدا بدۆزنەوەو بەرپرسیارێتی كاری كارمەندان لە ئاستەكانی خوارەوە تا ئاستەكانی سەرەوەی ڕێكخراوەكەی پێ بسپێرن، خۆیان لە بەرامبەریدا بە بەرپرسیار بزانن.

## ئازادی دەزگاكانی راگەیاندن و ڕۆڵیان لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی

**یەكێك** لەو ڕۆڵانەی پسپۆڕانی زانستی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بۆ ماس میدیایان داناوە، ڕۆڵی (هەواڵو گەیاندن)ە كە وەك (چاودێریی بەسەر ژینگە)دا ناوزەدی دەكەن. ئەگەر دەزگاكانی راگەیاندن ئازادیو پشتیوانی یاسایی پێویستیان

هەبێت، بەشێوەیەکی کاریگەرتر ئەم ڕۆڵە لە کۆمەڵگادا دەگێڕن. بەم پێیە، یەکێك لە ڕێگاچارە زۆر کاریگەرەکان لە چاودێریی بەسەر حکومەتو کارمەنداندا، بەرگرییە لە ئازادی دەربڕینو سەربەخۆییو پارێزراوبوونی چاپەمەنییەکانە –وەك یەکێك لە بنەماکانی دیموکراسی–. ئازادی چاپەمەنی لەم ڕووانەی خوارەوە سوودمەندە بۆ تێکۆشان دژ بەگەندەڵیی:

* دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەبێ ئەوەی بودجەیەکی بۆ دەوڵەت هەبێت، هەواڵگریی و چاودێریی بەسەر دەزگا حکومییەکاندا دەکەن، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کاری پشکنیندا یاریدەی دەوڵەت دەدەن.

*ئاشکراکردنی گەندەڵییە ئیدارییەکان لەڕێگەی چاپەمەنییەکانەوە، باجی کۆمەڵایەتیو سیاسی گەندەڵییەکە بۆ گەندەڵکاران زیاتر دەکات.

*ڕاپۆرتی گەندەڵیی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ڕێگە لە بێدەنگی بەرپرسان دەگرێت کە بەدواداچوون بۆ گەندەڵیی نەکەن.

*چاپەمەنی ئازاد ئامرازێکی بەهێزە بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگا، زانیاریی لەبارەی کرۆکی ڕاستەقینەی کارمەندانو بەرپرسان بە هاووڵاتیان دەگەیەنێت.

*ئەگەرچی لەوانەیە چاپەمەنی هەوڵ بدات تێڕوانینی حزبی یاخود کۆمەڵێك یا کەسانێکی تایبەت بڵاوبکەنەوە، بەڵام پرۆسەی زانیارییەکان لە کۆمەڵگایەکی ئازادو خەڵکسالاری خاوەن ئازادی ڕادەربڕیندا، هێندە سەقامگیرە کە هەرگیز سوودی نیگەتیڤانەی لێوەرنەگیردرێتو ڕیسواییە ئابووریو سیاسییەکانی بەرپرسانی دەوڵەت ئاشکرا بکرێت.

کاتێ سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەربە حکومەت یا وابەستەی دەوڵەت بن، بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتو هەواڵانەی سیستمی حوکمڕانی ڕووبەڕووی ڕیسواییە مەزنە سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، لەسنووری مەحاڵدایە.

پێویستە بوترێ ئازادی چاپەمەنیو خەڵکسالاریی ئەم گرەنتییەمان دەداتێ کە لە ساتی ڕووداندا، گەندەڵیی بەنهێنی نەمێنێتەوە. بەم پێیە ئەم ئاشکراکردنانە،

دەتوانێ ڕێگە لە گەشەو بەرفراوانبوونی گەندەڵیی بگرێت.

زیادبوونی هۆشیاریی گشتی لە ڕێگەی بایەخدانی دەزگاکانی راگەیاندن بەمەسەلەی گەندەڵیی، بەمانای زیادبوونی ئاستی گەندەڵیی نییە، بەڵکو زیادبوونی هۆشیاریی خەڵك لەگەڵ زیادبوونی متمانەی گشتی بەدەوڵەت لەساتی تێکۆشان دژ بەگەندەڵییدا، دەتوانێ یاریدەی کەمکردنەوەی گەندەڵیی بدات.

لەلایەکیترەوە، گەشەی راگەیاندنە ئازادو سەربەخۆکان پێویستی بە کۆمەڵێك یاسا و بڕیارە بۆ بەخشینی گرەنتی بە ئازادی چاپەمەنیو پشتگیریکردنی پێویست. مەترسییەکە ئەو کاتەیە کە دەوڵەتان بیانەوێت سوودی نیگەتیڤانە لە هێزو دەسەڵاتی خۆیان وەربگرنو سنووردارکردنی نائاسایی بەسەر ئازادی ماس میدیاکاندا بسەپێنن. دابینکردنی ئاسایشی چاپەمەنییەکانو بڵاوکراوەکانو هەواڵنێران گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لە ڕاستیدا یاریدەدەرێکی کاریگەر دەبێت بۆ هاندانی هاووڵاتیان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانو بەشداربوونیان لە تێکۆشان دژ بەگەندەڵییدا.

هەتا ئەندازەی ئازادی ڕادەربڕینو چاپەمەنیو توانای ئازادیی خەڵك لە هەڵبژاردنی سیاسەتمەنداراندا زیاتر بێت، سیاسەتمەداران بۆ پاراستنی پێگەی سیاسیو ڕووخساری کۆمەڵایەتییانەی خۆیان، بەڕێژەیەکی کەمتر گەندەڵیی ئەنجام دەدەن.

ئازادییە مەدەنییەکان و بەشداریی خەڵك و چاودێرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەسەر بڕیاردانو کارکردنی کەرتی حکومیدا، ئامرازێکی گرنگە بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵییو باشترکردنی کارایی حکومەت. شرۆڤەکردنی دەزگا بازرگانییەکان لە ئابوورییە تازەگەشەکردووەکاندا، نیشانی دەدات کە ڕۆڵگێڕانی کۆمپانیاکان لە دارشتنو دانانی یاسا و بڕیارە حکومییەکاندا (دیلکردنی دەوڵەت)، پەیوەندی بە نەبوونی ئازادییە مەدەنییەکانەوە هەیە.

مافە سیاسییەکان (هەڵبژاردنی دیموکراسیانە، یاسادانان، پارتە جۆراوجۆرەکان) و ئازادییە مەدەنییەکان (دەزگاکانی راگەیاندنە ئازادو سەربەخۆکان، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانو ئازادی ڕادەربڕین) دژبە گەندەڵیین. (بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی

خزمەتگوزارو شایستەسالار) مەرجێكە بۆ باشكردنی فەرمانڕەوایی لەلایەن دەوڵەتەوە. (فەرمانڕەوایی لاواز) یا بەمانایەكیتر حكومەتی ناكارا، دەبێتەمایەی دەركەوتنی گەندەڵیی.

توندكردنی هەلومەرجی سنووردراركردنی گەندەڵییو لەمپەرە یاساییەكانو سزادانی ئەنجامدەرانی گەندەڵیی گرنگن، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەمەیە كە ئەو مەسەلە بنەڕەتیانەی لە فەرمانڕەوایی دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرنو دەبنەمایەی هاندانی گەندەڵیی، بناسێنرێنو چارەسەریشیان بۆ بدۆزرێتەوە.

## ڕێگاچارەكانی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی

**جێبەجێكردنی** ڕیفۆرمەكان بۆ تێكۆشان دژ بەگەندەڵیی، پێویستی بە ئیرادەی سیاسی، كاردروستی، ڕاستگۆییو توانستێكی ئۆرگانیزەكراوە.

بەگژداچوونەوەیەكی بەرهەمبەخش دژ بەگەندەڵیی، بەكارهێنانی ئەو ستراتیژانەیە كە خاوەنی كرۆكێكی گشتگیرنو بەچەشنێكی سەركەوتووانە توانای لەخۆگرتنی كۆمەڵێك ڕیفۆرمی هەبێت لە ژینگەیەكی بەرفراوانی وەك ستراكتۆرە ئابووریی، سیاسی، یاساییو كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگایەكدا.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕەهەندێكی پۆست نەتەوەیی زۆر هەن كە وڵاتان بەتەنها توانای بەگژداچوونەوەیەكی كارایانەیان نییەو پێویستیان بەهەنگاونانێكی كۆمەڵگای جیهانی هەیە وەك هەنگاوێكی هاوبەش. ستراتیژییەتە دژەگەندەڵییەكانیش هەروەك ستراتیژەكانی گەشەپێدان، پێویستە (گشتگیرو كامڵ، یەكپارچە، بنیاتنراو لەسەر زانیاری، نادەمارگیر، شەفافو بەرهەمدار) بن.

بەشداریی گرووپە جۆراوجۆرەكان دەبێتەمایەی زیادبوونی چاودێریی، كەمكردنەوەی بەرگرییو سەرەنجام زیادبوونی ئەگەری سەركەوتنی بەرنامە ڕیفۆرمسازییەكان. یاساكانی تێكۆشان دژ بەگەندەڵیی پێویستی بە بەڵگەنامەو زانیارییەك هەیە كە دەستەبەركردنیان گرانە، چونكە ئەنجامدەرانی گەندەڵیی

بەشێوەیەکی گشتی کەسانێکی شـــارەزان. بـەم پێیە ئـەم بابەتە دەبـێ لە بەرنامەدارشتندا ڕەچاو بکرێت.

پێویستە ئامار و زانیاری کاملی میکانیزمی کارکردنی دەزگا بەرپرسەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لە چوارچێوەی ستانداردێکی پێشتر دیاریکراودا بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی بڵاوبکرێتەوە.

یەکێك لە ئامرازە گرنگو سوودمەندەکان بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی، بەکارهێنانی ئینتەرنێتە. کاریگەریی بەهێزی ئینتەرنێت لەسەر زیادبوونی هۆشیاریی لە ئاستێکی بەرزدایە، ئینتەرنێت دەبێتەمایەی ئاسانکاریی بۆ بەشداربوونی گرووپە ئارەزوومەندەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری گرنگو سەرەنجام زیادبوونی هۆشیارییان لەسەر ئاستی جیهان. بێگومان سوودوەرگرتن لە چاپەمەنی، ڕادیـۆو تەلەفزیۆن هێشتاش لە ئەولەویەتدانو پێویستە بۆ بڵاوبوونەوەی زانیارییە دژەگەندەڵییەکانو فێرکردنی خەڵك بەکاربهێنرێن.

بەرنامە فێرکارییە گشتییەکان دەبێ ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

–خەڵك فێر بکرێت بەرتیل نەدەن.

–بابەتە گەندەڵییەکان بە بەرپرسانو خاوەن پلەکان رابگەیەنن.

– مندالان فێری بەها دروستو ڕاستەقینەکان بکرێن.

*دەرەنجامو پێشنیازەکان

بەگژداچوونەوەی گونجاو و کاریگەرانە دژ بەگەندەڵیی لەهەر ولاتێکدا، پێویستی بەبوونی پێناسێکی وردکارانەی بۆ گەندەڵی هەیە لەناو یاساکان دا و بەشێوەیەکی ڕاستودروستیش بە خەڵكو بەرپرسە حکومییەکان بناسێندرێت. بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی بەدروشم نایەتەدی، ئەم کارە پێویستی بە ئیرادەیەکی گشتی، خواستێکی گشتیو شێلگیربوونی حکومەتو دەوڵـەت هەیە. ئەم بەگژداچوونەوەیە دەبێ بەشێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو، هەماهەنگو بەرنامەبۆدارێژراوانە ئەنجام بدرێت. سەرەتا لە بەشو خاڵە هەستیارەکانەوەو لە بەرپرسانو خاوەن پلە بەرزەکانەوە دەست پێبکات، ئامانجەکەی وشکردنی ڕەگوڕیشەکەی بێت. خاوێنبوونی پرۆسەی

بەرنامەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی لە بەدگومانی، سوودوەرگرتنی نیگەتیڤانە لە موڵکی گشتیو هەرجۆرە ئاڵودەبوونێك، گرنگترین بنەچەی کێشکردنی متمانەی خەڵكو ڕاستگۆبوونیەتی لەم بەگژداچوونەوەیەدا.

لەڕیزی ڕێگاچارە کاریگەرەکانی ئەم بوارەدا، دەکرێ ئاماژە بۆ ئەمانەی خوارەوە بکەین:

* دانانو پراکتیزەکردنی یاسای شەفافو ئازادێتی پرۆسەی زانیارییەکانو ئاسانکاریی بۆ دەست پێڕاگەیشتنیان بەمەبەستی بەهێزکردنی هاووڵاتیان، دابینکردنی ئازادی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ، پاراستنو پشتیوانی لە چاپەمەنیو ڕاگەیاندنە سەربەخۆ و بەهێز و کاراکان، پەرەدان بە چانسەکانی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتو گۆڕینی تێڕوانینی (زانیاری نهێنیو داخراو تەنها بۆ کەسە تایبەتەکان)ەوە بۆ (زانیاریی لەبارەی شێوازی کارکردنی دەزگاکان ئازادە تەنها ئەو زانیارییە تایبەتانە نەبێ کە بۆ مەبەستی تایبەت بەکاردەهێنرێن)، پشتگیری لەو شایەتحاڵو ئاشکراکەرانەش بکرێت کە زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە ڕیسوایییە داراییەکان، بەرتیلخواردنو جۆرەکانی تری گەندەڵیی دەخەنەبەردەست ناوەندە سەربەخۆکانی دژەگەندەڵییەوە.

*جێبەجێکردنی ئەو ماددانەی دەستوور کە پەیوەندیدارن بەگەندەڵییەوە.

*دابینکردنی دارایی حزبەکان لەلایەن دەوڵەتەوەو پابەندبوونیان بە خستنەڕووی ڕاپۆرتی پەیوەندیدار بەشێوازی دابینکردنی دارایی چالاکییە حزبییەکانو کاندیدەکانی هەڵبژاردن، خستنەڕووی داهاتو خەرجی بۆ دەوڵەتو خەڵك.

*هاندانی بەرپرسە باڵاکان، سیاسەتمەدارانو نوێنەران بۆ خستنەڕووی داراییەکانی خۆیانو بڵاوکردنەوەیان لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا.

*سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵییدا سەرکەوتوون، لە ڕێگەی هاریکاریی یەکترو هاوکاریکردن لەگەڵ (ناوەندی ڕێگەگرتن لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان)ی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

لەلایەکەوە چاوەڕوانی ئەوە لە کاربەدەستانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکرێت کە سنووردارکردنی بنەماکانی ئازادی دەربڕین (ئاسایش، سەقامگیریی، مەسەلە



هەواڵنامەی کێڤ

ئەخلاقییەکانو چۆنایەتی کەسەکان) لەبەرچاو بگرن، لە چوارچێوەی یاسادا ئەرکەکانی خۆیان پیادەبکەن. لەلایەکی ترەوە چاوەڕوانی ئەمەش لە یاسادانەران دەکرێت کە سەرەڕای شەفافسازیی ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە گەندەڵییەوە، پشتیوانی یاساییانەی پێویستیش بۆ کاربەدەستانی دەزگاکانی راگەیاندن فەراهەم بکەن.

سنوورەکانی بنەماکانی ئـازادی، دەبێ زۆر شەفاف بن. بۆ نموونە: لە بواری زیانگەیاندن بە چۆنایەتی کەسەکان، ئەندرۆ بیلسی (Andrew Belsey) لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ئەخلاقی رۆژنامەوانی) دەڵێت: ئەو بوارانەی ژیان کە کاریگەریی لەسەر ئەرکە گشتییەکان دانانێت، دەچێتە خانەی ژیانی تایبەتەوە، بەڵام ئاشکراکردنی ریسواییە داراییەکانی سیاسەتمەداران لە دەزگاکانی راگەیاندندا ڕەوایە (مەشروعە)، لەبەرئەوەی پەیوەندیدارە بەهەمووانەوە.

زانیاریگەیاندنی وردو شەفافو لەکاتی خۆیدا، یاریدەیەکی کاریگەرانەی دروستکردنی رۆحی ڕیفۆرمخوازیو جێبەجێکردنی ڕیفۆرمەکانو بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی کەسەکان دەدات بەئاقاری بەگژداچوونەوەی گەندەڵییدا.

سەرچاوە: هفتەنامە جام، شمارە ٢٩٦، سال ١٣٨٦، ص (١٢–٢١).

هەولاتی کتێب

# پێشینەی هزریی ریفۆرمی سیاسی

## چەند ئەندێشەیەك بۆ ریفۆرم: شێوازەكان و ئامانجەكان،
## تۆو و بەرهەم و یاخیبوونی مەدەنی

ئەنتۆنیو کاسادۆ دارۆکا
وەرگێران و ئامادەكردنی: ئاوات ئەحمەد سوڵتان

سۆراو باوەڕی وەهابوو کە دارستانە گەورەکان لە دەنکە تۆوێکەوە بەرهەمهاتوون، مەبەستی لەوە بوو کە کارە گەورەکان لە هەنگاوێکی بچووکەوە دەستپێدەکەن، دەیووت "من زۆر باوەڕم بەوەیە کە لەم هەزارەیەدا کە لەپێشمانەوەیە، ئەگەر حکومەت تۆوی دادپەروەریی دابەش بکات و خەڵکیش دایبچێنن، ئەوە زۆری پێناچێت دادپەروەریی باڵدەکێشێت و فەرمانڕەوایی دەکات."

ئەندێشەی داچاندنی تۆوی دادپەروەریی پێوەستە بە بیرۆکەی (دادپەروەریی بۆ هەمووان)ەوە، ئێستاش کە بەڕاستی گەیشتوینەتە هەزارەی نوێ، دەتوانین بەرهەمی کاری پاڵەوانەکانی سەدەی بیست لە وێنەی مەهاتما گاندی (١٨٦٩–١٩٤٨)، یان مارتن لۆسەر کینگی بچووک (١٩٢٩–١٩٦٨) لە بواری دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا بچنینەوەو بینرخێنین. کاریگەریی سۆراو لەسەر ئەو دوو ریفۆرمخوازە شتێکی حاشاهەڵنەگرەو زۆرجار ئاماژەی بۆ کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکی ئەم کاریگەرییە ئاڵۆزەو دەتوانرێت بەرینبکرێتەوە بۆ ئەوەی چەندین سەرچاوەی دیکەش بگرێتەوە، وەك نووسینەکانی سامویل تایلۆر کۆلیرج (١٧٧٢–١٨٣٤). مەبەست لەم سەرنجە ئەوەیە رۆشناییەك بخەینە سەر ئەو چیرۆکە، ئەویش بە جەختکردنە سەر بابەتێکی تایبەت: مشتومڕی دێرینی ئەوەی ئایا ئامانج پاساوی شێوازە بەکارهێنراوەکان دەداتەوە یان نا.

سەرەتا، با لە دوو نموونە وردببینەوە: وەك هەمووان دەزانن، گاندی توندوتیژی وەك ئامرازێکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی رەتدەکردەوە. پێڕەوی ئەو بریتی بوو لەوەی شێوازەکانو ئامانجەکان بە تۆکمەیی وابەستەی یەکترین.

دەڵێن گاندی وتوویەتی "ئەگەر ئێمە ئاگامان لەو ئامرازو شێوازانە بێت کە بەکاریاندەهێنین، ئەوە ئامانجەکەمان خۆی ئاگای لەخۆی دەبێت". سۆراویش

لەوکاتەوەی دەستی دایە نوسین، ئەویش دیسان جەختیکردووە لەسەر ئەوەی کە ئامانجەکان، ئەنجامەکان، پاساوی هەموو ئامرازێك نادەنەوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە ریفۆرمەوە هەبێت، ئامرازە گونجاوەکان – ئەوەی ئەو پێیاندەڵێت دەسپێکە باشەکان – ئەوەندەی ئامانجە بایەخدارەکان گرنگن. لە ریفۆرم و ریفۆرمکەراندا نوسیویەتی: "من ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم کە پێم بڵێن چاوەڕوانی ئەنجامە باشەکان بە، زۆر درەنگە بۆ دەسپێکردن لە سەرەتا نەمرەکانەوە." رستەی دوایی کرۆکی هەڵوێستەکەی سۆراو بەرامبەر گرفتی شێوازەکانو ئامانجەکان دەشڵەژێنێت. لە لایەکەوە، لە ماوەی ژیانێکدا، بە زەحمەت ئامانجە شایستەکان بەدیدەهێنرێن، بۆیە پاساوی هەموو ئامرازێك نادەنەوە: ژیان زۆر خۆشەویستە. دواجار "پیاو ناتوانێت هەموو شتێك بکات" بۆیە "ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی شتێك بکات کە هەڵە بێت". لە لایەکی تریشەوە، پێویستیمان بەوەیە کە بگەین بە هەندێك دەرەنجام، بۆیە پێویستە بە باشترین ئامرازی بەردەستمان دەستپێبکەین. هەروەها زۆریش درەنگە بۆ ئەوەی هەتا رۆژی قیامەت هەر خەریکی پێشخستنی شێوازەکانمان بین. ئەم رەتکردنەوەیەی – چاوەڕوانکردنی ئامانجی کامڵ یان ئامرازی کامڵ – قابیلی نرخاندنە لەو وتاری ئاراملێبڕانەدا کە مارتن لۆسەر کینگ نووسیویەتی: "دواخستنی دادپەروەریی بۆ ماوەیەکی زۆر، نکولیکردنە لە دادپەروەریی."

کاتێك کەسێك بانگەشە بۆ یاخیبوونی مەدەنییانەی ناتوندوتیژی وەك ئامرازێکی چاکسازییکردن دەکات ئەوە بەشێوەیەکی گشتی مەبەستی لەوەیە کە ئامرازی خراپ ناتوانێت بگات بە ئەنجامی باش: لەوانەیە ئامرازەکە پێوەستبێت بە دەنکە تۆوێکەوە، هەروەها ئامانجەکەش بە درەختێکەوە: "لێرەشدا هەمان پێوەستی خۆلێلانەدراو لەنێوان ئامرازو ئامانجدا هەیە کە لەنێوان تۆو و درەختدا بوونی هەیە."

ئەوەی کەمتر زانراوە ئەوەیە کە گاندی دەیتوانی ئەم بیرۆکەیە لە نووسینەکانی سۆراوەوە لەبارەی جۆن براونەوە بخوازێتەوە. سۆراو دەڵێت کە "بەرهەمەکە وەك

تۆوەکە وەهایە، هەروەها لە جیهانی ئاکاریشدا، کاتێك تۆوی باش دادەچێنین، ئەوە گومان لەوەدا نیە کە بەروبوومی باش دەچنینەوە، ئەوە پشت نابەستێت بە ئاودان و بژارو کێڵانی ئێمەوە."

دیکۆمێنتی باش لەبەردەستدایە لەبارەی ئەوەوە کە گاندی سۆراوی وەك یەکێك لە کاریگەرییە سەرەکییەکانی ژیانی خۆی داناوەو "یاخیبوونی مەدەنی"شی خوێندۆتەوە، ئەنتۆلۆژیاکەی ساڵی ١٨٦٦ "نەناسیێك لە کەنەدا" ی بەسەرکردۆتەوە. لە نەناسیێك لە کەنەدادا، تێکستی "دادخوازی" هەیە. گەرچی زۆرجار ئەم تێکستە پشتگوێخراوە، بەڵام سەرچاوەیەکی خۆلێلانەدراوە بۆ ئەو خوێنرشتنەی لە یاخیبوونی مەدەنی" دا روودەدات. لەوانەیە گاندی "دادخوازی" لە خەیاڵدا بووبێت، کاتێك درکی بەوە کرد کە سۆراو پاڵەوانی سەرەتا تا کۆتایی ناتوندوتیژی نیە.

بێگومان زنجیرەکە لە سۆراودا کۆتایی نایەت، کە ئەو خۆشی لەژێر کاریگەریی جیاجیادا بووە. مایەی سەرسامی نیە کە لە نامەگۆڕینەوەکەی کۆلێرجدا (نامەیەك بەرواری ئابی ١٨٢٠ ی بەسەرەوەیە) ئەمەی خوارەوە هاتووە: "هیچ رێگایەك نیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گونجاو، ئەوە نەبێت لە هەر هەنگاوێکدا بیدۆزینەوە. ئامانج لەناو شێوازەکاندایە: یان لەباریی هەر ئامرازێك رێك بریتییە لە ئامانجەکەی."

ئەمە بەهیچ شێوەیەك جێگای سەرسوڕمان نیە، چونکە مەسەلەی تۆوەکەو بەرهەمەکە زۆر باوەو ناسراوە. بە بۆچوونی رۆبێت دی. ریچاردسۆنی بچووك، ئەوە ئێمرسۆن بوو کە یەکەمجار چیرۆکی تۆو و بەرهەمی لە گروپی ئاینی کواکەرەکانەوە خواستۆتەوە: "گوزارشتەکەی جۆرج فۆکس لەمەڕ ئەوەی خودا وەکو تۆوێك لە هزردا ئامادەیی هەیە. مەبەستی لەو تۆوەیە کە لێوەی جوانی جیهان دەبێت بە گوڵەکەی و چاکەش دەبێت بە بەرهەمەکەی." ئیمیرسۆن لە وتاری "قەرەبوو"دا، نوسیویەتی: "هۆو کاریگەریی، ئامرازو ئامانج، تۆو و بەرهەم، قابیلی لە یەکتریی جیاکردنەوە نین؛

چونكه كاریگەریی لەناو هۆیەكەدا گەشەدەكات، ئامانج لە شێوازەكانەوە دێتە بوون، بەرهەمیش لە تۆووەوە." لە بەرامبەریشدا، رەنگە كواكەرەكان مێتافۆرەكەیان لە چەندەها بڕگەی كۆپییەكەی پادشا جەیمس، لە كتێبی پیرۆزەوە وەرگرتبێت.

گەرچی گاندی بە بڵاوكەرەوەی ئەنالۆگی تۆو/درەخت/ئامراز/ئامانج دادەنرێت، بەڵام لە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەی ئەنگلۆئەمریكیدا وێنەی تۆو و بەرهەم بۆ هەمان مەبەست بەكارهاتووە، كە كۆلێرج و ئێمرسۆن و هەروەها سۆراویش لەخۆدەگرێت. مەبەستی هاوبەشی ئەوان بریتی بوو لە روونكردنەوەی پرسی ئەوەی دەبێت چ جۆرە ئامرازێك بەكاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێك كە رەواو دروست بێت.

هەموو ئەم نووسەرانە جەختیانكردووە لەسەر پەیوەندی بەتینی نێوان شێوازەكان و ئامانجەكان، میتۆد و ئەنجام. زۆربەی ئەدەبیاتی لەمەڕ یاخیبوونی مەدەنی سۆراو بە داهێنەری یاخیبوونی مەدەنی دادەنێت، بە "میتۆدێكی تۆكمەی بەرەنگاریی ئاكاریی" دایدەنێن. لێرەدا جەختكردنەكە لەسەر یاخیبوونی مەدەنییە وەك ئامراز یان میتۆد، بەڵام وشەی ئاكار پێشنیاری یاخیبونێكی پەسەندو ناتوندوتیژانەمان بۆ دەكات، وەك پێچەوانەی یاخیبوونی نائاكارییانەو ناپەسەندو توندوتیژ.

وادیارە ئەمە پشتگوێخستنی ئەرگومێنتەكەی سۆراو لە "دادخوازی"تێدابێت، چونكە "پرسیارەكە لەبارەی چەكەكەوە نیە، بەڵكو بە چ رۆحێكەوە بەكاریدەهێنیت." سۆراو خۆشی لە رەشنوسێكیدا نووسیویێتی كە ئەو تەنها لەبارەی "كردە"كانی براونەوە نەینوسیوە، بەڵكو لەبارەی "كاراكتەر"یشیەوە نوسیوێتی. بەلای سۆراوەوە، براون "پیاوی بیرۆكەو پرەنسیپەكان بووە" كە ویستویەتی دادپەروەریی باڵ بكێشێت "بەهەر نرخێك بێت". بەم مانایە، ئەو لە بنەڕەتدا گرنگی نەداوە بە كردەو چەكەكانی جۆن براون، بەڵكو گرنگی داوە بە ئامانجەكانی.

گەرچی مەبەستی سەرەکی سۆراو لە "دادخوازی"یەکەی بە هیچ جۆرێك لەگەڵ نامەی "یاخیبوونی مەدەنی"دا ناکۆك نیە ، بەڵام یاخیبوونی مەدەنی لە لایەن فەیلەسوفە سەرەکییەکانەوە (لە نموونەی جۆن راوڵز) بە نارەزاییەکی مەدەنییانەی ناتوندوتیژ دادەنرێت، بەڵام هێشتا هەر کردەیەکی سیاسییەو سەرپێچییە لە یاساو بە مەبەستی وەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە یاسا یا سیاسەتەکانی حکومەتدا ئەنجامدەدرێت". بە دڵنیایی کاراکتەری ناتوندوتیژییانەی یاخیبوونی مەدەنی، یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی دایالۆگی ئیختییارییانە لەبارەی مانای دادپەروەریی لە کۆمەڵگادا؛ کە بە دڵنیایی هۆیەکی باشە بۆ پەسەندکردنی یاخیبوونی مەدەنی نەك شێوازەکانی تری ئەنجامدانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە یاخیبوونی مەدەنی خۆی لەخۆیدا باش بێت. پاساودانی هەر کردەیەکی یاخیبوونی مەدەنی بەتەنها بریتی نیە لە چاکیی ئەو ئامرازانەی بەکارهاتوون، چونکە ئەوەی لە بەکارهێنانی ئامرازی دادپەروەرانە دژی نادادپەروەریی بنەرەتیترە، بریتییە لەو پرەنسیپانەی کە پێماندەڵێن چی وادەکات یاسایەك (یان کردەیەکی یاخیبوون) نادادپەروەرانە بێت.

ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی چەندین پرسیاری کراوە جێدەهێڵێت، لەبارەی ئەوەوە کە باشترین پرەنسیپەکان کامانەن، ئێمە بۆ کام ئامانجانە تێدەکۆشین، هەروەها پەیوەندی چیە لەنێوان شێوازەکان و پرەنسیپەکان و ئامانجەکاندا.

نوسینەکانی سۆراو هەموویان لەبارەی ئەمانەوەن. بۆیە هەڵە دەکەین ئەگەر وا بیربکەینەوە کە ئەو چەکی دروستمان دەداتە دەست بۆ بەگژداچوونەوەی نادادپەروەریی و هیچی تر؛ ئەو لەپاڵ ئەمەدا، ئەو رۆحەشمان پێدەدات کە دەبێت ئەم شەرەی پێبکەین: "سادەیی، سەربەخۆیی، شەهامەت، هەروەها متمانە" . ئەو گەرچی زۆر ئاگاداربووە لە پەیوەندی ئۆرگانییانەی نێوان شێوازەکان و ئامانجەکان، بەڵام نووسینەکانی لەمەڕ ریفۆرم، بایەخێکی ئەوتۆ بە شێوازەکان، ئامرازەکان. نەخێر،



هەواڵنامەی کتێب

ئەو نووسینانەو نووسینەکانی تریشی گرنگی دەدەن بە پرەنسیپەکانو ئامانجەکان، بە پرسیارە ئاکارییە راستەقینەکە: پرسیاری ئەوەی ژیانی چاك و دادپەروەرانە چۆنە. بەدیویێکی تردا، جەختێکی زۆر کراوەتە سەر ئەو شێوازانە دەمانگەیەنن بەوە "شێوازی پێشکەوتوومان هەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی کاڵوکرچ". نابێت بیرمان بچێت کە یاخیبوونی مەدەنی، ئامرازێکی رەوایە؛ لەوانیتر باشترە، تۆوێکە کە زیاتر ئەگەری بەرهەمی باشی لێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت وریابین کە نەبین بە "ئامرازی ئامرازەکانمان".

لە راستیدا ئەوە خاسییەتی داناییە، یەکەمین هەنگاو بەرەو دانایی ئەوەیە کە بە شێوازی گونجاوی خۆیان شتەکان بەدەستبهێنین. پێناسە زۆرە بۆ یاخیبوونی مەدەنی؛ کە هەندێکیان لەگەڵ ئەوەی سۆراودا ناکۆکن، هەربۆیە من پێناسەیەکی فراوان هەڵدەگرمەوە: بەلای منەوە یاخیبوونی مەدەنی کردەیەکی جەماوەرییانەی نایاساییە کە بەشێوەیەکی مەدەنییانە ئەنجامدەدەرێت.

بەڵام مەدەنیبوون مانای چیە؟ فەرهەنگی ئۆکسفۆرد ژمارەیەکی باش مانای ریزکردووە بۆ لێکدانەوەی مانای وشەکە. بە گریمانەی ئەوەی کە سۆراو دەستەواژەی "یاخیبونی مەدەنی" داهێناوە، ماقوڵترین شت بۆ زانینی مانای "مەدەنی" ئەوەیە بڕوانینە نووسینەکانی سۆراو تا ببینین لە سیاقەکانی دیدا وشەی مەدەنی چۆن بەکاردەهێنێت. من ئەوەم کرد، دەرەنجامیشم ئەوەیە بە زۆری وشەکە بە مانای "شارستان" بەکاردەهێنێت، کە زۆر دژی وشەی "کێوی"یە. بۆیە واڵتەر هاردین چاکی پێکاوە کە لەساڵی ١٩٦٩ دا وانەیەکی بە ناونیشانی (یاخیبوونی شارستانییانە) پێشکەشکرد.

من ئەوەشی بۆ زیاددەکەم کە لە هەر کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا، ئەرکێکی راشکاوانە هەیە بۆ گوێڕایەڵبوونی یاسا. مەبەستم لەمە ئەوەی کە یاسا خۆی وەك



هەواڵنامەی کتێب

شتێك نمایشدەكات كە دەبێت لەبەرئەوەی یاسایە، گوێڕایەڵی بین.

بێگومان مەبەستم لەوە نیە كە هەمیشە هەر دەبێت وابێت. دەشێت هەندێك بایەخدانی دی، ئەركەكە بكەن بە ژێـرەوە. بەڵام كاتێك بۆ یەكەمجار رووبـەڕووی یاسا دەبینەوە، ئەركی گوێڕایەڵبوون، روون و ئاشكرایە. یاخیبوونی مەدەنی ئەمە دەشكێنێت. هەربۆیەشە هـەردەم یاخیبوونی مەدەنی پێویستی بە پاساودانە. هەمیشەش قورسایی بەهانەهێنانەوە لە ئەستۆی لایەنی یاخیبوودایە.

مەبەستم لەوەیە كە پاساودانی یاخیبوونی مەدەنی پرۆسەیەكی سێسەرەی دیالۆگی جەماوەرییە كە پرەنسیپەكان، شێوازەكان، هەروەها ئامانجەكان دەگرێتەوە. پرەنسیپەكان روونیدەكەنەوە كە بۆچی بەشێوەیەكی مەدەنی لە یاسایەك یاخیبووین. شێوازەكان رونیدەكەنەوە چۆن مەدەنییانە لە یاساكە یاخیببین. ئامانجەكانیش روونیدەكەنەوە كە یاخیبوونە مەدەنییەكە بۆ چ یاسایەكە.

سۆراو بۆ ئیچ جی ئۆ بلەیكی هاوەڵی دەنووسێت "جییان لەسەر پرەنسیپەكان دامــەزراوە". پرەنسیپەكان لە سروشتی سۆسیۆبایۆلۆژیمانەوە سەرهەڵدەدەن و جیهانەكەمان پێكدەهێنن. پرەنسیپەكانیش شێوازەكان دەهێنن، شێوازەكانیش ئامانجەكان لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

ئەو دیالەكتیكەی ئەم سێ رەگەزە پێكەوە گرێدەدات، ئەوەیە كە شتێكی نادانایانەیە یەكێك لەوانە سەربەخۆ لەوانیتر هەڵبسەنگێنین. ناتوانین بێ گوێدانە ئامانجەكان و پرەنسیپەكان، شێوازەكان هەڵبسەنگێنین ("پرسیارەكە لەبارەی چەكەوە نیە"). ناتوانین پرەنسیپەكان هەڵبسەنگێنین بێ ئـەوەی حیساب بۆ شێوازەكان و ئامانجەكان بكەین ("دەبێت لەبەر بەرهەمەكەی بیانزانیت"). ناتوانین ئامانجەكان هەڵبسەنگێنین، بێ ئەوەی پرەنسیپەكان و شێوازەكان لەپێشچاوبگرین ("من زۆر پەرۆشی سەرەتا چاكەكانم")

دواجار، پرەنسیپەكان، شێوازەكان، هەروەها ئامانجەكان، وەك نەریت پێكەوە گرێدراون. نەریتەكان پەرەدەسێنن، چونكە وردەوردە بۆمان دەردەكەوێت كە هەندێك پرەنسیپ باشترن بۆ كردەكردن لە هەندێكی تریان؛ هەندێك لە شێوازەكانی كاركردن لەوانیتر كاراترن؛ هەندێك لە ئامانجەكان لەوانیتر شایستەترن. كە دەڵێین پرەنسیپەكان، شێوازەكان، ئامانجەكان بە جیا هەڵناسەنگێندرێن، مانای ئەوە نیە كە بەهیچ جۆرێك هەڵناسەنگێندرێن. دەبێت دان بە فرەییشدا بنێین (چونكە نەریتی جۆراوجۆرو جیاواز هەن) كە پێویست ناكات ئەوەندە لەگەڵیاندا رێژەیی بین، چونكە نەریتەكان دەگەشێنەوەو دەپوكێنەوە.

سەرچاوە:

http://www.vcu.edu/engweb/transcendentalism/roots/legacy/imagesforreform.html

هەواڵنامەی كتێب

# دیـــــدار

- مێزگردی سەروەریی و پاراستنی یاسا.
- دیدارێك لەگەڵ د.یوسف سەلامە  دەربارەی جیهانگیریی ..

# مێزگردی سەروەریی و پاراستنی یاسا

گفتوگۆی گۆڤاری نوێبوون لەگەڵ (دەستەی پارێزەرانی داکۆکی لە سەروەریی یاسا) بە ئامادەبوونی بەڕێزان (ئـاوات عومەر قادر ) سەرپەشتیاری دەستە، (لاوەند فەرەیدون ئەحمەد) بڕیاردەری دەستەو (شاباز مەجید ئەحمەد ) ئەندامی دەستەکە.

سازدانی / ئەکرەمی میهرداد

گفتوگۆکەی ئێمە سەبارەت بە پڕەنسیپی دەوڵـەتـی یاسایە، لە پـڕۆژە هاوبەشەکەی یەکێتی و پارتی بەناوی نوێبوونەوەو ئایندەسازیی، تەوەری یەکەمی پڕۆژەکە پڕەنسیپی سەروەری یاسایە، کە بەمشێوەیە دەست پێدەکات: پابەند بوون بە پڕەنسیپی سەروەریی یاسا لەسەر بنەمای حکومڕانی دروست و شەفاف، ڕێزگرتنە لەسەرجەم بەها مرۆیی و دامەزراوە دیموکراتییەکانی سیستمی سیاسیی دەوڵەت و بنچینەی جێبەجێکردنی سەرجەم دەسەڵاتەکانە، لەپێناوی چەسپاندنی دیموکراسی، دەستەبەرکردنی دادی کۆمەڵایەتی، پیادەکردنی ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵ بەگشتی.

## تەوەرەی یەکەم

**پرسیار :** ئەم پێشەکییەی لە پڕۆژەکەدا بۆ سەروەریی یاسا هەیە کە لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە هەموو لایەنەکانی سەروەریی یاسا، یاخود هەموو لایەنەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی بەیاسای تێدایە، لە هەرێمی کوردستاندا ئەم چەند دێڕەی لەسەرەوە باسکراوە لەسەر پڕەنسیپی سەروەریی یاسا لە واقیعدا چۆنە.؟

**ئاوات عومەر :** بۆئەوەی ئێمە گفتوگۆکەمان قوڵتر بکەینەوە، با کەمێك لەڕووی فیکرییەوە باس لەسەروەریی یاسا بکەین دواتر بێینە سەر واقیع، زانایانی یاسا هاوڕانین لەسەر یەك پڕەنسیپی سەروەریی یاسا، هەروەها لەسەر پێناسەکردنی یاساش هاوڕانین، بەڵکو ڕای جیاوازیان هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی یاساناسەکان و زانایانی بواری یاسا دابەشبوون بەسەر سێ بۆچوونی سەرەکی، بۆچوونێکیان پێی وایە یاسا بریتییە لەئیرادەی سوڵتان، واتە: دەسەڵاتدار یان بریتییە لەو ئیرادەیەی کە سوڵتان دەریدەکات، ئەمانە پێیانوایە



هەولێرنامەی کتێب

هەموو یاسایەك لە سوڵتانەوە دەردەچێت و پێویستە هەموو کەس ملکەچی ئیرادەی سوڵتان بێت، یاساکە هەرچییەك بێت.

بۆچوونێکیتر پێیوایە، یاسا لەسەروو کۆمەڵگەو دەسەڵاتەوەیە، بەڵکو یاسا لە سروشتە، واتە: یاسا بریتییە لەوەی کە چۆن عەدالەت پەی پێبەرە لەرێگەی عەقڵێکی سەلیمەوە.کەواتە یاسا دەسەڵاتدار داینانێت، بەڵکو مرۆڤەکان لەرێگەی عەقڵەوە پەی پێ دەبەن، یاسا خۆی هەیە لەسەروو کۆمەڵگەو مرۆڤەکانیشەوە.

بۆچونی سێیەمیش پێیوایە، کە یاسا بریتیە لەپێداویستیی مـرۆڤ، کە پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە، کەواتە: سەرچاوەی یاسا کۆمەڵگەیەو کۆمەڵگە بەرهەمهێنەری یاسایە بۆ ئەو پێداویستیانەی کەهەیەتی یاسا لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر، یان لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت. ئەم سێ بۆچوونە رەهەندی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان لەپشتەوەیە، بەڵام دواجار هەرسێ بۆ چوونەکە لەخاڵێکدا یەکدەگرنەوە ئەویش یاسایە بەعەقڵ درکی پێ بکەیت پێویستت بە مەعریفەو بە ئیرادە هەیە.

ئەگەر لەرووی مێژوویەوە سەیر بکەین یاسا دەسەڵاتی سوڵتانەکان بووە، ئەگەر تەجروبەی ئەسینای لێدەر بکەین واتە پێش مێژووی هاوچەرخ، دەسەڵاتی یاسا زیاتر سوڵتان دایناوە.

بۆچوونی دووەم ئەگەر پێیوابێت یاسا بەعەقڵ دەیدۆزینەوە، ئەویش هەر پێویستمان بەکەسێك دەبێت بیدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤەکان ناتوانن یاسا بدۆزنەوە، لەوانەیە هەر نوخبەیەك یان چەند کەسانێك یاسا بدۆزنەوە، کەواتە: لێرەدا لەگەڵ بۆچوونی یەکەمدا یەکدەگرێتەوە کە ئایا ئەوانە سیاسەتمەدارەکانن، یان زانایانی مەعریفەن، یان کۆمەڵایەتییەکانیش بەهەمانشێوە.؟

لە فیکری سیاسیی هاوچەرخ و دوای ئەوەی کە رێنسانسی ئەوروپی هاتە کایەوە، زیاتر بۆچوونی یاسا کە لەسەروو هەموو کەسێکەوە پیادەکرا لە واقیعدا، بەڵام جارێکیتر ئێمە گەڕاینەوە بۆ ئەوەی کە یاسا لەسەروو خەڵکەوەیە، بەڵام چۆن بیدۆزینەوە.؟ پێویستە هەموو مرۆڤەکان بەشداری بکەن، واتە گەل بەشداری بکات،

لەمەوە پرەنسیپی ئەوە درستبوو کە دەسەڵات بۆ گەلە، لەمەوە پەرلەمان دروست بوو کە لەجیاتی گەل بڕیاربداو یاسا دەربکات بەناوی گەلەوە.

ئێستا گەیشتووینەتە ئەوەی کە یاسا سەرچاوەکەی لە گەلەوەیە، گەلیش هەموو ناتوانێت یاسا دابنێت، ئێمە هەموومان ناتوانین هەموو گەل کۆبکەینەوە بڵێین با یاسایەك دابنێین یەك بەیەك رایان وەربگرین، چونکە کۆمەڵگە دابەشبووە بەسەر تایبەتمەندی و بۆچوونی جیاوازو بەرژەوەندی جیاواز، پێویستمان بە فکرەی (وکالە، نیابە) هەیە، پەرلەمانێك دروست دەبێت وەکیلی گەلە بەپێی بەرژەوەندی ئەو گەلە یاسا دەردەکات بۆ کۆمەڵگە، سەروەری یاسا پێناسە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە ئەو یاسایە دەردەچێت بۆ هەموو کەسە، لەسەرۆکی وڵاتەوە تاوەکو دواهەمین کەس، واتە سەروەری یاسا یەکێك لەخەسڵەتەکاتی ئەوەیە کە گشتگیرەو گشتییەو بۆ هەموو کەسێکە، ئەمەیە مەفهومی پرەنسیپی یاسا، ئەمە باگراوندێکی فیکری یاسا بوو بەکورتی.

ئێمە گەلێکی داگیرکراوین، دووجار داگیرکراوین، جارێکیان لەژێر دەستی داگیرکەران بووین و هاتوینەتەوە دەرەوە، بەڵام جارێکیتر ئێمە لەلایەن گەلێکی ترلەعیراقدا کە گەلی عەرەبە داگیرکراوینەتەوە، واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئێمە جیاوازەو هەمووشتێکمان لەم وڵاتەدا تایبەتمەندێتی خۆی هەیە ، دروستبوونی حزب لای ئێمە بەشێوەیەکی تایبەت دروستبووە، چونکە ئێمە بزووتنەوەی رزگاری خوازییە نیشتیمانییەکەمان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەبەرئەوەی لەدوای ساڵی ١٩٩١ دەرفەتی ئەوە دروستبوو کە گەلی ئێمە حکومڕانی خۆی بکات و خۆی بەڕێوەبەرێت، ئەوکاتە دوو رێگا هەبوو بۆ گەلی ئێمە، یان رێگای ئەوەی ئەوکات کە بەرەی کوردستانی هات لەرێگەی شەرعییەتی شۆڕگێڕییەوە هەڵسن بەبەڕێوەبردنی وڵات و حکومەت بەڕێوەبەرن لەبەرامبەر ئەو شەرعییەتەی کەهەیانبووە لەرێگەی رابەرایەتیکردن لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی خەڵکی کوردستان یاخود

ڕێگەیەکیتر ئەوەبوو جارێکیتر بگەڕێنەوە بۆ گەل و پەرلەمانێك پێکبهێنرێت نوێنەرایەتی گەل بکات و یاسا دابنێت، ئەوەبوو ڕێگای دووەم هەڵبژێردرا ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمان دامەزرێندارو هەڵبژاردن کرا، بەڵام ئیشکالی سیاسیی لە دروست بوونی ئەم سیستمەی ئێمەدا ئەوەبوو بۆئەوەی یاسا سەروەربێت پێویستە دەستوور هەبێت، چونکە ئەگەر دەستوور هەبوو لە دەستووردا شێوەی حکومڕانییەکەو دەسەڵاتی دەسەڵاتدارییەکەو حکومڕانییەکە دیاریدەکرێت، ئێمە کێشەکەمان ئەوەبوو ساڵی ١٩٩٢ پێش ئەوەی دەستوور دابنێین پەرلەمانمان دانا، چونکە بەپێی مەبدەئی یاسایی، یاسا سەرچاوەکەی لەدەستوورەوە وەردەگرێت، مەرج نییە دەستوورەکە نووسرابێت، ئێمە ئەو تەجروبەیەمان نەبوو و دەستوورێکی کۆنیشمان نەبوو، تەنها کۆمەڵێك ئەفکارمان هەبوو، بۆئەوەی دەوڵەتی یاسا پێکبهێنیت دەبێت کۆمەڵێك میکانیزم دابنێی کە ئەم یاسایە ستەم بەرپانەکات، لەوڵاتی ئێمە تووشی ئەم کێشەیە بووین لەساڵی ١٩٩٢دا، ئێمە کێشەیەکمان هەیە یاسامان دەرکردووە، یاسا هەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی لەکوردستاندا دەستوور نەبوو ئەمە کێشەیەك بوو.

کێشەیەکی تریشمان لەوڵاتەکەماندا کە شەڕی ناوخۆ دروستبوو، وایکرد واقیعێکی نەخوازراو سەپا، واتە: دوو ئیدارەیی دروستبوو، کۆمەڵێك یاسای تایبەت لەهەردوو ئیدارەکەوە دەرچوو بۆیە کێشەی تێکەوت، پێموابێت ئێستاش ئەو ئیشکالیالەتە چارەسەرنەبووەو هێشتا دەستوورمان نییە.ئێمە ئەگەر بمانەوێت سەروەریی یاسا بچەسپێنین دەبێت دەستوور دابنێین لەم وڵاتەدا.

**پرسیار :** یەکێك لەبنەماکانی دەوڵەتی یاسا هەم دەوڵاتـی یاسایە هەم دەوڵەتی حقوقە، لەگەڵ بنەمای دەوڵەتی یاسادا بنەمایەکی تر هەیە کەپێی دەوترێت دەوڵەتی مافەکان، ڕاستە ئێمە لە کوردستاندا دەستوورێکی نووسراومان نییە، بەڵام ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیمان هەیە هەم لەلایەن دەسەڵاتەکەوە، هەم لەلایەن حزبەکانو کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، کەئێمە لە کوردستاندا پرەنسیپی گشتی مافەکانی مرۆڤ بپارێزین، ئەمە لەسەرجەم کایەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەیە، دەکرێت بڵێین

پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە لەدەوری پاراستنی مافەکان، ئایا بەپێی یاسا پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەکوردستاندا چۆنە.؟ ئەگەر مافەکان پارێزراوە، بەپێی یاسا چۆن بووە.؟ یان دەقێکی یاسایمان هەیەو جێبەجێ نەکراوە هۆکارەکەی چی بووە؟

**شابازمەجید :** بەو پێیەی ئێمە پەیوەستین بەجاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤەوە ، مافی مرۆڤ لەیاساکانی ئێمەدا بە هەموو شێوەیەك ئاماژی پێدراوە، بۆنموونە یەکێك لەو یاسایانەش ئەوەیە تاوانبار بێتاوانە لەیاسای سزاداندا تا تاوانەکەی ئیسپات دەبێت، ئەمە یەکێکە لەماددە یاساییەکان کە هەیە هەروەها ماددەی یاسایی تری زۆر هەن لەو بارەیەوە.

**پرسیار :** ئەو ماددە یاساییانەی کەئێستا لە کوردستاندا هەیە هەموویان ڕەچاوی بنەمای مافەکانی مرۆڤیان کردووە.؟

**شابازمەجید:** ئەو ماددە یاساییانە تاڕادەیەکی زۆرو لەزۆربەی یاساکاندا پەیوەستە بە مافی مرۆڤەوە ئەوا پارێزگاری لێکراوە، تەنها کۆمەڵێك یاسای تایبەتی نەبێت، بۆ نموونە: یاسای (ئەحوال شەحسی) عیراقی لەسەردەمێکی کۆندا دەرچووە پابەندی تەواوی بەئاینی ئیسلامەوە هەیە، ئەمەش ڕەنگە زۆر کەس بیروبۆچوونی جیاوازی هەبێت کە بڵێت ئەمە لەگەڵ شەریعەتدا ناگونجێت، بۆنموونە کاتی خۆی لەیاسای ئەحوال شەخسی عیراقیدا پیاو بۆی هەبوو لە ژن بدات و جۆری لێدانی ژنەکە (تەئدیبی) بوو، وشەی (تەئدیب) واهاتبوو کە زللەیەکی لێبدات بە هێواشی وەك ئەوەی خەفەتێکی بداتێ، یاسا ڕێگەی بەمە دابوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەم کارە لەگەڵ مافی مرۆڤدا ناگونجێت، چونکە پیاو بۆی نییە تەئدیبی خێزانەکەی بکات، لەبەرئەوەی لەیەك ئاستدان.

وەك یاسا موجەڕەدەکان بەپێی یاسای سزادانی عیراقی و بەپێی یاساکانی تر لای

ئێمە مافی مرۆڤ پارێزراوە، بۆ نموونە هیچ تاوانبارێك نابێت زیندانی بكرێت به فەرمانی دادوەر نەبێت، یان هیچ كەسێك بۆی نییەماڵێك بپشكنێت تا فەرمانی دادوەری پێ نەبێت، یاخود كەس بۆی نییە ئازادی تاكە كەس تێكبدات.

**پرسیار :** ئەم یاسایانەی باستكردن دانراوی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، یاخود هی حكومەتەكانی پێشووی عیراق.؟

**شابازمەجید :** زۆربەی یاساكانی ئێمە تائێستا هیچ گۆڕانكارییەكی تێدا نەكراوە، هەر یاسا كۆنەكانی حكومەتی عیراقییە، ئەگەر بێینە سەر واقیعی یاساكەش ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ٢٠١١ لە خودی جیهانیشدا بارودۆخەكە جیاوازی هەیە، ئەو یاسایەی لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە بەپێی بارودۆخ و ئیشوكاری تایبەتی ئەوكاتە دانراوە، بۆنموونە: یاسای پۆلیسی هاتووچۆ كە ساڵی ٢٠٠٥ بەیاسای تایبەتی هات لەبەرئەوەی ئەو كێشەیەی ئێستا لەسەر پۆلیسی هاتوچۆ هەیە ساڵەكانی پێشووتر بەوجۆرە نەبوو، توانرا یاسای تایبەتی بۆ كۆمەڵێك شتی تریش دەربكەن، بەڵام یاسا بنەڕەتییەكان هەر یاسا كۆنەكانن.

بەبڕوای من پێداچوونەوەی یاساكان یەكێكە لە كارە گرنگەكانی ئەمڕۆی ئێمە، بەپێی ئەو بنەما دەستوورییەی كە هەیەو دەستوور دابنرێت، دوای ئەوە دەست بكرێت بەپێداچوونەوەی یاساكان، چونكە یاساكان مێژووی دانانیان كۆنە، بەڵام وەك شێوەیەكی گشتی یاساكان پەیڕەوی مافی مرۆڤیانكردووە لەزۆر بواردا.

یاسا جێبەجێكردنەكەی دەكەوێتە سەر ئەو كەسانەی كە جێبەجێی دەكەن، دەكەوێتە سەردەزگای دادوەریی و جیهەی تەنفیزی، بەداخەوە ئێستا ئێمە داوای سەروەریی یاسا دەكەین و لەزۆر بواردا موناقەشەی دەكەین، ڕاستە یاساكانمان كۆنن، بەڵای كێشەی ئێمە ئەمڕۆ لە جێبەجێكردنی یاسایە، جێبەجێكردنی یاسا

وەك خۆی نییەو وەك خۆی جێبەجێ ناكرێت، واتە دەمێنێتەوە سەر ئەو كەسانەی كە بۆچی یاسا بەوجۆرە جێبەجێ دەكەن.؟ دەسەڵات خراپ یاسا جێبەجێ ناكات، بەڵكو خەڵكانێك لەناو دەسەڵات كە هەڵدەستن بەجێبەجێكردنی ئەو یاسایە بەخراپ جێبەجێی دەكەن.

**پرسیار :** پیادەنەكردنی سەروەریی یاساو مافەكانی مرۆڤ لەلایەن دامودەزگا فەرمییەكانەوە هەیە.؟

**شابازمەجید :** ئەگەر بێینە سەر واقیع هەیە، بۆنموونە من لە گۆڤاری پارێزەراندا كۆمەڵێك پێشێلكاریم خوێندەوە كە ناوی نزیكەی ٩٠ تاوانباری نووسی بوو كە حاكمی لێكۆڵینەوە بە فەرمانی خۆی گرتوویەتی لە ٣ساڵ و ٧ مانگەوە تێدابوو تا نزیكەی دووساڵ لە مەرحەلەی لێكۆڵینەوەدا، تا ئێستا ئیحالەی مەحكەمە نەكراون، كە قۆناغی لێكۆڵینەوە قۆناغێكە نابێت لە ٦ مانگ تێپەڕبكات.

**پرسیار :** ئەمە لەبەر هۆكاری سیاسیی بووە یان لەبەر هۆكاری تر.؟

**شاباز:** كەسیان نەیانتوانیوە دیاری بكەن تەنها ماددەكان دیاریكراوە.

ئەمە یەكێك لەپێشێلكارییەكان، ئینجا ئاماژە بەوەدرابوو كە ١٠٢ فەرمانی دەستگیركردن هەیە هێشتا جێبەجێ نەكراوە هێشتا هەر لەمەركەزدایە ، فەرمانی دەستگیركردن تائێستا لە زۆربەی فەرمانگەكان كۆمەڵێك مەفهوم هەیە لەمێشكیان ئەندامانی خۆیان بەنووسراوی فەرمی كە ئاگادار دەكرێنەوە یاسا پارستوونی بۆنموونە یاسا ئەندامانی فەرمانگەی ئاسایش و پۆلیس حەسانەی داونەتێ دەڵێت ئەمانە ئەگەر لەتاوانی بینراودا نەتبینین هیچ كەسێك بۆی نییە بیانگرێت، دادوەریش كە فەرمانی گرتنی بۆ دەردەكات دەبێت پرس بە مەرجەعەكەی بكات، بەڵام لەلایەنەكەی ترەوە كە یاساكە هەیە بۆ پاراستنی ئەوان، بەڵام ئەوان كە موفاتەحە دەكەن و دادوەر موفاتەحە

دەکات فەرمانی دەستگیرکردنەکەی دەنێرێت بۆ فەرمانگەکان، ئەو نانێرێت تەسلیمی ناکات ئایا بە چ مەفهومێکە بە چ شێوەیەکە، بەهەرشێوەیەکە مادام دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی کەسێکی داوە دەبێت فەمانگەیەکی فەرمی یارمەتیدەربێت.

لایەنی یەکەم هەیە کە داگایە کۆمەڵێك کەس هەیە گرتوویەتی و هێناویەتی بە بەڵگەی فەرمی ناوەکانیان بڵاودەکەینەوە، دووەمیان فەرمانگە تەنفیزییەکانن کە هەڵناستن بە سادەترین کار کە دەستگیرکردنەو ئیشی ئەوانە، هەڵناستن بەجێبەجێکردنی ئەو فەرمانە.

**پرسیار :** ئەو دامودەزگا فەرمیانە، یان ئەو دامودەزگا سیاسیانە، یان دامودەزگا ئیدارییەکان، کە ئەم پڕەنسیپەی سەروەریی یاساو مافەکانی مرۆڤ جێ بەجێ ناکەن یان پێشێلی دەکەن، یاسا ناسان چ ڕێگەیەك دەگرنە بەر، یان هاووڵاتیان یان کەسانی سەربە میدیا چ ڕێگەیەك بگرنەبەر بۆ بەرگریکردن لەم پڕەنسیپە، ئایا لە کوردستاندا میکانیزمێك هەیە ئەگەر یەکێك لە دەزگا فەرمییەکان ئەم دوو پڕەنسیپەیان پێشێلکرد یان دژی ئەم پڕەنسیپانە کاریانکرد چ ڕێگەیەك هەیە.؟

**شابازمەجید :** کێشەی سەرەکی ئەوەیە من خۆم لەگەڵ دادوەردا قسە دەکەم دەڵێم بەڕێز دادوەر فلان کەس فەرمانی دەستگیرکردنی هەیەو لە فلان فەرمانگەی عەسکەری دەوام دەکات، بەڵام هیچ کەسێك بۆی نییە ئەو کەسە لەناو ئەو فەرمانگەیە دەستگیربکات، جێبەجێکردنی فەرمانی دەستگیرکردن لەسەر حاکم نییە.

**لاوەند فەرەیدوون :** ئێمە جیهازێکمان هەیە کە جیهازی داواکاری گشتی پێدەوترێت، ڕەقابەیەکی یاساییە بەسەر هەموو مەوزوعەکانەوە، یاساکەی هەیەو یاساکەشی کارپێکراوە، بەڵام ئایا بۆخۆی وەکو جیهازەکە کە تەفعیل نییە ئەگەڕێتەوە بۆخۆی، بۆ نموونە: ئەو دژانەی لەڕووی یاساوە بەرامبەر یاسا دەوستێت

و پێچەوانەی یاسا رەفتار دەکرێت، لێرەدا ئیدیعای عام دەبێت دەورێکی سەرەکی هەبێت لە گێرانی رۆڵی خۆیدا.

**پرسیار :** بەومانایەی ئێمە میکانیزمە ئەساسییەکەیمان نییە.؟

**لاوەند فەرەیدوون :** هەمانە دامەزراوەکەشمان هەیە یاساکەشیمان هەیە، یاسایەکی جوانی هەیە، کە دەتوانێت ئیشی خۆی بکات، بەڵام جیهازەکە خۆی تەفعیل نییە، رەنگە ئەوانیش بەڵگەیان هەبێت.

**پرسیار :** ئەم لایەنە لایەنی ئەساسییە بۆئەوەی کە سەروەریی یاساو پرەنسیپ و پیادەکردنی یاسا جێبەجێ بکرێت ئەمەمان هەیەو یاساکەشیمان هەیە.؟

**لاوەند فەرەیدوون :** ئەمە هەیە، بەڵام ئەمە ئیشکالێکی هەیە، سەر بە وەزیری دادە، سەر بە مەجلیسی قەزاییە، وەزیری دادیش پیاوێکە سیاسییە، لەبەرئەوە ئەم دەزگایە بڕواناکەم بتوانێت لە ١٠٠٪ بە میهەنی ئیش بکات.

**پرسیار :** بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تردا چۆنە.؟

**لاوەند فەرەیدوون :** یەك شتە ... راستە ئەوەی کە باسکرا سیادییە، مەسەلەی موئەسەساتی عەدلی کە سەر بە وەزارەتی دادە، بەڵام لێرەدا کەباسی داواکاریی گشتی دەکەین خۆی لەیاساکەدا رێگەی پێداوە.

**پرسیار :** واتە بەشێکەی لە دامودەزگای تەنفیزی، بەشێك نییە لە دامودەزگای قەزایی یەکێك لە کێشەکانیش لەدونیادا زۆرجار دامودەزگای تەنفیزی پێشێلکاریی مەبادیئە یاساییەکان دەکات.؟

**لاوەند فەرەیدوون :** حەزدەکەم ئاماژە بەشتێك بدەم، مەسەلەی تەسلیم نەکردنی تۆمەتبار لەلایەن ئەو لایەنە سەربازیانەوە، تاوانە.

داڵدەدانی تاوان ماددەی ٢٧٩ یە کە دەڵێت: هەرکەسێك سەرۆکی حزب بێت، هاووڵاتییەکی ئاسایی بێت، وەزیرێك بێت، فەرمانی گرتنی لەدادگاوە دەرچووبێت، لای خۆی داڵدەی بدات یان یارمەتی پێشکەش بکات، ئەوا خودی ئەوکارە تاوانە.

بۆ نموونە تاوانبارێکمان هەیە ئەمری گرتنی هەیە لە دادگاوە لەلای حزبێکی دیاریکراوەو ئاشکرایە، سەرۆکی ئەو حزبە ئەگەر داڵدەی بدات دەتوانی هەر لەسەر ئەو داڵدەدانە کە ئەوە جینایەتە دەتوانی ٦-٧ساڵ حکوم بدرێت، چونکە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە کەس داڵدە بدات.

**ئاوات عومەر :** بەڵام دەبێت پرس بەو لایەنە بکرێت.پرسەکە بۆئەوەیە ئەگەر ئەو تاوانە هی سەربازیی بێت، ئەوا یاسایەکی تایبەتی سەربازیان هەیە دەبێت ئەو کەسە رادەستی ئەو دادگا سەربازییەی ئەوان بکرێت، ئەمە تەنها لەوڵاتی ئێمەدا هەیە لەوڵاتانی دونیاو ئەورووپا ئەمە نییە، بڕواتەوە هەر کەسێك دادگا بانگی کرد ئەگەر سەرۆك وەزیرانیش بێت دەبێت ئامادەی بەردەم دادگا بێت، ئەم یاسایە هی سەردەمی حکومەتی کۆنە.

**پرسیار :** واتە بەشێك نییە لە پڕەنسیپی دەوڵەتی یاسا.؟

**ئاوات عومەر :** نەخێر، ئەم یاسایە لە بەغدا گۆڕیویاتە و ئەو تەعدیلەیان کردووە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا، ئەو برگەیان لابردووە.

لای ئێمەش پڕۆژەیەك هەیە کە تەعدیل بکرێت، ئێمە هەنگاوی زۆرمان ناوە بۆ نموونە دەسەڵاتی دادوەری لەوڵاتی ئێمە جاران سەربە وەزارەتـی داد بوو تا ساڵی ٢٠٠٧، بەڵام دوای ئەوە یاسای ژمارە ٢٣ دەرچوو ئێستا مەجلیسی قەزاییان

جیاکردۆتەوە، ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورەبوو، راستە ئێمە کۆمەڵێك یاسامان هەیە، یاسا هەیە لەڕووی نەزەرییەوە شتی باشیان تێدایە.

کێشەکە ئەوەیە چونکە ئێمە تووشی شەڕی ناوخۆبووین کێشەی یاساییمان زۆر هەبووە، لە واقیعدا سوپا دابەشبووەو سوپایەکی نیشتمانیمان نەبووە، ئەوە کێشەکە بووە، کێشەیەکی تری ئێمە ئەوەیە حزبەکانی ئێمە هێزیان هەیە، حزب لەڕووی یاساوە کەسێکی ئاساییە کەسێکی گشتیی نییە، واتە: وەکو کەسێکی ئاسایی وایە، ماڵەکەی ماڵێکی تایبەتە کەسایەتییەکەی کەسایەتییەکی ئاسایی تایبەتە، راستە لە دواجاردا هەر حزب حکومەت پێك دەهێنێت، بەڵام کە ئەم حزبە هاتە سەر حوکم ئەوکاتە بەناوی حکومەتەوە دەسەڵاتی هەیە، ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتی یاسا دابنێین نابێت حزب هێزی چەکداری هەبێت.

**ئاوات عومەر :** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی حزب ، حزب بە سروشتی چۆن لەدایك بووە.؟ لەئەوروپا لەناو پەرلەماندا کۆمەڵێك خەڵك مەسالح و رەفتاریان یەك بووەو حزبێکیان دروست کردووە، لای ئێمە بەپێچەوانەوەیە لەدەرەوەی پەرلەمان و لەشاخ حزبیان دروستکردووە ئەمەش کاتی دەوێت کە ئەم حزبانە وا لێبکەیت بێنەوە باری سروشتی خۆیان کە لەباری سروشتیدا ئەم حزبانە پێویستە دەسەڵاتیان نەبێت وەك حزب، بەڵکو ئەم حزبانە تەنها دەبێت پرۆسەی سیاسی بەرێوە ببەن، هەرکاتێك هاتنە سەر حکوم ئەوکاتە لەحکومەت دەسەڵاتدارن، ئەگەر ئەوبیرۆکەیەکی هەیە لەپەرلەمان بۆنموونە ئەندامی حزبێك دەیەوێت یاسایەك دەربکەیت یان یاسایەك تەعدیل بکەیت ناتوانیت یەکسەر تەعدیلی بکەیت دەبێت لەرێگەی پەرلەمانەوە، ئەگەر نوێنەرت هەیە لەپەرلەمان لەرێگەی نوێنەرەکانی خۆتەوە بیرۆکەکە بکەیت بەیاسا، ئەو بیرۆکەی کە هەتە، حزب سەرچاوەی فیکرە، حزب سەرچاوەی دەسەڵات نییە.

**شابازمەجید :** ئەوەی کاك ئاوات باسیکرد لێرەدا لەپرۆژەی دەستووری

هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی بۆکراوە وەك پرۆژەکە، پرۆژەی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی ئەو هێزە نیزامیانەی کەهەیە هێزی ئەحزاب نەمێنێت، ئەو هێزانەی نایاسایین و لەدەرەوەی یاسا کۆبوونەتەوە ئەوکاتە بەپێی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، دەستوورەکە دەتوانێت رێکیان بخات و سەربەوەزارەتی پێشمەرگەبن، هەروەها ئەو هێزو یەکانەی کە سەر بەیەکە سەربازییەکانن ئەوکاتەش هەر بەپێی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە رێکدەخرێن لەچوارچێوەی یاسادا دادەنرێن.

**لاوەند فەرەیدوون :** کێشەی ئێمە لە ٪٨٥ی لە جێبەجێکردندایە، لەخودی یاسادا نییە، یاساکان بەجوانی دادەنێین، بۆنموونە ئەم یاسای دەستوورە زۆربەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەدژین؟ چونکە یەکێك لەوترسەی لەلای حزبی ئۆپۆزسیۆن دروستبووە ئەوەیە، راستە ئێمە ئەو هێزە سەربازییە دروست دەکەین ئەحزابەکان تەجنید دەکەن بەپێی یاسا لەهێزی سەربازیی، بەڵام لەدواجاردا هێزی سەربازیی هەوڵیانداوە کۆی بکەنەوە لەدەستی کەسێکدا ئەو کۆکردنەوەی هێزەش لەدەستی یەك کەسدا ترس دەخاتە ناو گرووپەکانی ترەوە.

**پرسیار :** ئەو پێشێلکارییانە و پیادەنەکردن و جێبەجێ نەکردنی ماددە یاساییەکان و پرەنسیپە یاساییە گشتییەکان لەلایەن دەسەڵاتی تەنفیزییەوەیە، یان لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوەیە، یان لەلایەن خودی دەسەڵاتی پەرلەمان و قەزاییەوەیە، یان چارەسەری میکیانیزمەکەتان باسکرد، مەبەستمان ئەوەیە خەڵك بزانێت، ئەو هەلومەرجەی ئێستالەکوردستاندا هەیە ئایا ئەو کەسانەی کە ئەوپرەنسیپە یاساییانە جێبەجێ ناکەن یان پێشێلی دەکەن یان رێگری دەکەن؟

**لاوەند فەرەیدوون :** من ئیزافەیەکم هەیە بۆ پرسیارەکەت .. تاکیش رێگرە، چونکە ئێستا ئەوەی کە دەسەڵات و هەموومان کۆدەکاتەوە لەخزمەتی چییە؟ لەخزمەتی تاکەو هەر تاکیش ئەم کۆمەڵە پێکدەهێنێت، بەڵام ئایا لەهەرێمی

کوردستانی خۆماندا سەبارەت بەوەی ئایا یاساکان جێبەجێ دەکرێن یان نا وە لەلایەن هێزی دەسەڵاتە یان پەرلەمانە یان هتد.. ئیشی دادگاکانی کوردستان ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لەو کێشانە دەکەن کە هاتۆتە بەردەمیان ئەوەی کە هەیە دادکا هیچ کەموکوڕی نییە، ڕەنگە کەموکوڕییەکی هەبێت لەکوردستاندا، بەڵام ئەو کەموکوڕیانە کەم وکوڕیی ئەوتۆنین، چونکە کەم تازۆر هەم توانیویەتی و هەوڵی خۆیداوە ئەو کارانەی کە لەسەر شانی خۆیەتی ئەنجامی دەداو ئەو کێشانەی کە هەیە ئەنجامەکەی دەخاتەڕوو، سەربارەت بەوەی کە ئەوشتانەی دەکەوێتە بواری سزادانەوە یان یاسا سزاییەکانەوە واتە: یاسای سزادان، کە دەوترێت دادگا ئەمری گرتنی بۆ دەردەکاو ناگیرێت کە ئەمەش بۆخۆی پێشێلکردنی یاسایە، لێرەدا لایەنی جێبەجێکار لێی بەرپرسە.

خاڵێکی تر هەیە ئایا ئەو یاسایەنەی کە دادەنرێت و کە هەیەو کاری پێدەکرێت ئایا تاکەکانیش بەپێی پێویست بەرپرس نین کە نەیانتوانیوە بەپێی پێویست جێبەجێیان بکەن.؟ ئێمە نموونەمان هەیە، باشترین نموونەش ١٧ ی شوبات و ڕۆژانی دواتر، ئێمە یاسایەکمان هەیە کە یاسای خۆپیشاندانە لەماددەی ١٠ ی دا دەڵێت پێویستە ئەو کەس و لایەنانەی کە هەڵئەسن بەکاری خۆپیشاندان ڕەزامەندی یەکە ئیدارییەکە وەربگیرێت بۆئەوەی بتوانرێت خۆپیشاندانەکە بکات، یەک خاڵ هەیە دەمەوێت بۆ خوێنەرانی ڕوونبکەمەوە ئێمە کەدەڵێین ڕەزامەندی مەرجەعی بۆ وەربگیرێت، هەندێك لایەن پێیانوایە کە ئەمە بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانە، بەپێچەوانەوە وانییە ئەمە بۆ دڵنیاکردنی گیانی هاووڵاتیانە کە بەشدارن لە خۆپیشاندان، کە ڕەزامەندی مەرجەع وەرگیرا بۆ خۆپیشاندان کە ڕەزامەندی پارێزگات وەرگرت ئەوکاتە پارێزگار ئاسایش و پۆلیس و سەرجەم هێزەکانی ئاسایشی ناخۆ دەخاتە حاڵەتی ئامادە باشییەوە بۆ سەلامەتی گیانی ئەو خۆپیشاندەرانە، ئەرکی سەرشانی پارێزگاشە بەرگری لەخۆپیشاندەران بکات ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم ئەوەیە ئێمە تەماشان کرد ئەو رووداوانەی ١٧ ی شوبات و رۆژانی دواتر روویدا بەداخەوە کارەساتێکی دڵتەزێنی لێکەوتەوە، ئەوە بووە هۆی کوژرانی چەندین هاووڵاتی و پۆلیس لەهێزەکانی ناوخۆ بەداخەوە، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین دەبێت ئەم دەرئەنجامە هی چی بووبێت ئەم کارەساتە ناخۆشەمان بەسەرهات، کە باس لە سەروەریی یاساو پابەندبوون بە یاسا دەکەین کە باس لەوە دەکەین تاکەکان لەدەسەڵاتدا ملکەچ بن بۆ یاسا ئەگەر وابوایە ئەو کارەساتە روونەدەدا، چونکە ئەگەر موافەقەتی خۆپیشاندانمان وەرگرت، ئەوکات بەپێی ئوسوڵ و یاسا خۆپیشاندانەکەش پارێزگاری لێدەرکرا، ئەگەر داواکەش زۆر قورس بوایەو لەئاستی پێویستیش نەبوایە، بەڵام چونکە رەزامەندی بۆ وەرگیراوەو پارێزگا رێگەی پێداوە ئەوکاتە جۆرێکیتر دەکەوتەوە، بەڵام لێرەدا تەماشا دەکەین زۆر بەداخەوە هەندێك لایەن، کە بەپێی یاساش لەهەرێمی کوردستان و عیراقدا بۆت نییە هانی خەڵك بدەی بۆ ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی، بۆت نییە هانی خەڵك بدەی بۆ هەڵکوتانە سەربارەگاو شوێنەکانی دەوڵەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ... ئەم کارە تاوانە.

**پرسیار :** یاسایەکمان هەیە بڵێت هێزە چەکدارەکان ئەگەر خۆپیشاندانێك هەبێت ئەوان دەتوانن بچن یان پاشەکشە بەخۆپیشاندان بکەن یان بڵاوەیان پێ بکەن.؟ یاسای لەمجۆرەمان هەیە.؟

**ئاوات عومەر :** هەموو ئیدارەیەك سێ ئەرکی سەرەکی لەسەرشانە، یەکەم ئەمنییەتی گشتی، دووەم تەندروستی گشتیی، سێیەم ئارامیی گشتیی، ئەم سێ ئەرکە کە ئێستا ئەرکی زۆرترە، بەڵام لە کۆنەوە ئەم سێ ئەرکە هەر هەبووە، کە حکومەتی هەرێم دەبێت بیپارێزێت.

کاتێك کە ئاسایشی گشتی کەوتە بەر مەترسییەوە ئەم هێزانەی هەیە بۆ چییە؟

هێز بۆ حاڵەتی پێویستییە، بەڵام تەقدیری ئەوەی کە ئایا ئەمنی گشتی کەوتۆتە بەرمەترسییەوە ئەمە ئیدارە خۆی دەیکات، ئەگەر پارێزگار سوور زانی خەڵك دەکوژرێت و دزی لەماڵ و موڵکی هاووڵاتیان دەکرێت دەتوانێت داوای پارێزگاری لەم حاڵەتانە بکات.

**پرسیار :** مەبەستمان ئەوەبوو لەسەروەریی یاسا، ئەگەر ئێمە سەیر بکەین بەداخەوە لایەنێکی دیاریکراو، کە بەپێی یاسا لەعیراق لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵەوە بۆی نییە بەشداری خۆپیشاندان و کۆمەڵێك چالاکی کۆمەڵایەتی بکات، لەکاتێکدا ئەو لایەنە لەچالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا گرنگی یاسایی نییە و شیاوی ئەوەنییە بتوانێت ئەوکارە ئەنجام بدات، بەڵام بەداخەوە تەماشا دەکەین ئەو لایەنە هانی دەدات بۆ توندوتیژی، ئەگەر تەماشا بکەین ئەوانەی لە ڕووداوەکەی ١٧ شوباتدا بەرکەتوون بەداخەوە بەپێی یاسا ئەو کەسانە بۆیان نییە بەشداری خۆپیشاندان بکەن، هاندەرەکانیشیان کێ بوون کە خۆشیان نەکردووە بەخاوەنی؟ ئەمە وادەکات فەوزا دروست ببێت.

**ئاوات عومەر :** لەسەر ئەو هاندانی خەڵکە من تێبینیەکم هەیە، زۆرجار برادەران لەپلەی زۆر بەرزدا دەیانپرسی ئایا یاسایەك هەیە کە هاندان بکات بەتاوان؟ تاوانێك نییە بەناوی هاندانەوە، هاندان بەشێکە لە (موساهەمەی جینائی) ئەمەش سێ شتە، بۆ نموونە ئەگەر جەریمەی کوشتنەکەی ١٧ شوبات بێنینەوە کە کێ کوژراوە، بێگومان ئەو کوژراوە بکوژێکی هەیە، ئەم جەریمەی کوشتنە هەرکەسێك تەحریزی لەسەر ئەم جەریمەی کوشتنەی کردبێت وەکو بکوژەکە تەماشا دەکرێت لەیاسادا، بۆ هەموو جەریمەیەك و تاوانێك بکرێت ئەمە ڕاستە. ئەگەر تاوان هەبوو لەوکاتەدا تەحریزی ئەم تاوانە دەبێت بە جەریمەو هەمان سزاشیان دەبێت و دەبن بەشەریك.

**پرسیار :** لەهەرێمی کوردستاندا هەرلایەنێك هێزی سیاسیی هەبێت یان

هێزی کۆمەڵایەتی هەبێت یان هێزی دارایی هەبێت، دەتوانێت لە کوردستاندا ڕێگە لە جێبەجێکردنی یاسا بگرێت، یان پێشێلی یاسا بکات؟

**شاباز مەجید :** ئێستا لەفکری فوقەهای یاسادا شتێکی تریان داناوە (سیادە الحقوق)یان گۆڕیوەو ناویان ناوە (مەبدەئی سیادە الحقوق)، ئەگەر بمانەوێت دیموکراسی دروست بکەین پێویستمان بە زەمینەسازیی هەیە، بەڵام ئەوەی باستکرد بەبڕوای من بە پلەی یەکەم هێزە سیاسییەکان لێی بەرپرسیارن، بە پلەی دووەم پەرلەمان چونکە پەرلەمان چاودێری ناکات، ڕاستە یاسا دەردەکات، بەڵام کاری دووەمی پەرلەمان ئەوەیە چاودێری بکات ڕەقابە لە یاسادانان گرنگترە، ئەگەر یاساش دابنێین بەڵام جێبەجێ نەکرێت نرخی نابێت.

ئەمە بەوە چارەسەر دەبێت کە ئەگەر تۆ بڕوات بەوەیە سەروەریی یاسا دابنێیتو دیموکراسی دابنێین دەبێت ئەوشتانەی ڕێگری لێدەکات لای ببەیت، بۆ نموونە سوپا سوپای نیشتمانی بێت حزب دەبێت وەک کەسی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ دەورووبەری بکات و هەموو کەس لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بێت، مافی بەشداریکردنی سیاسیی بۆ هەموو کەسێك وەك یەك بێت.

خەڵك وادەزانێت کە یاسا یەکسانە هەموو خەڵك یەکسانە، هەموو خەڵك یەکسانە لە دەرفەتەکاندا یەکسانە، بەڵام مرۆڤەکان یەکسانن بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ لەپۆستێك دابمەزرێین لەوانەیە کەسێکی تر توانای لەمن زیاتر هەبێت، بۆ من و تۆ دەرفەتەکە وەکو یەکە، بەڵام دەبێت دەرفەتە سیاسییەکەش وەك یەك بێت.

## تەوەری دووەم

**پرسیار :** هەرێمی کوردستان بەدەسەڵات و رێکخراوە سیاسییەکان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ومیدیاکان و سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵ لەم قۆناغەدا زیاتر لەهەموو پێویستیان بەجێبەجێکردنی یاساو سەروەریی یاساو رێزگرتن لەماف و ئازادییەکان هەیە، چونکە تەنها لەم رێگەیەوە دەتوانین متمانەو دڵنیاییمان بەیەکتر هەبێت و یەکریزیی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵ بپارێزین و ئەزموونی دیموکراتی لەهەرێمی کوردستاندا بەرەبەرە بەرەو کەنارێکی ئارامتر رابەرایەتی بکەین، مەبەستەکە لەوەیە لەهەرێمی کوردستاندا ئەم کایانەو ئەم لایەنانەی باسمانکردن، ئەم قسانە روانگەی سیاسی تایبەتیشی تێدایە، بەڵام یەك لایەنی باشی تێدایە کە دەیەوێت، یان باس لەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان بەهەموو ئەو کایانەوە لەم کاتەدا پێویستیان بەیاساو سەروەریی یاساو رێزگرتن لەماف و ئازادییەکان هەیە. میکانیزمەکانی ئەمە لەباری یاساییەوە چۆنە.؟

**لاوەند فەرەیدوون :** ئەگەر باس لەیاسا بکەین یاسا بەو شێوەیەی کە دانراوە، ئێمە تەماشا دەکەین بە گشتی وەك مەفهومێکی گشتی ئەمە تاوانە ئەگەر بیکەی سزا دەدرێیت دادگایی دەکرێیت و دەخرێیتە زیندانەوە، ئەمە وەك مەفهومە گشتییەکەی، بەڵام بۆئەوەی کە یاسا سەروەربێت بۆئەوەی هەماهەنگی لەنێوان رێکخراوەکان وسیاسییەکان و کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان و تاك و پێکهاتە



هەواڵنامەی کتێب

جیاوازەکانی ناو کۆمەڵدا هەبێت، دەبێت تەماشای یەك شت بکەین، ئەو فیئانەی کە هەیە لەناو هەریمی کوردستاندا ئەو رێکخراوانەی کە هەیە هەمووی یاسایەکی بۆ دروست بووە کە بەپێی یاسا دەبێت رەفتار بکەن، بۆ نموونە رۆژنامەنووسێك دەبێت لەچوارچێوەی یاسای رۆژنامەگەریی ئەو یاسایە رێکی خستووە ئەو یاسایە مافەکان و ئازادییەکان و ئیلتیزاماتەکانی بۆ دیاریکردووە، ئەو یاسایە پێی وتووە سنووری خۆت مەبەزێنەو لە چوارچێوەی یاساکەی خۆت دەرمەچۆ.

دەسەڵاتیش بەوجۆرە ئیمکانییەت و بەجۆرە زەخامەتی ئیشکردنەی کە خۆی هەیەتی ئەویش بەهەمان شێوە یاسا رێکی خستووە بۆ نموونە هێزەکانی ناوخۆ و پۆلیس هاتووچۆو ئاسایش و هەریەکەو یاساو رێنماییەك هەیە کەوا بەپێی یاساش لە چوارچێوەی یاسا رێکخراوەو بەپێی ئەوە دەتوانێت لەسنووری دیاریکراوی خۆیدا کاربکات و چالاکی خۆی بکات واتە: زیادەڕۆیی نەکات.

دوای ئەوە رێکخراوە سیاسییەکانمان هەیە، ئێمە کەباس لەرێکخراوە سیاسییەکان دەکەین گرووپ و حزبە سیاسییەکانیش دەگرێتەوە، ئێمە ئەو حزبە سیاسیانەی کە هەیە لە نێوەندی چالاکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، هەر یەکەو پەیڕەوو پڕۆگرامی ناوخۆی خۆی هەیە، کە ئەمەش بۆخۆی یاسایەك رێکی خستووە هەم واجیاتی تاکەکانی ئەندامبووی ناو رێکخراوە سیاسییەکەی رێکخستووە، هەم کەسایەتییەکی مەعنەوی رێکخراوەکەی رێکخستووە لەنێوان کۆمەڵ و لەنێوان رێکخراوە سیاسییەکانی ترو دەورووبەرو حکومەتیشدا.

تاکەکانیش بەهەمان شێوە، باسمان لەوەکرد کە هاووڵاتی تاکێکی ئەم کۆمەڵەیە کەواتە: لەبەرامبەر ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆیدا پابەندبێت ئەوەی کە لەسەرییەتی وەك مافەکان و ئەوەی بەپێی یاسا بۆی رێکخراوە ئەوە لەسەر حکومەتەو لەسەر لایەنی پەیوەندیدارە بۆی دابین بکات، ئەوەی کە لەسەریەتی ئەرکی خۆیەتی کە بیکاو تەعاسوفیش نەکات لە بەکارهێنانی ئەو مافەی کە هەیەتی، چونکە من هەر

مافێکم هەبێت زیادەڕۆیی تێدابێت، ئەوا دەبێت بە پێشێلکاری بۆ بەرامبەرەکەم یان بۆ تەنیشتەکەی خۆم.

ئێمە تەماشا دەکەین ئەم لایەنانە وەك دەسەڵات و ریکخراوی سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان و رۆژنامەنووسان و تاکەکان و ئەو پێکهاتە جیاوازانەی ناو کۆمەڵ، بەپێی پرەنسیپە گشتییەکان و تایبەتییەکان و بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە یاسا رێکی خستووە بۆ هەریەك لەژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان و ژیان و گوزەرانی رێکخراوەکان، ئەگەر بەوەبێت ئارامتر دەبێت کۆمەڵگەکەمان بەرەو مەدەنیتر دەڕوات، بەرەو رێزگرتن لەیاسا دەڕوات، هەنگاو دەنێت بەرەو سەروەریی بوونی یاسا.

**پرسیار :** هەرسەبارەت بەم پرسیارە لەمەڕ رێکخراوەکان و لایەنەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان و سەرجەم پێکهاتەو تاکەکانی کۆمەڵ بۆ هەریەك لەمانە یاسامان هەیە، کام لەم یاسایانە لەگەڵ ئەو پرەنسیپە گشتییەی کە لەتەوەری یەکەمدا باسمان کرد کە پرەنسیپی پابەندبوونە بەسەروەریی یاساو سەربەخۆیی یاسا، ئایا یاسایەکمان هەیە لەیەکێك لەم کایانەدا کە نەیاربێت یان جیاواز بێت لەگەڵ ئەو پرەنسیپە کە پرەنسیپی سەروەریی یاسایە ئەگەر هەمانە چی بکەین بۆ چارەسەرکردنی؟

**شاباز مەجید :** هۆکاری ئەو یاسایانەی کەدەرچووە بۆ رێکخراوە مەدەنیەکان و سیاسییەکان و میدیاکان زۆربەی ئەو یاسایانەی کەهەمانە یاسای نوێن، لەبیری نوێوە دەرچووە، بەڵام وەك لەتەوەری پێشوودا باسمکرد ئێمە کێشەمان لەگەڵ خودی یاساکاندا نییە، بەڵکو کێشەی ئێمە لە جێبەجێکردندایە. لەیاسای حزبدا حزب مافی ئەوەی نییە چەکداری هەبێت، مافی ئەوەی نییە رێکخستنی سەربازیی هەبێت.

**پرسیار :** لەیاسای حزبەکاندا حزبێك بۆی هەیە بڵێت من ئەم حکومەتە دەڕووخێنم.؟

**شاباز مەجید :** نەخێر بۆی نییە.

**پرسیار :** بەڵام تەماشا بکە هەدوو لایەنەکەمان بینی حزبی دەسەڵاتدارمان بینیوە کە چەکداری هەبێت، حزبی ئۆپۆزسیۆنیشمان هەیە کەدەڵێت ئەم حکومەتە دەڕووخێنم.؟

**لاوەند فەرەیدوون :** جگە لـەوە هەموو حزبێك بەرپرسە لـەوەی کە بەشداربێت لەپاراستنی ئەمنی گشتیی و تەندروستی، حزبەکان بەرپرسن، بەڵام بەپێچەوانەوە حزبێك دێت دەیەوێت ئەمنی گشتیی وڵاتەکە تێك بدات دەیەوێت فەوزا دروست بکاو وڵات بشێوێنێ بەسەر یەکدا کە ئەمە جایز نییە لە ڕووی یاساییەوە، یان میدیا جاری واهەیە ئەمە دەکات، یان تاك هەیە.

لـــێرەدا یاسایەکمان هەیە، وەك بـــرادەران باسیان کرد کێشەکە جێبەجێکردنەکەیەتی.

بۆنموونە لەمیدیاکاندا، لە میدیای هەموو جیهاندا هەرگیز نابێت لەخۆوە باسی یەك شت بکات بەبێ ئەوەی بەڵگەی لەسەری هەبێت، ئەگەر ئەو کەسە تاوانباریش بێت تا تاوانەکەی بەسەردا نەسەپێت و دادگا تاوانباری نەکات وێنەکەی نابینی لەمیدیاکاندا.

لای ئێمە لەدوای ١٧ شوباتەوە وێنەی چەندەها کەس بڵاوکرایەوە و تەشهیری پێدەکەن لەمیدیاکاندا، کە پێیان دەڵێیت تۆ تەشهیرت بۆ بەو کەسە کردووە، چەند

کەس شکاتی کردووە؟ یەك شکاتکەر نین، کەسی واهەیە تەنانەت شکاتکەر نییە لەسەری کە بانگهێشتیان دەکەیت دەڵێت ئەمە پێشێلکردنی یاسایە، کام یاسا پێشێلکراوە؟ بڵاوکردنەوەو تەشهیرکردن بە خەڵکی پێشێلکردنی یاسایە، یان بانگکردنی تۆ لەلایەن دادگاوە بەرێزەوە لێت بپرسێت کە ئەمەت بۆ کردووە. بۆ نموونە پارێزەرانی سەر بە ئۆپۆزسیۆن هاتنە بەردەم دادگا وتیان داوای سەروەری یاسا دەکەین و یاسا لەم وڵاتەدا نییە، یەکێك لەوان هەستیکرد تووشی کێشە بووە یەکسەر چوو بۆ ژوورەوە لای حاکم شکاتی کرد، باشە تۆ کە یاساکە بەسەروەر دانانێیت چۆن تۆ کە پێشێلکاریت بەرامبەر دەکرێت دەڵێی من شکات دەکەم، کەواتە: یاساکە هەڵەی تێدانییە.

**پرسیار :** بەبڕوای تۆ ئەم گۆڕانکارییە لەیاساکاندا پەیوەندی بە فەرهەنگ و روناکبیرییەوە هەیە، یان پەیوەندی بە گۆڕانکاریی سیاسییەوە هەیە، یان پەیوەندی بە کارایی و کاریگەری لایەنە یاساییەکانەوە هەیە.؟

**شاباز مەجید :** وەك باسمکرد کە گۆڕانکارییەکان بەسەر یاساکاندا هاتووە تا ساڵی ١٩٩١ کەس لە ئێمە نەیتوانیوە بە ئازادی کتێبێش بخوێنێتەوە، لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە فیکرەکان چ لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە بێت یان لەلایەن تاك و رێکخراوە مەدەنییەکانەوە بێت هەوڵیاندابێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و هۆشیارکردنەوەی خەڵك، بۆئەوەی هۆشیاربنەوە گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵگەکەدا هاتووە بەو شێوەیەی کە ئێستا گەیشتۆتە حاڵەتێك کە ئێستا ئێمە باسی دەکەین جاران ئەگەر باسی بکرایە لەفەردی بچووکەوە تا سەرەوە کێشەیەکی زۆر زۆر هەبوو لەم شارەی ئێمەدا، بەڵام ئێستا گەیشتووینەتە ئەو رادەیەی خەڵك ئەوەندە وشیاربۆتەوە دەڵێت فلان مەسئولە فیسار مەسئولە لەو لایەنە.

**پرسیار :** دوو را هەیە، رایەکیان دەڵێت ئەگەر دامو دەزگا یاسایی و

هەواڵنامەی کێڵ

سیاسییەکان مەبەستم دەسەڵاتداریێتی حکومەتی هەرێمە، بە جددی نەیەتە سەر بواری جێبەجێکردنی یاساکان ئێمە ناتوانین دەستمان بەو پێشکەوتنە خێرایە بگات کە جەنابت باسی دەکەیت؟

ڕێگەی دووەمیشیان ئەوەیە ئایا کۆمەڵگە بەجێ بهێڵین بەقەناعەتی شەخسی خۆی بگاتە ئەم ئەنجامە یاساییانە؟

**شاباز مەجید :** بەبڕوای من بەهیچ شێوەیەك ناتوانین کۆمەڵگە بەجێبهێڵین، کارەکە دەبێت بە سروشتی خۆی بـڕوات، بەڵام دەبێت ئیشوکاری ئێمەش بۆ جێبەجێکردنی یاسا هەوڵبدەین یاسا ببێت بەشتێکی واجب بەسەر خەڵکەوەو جێبەجێ بکرێت، دەبێت لەم کارەدا هەموو کەسێك هاوکاربێت لەمەدا لە تاکەوە تا سەرەوە.

**ئاوات عومەر:** گۆڕانکاری ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئەدای کارکردنی خۆیان زیاتر هاوکار بووە کەوا کاریگەریی بکات لەسەر ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەی لەناو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەهەرێمی کوردستاندا هەبێت.

بۆ نموونە کە شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستاندا بەرپابوو دوو لایەنی زلهێز بەرامبەر بە یەکتری بوون، هیچیان ئەویتریانی قبوڵ نەبوو، ئەم یاساکەی ئەوی لەهەرێمەکەی خۆی قبوڵ نەبوو، ئەو یاساکەی ئەمی لەهەرێمەکەی خۆیدا قبوڵ نەبوو ئەمە وای لێهات کۆمەڵێك هێمنی و ئارامی کۆمەڵێك گۆڕین لە ئەدای دەسەڵات و لە ئەدای کارکردن بەرامبەر بە یەکتری و بەرامبەر بە کوردستان گۆڕا، ئەمە کاریگەریی کرد لەسەر دۆست و لایەنگرانی هەردوولا کاریگەریی کرد لەسەر لایەنەکانی تری هەردوولا لەناو گۆڕەپانی کوردیدا و لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم گۆڕانە تەحەولێکی گەورە بوو لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

**پرسیار :** خەمی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسیی یان دەسەڵاتی

تەنفیزی ئەگەر خۆی بەجددی ئەم یاسایانەی کەخۆی دەریکردووە، ئەوانە جێبەجێ نەکات چـاوەڕوان بکات تا حزبە سیاسییەکان یان میدیاو کەناڵەکان و تاکەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئایا ئەمە کاتێکی زۆرمان لێ نابات.؟

**ئاوات عومەر :** بەڵێ کاتێکی زۆرمان لێدەبا لە پرۆسە پێشکەونتخوازییەکەدا یاخود لە پرۆسەی هەنگاونان بەرەو چاوکرانەوەو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەدەوروبەرو لەجیهاندا روودەدات زۆرتر دوامان دەخات.

لە هەڵبژاردنی پێشووی سوێد حزبی موحافزین دەرچوو وەك گشتی فیکرەی مۆدێرات جێبەجێ دەکرێت، سۆسیال دیموکرات لە ٪٣٧ی دەنگەکانی هێنا تاکە حزب بوو کە ئەو دەنگەی هێنا مۆدێرات کە هاتە سەر حوکم هەڵسا بە لەناوبردنی ئەو بنکە سەرەکیانەی کە سۆسیال دیموکرات لەسەری کاریکردووە لە ٪٣٧ی خەڵك لەگەڵیدا نەبوو لە ٪٦٣ کەش گرووپێکی زۆر لەگەڵیدا نەبوو، بەڵام تا چوارساڵەکەی تەواو کرد لەبەرئەوەی عەقڵیەتی تاکی ئەوێ گەیشتۆتە ئەو رادەیەی تێبگات ئەو هەڵبژاردنی بردۆتەوە تا چوار ساڵەکەی تەواو کرد کەس پێی نەوت با بڕوات ئەمە ئەساسیاتی ئەوانی تێکدا، بۆ نموونە بیمەی بێکاریی لە سۆسیال دیموکراتدا دەبێت هەتبێت کە کارتکرد، ئەو هات نەیووت لای دەبەم، بەڵام ٣٠٠ رۆژ بوو بۆ کەسێك کە وازی لە کارکردن دەهێنا دوای ئەوە ٣٠٠ رۆژی تریشیان دەدایە، ئەم هەستا ئەمەی گۆڕی و وتی ئەمە زۆرە و کردی بە ١٥٠ رۆژ، بەڵام عەقڵیەتی تاکی ئێمە ئەگەر سیاسییەکان هەوڵییش بدەن، بۆ نموونە سێ رێکخراوی سیاسی هەوڵیش بدەن کۆمەڵگە بەرەوپێشەوە بەرێت کە یاسا چووە بواری جێبەجێکردن بەهەموو شێوەیەك یاسا جێ بەجێ بکات.

ئێمە گۆڕانمان لێ زیندوو بۆوە هیچ یاسایەك نییە کە بڵێت تۆ ئەتوانی دەسەڵات بڕووخێنی، دەڵێت من دەبێت بیڕوخێنم، ئەمەیە کێشەکانی ئێمە، کێشەکانی ئێمە زۆربەی لە بیرکردنەوەکاندایە.

**لاوەند فەرەیدوون** : ئێمە بەحساب ئۆپۆزسیۆنەکەمان ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤەو مۆدێرنەو تاکە لە هەرێمی کوردستان و عیراق، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئایا کە باس لە کەموکوڕیەکان و پێشێلکارییەکان دەکات کە دەسەڵات هەیەتی و ئەنجامیداوە لەهەمان کاتدا خۆی کاتێك کە دادگا لایەنێك یان کەسێك کە تۆمەتبارە بە کێشەیەك لەکێشەکان بۆنموونە پارێزگاری سلێمانی پێشوو کە دادگا فەرمانی گرتنی بۆ دەرکرد بۆبەیانی بیهێنیتە سەر تەلەفزیۆن و لەتەنیشت خۆتەوە دای بنێی بۆ لیژنەی چاکسازیی کارەساتەکە لەمەدایە.

**شاباز مەجید** : بەشێوەیەکی گشتی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات چوارچێوەیەك هەیە کە دەبێت هەمووومان لەسەری کۆکبین ئەویش ڕێزگرتنی یاسایەو ئیشکردنە بە حوکمی یاسا، بۆنموونە شارەوانی سلێمانی ئەمساڵ مزگەوتێکی تەجاوزیان ڕووخاندووە کەناڵی knn و ئۆپۆزسیۆن دەبێت دەستخۆشی لەو کارەی حکومەت بکات، بەڵام هاتووە ڕاپۆرتێك بڵاودەکاتەوە دەڵێت ماڵی خوایان ڕووخاند!! مزگەوتێکیان ڕووخاند!! خەڵك هان دەدات، ئەوە تەحریکێکی نایاساییە، لەبەرئەوەی تەجاوزکردن تاوانە، دەبێت کەی ئێن ئێن بەپێچەوانەوە بڵێت ئەم مزگەوتە بەنایاسایی دروستکراوە و بەلەدییەی سلێمانی بۆ نایروخێنێت.؟

**پرسیار** : بەپێی ئەم تەوەرەی ئێستا باسمانکرد کە دەڵێت هەرێمی کوردستان حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان و سەرجەم پێکهاتەو تاکەکانی کۆمەڵ لەم قۆناغەدا زیاتر لەهەمووکات پێویستیان بەجێبەجێکردنی یاساو سەروەریی یاساو ڕێزگرتن لەماف و ئازادییەکان هەیە، ئایا ئەم یاسایانەی کە لە کوردستان هەیە ئەم سێ لایەنەی تێدا جێبەجێکراوە، لەباری واقیعییەوە ئەو یاسایەی کە ئێستا لە کوردستان جێبەجێ دەکرێت بەشێکی زۆری یاسایەکی دەسەڵاتییەو یاسایەکی سیاسییە، یان هەلومەرجێکی سیاسیی زیاتر یاسا بەڕێوە دەبات،



هەواڵنامەی پێکپێ

دووەم: ئەو یاسایەی کەلە سەروو دەسەڵاتەوە دەبێت کە هێزە سروشتییەکان یاسا بەرێوەبەرن ئەمە وانییە زیاتر هێزە سیاسییەکان لەدەرەوەی حکومەت و لەناوەوەی حکومەت، وەك پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیش کە دێینە سەر مەسەلەی مافەکان و بیمەکان ئەم بەراووردە لە نێوانی ئەو تیۆرانەی کەباسکران و ئەو شتانەش کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە بەبڕوای تۆ ئێستا چۆنە؟

**ئاوات عومەر :** تەجروبەی کوردستان تەجروبەیەکە تارادەیەك تەجروبەیەکی ناوازەیە، ناوازەیە لەوەی لە دونیادا نەبووە دوو حزب ٥٠ بە ٥٠ حوکمڕانی بکەن کەم هەبووە لەمێژوودا یەکجار هەبووە لە مێژووی ڕۆمانییەکاندا دوو قونسوڵ هەبووە ئەویش رووخاوە، خاڵێکی تر ئەوەیە بەردەوام حزبەکان لەوڵاتە دواکەوتووەکان نەبووە کە هێزی چەکداریان هەبێت و بودجەی تایبەتیان هەبێت و دەسەڵاتیان بەسەر بازاردا هەبێت. یەکێك لە پرەنسیپەکانی دەوڵەتی یاسا ئەوەیە کە بازار ئازاد بکەیت کە بازاڕیشت ئازادکرد یەك شت کە قەدەغەی دەکەیت قۆرغکارییە. بۆیە دەبێت پرۆژەیەکی هاوبەشمان هەبێت دەبێت یەکەم شت دەستوور دابنێین، خاڵی دووەم دەبێت تەفعیلی دەوری پەرلەمان بکەین، سێیەم دەبێت کۆمسیۆنی نەزاهە بە زووترین کات دابنێین.

مەسەلەی دانانی میدیایەك بەناوی حکومەت، کێشەیەك هەیە لێرەدا تائێستا میدیایەك نییە بەناوی حکومەتەوە کاربکات، تۆ دەبێت میدیایەکی فەرمیت هەبێت کە باس لە وڵات و لە هاووڵاتی و یاسا و سیستم و ئەمانە بکات، بۆ نموونە ئێستا ئەگەر من بمەوێت گوێم لەهەواڵێك بێت ئەگەر knn پێم بڵێت بەو شێوەیە پێم دەڵێت کە خۆی دەیەوێت، بەڵام ئەگەر میدیایەکی فەرمی هەبێت بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە باشترە .

## تەوەری سێیەم

**پرسیار :** لەڕوانگەی زیاتر پابەندبوون بە پرەنسیپی سەروەریی یاساو شەفافییەت لەکاروبارەکانی بەڕێوەبردنی کایەکانی ناو حوکمەت و پەرلەمان‌و سەرجەم دامودەزگاکان، لەڕوانگەی ئەم خاڵانەی خـوارەوە ستراتیژێك بۆکاری حکومڕانی دروست و چاکسازیی لەسەرجەم ئەو دامودەزگاو فەرمانگانەی پێویستن، هەروەها بەمەبەستی گفتوگۆی بەرپرسانەو نەخشە ڕێگا ...هتد. دێینە سەر مەبدەئی شەفافییەت، یەکێك لەلایەنە گرنگەکانی سەروەریی یاسا ڕاگەیاندنە، هیچ یاسایەك نییە ڕانەگەیەنرابێت. بۆ نموونە ئەمرێك دەرچووە لە دادگای سلێمانی کە دەڵێت دەبێت پارێزگاری پێشووی سلێمانی دەستگیر بکرێت بەڵام نەگیراوە پرسیارەکە ئەوەیە تائێستا دادگای سلێمانی قسەیەکی نەکردووە بۆ نەگیراوە.؟

**لاوەند فەرەیدوون :** دادگا مەجلیسی دادوەریی هەیە، مەجلیسی دادوەریی ئاگاداردەکاتەوە، مەجلیسی دادوەریش حکومەت ئاگادار دەکاتەوە، ڕاستە ئەم دەسەڵاتانە سەربەخۆن بەڵام تەنسیق هەیە لەنێوانیان مانای ئەوە نییە دەسەڵاتی دادوەریی هیچ ڕەبتی نییە بە حکومەتەوە، بۆنموونە دەڵێت بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم فلانی کوڕی فلان لە فلانە شوێن پۆلیسەکانی تۆ نەیانگرتووە، لەبەرئەوەی ئەگەر حکومەت هەڵنەسێت بە واجبەکەی خۆی، چەند حاڵەتێکی وا دووبارە ببێتەوە ئەوکاتە پەرلەمان دەبێت دەوربببینێت و داوابکات متمانە لە حکومەت بسەندرێتەوە. شەفافییەت لە مەسەلەی بەڕێوەبردنی سیستمی وڵاتدا، یاخود بۆ مەسەلەی سیاسیی لە چواچێوە یاساییەکەی کە هەیە زۆر گرنگە، ئەو کەموکوڕیانەو ئەو پێشێلکاریانەی کە لەئێستادا هەیە پێویستە شەفافانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت چ لە لایەن دادگاو



هەواڵنامەی کتێب

مەجلسی قەزاوەبێت یاخود لەلایەن پەرلەمانەوە کە رەقابەی هەبێت بەرامبەر هەموو لایەك، بەڵام ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین رێچکەی ئەم شەفافییەتە کە ئێستا وردە وردە سەرهەڵدەدات، بەڵام نەك بەو شێوە ترسناکەی کە ئێستا سەرهەڵدەدات، ئەوەی ئێستا من دەیبینم وەك موزایەدەیەکی سیاسیی لێکراوە، وەك موزایەدەیەك بەرامبەر بە کۆمەڵێك دەستکەوتی تایبەتی مەعنەوی کە بیقۆزنەوە بۆخۆیان لایەنە سیاسییەکان لە رووی میدیاوە دەیکەن. ئەمە نموونەیەك.

بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە ئەوە بکەین بە پەیڕەوێك و پرەنسیپێکی گشتیی لە بەرژەوەندی گشتیدا بەکاربهێنرێت، من پێشیازێکم هەیە شەفافیەتیش پێویستە بەیاسا رێك بخرێت، پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی بۆ دەربکات. بۆنموونە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونێك بکات پێموابێت یان روونکردنەوەو زانیاری دەربڕین سەبارەت بەوشتانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا روودەدەن، چ پەیوەندی بە دەسەڵاتی تەشریعییەوە بێت چ پەیوەندی بە سوڵتەی تەنفیزی یان قەزایی یان هەر کایەیەك لەکایەکانی کۆمەڵی کوردی لە کوردستاندا ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئەم پرۆژەی شەفافیەتە سەر بگرێت ئەوکاتە شتێکی ئاشکرا دەبێت کۆمەڵێك سوودی زۆر دەبێت لەوانە: دەبێتە هۆی وشیاریی تاکەکان، چونکە ئەوەی هەمانەو تای تەرازووەکەی لاسەنگ کردووە نەبوونی وشیارییە لەلایەن تاکەکانەوە.

شەفافییەت دەبێتە هۆی وشیاریی و بەرچاو روونی و زانیاری زیاتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، کەتاکەکانیشمان والێکرد و شەفافییەت و بەرچاو روونی زیاتر بوو، رێزگرتنی یاساش زیاتر دەبێت هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو مۆدێرن زیاتر دەبێت، دەرخستنی کەموکورییەکان و رێگەچارەی گونجاو زیاتر دەبێت کەواتە: شەفافییەت لایەنێکی ئیجابییە، بەڵام بۆئەوەی ئەو شەفافییەت و عەلانییەتە چالاك بکرێت پێویستی بە رێکخستنی یاسایە ئەویاسایەش لەپەرلەمانی کوردستانە. پێویستە ئەو یاسایەش بۆ بوارە پسپۆرییەکان دابنرێت، دەبێت گشتگیربێت نەك ببێت بە موزایەدەو موزایەدەکاریی.

**پرسیار :** دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار لە سەروەری یاسا، سەبارەت بەم لایەنی شەفافییەتە چی کـردووە تائێستا؟ پێشنیازت چییە و چی بکەن لەوبارەیەوە؟

**شاباز مەجید :** ئێمە لەم گرووپە لەسەر یەك بنچینە دروست بووین، کاتێك بینیمان لەلایەن زۆربەی خەڵکییەوە کارمەندانی دەوڵەت کە کارمەندێکی ئاساییە لەشەقامەکان و بەیاسا چۆتە دەرەوە بە فەرمانی سەرووخۆی چۆتە سەرجادەو جێبەجێکەری یاسایە، لە کاتی جێبجێکردنی یاساکە تووشی کێشە بووە، تەماشامان کرد بوو بە دوو لایەن، لایەنێك خۆی بە زووڵملێکراو دانا، لایەنی بەرامبەری خۆی بە زاڵم دادەنا، بەڵام ئەگەر بێینە سەر واقیع، ئیشەکە وانەبوو، سەیرمانکرد پێشێلکەری یاسا هەبوو دەهاتە سەرجادە بەبێ حساب بەرامبەرەکەی بە فەرمانی دەوڵەت هەڵدەستان بەجێبەجێکردنی فەرمانی لایەنی جێبەجێکەر هەڵدەستا بەکارەکانی خۆی، ئێمەش کە دەستمان کرد بەکارەکانی خۆمان وتمان ئەمانە لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمان‌و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا ئەمکارەیان کردووە دەبێت بۆ خەڵکی روون بکەینەوەو بەرگریان لێبکەین کە بڵێین ئەمانە کاری دژە یاساییان نەکردووە، بەڵکو هەستاون بە جێبەجێکردنی کارێکی یاسایی بۆ راگرتنی کارێکی پێشێلکاری یاسا، بەڵام تائێستا لە مەسەلەی شەفافییەتدا لەناو میحوەری دادگادا زیاترکارمانکردووە، چەند جارێك لێدوانمانداوە لەسەر کێشەی کۆمەڵێك برادەر، لێدوانەکانیشمان لەگەڵ رێزم ئەوی خۆیان بەدڵیان بوو بڵاویانکردبۆوە ئەویتریان لێ بریبوو.

**پرسیار :** ئێمە لەم دیدارەماندا لەگەڵ ئێوە زۆر لایەنی یاسایی‌و دەستووریمان باسکرد، دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار لە سەروەریی یاسا لە بەرنامەیدا نییە لەمبارەیەوە کۆڕو سیمینار بکات ؟ چونکە زۆرکەس ئەم دەستەیەی ئێوە ناناسێت؟

**شاباز مەجید :** هەندێك كارمان كردووە، برادەرانمان لە كۆمەڵێك بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا بەشدارییان كردووە، بۆنموونە لەسەر سەروەریی یاسا لە كەناڵی نالیا لەگەڵ پارێزەرێك بەرنامەیەكمان كرد لەسەر ئەوەی ئایا داگاكان بەیاسا دەڕۆن بەڕێوە یان نا؟ بەڵام ئێمە زیاتر سەرقاڵی ئەو كەیسانە بووین بەڵام بەرنامەمان هەیە كە ئەگەر بكرێت وشیاری یاسایی بڵاوبكەینەوە لەرێگەی كۆڕو سیمینارەوە بێت یان لەرێی بەرنامەی تەلەفزیۆنییەوەبێت، یاخود لەرێگەی نووسین وتار.

**پرسیار :** ئەگەر دەقێكی یاسایی یان دەسەڵاتێكی سیاسیی موخالفی لایەنە یاساییەكان بێت، لەیاساكانی هەرێمی كوردستاندا چی تێداهەیە كە نەیاربێت لەگەڵ مەبدەئی پرەنسیپی دەوڵەتی یاساو سەروەریی یاسا.؟

**ئاوات عومەر :** باسی شەفافییەتمان كرد، كە شەفافییەت یەكێكە لەو میكانیزمانەی زۆر پێویستەو بنچینەی كارەكەیە، بۆئەوەی بڕیاری دروست بدەی پێویستت بە زانیاری دروست هەیە ئەگەر تۆ زانیارییەكانت دروست نەبوو بڕیارەكانیشت راست نابێت، لە كۆمەڵگەی ئێمەدا دوو ئیشكالمان هەیە، كەس بڕوای بەشەخسی مەعنەوی نییە، كەس بڕوای نییە كە سەرۆكی حكومەت وەكو كەسێكی یاسایی دوو كەسە یەكەم وەك كەسێكی ئاسایی ئەم ولاتە، بەڵام لەوكاتەدا كە تەمسیلی كەسێكی مەعنەوی دەكات، كە پۆستی سەرۆكی حكومەتە یان هەر پۆستێكی تر.

كێشەیەكی تر ئەوەی ئێمە كە شەفافییەتمان كرد شەفافییەت نابێتەهۆی پێشێلكردنی ماف كەسەكان ئێمە نابێت كە شەفافیەتمان كرد شتێك دێتە بەردەستمان رۆژنامەنووسین یان هەركەسێكین تەعەسوف بكەین، چونكە هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە و دەبێت بەئوسوڵی خۆی ئەم شتە بخرێتەروو، چونكە ئێمە تەجروبەمان نییە ئەو مەسەلەیە بە ئوسوڵی خۆی ناخرێتە روو دەبێتە ئەمەش كێشە دروست دەكات . بەڵام ئەمە نابێ ببێتە رێگر لە شەفافییەت چونكە شەفافییەت یەكێكە لە میكانیزمەكانمان و زانیاری راستمان بۆ دەردەكەوێت ئەوكاتە دەستنیشانی

هەواڵنامەی ڕێبڕ

خەلەلەکان دەکەین، کە دەستنیشانی خەلەلەکانمان کرد کێشەکان چارەسەر دەکرێت کە دەستنیشانکردنەکە ڕاست بوو چارەسەرکردنەکەشی ڕاست دەبێت.

مەسەلەی مەبدەئی یاساکان، زیاتر بیروبۆچوونێکی نەزەرییە، ئەمە دوو لایەنەیە ئەگەر یاسایەك مافی پێشێل کرد بۆنموونە، یاسا سزادانی عیراقی ماددەی تێدایە مافی مرۆڤ پێشێل دەکات.

**پرسیار :** لەبارەی نەزەرییەوە زۆرجار باس لەوە دەکرێت ئەو وەسیلەیەی کە بۆ بەدیهێنانی ماف دەبێت و بەکاریدەهێنیت نابێت هۆکارەکەش نایاسایی بێت.؟

**ئاوات عومەر :** هەندێکجار لەئەنجامی ئەوەی یاسایەك دەردەچێت مافی پێشێل کردووە، دەکرێت ئێمە ڕێگایەکی ئوسوڵی ئەم یاسایە تەعدیل بکەینەوە، شەفافییەت لێرەدا دەور دەبینێت، جار هەیە پێش پرۆژە یاساکەش کە هێشتا یاساکە دەرنەچووە ئەگەر ئێمە پرۆژە یاساکەمان مناقەشە کردبێت، بۆنموونە ئەو یاسایەی کە ئێستا هەیە سەبارەت بە توندوتیژی دژی خێزان ، خەڵك هەیە پێیوایە ئەمە دژی مافێکە کە شەریعەتی ئیسلام داویەتی، هەشە پێیوایە نەخێر ئەمە مافێکی سروشتییە دەپارێزێت، ئەم یاسایە ئەگەر شەفافییەت هەبوو مناقەشەی کرا ئەوکاتە دەگەینە ئەنجام.

**پرسیار :** من مەبەستم لەخاڵێکە ڕەنگە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە زۆر گرنگ بێت.. لەفەرەنسا لەم چەند ساڵەی دواییدا یاسایەك دەرچوو سەبارەت بە خوێندن لە زانکۆکان سەبارەت بە گۆڕینی پرۆگرام، بەڵام خەڵك و بەتایبەتی خوێندکارەکان هەموویان خۆپیشاندانیاکرد، چونکە پێیان وابوو یاساکە کۆك نەبوو لەگەڵ مافدا، بەڵام دوو ڕێگە پەیدابوو بۆ نەیاریی لەبەرامبەر ئەو یاسایە ڕێگەیەکیان ڕێگەی خۆپیشاندان بوو کە خۆپیشاندان لە وڵاتێکی وەك فەرەنسا مافێکی سروشتیی و یاساییە، هەندێکیش هەر لەو خۆپیشاندانانەدا توندوتیژیان نواند، لە کۆمەڵگەی فەرەنسیداو

لە رۆژنامەی فەرەنسیدا و لەیاساکانی فەرەنسیدا قسە کردن لەسەر ئەو دوو لایەنە بوو دەیانگوت ئێمە دژی خۆپیشاندانەکە نین، بەڵکو دژی توندوتیژییەکەین. کەواتە قسەکە لەسەر ئەوەیە هەم حقوق هەم مافەکان دەبێت لەیاسادا پارێزراو بێ هەم هۆکارەکانی بەدەستهێنانی حقوق دەبێت یاسایی و شەرعی بێت.؟

**ئاوات عومەر :** ئەگەر یاسایەك دەرچوو مافێکی پێشێل کرد دەبێت ئێمە بەرێگەی یاسایی و بەرێگەی ئوسوڵی کەدانراوە یاسا تەعدیل بکەین ، یاسا جیاوازی چییە لەگەڵ شەریعەت؟ شەریعەت ئەوەیە ناتوانیت تەعدیلی بکەیت چونکە هی خودایە، لەبەرئەوە دەبێتە ئیشکال ئەگەر دەقێك نەگونجا دەبێت حیلەی تێدا بکەیت چونکە هەتا هەتایە وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام مادام یاسا لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووە خۆی بۆئەوە دەرچووە بەرژەوەندی و مافی گەل بپارێزێت زۆر ئاساییە ئەگەر یاساکە تەعدیل بکرێت و دەبێت رێگەو شوێنی یاسایی بگرینەبەر، ئەم بۆچوونە بۆیە باشە بۆئەوەی یاساش بەکارنەهێنرێت وەك وەسیلەیەك بۆ ستەم، بەتایبەتی بۆ دەوڵەتە دواکەوتووەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە یاسا دەردەکەن بەئارەزووی خۆیان و حوکم دەدەن کە موڵکی فلان کەس دەستی بەسەرابگیرێت وەك سەردەمی سەدام حسێن.

کەواتە: مەبەستمان ئەوەیە لەناو سیستمی دیموکراسیشدا بەدڵنیاییەوە سیادە بۆ حقوقە ئەگەر یاسایەك مافی پێشێل کرد دەبێت تەعدیل بکرێت، ئەگەر وانەبێت یاسا تەعدیلی بۆ چییە؟

**پرسیار :** ئەم دەسەڵاتەی کەئێستا ئێمە هەمانە دوو لایەن لە حزبی کوردیدا زۆر بەرجەستەیە لایەنێکیان ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە درێژکراوەی دەسەڵاتە مێژوویی و سوننەتییەکانە، لایەنی دووەم ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە یان ئەو ئەحزابە درێژکراوەی نەریتی شۆڕشگێڕانەونەریتی کاریزماییە هەم پارتی هەم یەکێتی هەم گۆڕان هەم ئەحزابە

ئیسلامییەکان هەموویان ئەم دوو لایەنەیان تێدایە. ئێمە دەمانەوێت دەسەڵات و ژیانی سیاسیی مۆدێرن پیادە بکەین، هەم درێژکراوەی نەریت و سوونەتی رابردووە هەم درێژکراوەی نەریت و سوننەتی شۆڕگێڕانەو کاریزماییە .. بۆچوونێك هەیە کە بۆچوونی ماکس فیبەرە کە دەسەڵاتەکان بە یاسایی بکرێن و عەقڵانی بکرێن و دەسەڵات بکرێت بە موئەسەسە یان لێپرسینەوەی هەبێت واتە: هەم دەسەڵات لەخەڵك بپرسێتەوە هەم یاساو خەڵکیش لە دەسەڵات بپرسێتەوە ئەمە پرەنسیپی سەروەریە یاسایە کە ئەم چەند مانگە لە کوردستاندا باسی دەکرێت و خۆشبەختانە لە پرۆژەی هەردوو حزبی دەسەڵاتداردا هەیە کە بەناوی پرۆژەی ئایندەسازیی و نوێبونەوەیە، بەبڕوای ئێوە کاریگەریی چۆن دەبێت؟ دەوری موئەسەساتی یاسایی لەوەی کە ئەم دەسەڵاتە لەدەسەڵاتێکی نەریتی و کاریزماتیکەوە بکاتە دەسەڵاتێکی عەقڵانی و یاسایی.؟

**لاوەند فەرەیدوون :** سەبارەت بە درێژبوونەوەی ئەو دوو دەسەڵاتەی کە باستکرد سەبارەت بە سوونەتی رابردوو سوننەتی شۆڕشگێڕیی، یان دەسەڵاتی عەقڵانی و یاسایی، ئەمە بەدیلی هەدووکیانە دەبێت تەماشای ئەمە بکەین هەموو لایەکمان دەزانین کەوا ئەم لایەنانەی کە لە دەسەڵاتدان و ئەوانەی کە لە ئۆپۆزسیۆندان پرۆژەی جوان و باشیان هەیە، ئەوەی کە نووسراوبێت و لەسەر کاغەزو پێشکەشی کردبێت لەبواری چاکسازیی و بەڕێوەبردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووریدا هەیە.

ئەوەشی کە لە بواری یاسادایە باسی لێوە بکەین بۆئەوەی دەسەڵاتە عەقڵانی و قانوونیەکە بەدیلیان بگرێتەوە ئەوەیە سەروەریی یاسا جێبەجێکردنی یاسایە واتە: بەو وردەکارییەی خۆی هەیەتی یاسا جێبەجێ بکرێت و پێشێل نەکرێت، پرۆژەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە لە بوارێکی دیاریکراودا کە دەستنیشانیکردووە بۆ نموونە وەزارەتێك لە وەزارەتەکان پرۆژەیەکی داناوە پرۆژەکە دەبێت جێبەجێی بکات ئەو پرۆژەیە کە بەیاسا دەریکردووە بۆ خزمەتی ئەو فیئەیە کە لەو وەزارەتە مەعنییە



هەوالنامەی کتێب

ئەو کۆمەڵە کەسە گرتوویەتییەوە، کەواتە: دەبێت جێبەجێی بکات، ئەگەرهاتوو جێبەجێ نەکرێت دەبێت لێپرسینەوەی لێبکات.

ئێمە لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا حکومەتمان هەیە پەرلەمانمان هەیە میدیامان هەیە رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیمان هەیە، تاك و گرووپ و کۆمەڵ و لایەنە سیاسییەکان چالاکی گرووپ و هونەری و فەرهەنگی خۆیان هەیە، کۆمەڵە هونەرییەکان چالاکی خۆیان هەیە ئەوانەی کە هەیە، تەنها کێشەی ئێمە لەوەدایە لەبواری جێبەجێکردنی یاساوە کەمێك لاوازە ئەوەیش هەماهەنگین بە هەموو لایەکەوە، بەتەنها دەسەڵات نییە وبەتەنهاش ئۆپۆزسیۆن نییە تاکەکانیش بەشدارن، بەڵام بۆئەوەی ئەم مەسئولییەتە گەورەیە کە هەیەو لەسەر شانی کێدایە بە پلەی یەکەم لەسەر شانی دەسەڵاتدایە.

ئێمە پێش هەموو شتێك دەبێت باسی ئەوە بکەین وەك تاکەکانی کۆمەڵ چەمکی هاوولاتی بوون هەیە؟ ، ئێمە هاوولاتییەکی ئاسایی بە خێڵ و خێڵگەرایی و ئەمانە دەناسین؟ ، من مەبەستم ئەوەیە ئایا خێڵ و خێڵگەرایی گەورەترە تاکوشانازی پێوە بکەین یان چەمکی هاوولاتی بوون،؟ هاوولاتی بوون وەکو ئەو زاراوە سیاسیەی لە ئەوروپاو لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە شۆڕشی ئازادی و نێوێبوونەوەی بەدوادا ئەنجامدراوە، دەبێت هاوولاتی بوون بەقەد ئەوەی کە هەیە بارستایی و قورسایی خۆی بدرێتێ. ئێمە چی بکەین بۆئەوەی ئەم حکومەتە لەم سوونەتەی رابردووو عەقڵیەتی شۆڕشگێڕییە کارزیماییەی بێتە دەرەوە و ئەو رێچکەیەی رابـردوو ریشەکێش بکرێت، دەبێت ئەوانەی کە فەرمانرەوایی دەکەن لە هەرێمی کوردستان هیچ کەسێکیان لەولاتێکی گەندەڵەوە نەهێنراون یان لە ولاتێکی مۆدێرنەوە هێنرابن ، هەموویان کەسانی ئەم گەل و ولاتەن، گەلانی ولاتانیش بە تەجرووبەی خۆیان بەچی گەیشتوونەتە ئەم ئاستە بێگومان بەو قۆناغانەی کەبڕیویانە بەپێی مێژووی بزاووتی ئازادیو بزاووتی ئازادیخوازیی خۆیانەوە.

ئەوەی مەبەستەو لەسەرشانی ئێمەیە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەورێکی چالاکی هەبێت بۆ ئەم مەسەلەیە کە کاریگەریی گەورە بکات لەسەر دەسەڵات، فشارێکی گەورە بکات، دەسەڵات خۆی دەتوانێت میکانیزمێکی گونجاو دابنێت، ئەمەش بە هۆشیاربوونەوە دەکرێت، بە گوێگرتن لەیاساکان، من پێموایە تەنها پێشێل نەکردنی یاسا خۆی لە خۆیدا هەنگاونانە بەرەو نوێبوونەوەو بەرەو کۆمەڵی مەدەنی.

**شاباز مەجید :** بەبڕوای من سێ خاڵ زۆر گرنگە بۆئەوەی ئێمە بتوانین دەوڵەتەکەمان بکەین بە دەوڵەتێکی یاسایی و عەقڵانی یەکەم شتیش جێبەجێکردنی یاسا لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارییەوە کە ئەمە کارێکی قورس نییە خۆیان بۆ ئەمە دروست بوون، دووەم گەڕانەوەی متمانە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیدا، هاووڵاتی ئەمڕۆ متمانەی پێیان نەماوە، سێیەمیش شەفافیەتە، شەفافیەت خۆی لە دەرکردنی یاسادا لەپەرلەمانەوەیە، پەرلەمانیش کە کەناڵێکی سەربەخۆی بێلایەن هەبێت کە ئەو یاسایانە موناقەشە دەکرێت لە پەرلەماندا خەڵك ببینێت. چەندی من سەیر دەکەم خەلەلی ئێمە لەم سێ خاڵەدا دەبینمەوە یەکەم جێ بەجێ نەکردنی یاسا لەلایەن دەسەڵاتی تەنفیزییەوە دووەم نەبوونی متمانە لە نێوانیاندا سێیەم شاردنەوەی هەموو شتێك، کوا چ شتێك هەبوو لای ئێمە شەفاف بێت.

**پرسیار :** ئەگەر دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتێکی نەریتی و کاریزماتیکەوە بەریت بۆ دەسەڵاتێکی عەقلانی سێ شت پێویستە، یەکەم: دەستووروو یاسا، دووەم: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ، سێیەم: یەکسانی سیاسیی، کە هەم بەشداریکردنە هەم دادپەروەرییە. مەبەستم لەوەیە ئەم سێ وێستگە گرنگە چ دەورێکی لە مۆدێرنکردنی دەسەڵاتی هەرێم دەبێت.؟

**ئاوات عومەر :** کۆمەڵگەی ئێمە دەسەڵاتێکی راگوزارە، ئەمە هێشتا هەر دەسەڵاتە خێڵەکییە کۆنەکە نییە، دەسەڵاتێکی کاریزمی ٪١٠٠ نییە، دەسەڵاتێکە

لە مەرحەلەیەکی ئینتیقالیدایە بەدەلیلی ئەوەی موئەسەسات هەیە لەکۆمەڵگەی ئێمە هەڵبژاردن هەیە، زانکۆی زۆر هەیە و هەوڵیش بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەیە، دەسەڵاتی دادوەریمان جیاکردۆتەوە لە حکومەت، خۆشبەختانە ئێمە ئەو پڕۆژەیەی کە باست کرد ئەو پڕۆژەیەی کە کراوە رای گشتی و رێککەوتنێکی گشتیمان هەیە رێکین لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگەکەمان بەرین بەرەو دەوڵەتێکی مۆدێرن و موئەسەساتی، تارادەیەك پڕۆسەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانمان ئەنجامداوە، دەسەڵاتی دادوەریمان تارادەیەك جیاکردۆتەوە بەعەمەلیش کردوومانە، بەڵام پێویستمان بە هەندێك میکانیزم هەیە دابنێین بۆ نموونە دادگای تەمیز، کە زەمانەتی ئەوە دابنێین خەڵکی بێلایەن بچێتە ناویەوە ، دەستوور هەبێت پێش هەموو شتێك، سێیەمش زۆر گرنگە ئەوەی کە باسمانکرد مەسەلەی عەدالەت و موشارەکەی سیاسی و کە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو کەس هەبێت.

ئەوکاتە خەڵك هەست بەهاووڵاتی بوون دەکات کە زانیمان دەرفەتەکان یەکسان دەبن، دەبێت هەنگاو بۆ ئەمانە بنێین بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێت هەنگاو بکەین بە پلان، کەئێمە پلانێکمان دانا رێککەوتنێکی گشتی سیاسیمان هەبوو لەسەری، دەکرێت ئێمە لەماوەیەکی دیاریکراودا دەست بکەین بە دامەزراندنی ئەم موئەسەساتانە بەرەچاوکردنی ئەو بنەما یاساییانە، هەروەها لەو حاڵەتانە نابێت کەلتوور و کۆمەڵگەکەشمان لە ١٠٠٪ بسڕینەوە، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین ئەگەر ئیرادەیەکمان هەبێت و لەسەر ئەمە رێککەوین لەوانەیە لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا ئێمە بتوانین

کۆمەڵگەیەکی وا پێك بهێنین کە پێی بوترێت کۆمەڵگەیەکی لە ٪۱۰۰ خاوەنی موئەسەساتی حکومی .

بۆنموونە هـەمـوومـان کـە باسی سـەرۆکـی هەرێم دەکەین یەکسەر وادەزانـن باسی کاك مەسعود دەکەین، یان مەبەستمان لە پارتییە، لەکاتێکدا سەرۆکایەتی هەرێم دامەزراوەیەکی یاسایی ئەم وڵاتەیە دەکرێت هەر پارتیش نەبێت کەسێکی تر بێت ، یەکێك لە کێشەکانی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەڵێت بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم قابیلی تانەلێدان نییە کە ئەمە یەکێکە لە کێشەکان و پێچەوانەیە لەگەڵ مافی مرۆڤدا، بۆچی بڕیاری سەرۆکی هەرێم قابیلی تانەلێدان نەبێت !؟

نوێبوون "لەکۆتاییدا ، زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان و بۆ دەستەی پارێزەرانی داکۆکی لەسەروەریی یاسا

هەواڵنامەی کتێب

دەتوانن لە ڕێی ماڵپەڕی مەڵبەندەوە
ژمارەکانی تری گۆڤاری نوێبوونتان دەست بکەوێت

www.pukm1.com

هەوارنامەی کتێب



دیدارێك لەگەڵ د.یوسف سەلامە

# دەربارەی جیهانگیریی و کۆمەڵگای سیاسی و شوناس و وەزیفەی فەلسەفە

لە عەرەبییەوە / محەمەد کەساس

*جیهانگیریی ڕووداوێکی بابەتیانەیە ، پێویستە وا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە بەخشەرێکی ڕاستەقینەیە ، ماوەکان نزیك دەکاتەوە و کات کورت دەکاتەوە وجیهانیش یەکدەخات .

* کۆمەڵگای سیاسی ، ئەو کۆمەڵگا دیموکراتیەیە کە تیایدا تاکەکانی هاوبەشن لە دیاریکردنی مافی چارەنووس .

* لەئەرکە گشتییەکانی فەلسەفە ( یاخیبوونی فەلسەفییە) لە وتە باوەکانی سەردەم .

* شوناس : شتێکی ئامادەکراو نییە کەسێك بتوانێت لەبازاڕ بیکڕێت .

## وتوویژێك لەگەڵ دکتۆر یوسف سەلامە :

**لەکۆڕێکدا بەناونیشانی (جیهانگیریی وتازەگەریی) کە چالاکیەکانی لە (هۆڵی شامییە)ی مۆزەخانەی نیشتیمانیی دیمەشق بەچاودێریی دکتۆر(محمود السید) و بەهاوکاری لەگەڵ پەیمانگای ڕۆشنبیریی (پرباتیس )ی ئیسپانی سازدرا کە ژمارەیەك لە لێکۆڵیاران وبیریارانی عەرەب و بیانی بەشداربوون وتیایدا ژمارەیەك بابەتی جۆراوجۆریان پێشکەشکرد .**

**لەنێوان ئەو لێکۆڵیارو بیریارانە (دکتۆر یوسف سەلامە) ی مامۆستای زانستی فەلسەفە لەزانکۆی دیمەشق بە بابەتی (بەها ئینسانی و گەردوونیەکان) بەشداربووە ، لەنزیکەوە ئەم وتوویژەی لەگەڵدا سازدراوە :**

سازدانی : نسرین مخلوف

**نسرين مخلوف** / جیهانگیریی دەستەواژەیەکی سەرمایەدارییە لەگەڵ ئـارەزووی هەیمەنەو دەسەڵاتخوازیی یەکانگیردەبێت کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات ودەیەوێت لەمیانەی ئەوەوە وڵاتانی دەورووبەر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بۆ بەرژەوەندی ناوەندی بەهێزی ئیستیعمار ... بەبڕوای تۆ عەرەب چۆن دەتوانێت سوود لەلایەنە ئیجابیەکانی ئەم قۆناغە وەربگرێت ( ئەگەر هەبێت ) و هاوکات چۆن پارێزگاری لە سەربەخۆیی وئازادی خۆشیان بکەن ؟

**د . يوسف سەلامە** / جیهانگیریی ڕووداوێکی بابەتیانەیە ( ئەمە گومانی تێدا نییە)، کارێکی گاڵتەجارییە نکولیی لەشتێکی واقیعی وبابەتیی بکەین ... لێرەوە دەبێت وا مامەڵە لەگەڵ جیهانگیریی بکرێت کە بەخشەرێکی ڕاستەقینەیە بۆ کاری سەربەخۆو ئازاد نەك نکولیی لێبکرێت و سەرکۆنە بکرێت .

هەموو دیاردەیەك دوو دیوی هەیە باش وخراپ ( پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ ) ، لە سیفەتەکانی جیهانگیریش : ماوەکان نزیکتر دەکاتەوە ، کات کورت دەکاتەوە وهەموو جیهانیش دەکات بەیەك جیهان ، هەروەکو دەڵێن دەیکاتە ( گوندێکی گەردوونیی) ئەمە ڕاستە ، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێمەی عەرەب هێشتا ئامادەنین پێشوازی لەو قۆناغە قورسەی بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی بکەین ، لێرەوە کێشەکانمان لەگەڵ جیهانگیریدا سەرهەڵدەدەن کە لە ڕاستیدا کێشەکان لەگەڵ خودی خۆماندایە نەك لەگەڵ جیهانگیریدا ، لەبەر ئەوەی پێش جیهانگیریی کێشەمان لەگەڵ جەنگی سارد هەبوو ، پێش جەنگی ساردیش لەگەڵ کێشەی مەسەلەی فەلەستین ئاوێتەبووین ، دوای ئەوەی جیهان بەرەوپێش دەچێت و جیهانگیریی تێدەپەڕێنێت ( ئەگەر لەژیاندا ماینەوە ) ئەوا تێکەڵی دیاردەکە دەبین ، لەوانەیە لەگەڵ کێشەکانی شێوازێکی نوێی ژیانی دوای جیهانگیریدا ڕووبەڕووبینەوە ... بەشێوەیەکی سادە ئەوەی پێویستە لەسەر عەرەب ئەوەیە چاوبخشێننەوە بەوەی دەتوانن چی بکەن و چی نەکەن

!؟ ، خواستیان لەچییە و خواستیان لەچی نییە !؟ ، مەسەلەکە لەم خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە : (( ئێمە چارەسەری ئامادەمان دەوێت بەبێ ئەوەی قوربانیی بۆ بدەین)) کێشەکە لێرەدایە .

کاتێك عەرەب بڕیار دەدات قوربانیی پێویست پێشکەش بکات ( ئەو قوربانیانە بەتەنها قوربانیی ئابوریی وسیاسی وسۆزداریی نین ) بەڵکو قوربانییە لەسەر هەموو ئاستەکان ، پێویستە هەمووان بەشداری ئەو قوربانیدانە بکەن ، نەك قورسایی ئەو دۆخی جیهانگیرییە یان هەردیاردەیەکی دیکە بخرێتە ئەستۆی توێژێك لە توێژەکانی کۆمەڵگاو ئەوانی دیکە لێی دەرچن وهیچ ئەرکێك نەخەنە سەرشانیان ، ئەوکاتە دەتوانین لەو قەیرانە دەربازبین وچارەسەری گونجاودەستنیشان بکەین وبەشێوەیەکی ئیجابی خۆمان بگونجێنین وڕێگایەکی لەباربدۆزینەوە کەبتوانین لەو ڕێگەیەوە ببینە بەشێکی کارا لە جیهانگیریی .

**نسرین مخلوف** / دکتۆر سەلامە ، تۆ یەکێکیت لەو بیریارە عەرەبانەی لەسەر بورجی عاج دانەنیشتوون ، بەڵکو هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوویت ودەبیت کە چارەسەر بۆ کێشەکانمان بدۆزیتەوە بەدەر لە خۆبەگەورە زانین و دوورکەوتنەوە لە واقیع ، هەربۆیە دەتبینین بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایت پەیوەندییەکی جەدەلیی لەنیوان فیکرو واقیع و دیدگای عەقلانی و مومارەسەدا بخوڵقێنیت .

**دکتۆر یوسف سەلامە** / بەڵێ ، من لەوکەسانەم کەبڕوایان وایە فیکرو فەلسەفە وەزیفەیان هەیە، ئەم وەزیفەیە لەناو خودی فیکردانییە ، بەڵکو پێویستە فیکر بێتە دەرەوەی خودی خۆی و لەسەر زەمینەی واقیع وسروشت وژینگە مومارەسە بکرێت ، بێتە ناوپانتایی ڕۆشنبیریی ویانە ڕۆشنبیرییەکان ، بەکورتییەکەی بەرەو کۆمەڵگا ... لەو ڕوانگەیەوە من لەزۆربەی ڕەوتەکاندا بەشداریم کردووە ، ئەو ڕەوتانەی زۆربەی هەوڵەکانیان بۆ تێڕامان لە مانای چاکسازیی تەرخانکردووە و لەنیشانەکانیشیان ئەوە ئاشکراکراوە ، ئیدی چاکسازیی سیاسی بێت یان چاکسازیی ئابوریی یان چاکسازیی



کتێبی هەوالنامە

کۆمەڵایەتی ... هەموو ئینسانێك واهەست دەکات کە فەلسەفە یان فیکر پەیامەکەی دەگەیەنێت ، ئەگەر تەنها فیکرێکی دابڕاوبوو ، لەم حاڵەتەدا فیکرێکی ڕووکەشی بۆش دەخاتەڕوو ، فیکر پێویستە ناوەڕۆکی هەبێت ، ئەم ناوەڕۆکەش بەرجەستە نابێت تەنها لەڕێی ئەزموون وممارەسەوە نەبێت ، لێرەوە دەڵێین فیکرەکانمان توانای ئەوەیان هەیە بگەنە قوڵایی واقیع ، واتە توانای ئەوەیان هەیە واقیع لەبەریەك هەڵوەشێنن وگۆڕانکاریی تێدا بکەن بەوەی ئەو ژێرخانە تەقلیدییە هەڵوەشێنن کە واقیع بینای خۆی لەسەر داڕشتووە ، ئەو کاتە ئەو فیکرەیە ڕەسەن وجێگەی مشتومڕە .

لەم پێودانگەوە ، من بڕوام وایە هەروەها هەندێك لەهاوڕێکانیشم بەتایبەتی ئەوانەی کە هاوشێوەی هەمان بەرنامە پیادە دەکەن ، هەموومان لەهەوڵی ئەوەداین ببینە بەشێك لە جوڵەو بزووتنەوەی واقیع و لەڕێی فیکرەکانمانەوە ڕووبەڕووبینەوە، فیکرەکانمان بگونجێنین لەگەڵ واقیع ئەوەندەی واقیع لەگەڵ فیکرەکانمان دەگونجێت، لەم پرۆسەیەدا ئێمە سازش لەسەر فیکرەکانمان ناکەین ئەگەر زانیمان فیکرەکانمان ڕاستن ، لەسەر خودی واقیعیش پێویستە بگاتە ئاستی ڕاستی ... کەواتە خۆگونجاندن لەحاڵەتێك لەحاڵەتەکاندا مانای قبوڵکردنی واقیعە وەك ئەوەی هەیە، ئەگەرنا ئەوا دەبینە بڕیارێکی سلبی و واقیع دەکەینە باڵادەست بەسەر فیکرو بەسەر کۆمەڵگاشەوە ... ئەوەی پێویستە دەبێت فیکر پێوەر بێت بۆ پێوانی جوڵەو بزووتنەوەی واقیع وئەو ئاستەی پێی دەگات وئەو دوورییەی دەیبڕێت لەهاوشانبوونی لەگەڵ ڕاستیی فیکرو پەیوەندییە جەدەلییەکاندا ، کەواتە ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە سازش لەسەر ڕاستی بکەین لەپێناوی ئەوەی لەگەڵ واقیع دا بگونجێین ، بەڵکو لەشێوە سادەکەیدا مانای ئەوەیە گوشاربخەینە سەر واقیع لەپێناوی ئەوەی بیگەیەنینە ئاستی فیکرەی ڕاستەقینە ، ئەم بۆچوونەیە ڕابەرایەتی کارو ممارەسەی من دەکات لە ژیانی ڕۆژانەم دا نەتەنیا لە بواری فیکریدا بەتەنها .

**نسرین مخلوف** / دەڵێن ناوەڕۆك یان کرۆکی فەلسەفە لەبنەڕەتدا لەسەر هوشیاریی سەردەم و هوشیارییەکی عەقلانی وەستاوە ، تۆ واقیعی فەلسەفەی عەرەبی لەم قۆناغەی ئێستادا چۆن دەبینیت ؟ ئەو ڕۆڵ وئەرکە چییە دەکەوێتە ئەستۆی فەیلەسوفی عەرەبی ؟

**دکتۆر یوسف سەلامە** / بێگومان قسەکەی تۆ ڕاستە ، هەر کارو ڕاسپاردەیەکی فەلسەفە کە هوشیارییەکی عەقلانی و لۆژیکیی بخاتەڕوو پێویستە سەردەم بەزمانێکی لۆژیکیی وفەلسەفی دارێژێتەوە لەڕێی چەندین بۆچوونی بەرنامە بۆدارێژراوی سنووردارەوە ، بێگومان ئەمە یەکێکە لە کارو ڕاسپاردەکانی فەلسەفە، بەڵام کارێکی دیکەی فەلسەفە یاخیبوونە لە لۆژیکی سەردەم ، لە وتەو وتەزا باوەکانی سەردەم ، لێرەدا پێویستە ئەو یاخیبوونە یاخیبوونێکی فەلسەفی بێت نەك بەتەنها یاخیبوونی سیاسی ، یاخیبوونی سیاسی داواکراو ، یاخیبوونی کۆمەڵایەتی داواکراو ، بەڵام پێویستە لەسەر بنەمای تۆکمەبوونی فەلسەفی دارێژرابێت و پشت بە دیدگای فەلسەفی بۆ جیهان ببەستێت ، دیدگایەکی نوێ بەجۆرێك دیدگای پێشوو تێپەڕێنێت کە یاخیبوونی لەدژ ئەنجام دەدرێت ، ئیدی نازانم لەبەختی فەلسەفەیە یان لەبەدبەختی فەلسەفە دیدگای نوێ لەدیدگای کۆن جودا نابێتەوە ، دیدگای نوێ هەمیشە لەهەناوی دیدگای کۆنەوە دێتەدەرەوە بۆ ئەوەی شتێکی نوێمان بۆ دابڕێژێتوپێشکەشمان بکات .

بەڵام دەربارەی بارودۆخی فەلسەفەی عەرەبی وفەیلەسوفی عەرەبی، لەڕاستیدا ئێمە زۆر بەهێواشی هەنگاو بەرەو دنیای فەلسەفە دەنێین ، ئێمە زیاتر مومارەسەی چالاکیە فەلسەفیەکان دەکەین وەك لەوەی خاوەنی دیدگایەکی فەلسەفی یەککگرتووبین بۆ جیهان ، هێشتا خەبات دەکەین بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی فەلسەفی و بوون بەخاوەنی دیدگایەکی بەرنامەدارو عەقلانی کە فەیلەسوفی عەرەبی بەگشتیو ڕۆشنبیری عەرەبی بەتایبەتی پێ بناسرێتەوە ، لەگەڵ ئەوەش دا لەوماوەیەی

دواییداو لەڕوانگەی ئەو شیکردنەوانەی هاوڕێکانم خستویانەتەڕوو بەتایبەتی ئەوانەی گرنگیی بە فەلسەفە دەدەن تێبینی ئەوەم کردووە کە لانی کەم هەندێکمان بەم ئاراستەیە هەنگاو دەنێین ، هەنگاوبەرەو جۆرێك لە سەربەخۆبوونی فەلسەفی بۆ ئەوەی بنەمایەك داڕێژن تاکو نەوەکانی داهاتوو سیستمێکی فەلسەفی لەسەر بنیات بنێن و لە ژینگەی عەرەبیەوە هەڵقوڵابێت ، ناڵێم تایبەتمەندێتی ... لەدواجاردا فەلسەفە چالاکیەکی بەکۆمەڵ و بیرکردنەوەیەکی عەقڵانیە ، پابەند نییە بە سروشتی کات و شوێنەوە، ئەمە پەیوەستبوونی ئەو بەسەردەمەوە شرۆڤە دەکات، لەبەرئەوەی پەیوەستە بەسەردەمەوە مانای وایە پەیوەستە بە کات وبەمێژووەوە، لەبەرئەوەی پەیوەستە بە مێژووەوە مانای وایە لەشوێنەوە سەرهەڵدەدات و لەژینگەیەکی دیاریکراویشەوە سەرهەڵدەدات ، دواجار ژینگەی فەیلەسوف بریتییە لە (کات و شوێن ) ، هەرئەمەش بنەمایەکە هەمیشە لە ڕەوتی فەلسەفاندن بەدەردەکەوێتو لەڕەوتی فەلسەفیدا هەستی پێدەکرێت ، من لێرەوە دەگەڕێمەوە ودەڵێم هەندێك لەوانەی لەبواری فەلسەفەدا کاردەکەن خەبات دەکەن وتێدەکۆشن لەپێناوی گرێدانی بیرکردنەوەی فەلسەفی عەرەبی بەهەندێك لەو وتارو بیروبۆچوون وبیرکردنەوانەی هاوشێوەن ... جائەگەر لەئایندەدا گەشەی کردو بەرەوپێشچوو و نەوەکانی داهاتوو پشتیان پێبەست ئەوا دیدگایەکی فەلسەفی سەربەخۆمان بۆ بنیات دەنرێت .

لەگەڵ ئەوەش دا ، ئەم چالاکی فەلسەفی عەرەبییە ( ئەگەر دەربڕینەکە لەباربێت ) ، لە هاوشانی سەردەم دا ڕێبکات و پابەندبێت بەسەردەمەوە ، نەتەنها لەپەراوێزدا بێت بەڵکو سەردەم بەشێوەیەکی عەقڵانی دابڕێژێتەوە هەروەکو ئەوەی ئێستا لە چالاکیە فەلسەفیە بنەڕەتیەکەدا هەیە ، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەسوریادا لانی کەم هەندێك کەس و هەندێك لە مامۆستایانی فەلسەفەو ئەوانەش کە گرنگی بە فەلسەفە دەدەن هەموو هەوڵێکیان بۆ داڕشتنەوەی ئەو وتەو وتەزایانە تەرخانکردووە کە ئەگەری ئەوەی هەیە لەئایندەدا بۆچوون ودیدگای فەلسەفی یان سیستمێکی فەلسەفی و جیهانبینی لەسەر بنیات بنرێت ، ئەوەش دەکرێت لەم سەردەمەوە

سەرهەڵبدات کە ئێمەی تێدا دەژین .

**نسرین مخلوف** / تێبینی ئەوە دەکەین تۆ لە نووسینەکانت ولەکتێبەکانتا ئارەزوو دەکەیت یان خواستی ئەوەت هەیە بەکورتی وچڕوپڕیی لەگەڵ خوێنەرانتا بدوێیت ، ئەمەش وایکردووە کە خوێندنەوەی دەقە فەلسەفیەکانت قورس بن وتەنها بۆ ئەوانەنەبێت کە تایبەتن بەبوارەکە ، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ کاریگەریی فەلسەفەی خۆرئاوات لەسەرە ؟ لەسەروو هەموویانەوە ( هیگڵ ) ؟ یان وەزیفەی فەلسەفە وایە کە بەو شێوەیە بێت ؟ .

**دکتۆر یوسف سەلامە** / هەموو فەلسەفەیەك دوو شێوەی هەیە ، شێوەی فەلسەفی بەرنامەدار و ڕێکخراو کە بە کورتی وچڕوپڕیی دەنووسرێت ، ئەمە لەوانەیە بۆ فەیلەسوفەکان ئاراستەبکرێت و تایبەت بێت بە وتووێژی نێوان فەیلەسوفەکان، بەڵێ ئەم شێوەیەیان لەو کتێبانەی مندا هەیە کە بڵاوم کردوونەتەوە ، من لەمەدا پێش هەموو مێژووی فەلسەفە کەوتووم ، هەتا ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ دەقە فەلسەفیە عەرەبیە باوەکان لای ( ئیبن ڕوشد ) یان ( فارابی ) ، بۆت دەردەکەوێت کە ئەوانیش بەکورتی وچڕوپڕیی نووسراون ... بەڵام جۆرێکی ئاسان وسادەی فەلسەفەش هەیە ڕێم پێ بدە ناوی بنێم ( ڕەمەکی / شەعبی ) ، ئەم شێوە ڕەمەکییەیە کە ئێمە هەوڵدەدەین لەڕێیەوە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بیروبۆچوونەکانمان بخەینەڕوو، چونکە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەرگەی ئەو شێوە دەربڕینە چڕوپڕە لەفەلسەفە ناگرن ، لەبەرئەوەی ئاراستەی پانتاییەکی فراوان لەجەماوەر دەکرێن ، لەبەر ئەمەیە قسەکەی تۆ ڕاستە بەرامبەر ئەو کتێبانەی من بڵاومکردوونەتەوە ، بەڵام بەسەر ئەو وتارانەدا ناچەسپێت کە لە ڕۆژنامەو هۆکارەکانی دیکەی ڕاگەیاندن دا بڵاویان دەکەمەوە و هەروەها بەسەر ئەو وتووێژانەش دا ناچەسپێت کە لە ڕێی ڕادیۆو تەلەفزیۆنە عەرەبیەکانەوە پێشکەشیان دەکەم .

هەڵاڵەی کتێب

**نسرین مخلوف** / لەبەر ئەوە ئەم پرسیارەم ئاراستەکردیت ، چونکە زۆربەی خوێنەران کتێبەکەی تۆ ( ئیسلام وبیرکردنەوەی تۆباوی ) بەوە تاوانبار دەکەن کە دەقێکی زۆرقورسە ؟ ئایا وەڵامی تۆ چییە ؟ .

**دکتۆر یوسف سەلامە** / وای دادەنێم ئەمە لەڕوانگەی پیاهەڵدانەوەیە کە بە دەقێکی من دەوترێت ( دەقی فەلسەفی) ، بەڵام بیروبۆچوونی من لە کتێبی ( ئیسلام وبیرکردنەوەی تۆباوی ) ، یان لە ( لۆژیك)دا لەلای ( ئیدمۆند هسرل)، یان لە ( تیۆری دامالّین)لەلای ( هیگڵ ) و لە زۆرێك لەو وتارە پوختانەدا هەیە کە زۆرجاران بەشێوەیەکی سادەو ئاسان و بەشێوەی ( نیوە ڕەمەکی ) نووسیومن بۆ زۆرترین خوێنەر لەوانەی تەنها خوێنەری ئاساین ، کاتێك دەڵێم ( هەڕەمەکی ) ، ئەمە نەپیاهەڵدانەو نە سەرزەنشت ، بەڵکو مەبەستم ئاسانکردن و سادەکردنەوەی ئەو نووسراوانەیە بۆ ئەوانەی خوێنەری ئاساین وتایبەتمەند نین .

**نسرین مخلوف** / لە وتووێژێکدا کە پێشتر لەگەڵتا کراوە دەڵێیت ، گومانی تێدانییە جیاوازی وپەیوەندییەکی دژوارهەیە لەنێوان (فەیلەسوفی عەرەبی ) و (سیاسی عەرەبی ) ، ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزو دژوارە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە بەڕای تۆ ؟ .

**دکتۆر یوسف سەلامە** / بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی ودژواری وئاڵۆزیی لە نێوان ڕۆشنبیراندا هەیە ، هەروەها لەنێوان سیاسیەکان و لەنێوان فەیلەسوفەکانیش دا بەتایبەتی ... بەڕای من ئەم جیاوازی ودژواری و ئاڵۆزییەی نێوانیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە فەیلەسوف بڕوای وایە هیچ دەروازەیەك نییە بۆ کۆمەڵگا تاکو ببێتە کۆمەڵگایەکی سیاسی ، مانای (کۆمەڵگای سیاسی ) ئەوەیە ئەو کۆمەڵگایە ببێتە (کۆمەڵگایەکی دیموکراتی) کەتیایدا هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە هەموو مافێکیان هەبێت و بەشداربن لە وەرگرتنی بڕیارە سەرەکی و بنەڕەتیەکان



هەواڵنامەی کتێب

کەچارەنووسی کۆمەڵگا بۆ زەمەنێکی دوورو درێژ دیاری دەکات ، دواجار ئەگەر کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی سیاسی بوو مانای وایە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لەچوارچێوەی ( دەوڵەت) دا دەژین ، کەواتە هیچ فەیلەسوفێك ناتوانێت وێنای ( دەوڵەت) بکات تەنها بەوە نەبێت کە بەرهەمی ئیرادەی گشتییە ، ئیرادەی گشتیش تەنها لەرێی بەشداری سیاسی هاووڵاتیان بەگشتی دێتەدی .

دەسەڵاتداری عەرەبی دەسەڵاتدارێکی ستەمکارە ، هیچ جۆرە بەشداریکردنێکی سیاسی هاووڵاتیان قبوڵ ناکات ، بەڵام جۆری دیکەیان قبوڵ دەکات ، لەوانەیە وەکو راوێژکار یان ئەندامی حزبی دەسەڵاتدار قبوڵیان بکات ، دەسەڵاتداری عەرەبی قبوڵی نییە کە خەڵك وەکو هاووڵاتی مافی ئەوەیان هەبێت بەشداربن لە دارشتنەوەی ژیانی سیاسی و ئابوری وکۆمەلایەتی و وەرگرتنی گرنترین ئەو بریارانەی پەیوەندیان بە ئایندەی ژیانەوە هەیە ، ئەمەیە کێشەکە ولێرەوە ئەو جیاوازی وئاڵۆزی ودژوارییە سەرهەڵدەدات .

فەیلەسوف ناتوانێت وێنای خودی خۆی بکات لەدەرەوەی کۆمەڵگای سیاسی، هاوکات دەسەڵاتداری عەرەبیش لەبنەرەتەوە ناتوانێت وێنای فیکرەی کۆمەڵگای سیاسی بکات ، ئەو فەرمانرەوایی دەکات وادەزانێت ( تاك ) ێکە ، واهەست دەکات هەموو راستیەکان دەزانێت، وا هەست دەکات هەموو کاروبارەکان لە یەك دەستدا کۆبوونەتەوە ... مادام وایە کەواتە شتێکی سەیروسەمەرەیە ئەو رۆشنبیرانە لایەنێك بن یان بەشێك بن لەم پرۆسە سیاسییە ، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتداری عەرەبی بروای وایە بەشداریکردنێکی لەو جۆرە گێرەشێوێنی دەخاتە ناو بینای دەسەڵاتیەوە کە ماوەیەکی زۆری ویستووە تاکو دەسەڵاتیان بەم شێوەیەی ئێستا بنیاتناوە تاکو بەو شێوەیەی خۆیان ویستوویانە پیادەی بکەن .

**نسرین مخلوف** / لەقسەکانتا شوناسی عەرەبی باو بە کۆن ولاواز پێناسە دەکەیت ... ئایا هیچ ڕێگایەك شك دەبەیت بۆ دروستکردن وبنیاتنانی شوناسێکی نوێ وفیکرێکی عەرەبی نوێ ؟ .

**دکتۆر یوسف سەلامە** / من لەو کەسانە نیم کە بەپەرۆشن بۆ شوناسێکی داخـراو و لاواز ولەناو وەهمێکدا نغرۆدەبن پێی دەوترێت (تایبەتمەندێتی / الخصوصیە) ، کەپێویستە نەتەوە شوناسی هەبێت ، ئەمەش مانای وایە چەندین تایبەتمەندێتی هەیە، بەڵام دەبێت ئەم تایبەتمەندیانە جێگیرو کۆتا بن ئەمەش وەهمو خەیاڵ وجۆرێکە لە ئەفسانە و دەتوانێت نەتەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵێك وەهم و خەیاڵی ئەفسانەئامێزدا قەتیس بکات ، لێرەوە دەڵێم شوناسی عەرەبی کۆن ولاوازە و تائێستاش سوورم لەسەر ڕای خۆم چونکە ئەم شوناسە هەموو کرۆك و ماهیەتی خۆی لە ڕابوردووەوە هەڵدەهێنجێت ، دواجار ئەم شوناسە بەجۆرێك لەجۆرەکان کۆمەڵگا بەرەو ئوسولیەت دەبات لەبوارە جیاوازەکاندا .

لەهەموو حاڵەتەکاندا دەپرسین : چ کاتێك شوناس دەبێتە شوناسێکی ڕاستەقینە ؟ ئەو کاتەی خاوەنەکەی نغرۆ دەبێت یان ڕۆدەچێت لە پرۆسەیەکدا کەلە چرکە هەستیارەکاندا تۆکمەتری دەکات بەجۆرێك وای لێدەکات بەرووی ئاییندەدا کراوەبێت، یان شوناسی عەرەبی قەتیس دەمێنێ لە چوارچێوەی ڕابـوردوودا ، لە نەریتە باوەکاندا ، لە زمان وعاداتەکاندا ، لەو بنەما هاوبەشانەی چەندین ساڵە سەریانهەڵداوە ... ئەمانە وا لەشوناس دەکەن شوناسێکی هەژار بێت شوناسێکی ڕووتەن و وشك بێت ، وای لێدەکات شوناسێکی زیاتر ڕواڵەتیی بێت وەك لەوەی شوناسێکی خاوەن ناوەڕۆکێکی زیندوو بێت .

لێرەوە ، پەرۆشیی من بۆ ئەوەی کە عەرەب ببێتە نەتەوەیەکی سەردەمیانە، نەك نەتەوەیەکی پابەند بەڕابوردوو ، ئەوەیە وام لێدەکات ڕەخنە لەو شوناسە بگرم



هەواڵنامەی کتێب

که لەپاڵ رابوردوودا خۆی مەڵاس داوە ، ئەوەی پێویستە کرانەوەیە بە ڕووی ئایندەو بەرهەمهێناندا ... لەمەش دا نابێت بوەستین وکۆڵ بدەین لە بەرهەمهێنانی شوناس دا ، بەرهەمهێنانی شوناس یەکجار نییە وئیتر کۆتایی بێت و ناشبێت بە شتی تر بەڵکو هەربە ( شوناس ) ی دەمێنێتەوە ، هەروەکو بڵێی ( کورسی هەرکورسییە ) و نابێت بە ( مێز ) ... کورسی جگە لە کورسی نابێت بە هیچ شتێکی دیکە ، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە کەسێك بیەوێت ماهیەت وبوونی ئەو لە ڕووکاری دەرەوەیدا بگۆڕێت ، یان لەسەر داوا و بەزۆر ماهیەت و بوونی ئەو بگۆڕرێت بە شێوازێکی نوێ ، بەڵام نەتەوە ... لەگەڵ ئەوەی شتێك نییە لە مەحاڵەوە هاتبێتە بوون ، بەجۆرێك لە جۆرەکان هاوتای تەواوە لەگەڵ خودی خۆیدا ، ئەوانەی گۆرانی بە باڵای ( شوناسی عەرەبی ) دا دەڵێن ، گۆرانی بە باڵای شتێکی داخراو و شکاوە بەسەرخۆیدا دەڵێن ، گۆرانی بەباڵای شتێکدا دەڵێن کە سەربە ڕابوردووە ، گۆرانی بەباڵای شتێکدا دەڵێن کە نەتەوە وا لێدەکات لە شتی ( بێ گیان ) ەوە نزیك بێت وەك لەوەی پێکهاتەیەکی زیندوو و کراوەبێت بە ڕووی ئێستاو ئایندەدا .

لەبەر ئەوە من لەو کەسانەم کە بانگهێشتی بەرهەمهێنانی شوناس دەکەم، بەرهەمهێنانێکی نوێ بۆ شوناسێکی نوێ ، لەجیاتی ئەوەی وەك شتێکی تەواو وئامادەکراو لەشوناس بڕوانین و هەموو کەس بتوانێت بچێت بۆ بازاڕ و بیکڕێت ... شوناس لە بازاڕ نییە بۆ کڕین وفرۆشتن .

نەتەوە هەیە و دەتوانێت شوناس بەرهەم بهێنێت کەلەگەڵ ڕۆحی سەردەم دا چوون یەك بێت ، جا ئەگەر نەتەوە مکوم بێت لەسەر ئەوەی لەشوناسێکی کۆندا ڕۆبچێت ، پێویستە بزانێت لە نزیکترین کاتدا شوێنی خۆی لەلاپەڕەکانی مێژووی زیندوودا چۆڵ دەکات بۆ ئەوەی مێژوونووسان لاپەڕەیەکی لەمێژووی مردوودا بۆ بکەنەوە .

**نسرين مخلوف** / لەبەرئەوەی فەلسەفە كورتەی فیكری بەشەریەتە و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە حاڵەتی تەواوی و بێ عەیبی وبێ خەوشی ، كەواتە هۆكاری شكستی فەلسەفەی عەرەبی چییە لە گەیشتن بەم ئەنجامە ؟ تەنانەت بۆ بەشێكی ئەم ئەنجامەش ؟ .

**دكتۆر یوسف سەلامە** / فەیلەسوف پـرۆژە كۆمەڵایەتی وئەخلاقی و سیاسیەكان پێشكەش بە كۆمەڵگا دەكات ، بەڵام ئەو خودی خۆی ئەو پرۆژانە بە ئەنجام ناگەیەنێت، لەبەر ئەوە فەیلەسوف وێنای كۆمەڵگا دەكات بەوەی كۆمەڵگایەكی سیاسییە ، كۆمەڵگای سیاسیش دەوڵەتە ... هاووڵاتیبوون ودیموكراتیەتیش ئەو دووشتەن كە پرۆژەكان جێبەجێ دەكەن یان شكست بە جێبەجێكردنیان دێنن ، ئیدی لێرەوە دەردەكەوێت كە ڕۆشنبیری عەرەبی و فەیلەسوفی عەرەبی كەمتەرخەمییان نەكردووە لە پێشكەشكردنی بیروبۆچوونەكان وپرۆژەكان ، هەمیشە پێشنیاریان خستووەتەڕوو ، هەمیشە بەرنامەیان خستووەتەڕوو ، بەڵام كێشەكە ئەوەیە ئەو بەرنامەو پێشنیارو دیدگایانەی بۆ كۆمەڵگاكان دەیانخەنەڕوو هێشتا نەگەیشتوونەتە كۆمەڵگا سیاسیەكان ، ئەمەش مانای وایە كاریگەریی فەیلەسوف ، یان كاریگەریی ڕۆشنبیر بەشێوەیەكی گشتی سنووردارە لە كۆمەڵگا ناسیاسییەكاندا ، لەبەرئەوەی كۆمەڵگای سیاسی بەسروشتی خۆی كۆمەڵگایەكی دیموكراتییە ، بەڵام كۆمەڵگای ناسیاسی كۆمەڵگایەكە ملكەچی زۆرداریی وسەركوتكارییە ، بڕیار تیایدا تاكلایەنەیە یان مەسەلەگرنگەكان لەیەك دەست یان چەند دەستێكدا كۆبوونەتەوە ، ئیدی لێرەوە هیچ ڕۆڵێك بۆ ژیریی ودانایی نامێنێتەوە تاوەكو فەیلەسوف بەرگریی لێبكات و قسەی لەبارەوە بكات .

**نسرین مخلوف** / فەلسەفە بە شیعر چوێنراوە .. ئەوە چۆنە ! ؟ .

**دکتۆر یوسف سەلامە** / فەلسەفە لەشیعر دەچێت لـەڕووی ئەوەی فەلسەفەو شیعر هەردووکیان بەدوای ( نەمریی ) دا دەگەڕێن ... بەوەی فەلسەفە گەڕانە بەدوای ڕاستی وحەقیقەتدا ، ئەوەش گەڕانە بەدوای نەمریدا ، لەبەرئەوەی حەقیقەت ( ئەگەر توانیمان پێی بگەین ) بێگومان دەبێت تایبەتمەندبێت بە نەمریی لە کاتێکیشدا ئەگەرگۆڕرا چونکە حەقیقەت بەتاك وتەنهایی دەمێنێتەوە ، وە لە حاڵەتی هەمەجۆریی وگۆڕرانی کاتیش دا هەروەها .

شیعریش هەروەها بەدوای نەمریی ومانەوە لە عاتیفەدا دەگەڕێت ... لێرەوە دەبینین شیعری مەزن ئەو شیعرەیە کات وشوێن تێپەڕێنێت وبەجۆرێك لەجۆرەکان دەست لەملانێی نەمریی بێت لەبەرئەوەی کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ دەقە یۆنانییە مەزنەکان بەنموونە ( گوێبیستی دەبین کاتێك دەیخوێنینەوە) ، ( گوێبیستی دەبین کاتێك لەسەرشانۆ نمایش دەکرێت )، تەواو وەکو ئەوە وایە ئەمڕۆ بیخوێنینەوە ، وەکو ئەوە وایە ئەمڕۆ نووسرابێت بۆ ئەمڕۆ ... لێرەدایە پەیوەندییەکانی نێوان فەلسەفەو شیعر ، هەردووکیان بەدوای نەمریی دا دەگەڕێن لە ناو گۆڕانکارییەکاندا .

هەواڵنامەی کتێب

# ديموكراسى و پارتەكان

- ديمەنەكانى ديموكراسيى كوردى و ئاسۆكانى ريفۆرم.
- كۆمەڵناسيى سياسى پارتەكان.
- دانوسان : چەمك و خاسييەتەكان.
- حزبە سەرەكييەكان چۆن بزووتنەوە نوێكان دەخەنە پەراوێزەوە؟

دەتوانن لە ڕێی ماڵپەڕی مەڵبەندەوە ژمارەکانی تر

گۆڤاری نوێبوون بخوێننەوە

www.pukm1.com



# دیمەنەکانی دیموکراسیی کوردی
# و ئاسۆکانی ریفۆرم

ئەکرەمی میهرداد

## دیمەنی یەکەم / ئایا دیموکراسی سەرمایەدارییە؟

لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٧٠ تیۆرێك بۆ دیموکراسی نوێ پەیدابوو کە بە(تیۆری ئینگلیزی–ئەمریکی دوای جەنگ) ناسراوە، ئەم تیۆرە دەیەوێت هەلومەرجی دیموکراسی نوێ لەو وڵاتانەدا بخاتە بەر رەخنەو لێکۆڵینەوە کەدیموکراسی تیایاندا وەکو باشترین سیستم ناسراوەو مێژووییەکی دێرینیشی هەیە، تیۆرمەندانی سەر بەم قوتابخانەیە بڕوایەکی دیکەشیان هەیە، کەئەویش ئەوەیە بەدەستهێنانی تیۆری و دیدگای نوێ بۆ دیموکراسی لەمەودوا کاری داڕێژەرانی سیاسەت و دەسەڵاتداری نییە، بەڵکو کاری روناکبیران و شارەزایان و پسپۆڕانی زانستی مرۆڤایەتییە.

تیۆرمەندانی (تیۆری پێداچوونەوەی دیموکراسی) هەروەکو خۆیان ئەو ناوەیان لەخۆ ناوە، بیروباوەڕی خۆیان بەباشترین و رۆشنترین شێوە لەم بەرهەمانەدا خستۆتەڕوو، (سەرمایەداریی، سۆسیالیزم و دیموکراسی) بەرهەمی (جۆزیف شۆمپیتەر) ساڵی ١٩٤٢، (پێش وتارێك بۆ تیۆری دیموکراسی) لەنووسینی رۆبەرت داڵ ساڵی ١٩٥٦، (مرۆڤی سیاسی ) نووسینی سیمۆر مارتین لیپست ساڵی ١٩٦٠، (دەربارەی تیۆری دادپەروەریی) جان راولز لەساڵی ١٩٧١و (جیهانی واقیعی دیموکراسی) بەرهەمی (سی. ب. ماکفرسۆن (لەساڵی ١٩٧٢، پرسە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە دەربارەی دیموکراسی و رەخنە لەدیموکراسی لەم تەوەرانەدا کورت و کۆدەبنەوە: بەشداریی سیاسی هاووڵاتیان لەدیموکراسیدا، پرسی رەوایی یان قەیرانی رەوایی، یەکسانی سیاسی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی، ماهیەتی نوێنەرایەتی دیموکراسی نوێ، یاخیبوونی مەدەنی و پرسی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان.[1]

بەڵام ئەو باسەی کە من دەمەوێت باسی بکەم و ناونیشانی (ئایا دیموکراسی

سەرمایەدارییە؟) لەتەوەری یەکسانی سیاسی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی ئەم تیۆرەدا جێگای دەبێتەوە.

## دیموکراسی سیاسی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی

مێژووی سەرهەڵدانی دیموکراسی و قۆناغەکانی دیموکراسی لەمێژوودا، بەبڕوای هەندێك لەبیرمەندان سەبارەت بەو پرسەی سەرەوە دەکرێت بەچوار قۆناغەوەو لەم قۆناغەدا پرسی یەکسانی سیاسی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی بەردەوام دروستکەری مێژووی دیموکراسی بووەو چارەنووسی دیموکراسیش هەر لەدەوری ئەم پرسەدا نەخشاوە، قۆناغەکانیش ئەمانەن: قۆناغی یەکەم، قۆناغی خەباتی هاوبەشی هێزەکانی دیموکراسی لەبەرامبەر دوژمنانی دیموکراسی، هێزەکانی دیموکراسی ئەمانەبوون (هێزو بکەری سیاسی کەدەوڵەتی مۆدێرن و نەتەوەییە، هێزی ئابووریی کەبازاڕی ئازادو خاوەندارێتی تایبەتییە، هێزی ماف و ئازادیی و دادپەروەریی و هێزی چوارەم ئەو هێزو بکەرانەن کەپێیان دەوترێت خودو بکەری ئازادو کاریگەر کە لەزەمینەو سەرچاوەی ماف و ئازادیی و دادپەروەریی و بەشداری سیاسییدا دروست دەبن یان ئەو هێزانەن کەدەیانەوێت ئەم ئامانجە بەدەستبهێنن، دوژمنانی دیموکراسیش ئەو هێزو دەسەڵاتانەن کەرێگرن لە هاتنەدی دەسەڵات و سیستمی دیموکراسی، وەکو هێزە کۆنەکانی فیۆدالی و دەسەڵاتی ئایینی لەرۆژئاواو دیکتاتۆرییو چەوسانەوەی سیاسی لەرۆژهەڵات. لەقۆناغی یەکەمدا هێزەکانی دیموکراسی (مەبەستم ئەو چوار هێزەیە کەناوم بردن) خەباتی هاوبەش و پێکەوەیی دەکەن بۆ هێنانەدی دیموکراسیو هەموویان پێکەوە لەسەنگەری ئازادیی و یەکسانی سیاسییدا دەیانەوێت لەدژی دوژمنانی ئازادیی و یەکسانی سەردەمی تازە بۆ (ئازادیی، یەکسانی، برایەتی) بەدیبێننوهەر بۆیەش دروشمی زۆربەی شۆڕشەکانی جیهان ئەم ئامانجانەی لەخۆگرتبوو.[٢]

لەدوای بەدیهێنانی دیموکراسی، یان ڕۆشنتر بڵێین لەدوای رووخانی دوژمنانی دیموکراسی قۆناغی دووەم دەست پێدەکات، کەقۆناغی دەسەڵات و ئیمتیازی دوو هێزو بکەری سیاسی و ئابوورییە کە لەمێژوودا پێی دەوترێ سەرمایەداری. لەم سەردەمەدا دەسەڵاتی سیاسەت (واتە دەوڵەتی مۆدێرن یان دەوڵەتی نیشتمان و نەتەوە) بەناوی دیموکراسی نوێنەرایەتییەوە کۆنترۆڵی دەسەڵات دەکات و زۆرترین کایەو بەرژەوەندیی دەسەڵات و سیاسەت لەدەستی خۆیدا کۆدەکاتەوە. سەردەمی دەسەڵاتی شاهانەی رەها لەئەوروپا نوێنەری ئەم سەردەمەن و دەسەڵاتی بەناو دیموکراسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوور لەساڵانی ١٩٧٠ هەتا ئێستا گەواهی ئەو سەردەمەن لەم وڵاتانەدا. بێگومان هێزی سیاسی و دەسەڵات بەبێ بەرژەوەندیی و توانای ئابووریی دارایی ناتوانێت هەژموونی خۆی بپارێزێت، کەزۆرجار ئەو هەژموونە دەگاتە ئاستی توندوتیژیی، بۆیە دەبێت هەردوو هێزی ئابووریی و سیاسی پێکەوە قۆناغەکە کۆنترۆڵ بکەن و دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆیان بپارێزن. بەرژەوەندیی هاوبەشی سیاسەت و ئابووریی بناغەی یەکەمی گەندەڵی سیاسی و ئابوورییەو هەموو سەرەتاکانی دیموکراسی و دەسەڵاتی مۆدێرن مێژوویەکی درێژیان لەو پرسەدا هەیە، لەم سەردەمەدا هەردوو هێزی ئابووریی و سیاسی دوو هێزو بکەرەکەی دیکە یان سەرکوت دەکەن یان پەراوێزی دەکەن یان هەر چۆنێك بێت رازی دەکەن و فریوی دەدەن، بەناوی بەرژەوەندیی گشتیی و ئازادیی سیاسی و حقوقییەوە.

## ئامانجی دیموکراسی

دەبێت ئەوە بڵێین کەئامانجی دیموکراسی سەرەڕای ئازادیی و یەکسانی سیاسی بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستەو بەکەرامەتە لەباری ئابووریی و بژێوی ژیان، هەر بۆیەش یەکەمینجار لەمێژوودا کەپرسی ژیان و ئابووریی دێتە ناو سیاسەتەوە لەبەرامبەرو لەدژی دەسەڵاتی ئابووریی هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان هاتە مەیدانەوە. ژیان و بەرژەوەندیی ئابووریی زۆربەی خەڵك واتە هەژاران لەسەرەتای

دیموکراسی و پێش دیموکراسیدا لەدژی کۆنترۆڵکردن و پاوانکردنی ژیان و بژێوی خەڵك بوو لەلایەن دەسەڵاتی بنەماڵە بەهێزەکان و دەسەڵاتی ئایینی کەشەرعیەتی ئایینی دەدا بەو دەسەڵاتە بنەماڵەییانە. بەمجۆرە چەمك و تێگەیشتنی (بازاڕو ئابووریی ئازاد) لەدژی پاوانکردنی ئابووریی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و بۆ ئازادکردنی ژیانی ئابووریی هاتەکایەوە، یان (خاوەندارێتی تایبەتی و تاکە کەسی) لەبەرامبەر خاوەندارێتی بنەماڵەو دەسەڵاتی ئایینی پەیدابوو، کەئەو کاتە تەواوی دارایی و ئابوورییان پاوان کردبوو. سەرەنجام لەسەرەتادا بازاڕو ئابووریی ئازادو خاوەندارێتی تایبەتی ناوەڕۆك و ماهیەتی دیموکراسییان هەیە،مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەروەکو چۆن دیموکراسی پەیامی یەکسانی سیاسیو مافدانی هەیە بۆ هەموومان، هەر بەو شێوەیە دەیەوێت ژیان و بژێوی ئابوورییش دیموکراتی بکات لەپاوانکردنەوە بیداتەوە بەهەمووان بنەمای یەکسانی لەدیموکراسی رۆسۆیی و کانتیدا بنەمای یەکسانی سیاسی و ئابوورییش دەگرێتەوە، کەپەیامی سەرەتاکانی دیموکراسییە.

**کەئامانجی دیموکراسی سەرەڕای ئازادی و یەکسانی سیاسی بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستەو بەکەرامەتە لەباری ئابووریی و بژێویی ژیان، هەر بۆیەش یەکەمینجار لەمێژوودا کەپرسی ژیان و ئابووریی دێتە ناو سیاسەتەوە لەبەرامبەرو لەدژی دەسەڵاتی ئابووریی هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان هاتنە مەیدانەوە**

لەبەرامبەر بەرژەوەندیی و پاوانکردن و دەسەڵاتی هەردوو هێزی سیاسەتو سەرمایەداریی، هێزەکانی دیکە واتە هێزەکانی (ماف و ئازادیی و

بەشداری و دادپەروەریی) دەست دەکەنە نارەزایی و خەبات بۆ بەهرەمەندبوونیان لەدەستکەوتو پاداشتەکانی دیموکراسی و مێژووی سەدەی نۆزدەو بیست لەئەوروپاو ئەمریکا مێژووی ئەم قۆناغەیە کەقۆناغی سێیەمە لەدیموکراسیدا.

قۆناغی سێیەم، سەردەمی خەباتی ئەو هێزانەیە کەدەیانەوێت لەدیدگای ژیانو گوزەرانی شایستە بۆ مرۆڤی سەردەم، لەڕوانگەی ئازادیی و کەرامەتی مرۆڤی سەردەم بۆ بەهرەمەندبوون لەهەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەبەرنامەو پلاتفۆرمی شۆڕشەکانی ئینگلیز، ئەمریکاو فەرەنسادا کرابووە دروشم و ئامانج و دواتر بە بەڵگەی جیهانی ماف و ئازادیی ناسراون. لەگەڵ خەباتی ئەو هێزانەی کەدەیانەوێت لانیکەمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دارایی دادپەروەرانە لەژیانی ڕۆژانەدا بۆ خەڵك بێت و سەرەنجام خەباتی هەموو ئەوانەیە لەگەڵ خەباتی هۆشیارانەی ئەوانەی کەدەیانەوێت بەشداربن لەچارەنووس و ئایندەی سیاسی مرۆڤایەتیدا، بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی کرێکاران، ژنان، لاوان، مافە مەدەنییەکان، بزووتنەوەی دژی جەنگ و چەکی کۆکوژی و بزاڤەکانی پاراستنی ئاشتی و ژینگە ئەو هێزو بکەرانەن کەتوانییان سەرەنجام هێزەکانی (کۆمەڵی مەدەنی) پێکبێنن و قۆناغی سێیەمی دیموکراسی دروست بکەن.

هەندێك لەبیرمەندان و ڕوناکبیرانی دیموکراسی بڕوایان وایە (بەتایبەتی ئالان تۆرین لەهەردوو کتێبـی ڕەخنە لەمۆدێرنیتی و دیموکراسی چییە؟) کەقۆناغی یەکەمی دیموکراسی لەباری تیۆری و فیکرییەوە قۆناغی جان جاك ڕۆسۆ هەتا ئیمانوێل کانت دەخایەنێ، قۆناغی دووەم قۆناغی بیرمەندو فەیلەسوف ئەڵمانی (هیگڵ)ەو ئەم بیرمەندە بـەردەوام لەبیرو شایستەی دەوڵەتی مۆدێرندا نووسین و بەرهەمی هەبووە، قۆناغی سێیەم سەردەمی مارکس هەتا نیچەو فرۆیدی خایاندووە، کەئەو سێ بیرمەندە لەڕوانگەی بەرژەوەندی و ئازادیی ئابووریی (مارکس)، و ئازادیی و کەرامەتی مرۆڤ (نیچە) و ماف و خۆشی ئیرۆسی و غەریزی (فرۆید) تەواوی ساڵانی ١٨٥٠ تا

١٩٥٠ یان کردۆتە سەردەمی خەبات و تێکۆشانی ئەو هێزانە لەبیروباوەڕەکانی خۆیان، ئەم سێ شەپۆلە فیکرییە سێ هێرشی تیۆری و میتۆدییە لەدژی دیموکراسی سیاسی خاوەن کۆنترۆڵ و ئابووریی ئازادیی درۆیینە یان بەشەپۆلەکانی رەخنە لەمۆدێرنیتی دەناسرێت.[٣]

قۆناغی چوارەم: ئەو سەردەمەیە کەهێزە دەسەڵاتدارەکانی سیاسی و ئابووریی بەشێوەی رەسمی و جیهانی بەرژەوەندیی و کاریگەریی هێزەکانی دیکەیان پەسەندکرد، پەسەندکردنی (راگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ) لەدوای جەنگی دووەم بەسەرەتای قۆناغی چوارەم دەناسرێت و دروستبوونی دەوڵەتی رەفا لەرۆژئاوا نیشانەی ئەو قۆناغەن کە هەر چوار هێزەکەی دیموکراسی توانییان لێك تێگەیشتنی هاوبەش و (سیاسی!) لەنێوان خۆیاندا بەدەستبهێنن و سەرەتای ئاشتی جیهانی بەرهەمبهێنن.

بەڵام قۆناغی چوارەمیش هێشتا نیشانەی دەسەڵات و پاوانکردنی جیهانو بەرژەوەندیی و بەهرەمەندییەکانی لەلایەن هەردوو هێزی سیاسەت و ئابووریی دەبینرێت، ئەگەرچی لەبەشێك لەجیهان (ئەورووپاو ئەمریکای باکوور) بەشێك لەبەرنامەو مانیفێستی دیموکراسی هاتوونەتە دی (پرسەکانی ماف و ئازادیی بەشداریی سیاسی، دادپەروەرییی کۆمەڵایەتی)، بەڵام هێشتا دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەو دوو هێزە چارەنووسی دیموکراسییان لەدەستدایە. لەپێناوی رەخنە لەو هەلومەرجە نوێیەی دیموکراسی (لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی) چەند قوتابخانەی فیکری و تیۆری پەیدابوون وێڕای قوتابخانەی ئینگلیزی –ئەمریکی قوتابخانەی فرانکفۆرت یان (فەلسەفەو تیۆری رەخنەیی) هەمان ئەرك و پەیامییان خستۆتە فیکرو فەلسەفەی خۆیانەوەو ئێستاش بیرمەندو فەیلەسوف ئەڵمانی (یورگن هابرماس) کەبەنوێنەری نەوەی دووەمی فرانکفۆرت دەناسرێت، هەمان دیدگاو تێڕوانینی هەیە.

## دیموکراسی سیاسی و پاوانکردنی ئابووریی

سەرئەنجام و لەئاکامی خەباتی هێزەکانی (ماف، ئازادیی، دادپەروەریی و بەشداریی سیاسی) دیموکراسی کرایە ئەو سەردەم و سیستمە کە ئازادیی سیاسی و حقوقی بۆ هەمووان فەراهەم دەکات، واتە دیموکراسی لەدەسەڵاتی سیاسی پاوانکراوەوە بوو بەئازادیی و دەسەڵاتی خەڵك بەشێوەی گشتیی. بەڵام هێشتا ئابووریی نەچۆتە زەمینەی دیموکراسییەوە، دیموکراسی هەر بەتەنها ئازادیی و یەکسانی سیاسی و یاسایی نییە، بەڵکو لەناوەرۆکدا لەپەیامی عەقڵانی و رۆشنگەرییدا ئازادیی و یەکسانی ئابوورییشە، تەواوی رێبازو بیروباوەرە سۆسیالیستیەکان لەپێناوی ئەوەدا پەیدابوون کەئازادیی سیاسی و یاسایی بەرەو ئازادیی و یەکسانی ئابوورییش بەرن، یان هەروەکو خۆیان دەڵێن دیموکراسی لەهەموو زەمینەکاندا (ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی) سۆسیالیستی بکرێت، واتە بکرێتە پرسێکی کۆمەڵایەتی گشتیی، ئەگەر دیموکراسی بەمانای دەسەڵاتی خەڵك یان خەڵك سالاری بێت، بێگومان دەبێت ئەم خەڵکی کردنە زەمینەکانی ئابووریی و سەرمایەداری بگرێتەوە.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەو بیست زۆربەیان لەزەمینەی ئازادیی و یەکسانی ئابوورییدا پەیدا بوون، گرنگی دیموکراسی لە زەمینەی ئازادیی و یەکسانی ئابوورییدا پەیدا بوو، گرنگی دیموکراسی بەمانای ئازادیی سیاسی و یاسایی لەوەدایە کەدەتوانێت ژینگەی یاسایی و سیاسی بۆ ئەم خەبات و تێکۆشانە پەیدا بکات. ئەگەرچی سەرمایەداری و دەسەڵاتە سیاسییەکەی دەیەوێت ئەو پرسە بکاتە پرسێکی ئەبەدی کەدیموکراسی لەزەمینەی ئابوورییدا هەر هەمان سەرمایەدارییەو ئەو راستییە بسەپێنێ کەدیموکراسی تائێستا ئەو سیستمەیە کە لەئەنجامی سەرمایەداریی و لەپێناوی سەرمایەداریدا هاتۆتەکایەوە ئەم رەوشەیان بۆ چۆتە سەرو زەین و فەرهەنگی زۆربەی خەڵکی جیهانیشیان بەوە راهێناوە کەدیموکراسی و سەرمایەداریی دوو چەمکی هەتا هەتایین. دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئابووریی سەرمایەداریی

دەیانەوێت.لەناو دیموكراسیدا دووبارە یان بۆ هەتا هەتایە سەرمایەداریی و هەلومەرجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی بەرهەمبهێننەوە[٤].

**دەسەڵاتی حەفتا ساڵەی كۆمۆنیزمی رووسی و دەسەڵاتی پەنجا ساڵەی دەوڵەتانی بەناو سۆسیالیستی سەر بەو كۆمۆنیزمە لەئاستی جیهانی و لەزەمینەكانی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا وایان لەخەڵكی جیهان گەیاند كەدیموكراسی هەر هەمان سەرمایەدارییەو ئەوانیش ئەم دەستكەوتە گەورەی مرۆڤایەتییان بۆ سەرمایەداریی بەجێهێشت و دیموكراسی بەتەنها زەلیل كرا لەبەر دەستی سەرمایەداریدا**

ئەو هۆكارانەی كەیارمەتیدەری ئەم فەرهەنگە سەپاوەن، دیارە لەئەنجامی دەسەڵاتی چەند سەدەی سەرمایەداریی بەسەر دیموكراسیدا، بەزۆری لەوەدایە كەبەشێكی زۆری رێبازو بیروباوەرە سۆسیالیستی و مرۆڤدۆستەكان بڕوایان وابوو كەدیموكراسی و سەرمایەداریی هەر یەكن و هەر بەو جۆرەش دیموكراسییان خستە ژێر رەحمەتی سەرمایەدارییەوە. چەمكی (دیكتاتۆریی پرۆلیتاریا) یان دیكتاتۆریی سۆسیالیستی، كە لەلایەن زۆربەی رێبازە كرێكاریی و سۆسیالیستیەكانەوە كرایە بەدیلو كاردانەوە بەرامبەر بەدیموكراسی لیبرالی لەم زەمینەدا زیانی گەورەی لەم پرسەدا، بەڵام یەكەمین كەس كەوتی دیموكراسی هەمان سەرمایەداری نییە (ئیدوارد برنشتاین) بوو كەتیۆرمەندو دامەزرێنەری سۆسیال دیموكراسی مۆدێرن بوو، بەبڕوای برنشتاین و خەباتی سۆسیال دیموكراتەكانی دوای ئەو لەئەوروپاو ئەمریكای باكوور توانییان هەلومەرجێك لەناو دیموكراسیدا دروست بكەن كەجێگای ژیان و بەرژەوەندیی كرێكاران و هەژارانیش بێتەوە یان هەروەكو خۆیان دەیانووت دیموكراسییان سۆسیالیستی كردو

بەرنامەو سیاسەتەکانی یاسای کارو دەوڵەتی رەفاو رێبازی سۆسیالی ئابووریی بۆ بێکاران و بەشداریی سیاسی و پیادەکردنی راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ئەو کەناڵ و رێبازانەن کە بۆ یەکەمینجار دیموکراسییان سۆسیالیستی کرد یان کۆمەڵایەتی کرد.(٥)

دەسەڵاتی حەفتا ساڵەی کۆمۆنیزمی رووسی و دەسەڵاتی پەنجا ساڵەی دەوڵەتانی بەناو سۆسیالیستی سەر بەو کۆمۆنیزمە لەئاستی جیهانی و لەزەمینەکانی ئابووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا وایان لەخەڵکی جیهان گەیاند کەدیموکراسی هەر هەمان سەرمایەدارییەو ئەوانیش ئەم دەستکەوتە گەورەی مرۆڤایەتییان بۆ سەرمایەداریی بەجێهێشت و دیموکراسی بەتەنها زەلیل کرا لەبەر دەستی سەرمایەداریدا. گەورەترین بەرهەم و سەروەریی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپاو ئەمریکای باکوور لەوەدابوو کەدیموکراسییان بەجێ نەهێشت بۆ سەرمایەداریی و ئەوان یەکەمین هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتییە رەسمی و دەسەڵاتدارەکان بوون کەمانای راستەقینەی دیموکراسییان بەرهەمهێنایەوەو دیسان ئەوەیان سەلماند کە دیموکراسی بەتەنها پاوان و کۆنترۆڵی سەرمایەداری نییە، بەڵکو دەتوانرێت دیموکراسی لەباری ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییدا خەڵکی بکرێتەوەو بنەمای ئازادیی و یەکسانی لەنێوان هەمووواندا، بەجیا لەهەلومەرجی ئابووریی بکرێتەوە، ناوەرۆك و ماهیەتی دیموکراسی.

هۆکاری سێیەم و بێگومان کاریگەر، بیروراکانی لیبرالیزمی نوێیە، بەتایبەتی لەبەریتانیاو ئەمریکا، کەدەیانەوێت جارێکی دیکەو لەدوای رووخانی ئۆردوگای کۆمۆنیزمی رووسی، ماهیەتی سەرمایەداریی و چەوسێنەرانەی ئابووریی بدەنەوە بەدیموکراسی واتا ئەوان دەیانەوێت لەم سەردەمەدا یاسا ئابوورییەکانی بازارو دەسەڵاتی بەرژەوەندیی دەسەڵات لەباری ئابووریدا بەسەر دیموکراسیدا بسەپێننەوە.ئەوان دەیانەوێ سەردەمی دەسەڵات و کۆنترۆڵی سەرمایەداریی بەسەر



هەواڵنامەی کتێب

سەرمایەداریدا بسەپێننەوەو دەسکەوتەکانی (یاسای کاری دیموکراتی، بەرنامەکانی سۆسیال و بیمەی بێکاریی، لانیکەمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی) لەدیموکراسی و لەخەڵك بسێننەوە، دیسان دیموکراسی و کۆمەڵگاو سیستمی دەسەڵاتدار بکەنە پاشکۆی بەرژەوەندیی و کۆنترۆڵی ئابووریی سەرمایەداریی و بیخەنە ژێر مەترسی و بەزەیی یاساکانی قازانج و بەرژوەندیی بازارەوە.[٦]

هۆکاری چوارەم قەیران و شکستی ئابووریی ساڵانی ١٩٧٠و ١٩٨٩و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکە، قەیران و شکستی ئابووریی جیهانی کەزەمینەو رەگوریشەکەی لەقازانج و بەرژەوەندیی سەرمایەداریدایە، هۆکاری ئابووریی بەهێز بووە، بۆ لاوازیی و لەرزۆکی دەوڵەتی رەفا لەئەوروپاو ئەمریکاو کەمبوونەوەی دەسکەوت و بەهرەکانی دیموکراسی ئابووریی و رزگارکردنی دیموکراسی لەچنگی سەرمایەداریی. هەموو ئەم هۆکارانەو فەرامۆشی و کەمکاری زۆربەی بیرمەندان و رووناکبیران (بەتایبەتی لەپەنجا ساڵی رابردوودا لەئەنجامی دیکتاتۆریی و نەبوونی ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوڵاتانی ئۆردوگای سۆڤێتیدا) هۆکاری دیکەیە بۆ ئەوەی زۆربەی جیهان و تەنانەت بیرمەندان و روناکبیرانی بڕوا بەوە بکەن کە دیموکراسی و سەرمایەداریی یەکن و دیموکراسی سیاسی لەزەمینەی ئابووریدا بەرهەمهێنەرەوەی سەرمایەدارین.

## ئایندەی دیموکراسی و سۆسیالیزم

هەروەکو بیرمەندان و روناکبیرانی رەخنەگری ماهیەتی سەرمایەداریی لەئێستای دیموکراسی تیۆرو لێکۆڵینەوەیان بەرهەمهێناوە، دەبێت ئایندەی دیموکراسیو سۆسیالیزم پێکەوە بێت، واتا دیموکراسی لەبەهرەکانی ماف و ئازادیی سیاسیو یاساییەوە بەرەو دیموکراسی ئابووریی و کۆمەڵایەتیکردنی ئابووریی بچێت. بەپێی بنەماکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئەو بیرمەندانە بڕوایان وایە کەقەیرانی دیموکراسی یان قەیرانی سەرمایەداریی ئەم سەردەمە تەنها بەم پرسانە چارەسەر دەکرێت، پرسی ماف و ئازادیی و هێنانەدی ژیانێکی شایستەی ئابووریی و سیاسیو

کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە، فراوانکردنی ئازادییەکان، بەشداری سیاسی و نەخشی خەڵك لەدیاریکردنی چارەنووسی سیاسی دەوڵەت، پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەموو ئەم پرسانەش لەگەڵ بەرنامەو ڕێبازی سۆسیالیستی دیموکراتیدا یەك دەگرنەوە.(٧)

بیرمەندانی ڕێبازی سۆسیالیزمی دیموکراتی یان بزووتنەوەکانی (چەپی نوێ) دیگاو بڕوایەکی گرنگیان بۆ ئایندەی دیموکراسی و ماهیەتی ئابووریی دیموکراسی ئەم سەردەمە هەیەو ئەو بڕواو دیدگایە دەتوانێ ئاسۆیەکی ڕۆشنترو مرۆڤانەتر بۆ دیموکراسی بەرهەمبهێنێ. بەبڕوای ئەوان هەروەکو چۆن لەدیموکراسیدا ڕاگەیاندنی جیهانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لەدەستووری زۆربەی وڵاتاندا کرایە بەرنامەی دەستووریی و مافی بێ ئەملاولای خەڵك، هەر بەو جۆرە دەتوانرێت و دەبێ بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەکو بەندێکی جیهانی لەدەستوورەکاندا هەبێتو حکومەتەکان وادار بکرێن کەڕێز لەو بنەما دەستوورییە بگرن، ئەگەر ئەم پرسە جێبەجێ بکرێت بێگومان ماهیەتی سۆسیالیستی یان کۆمەڵایەتی ئابووریی دەبێتە ماهیەتی ئازادیی و یەکسانی بۆ دیموکراسی.(٨)

بەبڕوای زۆربـەی بیرمەندان و ڕوناکبیرانی تیۆرو مەکتەبە ڕەخنەییەکان لەدیموکراسی ئەم سەردەمە (تیۆری ئینگلیزی– ئەمریکی) تیۆری قەیرانی ڕەوایی لەدیموکراسی –یۆرگن هابرماس، تیۆری پلورالیزمی سیاسی و ئابووریی بۆ دیموکراسی، بیرمەندانی چەپی نوێ و سۆسیالیستی دیموکراتی) بڕوایان وایە کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەدوو بنەمای گرنگ پێکدێت و ئەو دوو بنەمایەش هەردوو دروشمە گرنگەکەی دیموکراسی، واتە ئازادیی و یەکسانی، بەرهەم دێنێتەوە ئەو دوو بنەمایەش بەمشێوەیە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنن. بنەمای یەکسانی واتە یەکسانی سیاسی و یاسایی بۆ هێنانەدی ماف و ئازادییەکانی بەشێوەی یەکسان بۆ هەمووان و لەئاستی جیهاندا. بنەمای ئازادیی یان جیاوازیی ئابووریی، واتا

پەسەندكردنی جیاوازی ئابووریيی، بەڵام دەبێت رەچاوی ئەوە بكرێت كە هەمووان بەهرەمەندبن لەمافەكانی (خواردن، نیشتەجێ، تەندروستی، ئاسایش، پەروەردەو فێركردن، ژیانی سۆزداریی و رەگەزی و ئازادییە گشتیی و كۆمەڵایەتییەكان)و كەس نەبێت پێداویستییەكانی ژیانی ئابووریيی نەبێت و ئەمانەش دەبێت پێوەری ژیانی شایستەی ئەم سەردەمەیان هەبێت. بەمشێوەیە دیموكراسی لەزەمینەی سیاسی و ئازادیی و یاساییەوە دەچێتە زەمینەكانی ئابووریی و كۆمەڵایەتی و دیموكراسی لەو دوو زەمینەیەدا ماناكانی دەسەڵاتی خەڵك و خەڵك سالاری دەبەخشن.(٩)

## دیمەنی دووەم/ سیاسەتی كوردی لەنێوان سەروەریی و بۆشاییدا

### پەیڕەوی فكریی و میتۆدی

ئانتۆنیۆ گرامشی (١٨٩١- ١٩٣٧) بیرمەندو تێكۆشەری ناسراوی ئیتاڵیایی خاوەنی ئەو تیۆرە یان میتۆدەیە كە دەڵێت: ناوەڕۆكی سیاسەت و دەسەڵات بریتییە لەبەرهەمهێنانی پرسێك كە ناوی (هەژموون) یان (سەروەری)ە. چەمكی هەژموونی سەروەر لەلای گرامشی و پەیڕەوانی دەبێتە پرسی ناوەندی لەتێگەیشتنی سیاسەت، ئەم هەژموونە لەزەمینەی پەیوەندییەكانی نێوان كۆمەڵگادا مانا پەیدا دەكات و لەسەر سێ بنەما رادەوەستێ: ناوەڕۆكی سیاسەت كە دەسەڵاتە، پرسی نوێنەرایەتیكردنی كۆمەڵگاو رزگاركردنی كۆمەڵگا لەدیاردەی بۆشایی سیاسەت و سەرئەنجام گرتنەبەری ریفۆرمی كۆمەڵایەتی و سیاسی بەرەو ئاییندە(١٠).

لەزۆربەی كۆمەڵگاكاندا هەلومەرجێك یان رەوشێك لەمێژوودا پەیدا دەبێ كە بەسەردەمی بۆشایی سیاسی دەناسرێت، كە تیایدا كۆمەڵگا، سیاسەت و دەسەڵاتو

تەنانەت نوخبەکانیش هەست بە بۆشایی دەکەن. لەم هەلومەرجەدا هەژاریی یان نەبوونی بەرنامەی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراو بۆ نوێنەرایەتی کۆمەڵگاو بەرەوپێشچوونی هەستی پێدەکرێت، ئەم نەبوونی و هەژارییە کە هەندێکجار رێکەوتی مێژووییە یان سەردەمی زۆرانبازیی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە گرامشی ناوی ناوە(( زۆرانبازی هەژموونیك)) پرسی وەڵامدانەوە یان دەربازبوون لەم هەلومەرجە لەلای ((ئێرنستۆ لاکلاو)) بیرمەندی سیاسی پۆست مارکسیزم لەم چارەسەرانەدا دەبێت[١١].

**یەکەم:** هەلومەرج یان توانای سیاسەت پەیوەستە بە توانای پەیداکردنی هەژموون یان سەروەریی.

**دووەم:** توانای هەژموون و سەروەریی پەیوەندارە بە توانای وەڵامدانەوە بۆ دیاریکردن و چارەسەری ئەو بۆشاییەی کە لەکۆمەڵگادا دروست دەبێت و هێزە سیاسییەکان دەیانەوێت پڕی بکەنەوە یان چارەسەری بکەن. ئەمە ئەو هەلومەرجەیە کەهێزە سیاسییەکانی کوردستان و سیاسەتی کوردی بەگشتی کە نازانن چییەو هیچ هەوڵێك نادەن بۆ تێگەیشتنی یان چارەسەرکردنی!

پێش ئەوەی پرسی (بۆشایی) و( سەروەریی) لەسیاسەتی کوردیدا باس بکەم، پێویست دەبێت بە کورتەیەك لەپەیوەندییەکانی هەژموون بدوێم: پەیوەندییەکانی سەروەریی یان هەژموون ئەو پەیوەندییانەن کە لەسیاسەتدا دەبنە پرسی ناوەندیو بۆ ئەوەی ئەمەش بناسین دەبێت بچینەلای فەلسەفەی سیاسی بەرێنمایی ئەو پەیوەندییەکانی سەروەریی و سیاسەت باشتر تێبگەین.

## پرسی نوێنەرایەتی سیاسی یان ناسنامەو فەرهەنگی سیاسی

پەیوەندی نێوان سیاسەت و خەڵك یان پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا

تەنها لەهەڵبژاردنی نوخبەو نوێنەرانی سیاسیدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەم نوێنەرایەتییە هەندێك لۆجیکی بێت و هەڵگری ناسنامەو فەرهەنگی سەردەمی ئەو خەڵکە بێت کە ئەم نوێنەرایەتییەی هەڵبژاردووە، باشترین شێوازی ئەم نوێنەرایەتی و ناسنامەیە لەلای من (بە پەیڕەوی لەگرامشی) لەم هاوکێشەیەدا دەبێت:

**دەسەڵات یان دەوڵەت = کۆمەڵی سیاسی + کۆمەڵی مەدەنی**(١٢)

لەم هاوکێشەیەدا سێ بنەمای گرنگمان لەفەلسەفەی سیاسیدا بۆ دەردەکەوێ..

١ - سیاسەت دەبێت بە ئاراستەی پەیداکردنی دەسەڵات و دەوڵەت بێت.
٢ - سیاسەت لەلایەن نوخبەو کۆمەڵی سیاسییەوە بەڕێوەدەبرێ کە دەبێت وەڵامدەرەوەی پرسەکانی کۆمەڵگابن.
٣ - کۆمەڵی مەدەنی پرسی ناوەندی و ئامانج دەبێت لەسیاسەت و دەسەڵاتدا، واتە سیاسەت و دەسەڵات دەبێـت لەپێناوی ئامانجەکانی خەڵکدا بن.

هاوکێشەی ناوبراو لەفەلسەفەی سیاسیدا دەبێتە تێگەیشتنی ناوەندی بۆ ناسینی پەیوەندییەکانی سەروەریی سیاسی و ئەم ناسینەش زمانێك دروستدەکات کە ناسنامەو فەرهەنگی سیاسی هاوبەشی کۆمەڵگا دەنەخشێنێ و ئەم ناسنامەو فەرهەنگەش دەبێتە زەمینەی گشتی بۆ بەرژەوەندی سیاسی دەسەڵات و کۆمەڵگا.

## پەیوەندی نێوان سیاسەت و رزگاریخوازیی

یەکێك لەپرسە گرنگەکانی فەلسەفەی سیاسی و زانستی سیاسی ئەو پرسە گرنگەیە کەبەبێ دەسەڵات یان (دەوڵەت) مەبەستی ئازادیی و ئامانجی رزگاریخوازیی نایەتەدی. زۆربەی دیدگاو پەیڕەوە فەلسەفییەکان لەسەر ئەو بنەمایە هاوڕان کە دەڵێت: ئازادییی هۆشیاریی لەناسینی پێداویستییەکاندایە و کۆمەڵگای ئازادییش



هەواڵنامەی کتێب

بەبێ دەسەڵاتی ئازادییخواز بوونی نییە کۆمەڵگای ئازادو دەسەڵات بەبێ یەك نابن!
ئەو هێزانەی کە ئەم پەیامە دەخەنە ئەستۆی خۆیان (بە پەیڕەوی لەگرامشی) چینە کۆمەڵایەتییەکان نین و ئەزموون و مێژووی کوردستان و ناوچەکەش سەلماندویانە کە پارتە سیاسییەکانیش نین، بەڵکو ئەو هێزو خودە مێژووییەیە کەگرامشی ناوی دەنێت (ئیرادەی گشتی). ئەم ویستە گشتییە جیهانێکی فراوانترو ئازادترە لەدەسەڵات یان دەوڵەت، کە ئەگەرچی زەمینەی هێنانەدی ئەو دەسەڵات و دەوڵەتەشە ئەگەر هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بیناسن و پەیڕەوی لێبکەن. ئیرادەی گشتی لەئاوێتەیەکی ئاڵۆز پێکدێت کە مێژووی سەردەمێك لەژیانی کۆمەڵگا دروستدەکات، ئەو هێزو بکەرانەی کە ئیرادەی گشتی دەسازێنن ئەمانەن:

ناسینی بۆشایی یان پێداویستی مێژوویی و نەتەوەیی کۆمەڵگایەك، پرسی هەژموون و سەروەریی لەبەرامبەر بۆشایی، هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی، ویستو داخوازی گشتی لەسەردەمێکداو ریفۆرمی فەرهەنگی و ئەخلاقی و سیاسی، واتا ئەگەرەکانی چوون بەرەو ئاییندە!

## نەخشی سەروەریی سیاسی لەهێنانەدی دیموکراسی

هیواو ئامانجی رزگاریخوازیی لەهەر سەردەمێکدا پەیوەندارە بەهیوای ئەو سەردەمەوەو تەنها لەبوونی دەسەڵات و هەژموونی سیاسیدا نامێنێتەوە بەڵکو فراوانتر هەنگاو دەنێت و سنوورەکانی نیشتمان و نەتەوەو سیاسەت و دەسەڵاتەکان بەرەو جیهانی دیموکراسی و ئازادیی پلورالیزم دەبات. بەڵام هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێ

بەبێ دەسەڵاتێکی سەروەر مەنتقی ئەم سەردەمە بهێنێتەدی، کە بێگومان سەردەمی دیموکراسییە ((هەژموونی سەروەریی یان دەسەڵاتی بە هەژموون دەتوانێت پارێزەر و بەدیهێنەری دیموکراسی بێت و تەنانەت هۆکارێك بێت بۆ گەشەکردنیشی، لەبەرامبەردا دەتوانێ هەرەشەش بێت لەدیموکراسی، دەسەڵاتی سەروەر کاتێك دەتوانێ هۆکاری گەشەی دیموکراسی بێت کەئامانج و مافی خەڵك رێز لێبگرێتو دروشم و هیواکانی خەڵك لەدیموکراسیدا فەرامۆش نەکات)).(١٣)

**هیواو ئامانجی رزگاریخوازیی لەهەر سەردەمێکدا پەیوەنداره بەهیوای ئەو سەردەمەوەو تەنها لەبوونی دەسەڵاتو هەژموونی سیاسیدا نامێنێتەوە بەڵکو فراوانتر هەنگاو دەنێت و سنوورەکانی نیشتمان و نەتەوەو سیاسەت و دەسەڵاتەکان بەرەو جیهانی دیموکراسیو ئازادیی پلورالیزم دەبات. بەڵام هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێ بەبێ دەسەڵاتێکی سەروەر مەنتقی ئەم سەردەمە بهێنێتەدی**

دەسەڵاتی هەژموونیك لەوکاتەدا کە سنووری نێوان ئاسایشی نیشتمانی و ئامانجەکانی دیموکراسی دەبەزێنێ، دەبێتە هەرەشە لەدژی دیموکراسی. لەکاتێکدا کە ئاوێتەی نێوان دیموکراسی و دەسەڵاتی سەروەر لەم سەردەمەدا گرنگترین ئومێدو رێگایە بۆ جێگیرکردنی ماف و ئازادییی و دادپەروەرییی و بەشداریی سیاسی لەدیموکراسی ئێستای جیهاندا، ئەم پرسە ئەو هیوا ناوەندییەیە کە دیموکراسی کوردی یان سیاسەتی کوردی دەبێت بیکاتە ئامانج و رێگای پیادەکردنی سیاسەت لەکوردستان.

بەڵام ئەم هەلومەرجە یان رەوشە داخوازە تەنها هەرپەیوەندار نییە بە سیاسەتو نوخبە سیاسییەکانەوە، بەڵکو لەوەش گرنگتر هاوئاهەنگی ستراتیژی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبێتە پێشمەرجی



هەولامەی کتێب

پێویست و گرنگ بۆ هێنانەدی سیاسەتی هاوپەیمانی كۆمەڵایەتی لەئاستی وڵات یان نەتەوەیەكدا. لەسیستمی دیكتاتۆریدا ئەم رەوشە یان هەلومەرجە دڵخوازە نەدەبێتە هیواو نەدەبێتە پەیرەو، چونكە دەسەڵاتی دیكتاتۆری لەلوتكەی هەرەمی دەسەڵاتدا بریار دەدات و پیادەی دەكات و گوێش لەقسەی كەس ناگرێت، بەڵام لەدیموكراسیدا نەك تەنها لەسنووری شاندی دەسەڵاتدار، بەڵكو دەبێت لەنێوان خەڵك و دەنگدەرانیشدا لەرێگای فەرهەنگی گشتی و بەرژەوەندی نیشتمانی و دیموكراسییەوە ئەم هاوپەیمانییە بەدیبێت.

دیدگای فەلسەفەی سیاسی بۆ پیادەو رەوتی بەكارهێنانی هەژموون لەهێنانەدی دیموكراسیدا بروای وایە ئەگەرچی دەسەڵاتی هەژموندار هۆكارێكی بەهێزو كاریگەرە لەهێنانەدی دیموكراسیدا، بەڵام نابێت سنووری نێوان ئاسایشی نیشتمانی (لەدەرەوە) لەگەڵ دیموكراسی نیشتمانی (لەناوەوە) ببەزێنێ. دەبێت ئەم دەسەڵاتە سەروەرە لەنێوان پەیگیری لەدەرەوەی سنوورەكان و لێبوردەیی لەدەروونی سنوورەكاندا هاوسەنگی رابگرێت، بەكارهێنانی دەسەڵاتی سەروەر دەبێت لەژێر چاودێری دیموكراتی خەڵكدا بێت و پیادەكردنی ئەم دەسەڵاتە هەژموونداره ئەگەرچی بەهێزو كاریگەرو مەنتقییە، بەڵام دەبێت هاوكات و هاورێ بێت لەگەڵ ئامانج خوازی خەڵك لەژیانێكی شایستەو بەهرەمەندی ئەم سەردەمە.(١٤)

## سەروەریی سیاسی و قەیرانی سیاسەتی كوردی

بەو شێوەیەی كە تائێستا باسمكردووە، بێگومان سەروەریی و هەژموونی سیاسی لەسنووری هێزی سیاسی مەوجود نامێنێتەوەو دەكارێت كە بچێتە زەمینەی ئەو پرسە گرنگانەی فكرو فەلسەفەی سیاسی ئەم سەردەمە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم سەروەریی سیاسی بریتیی نییە لەدەسەڵاتی هێزی سیاسی دیفاكتۆ یان لەراستیدا (ناچاریی!) .وێرای ئەوەی كە من دەمەوێت لەكوردستان دەسەڵاتی سەروەیی سیاسی هەبێت

، بێگومان بەو ئامانج و ناوەڕۆکەوە کە ناوم هێنان، بەڵام بەداخەوە ئەم هێزە سیاسیانەی کە ئێستا حوکمی کوردستان دەکەن دەسەڵاتی سیاسی سەروەر نین، بەڵکو هێزی سیاسی ناچارییں.

ترسناکترین بۆشایی لەسیاسەتی کوردیدا لەم زەمینەیەدا پەیدا دەبێت و دەبێتە ئەو قەیرانەی کە نوێنەران و سەردەمدارانی سیاسەت لەکوردستان، بەلایەنی بەناو دەسەڵات و لایەنی بەناو ئۆپۆزسیۆن هەستی پێناکەن یان دانیپێدا ناهێنن. کەهەست کردن و ناسین نەبێت، بێگومان هەوڵی چارەسەریش غایب دەبێ. بە پەیرەوی لەتیۆرو فەلسەفەی سیاسی ناوبراو بەسوود وەرگرتن، لەئەزموون و مێژووی سیاسی جیهانیو لەروانگەی سەروەریی هەژموونی سیاسی بۆمان دەردەکەوێ کە سیاسەتی کوردی لەهەموو پرسە ناوبراوەکاندا ئاستەنگی دروستکردووەو نەبوونی چارەسەریش بۆ ئاستەنگ دەیکاتە قەیران و قووڵترین و فراوانترین بۆشایی سیاسی لەم زەمینانەدا لەکوردستان بەرهەمهێناوە:

١ - سیاسەت لەکوردستان و بەتایبەتی لەهەرێم لەلایەن هێزی سیاسی نەك دەسەڵاتی سیاسییەوە بەڕێوەدەچێ و تائێستا ئەو هێزە سیاسییە (یان هێزە سیاسیانە!) نەبوونەتە دەسەڵاتی سیاسی و خاوەنی سەروەریی سیاسی نین و تەنانەت نەبوونەتە یان نایانەوێ ببنە حزبی سیاسیش. پرۆسەی ئەم گۆڕانە بەرەو سیستم و حزب و دەسەڵاتی سیاسی بە وتاری دیکە دەسپێرم و تەنها لێرە دەبێ ئەوە بڵێم کە گەورەترین بۆشایی سیاسی لەسیاسەتی کوردیدا ئەوەیە کە بە داخەوە هێشتا دەسەڵاتی سیاسی سەروەرو خاوەن هەژموونی پەسەند کراومان نییە.

پرۆسەی گۆڕانی هێزی سیاسی یان شۆڕشگێر بەرەو سیستم و یاسای دەسەڵاتدار یەکێکە لەپرسە گرنگەکانی فەلسەفەو زانستی سیاسی، کە هیچکام لەهێزە سیاسییەکانی کوردستان کەمترین هەوڵیان بۆ نەداوە. من بڕوام وایە کە

بەرژەوەندی سەرکردەو پیاوانی سیاسی بەهێز رێگا بەوەنادات کە سیاسەتی کوردی ببێتە یان بکرێتە سیستمی سیاسی دەسەڵاتدار یان هەروەکو ماکس ویبەری کۆمەڵناسی ناوداری ئەڵمان دەڵێت: رەهبەری سیاسی نایەوێت هێزەکەی ببێتە سیستمی دەسەڵاتدار، چونکە سیستم بەرپرسیاریی و لێپرسینەوەی تێدایەو ئەوانیش نایانەوێت بەرپرس بن و بکەونەبەر لێپرسینەوە(١٥)

٢ - پرسی نوێنەرایەتی کۆمەڵگا وەکو ئامانجێکی گرنگی سەروەریی سیاسی لەکوردستان و هێزی سیاسی کوردیدا لەنزمترین ئاستدایە، ئەگەرچی هەڵبژاردن بۆ حکومەت و بەناو حزبەکان هەیە، بەڵام ئەم هەڵبژاردن و نوێنەرایەتییە تەنها لانی کەمی رەوایی تێدایە، واتا تەنها هەڵبژاردن لەکایەدایە! مەبەستی گرنگ و ئامانجدار لەهەڵبژاردن و نوێنەرایەتی ئەوە نییە کەکۆمەڵێك کەس ببنە کوێخا (لەراستیدا لەکوردستان بوونەتە یان دەبنە ئاغا!) بەڵکو لەوەدایە کە ئەو نوێنەرانە بەدیهێنەری داخوازی و ئیرادەی گشتی بن بۆ سەردەمێکی دیاریکراو.

بە بڕوای من سنوورەکانی داخوازی و ئیرادەی گشتی لەئێستای کوردستان لەزەمینەی ئەم پرسانەدا دەبێت: پرسی ماف و ئازادیی بەپێی پێوەری جیهانی مافەکانی مرۆڤ، پرسی داخوازی و خزمەتگوزاری شارستانی، پرسی ژیان و گوزەرانی گونجاو بۆ خەڵك، پرسی هەبوونی ئیدارەو حکومەتی بەرپرس و کاراو بە پەرۆش و سەرەنجام پرسی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد لەعێراقدا.

٣ - ئەگەر کۆمەڵگایەك، وەکو ئێستای کوردستان ، هێڵە گشتییەکانی داواو پرسە گرنگەکانی ئەم سەردەمەی ئێستای تێدا نەهاتبێتەدی ، بێگومان تووشی بۆشایی دەبێت، هەستکردن بەبۆشایی لەهەموو ئەو زەمینانەی کە باسکران لەلای زۆربەی خەڵك دەبینرێت و دەناسرێت، ئێستا بۆشایی سیاسی بووەتە (یان لەراستیدا کراوەتە!) دیاردەی بەرچاوی زۆربەی خەڵك ، بەڵام مخابن لەلایەن نوێنەران و نوخبەی سیاسی باسێك لەم مەسەلەیە ناکرێت!

کۆمەڵگایەك لەجیاتی ئـەوەی دەسەڵاتی سیاسی تێدابێت لەلایەن هێزی

سیاسی دیفاكتۆو ناچارەوە بەڕێوەدەچێ، تائێستا پرسی نوێنەرایەتیكردنی كۆمەڵگا نەكراوەتە پرسێكی جددی و لەسیاسەتی كوردیدا گرنگی زۆری پێنادرێ. چاوەڕوانی خەڵك یان لەڕاستیدا لانی كەمی داواكاری و داخوازی خەڵك نەهاتۆتەدی، زۆربەی خەڵك ترسی ژیان و گوزەرانی ئاییندەیان هەیە، یان لەئێستادا لەهەژاریی و لەكەناری نەبوونی نەداریدا دەژین، زۆربەی خەڵك هەست ناكەن كە حكومەتێك هەیەو بەرپرسە لەكارنامەو بەڵێنەكانی و بوونی حكومەت و ئیدارەو بەجێهێنانی بەڵێنەكان لەچاوەڕوانی غەیبدایە، سەرەنجام گومان و ترسی خەڵك لەچارەسەر نەكردنی پرسی كورد لەعێراقدا مۆتەیەكی گەورەو دزێوە لەخەیاڵی هەمووانداە.

٤ - هەلومەرجێك یان لەڕاستیدا سەردەمێك كە پڕە لەنەهاتنەدی خەون و بەجێنەهێنانی بەڵێن و دیار نەبوونی ئاسۆی ئاییندە، ئەگەری یان خەونی ریفۆرمی كۆمەڵایەتی و سیاسی دەكاتە سەراب، یان دەیخاتە حوكمی نەبوون. ئەگەر كۆمەڵگایەك ئێستای پڕ بێت لەبۆشایی و ئەو بۆشاییەش ماوەی بیست ساڵ بێت بەردەوام بێت، چۆن دەتوانێت ئەگەرو ئاسۆی ئاییندەی بزانێت، كۆمەڵگای ئێستای ئێمە لەئەڵمانیای كۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی (ڤایمار) لەسەرەتای دەیەی (١٩٣٠ ) دەچێت، كە ئەو سەردەمە لەمێژوودا بەسەردەمی سەرەتای هاتنە سەركاری فاشیزمی هێتلەری دەناسرێت، سەردەمێك كە هەموو شت لەگوماندایە هەموو كەس لەترسی نائومێدی ئاییندەدا دەژین.

## دیمەنی سێیەم /دیموكراسی و توندوتیژیی شاراوە

### ١ - مرۆڤ و دیموكراسی

تێگەشتن لە مێژووی دیموكراسی، پێش هەموو شتێك دەبێت ناسین و تێگەشتن

بێت لە ئەندێشەی دیموکراسی. تێگەشتن لە ماهیەت و بیری دیموکراسیش بە ناسین و تێگەشتن لە مرۆڤ دەست پێدەکات، چونکە بێگومان مرۆڤە کە دیموکراسی داهێناوە و بیری لێکردۆتەوە. ئەگەر ئەندێشەی دیموکراسی هەوڵدان بێت بۆ داهێنانی جیهانێکی ئازاد و مافدار و دادپەروەر و ئەمانەش لە ڕێگای هێنانەدی سیستمی ڕێکخراوبێت، بێگومان ئەوکاتە دیموکراسی لە جیهانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکاندا سەرەتا و ئاکامی دەبێت. مادام ئامانجی دیموکراسی دەبێتە ئامانجی مرۆڤ، بۆیە پێویست دەکات یەکەم پرسیار ئەوە بێت کە ((مرۆڤ کێ یە؟))، ئەمەش پرسیارە گرنگەکەی لوتکەی فەلسەفەی ڕۆشنگەرییە کە ئیمانۆیل کانتە. لێرە بەدواوە بوون ناسی دیموکراسی، بە ناسینی فەلسەفەی مرۆڤ دەست پێدەکات، واتە بیرکردنەوەی مرۆڤ دەربارەی مرۆڤ، ئەندێشەی مرۆڤ دەربارەی بیرکردنەوەی خۆی وەك دیارکەر و بڕیاردەری سنورەکانی ناسینی خۆی دەربارەی جیهان.

بیروناسینی مرۆڤ دەربارەی ڕاستیەکانی جیهان، لە خۆیدا بوون ناسی خودی مرۆڤە لە جیهاندا و بەم شێوەیە مرۆڤ بەهۆی بیرکردنەوە دەربارەی بوونی خۆی لە جیهاندا، بوونی جیهانی خۆیشی ئافەرین دەکات. سەردەمی ئەم داهێنانی بوونی مرۆڤ لە جیهاندا بەهۆی بیر و فەلسەفەیەکی زۆر گرنگ و کاریگەرەوە دەبێت کە بیرۆکەی (سەربەخۆیی)ە. مرۆڤەکان جیهانی خۆیان بەهۆی ویست و ئیرادەوە دروست دەکەن، کە تایبەتمەندی ئازادیی ئەوان ئەو ئاکامەیە و دەبێت پەیڕەوی لە بنەما و ڕێسایەك بکەن کە ئەمیش بەرهەمی عەقڵی خۆیانە. ئەم بەرهەمە ئازادیی و بەهرەمەندی ئەوان لە کۆمەڵەکاندا دەپارێزێ و بەرهەمی دێنێتەوە، کە ئەو بەرهەمەش بونیادی بنەماکانی عەقڵی پراکتیکی یە کە پێی دەوترێ یاسا.

یاسا دیاریکەر و بڕیاردەری سنووری پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە لە کۆمەڵدا، بەڵام دەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت کە سروشتی ئەم پەیوەندییانەش هەمان سروشتی مرۆڤانەی هەیە و هەربۆیەش سروشتی یاساش سروشتی مرۆڤایەتییە. لە کۆمەڵێکدا

که پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتی، بەدەسەڵاتی کۆمەڵ بەسەر تاك یان تاك بەسەر کۆمەڵدا ئەنجامی دەبێت، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یاسا دیاریکەری ئەم هەلومەرجە نا هاوسەنگەپیشان دەدات. لەم ڕەوشـەدا، قسەکردن لە ئازادیی. یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پەیوەندیدارە بە ڕادەی سەربەخۆیی و پابەندی مرۆڤەکان لەگەڵ یەك.چۆنایەتی ئەم پەیوەندییە، ئاشکراکردن یان داپۆشینی بنەماکانی ئەو عەقڵە پراکتیکییەیە کە تاك وەکو بونەوەرێکی سەربەخۆ و ئازاد دەناسێنێ. جیاوازی نێوان بوون و نەبوونی دیموکراسیش بەڕاستی لەم زەمینەیەدا ئاشکرا دەبێت. چونکە دیموکراسی سەرچاوەی دامەزراوەیی بیرو کرداری کۆمەڵایەتی خۆی لە یاسادا بەیان دەکات. کە بێگومان ئەم یاسایەش هەلومەرجی گۆڕان و ئاڵوگۆڕی مرۆڤەکان و ئەخلاقی بەرپرسیاری و شارستانی ئەوان دیاری دەکات و دەیپارێزێ. ئەخلاقی بەرپرسیاری و شارستانی مرۆڤەکان نیشانەی ڕێزی ئەوان و پابەندییان بە یاسا دیاری دەکات. نەبوونی یاسای دیموکراسی، یان بوونی بەڵام پەیڕەو نەکردنی لەلایەن خەڵك و دەسەڵاتەوە،هەلومەرجێك دەهێنێتەدی کە نەبوونی دیموکراسی و فراوانبوونی ترس و دەسەڵاتی ناچاریی بەهێزەکان دەسەپێنێ. لەم هەلومەرجەدا ئەندێشەی سەپاندنی دەسەڵاتە بەهێزەکان و پەیڕەوکردن لە دەسەڵاتی هەژموون خوازی دەبێتە جۆرێك لە فەرهەنگی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەسـەڵات. لەبەر ئەوەی کە دیموکراسی کۆبوونەوەی سەربەخۆیی و ئیرادەی ئازادیی مرۆڤەکانە و ئەم کۆبوونەوەیەش بێگومان دەبێت بەیاسا دیاریکرابێت، سەرئەنجام لە نەبوونی ئەو هەلومەرجەدا، کە بە نەبوون یان پەیڕەو نەکردنی یاسا دەست پێدەکات، دەسەڵاتی دیفاکتۆ یان ناچاریی هەژموون خوازی بەهێزەکان دەبێتە دەسەڵات، زۆرجاریش فەرهەنگی سیاسی زاڵ. لەم هەلومەرجەدا گومان و دردۆنگی هەمووان یان ترسی هەمووان بەرامبەر هەمووان لە ناکۆکی وبێباوەڕیدا بەسەردەبەن. بەم شێوەیە نەبوونی یاسا نەبوونی دیموکراسییە هیواو ئامانجی ڕزگاریخوازیی لەهەر سەردەمێکدا پەیوەندارە بەهیوای ئەو سەردەمەوەو تەنها لەبوونی دەسەڵات و هەژموونی سیاسیدا نامێنێتەوە بەڵکو فراوانتر هەنگاو دەنێت و سنوورەکانی نیشتمان و نەتەوەو

سیاسەت‌و دەسەڵاتەکان بەرەو جیهانی دیموکراسی و ئازادیی پلورالیزم دەبات. بەڵام هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێ بەبێ دەسەڵاتێکی سەروەر مەنتقی ئەم سەردەمە بهێنێتەدی نەبوونی دیموکراسیش دەبێتە شتێك کە زاڵ بوونی سیاسەتی توندوتیژیی یە یان زاڵ بوونی بەهێز و دەسەڵاتەکانە. لەم ڕەوشەدا هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پابەندیی و پاشکۆیەتی دەسەڵات پایەڕێژی دەکرێت و فەرمانێك کە ئەم بیر و باوەڕەی داهێناوە بەنەهێشتنی عەقڵی پراکتیکی ئەندێشەی سەربەخۆیی و ئازادییی ئاکام دەدات.

## ٢- سیاسەت و توندوتیژیی:

ناچارکردنی مرۆڤەکان لە دژی ویست و خواستی خۆیان، بەرجەستەکردنی باڵاترین جۆری هەژموون و دەسەڵاتە کە(سی.رایت میلز) بەتوندوتیژیی ناوی دەبات. واقعیەت و ڕاستی توندوتیژیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەرئەنجامی تواناو پلەی ئەو ناچارکردنەیە کە تاك تاکی خەڵك لەو کۆمەڵگایەدا بڕوایان پێهێناوە. واتە، هەرتاکێك کە ناچاریی و توندوتیژی یان توندوتیژی ناچاریی وەکو بەشێك لە فەرهەنگی گشتی پەیڕەوی لێبکرێت، هەر شێوەیەك لەکاری سیاسی بەناچاریی بەسوود وەرگرتن لە توندوتیژیی بە ئاکام دەگات. لەم کاتەدا، لۆجیکی توندوتیژیی (یان لە ڕاستیدا ڕەفتاری توندوتیژیی) وەکو بەشێك لەگوتاری سیاسی کاریگەر دەبێتە دیاریکەری ماهیەتی گەوهەری سیاسی و هەموو هێزە سیاسیەکان بەتایبەتی بەهێزەکان پەیڕەوی لێدەکەن و بەرنامەی خۆیان لەو زەمینەدا دادەنێن.

زۆرجار، یان لە هەلومەرجێکی وەهادا کە باسمکرد، سیاسەت واتە بەرنامەی کاری ئایدۆلۆژی حیزبێك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی کە تیۆری و بڕواکانی خۆی وەکو باشترین بەها دەناسێنێ و کاری پراکتیکی خۆشی دەکاتە جۆرێك لە پەیڕەوی دەسەڵات و بەڕێوەبردن و لەم زەمینەیەشدا هیچ گوتارێك یان باس و گفتۆگۆیەك پەسەند ناکات، یان فەرامۆشی دەکات. لەم هەلومەرجەدا سیاسەت و دیموکراسی

یان هەژموون و گفتوگۆی ئازاد دەبنە دوولایەنی دژبە یەك لە هاوکێشەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتداریدا. لە وڵاتی ئێمە بە ئاشکرا ئەم ناکۆکییە بەیان نەکراوە، بەڵام لە راستیدا بەئاشکرا پەیرەو دەکرێت و ئەم واقیعەش هەموو خۆ ئامادەکردنو راهێنانی ئایندە بۆ دیموکراسی دەکاتە خەون و بەسەرابی دەسپێرێ.

بەڵام بەهێزی و پایەداری ئەم نەخشە گومرایەی توندوتیژیی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا (نموونە کۆمەڵگای خۆمان) هەر بەتەنها لە ئاکامی دەسەڵاتی سەپێنراوی هێزە گەورەکاندا نییە، بەڵکو تاکەکانی کۆمەڵیش بە پەیڕەوییان لەم لۆجیکە کوێرەی توندوتیژیی نەك لەبەرامبەر و لەدژی دەسەڵاتی مەوجود بەڵکو لە پێناو پەیداکردنی ژیان و گوزەرانی رۆژانەی خۆیان بە بەهێزبوونی توندوتیژیی و ناچاریی لە کۆمەڵگادا کۆمەك دەکەن. لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتدا کە توندوتیژیی بەمانای پەیڕەوکردنی ناچاریی لە دەسەڵاتی بەهێزەکان بەربینگی هەمووانی گرتووە، سوود وەرگرتن لەتوندوتیژیی تەنها بەشێوەی ستوونی (واتا لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی لە دژی کۆمەڵگا) نییە، بەڵکو خاوەن کاریگەری ئاسۆیشە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا. رەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی و تەنانەت روناکبیریش لە وڵاتی ئێمە گەواهی ئەوە دەدەن کە هەموولایەك لە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیدایە یان دەیانەوێت ئەوانی دی ناچار بکەن کە هەژموونی

**واقیعیەت و راستی توندوتیژیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەرئەنجامی تواناو پلەی ئەو ناچارکردنەیە کە تاك تاکی خەڵك لەو کۆمەڵگایەدا بروایان پێهێناوە. واتە، هەرتاکێك کە ناچاریی و توندوتیژیی یان توندوتیژیی ناچاریی وەکو بەشێك لە فەرهەنگی گشتی پەیرەوی لێبکرێت، هەر شێوەیەك لەکاری سیاسی بەناچاری بەسوود وەرگرتن لە توندوتیژیی بە ئاکام دەگات**

هەواڵنامەی کتێب

ئەوان پەسەند بکەن.

ئەگەر دەســەڵات بۆ پاراستنی سروشتی خۆی پەنا بۆ توندوتیژییی یان ناچارکردنی خەڵك دەبات، ئەوا هیچ شتێك لەوە ئاسایی تر نییە کە ئاوێتەبوونی دەسـەڵات و توندوتیژییی لێ پەیدابێت، بەڵام پەنابردن یان سوود وەرگرتن لە توندوتیژییی لەپێناوی هێنانەدی ژیانی ڕۆژانەدا بەیانکەری ڕاستی و واقعێکی ناخۆش و تاڵ و قووڵترە لە دەسەڵات و هێزی توندوتیژییی لە کۆمەڵگادا. سەرئەنجام دەتوانین بڵێین کە تەنها دەسەڵات و دەوڵەت نابنە سەرچاوە بۆ توندوتیژیی، بەڵکو سەرچاوەی ڕەسەنی توندوتیژییی لە کۆمەڵگاو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدایەکە دەیکاتە فەرهەنگی کۆمەڵایەتیو ڕەفتارو دیاردەی گشتی. ئەگەر سەرچاوەی توندوتیژییی و ناچارکردنی خەڵك تەنها لەدەسەڵات و دەوڵەتەکاندابووایە، ئەوکاتە لە دوای نەمان یان ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتانە دەبوایە توندوتیژییی و ناچاریی لەناوبچوونایە، بەڵام لە دوای نەمانی بەعس و پاش ڕووخاندنی دەسەڵاتەکانیش دێنەوەو دیسان بوونەتە بەشێکی بەهێز و دەسەڵاتدار لە پێکهاتەو فەرهەنگ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.

## ٣- سەرەتاکانی دیموکراسی و سەرهەڵدانەوەی توندوتیژییی:

کە دەسەڵات و حکومەتە دیکتاتۆری و تۆتالیتارەکان دەڕوخێن و سەردەمی تازەی دیموکراسی و ئازادیی دەست پێدەکات، بونیاد نانەوەی دەسەڵاتی نوێ لەسەربنەمایەك دادەمەزرێ کە توندوتیژییی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا و دەنگی تفەنگە شۆڕشگێڕەکان دەبنە وتار و ئەندێشەی بەرز و پیرۆز. ئەم سەرەتایە، هەروەکو زۆربەی وڵاتانی بەناو جیهانی سێ یان باشووردا هەبووە و هەیە، دەبێتە لانکەیەك بۆ کوشتنی دیموکراسی بە دەستی خودی کۆمەڵگا یان لە ڕاستیدا ئەوان دەکاتە بکوژی خۆیان. ئەمەش ئەو ئاکامە یان ئەو لۆجیکەیە کە ستەمدیدەکان دەکاتە ستەمکارو بەناوی دیموکراسییەوە بەردەبنە گیانی یەکتر. ئەم هەلومەرجە تەنها لە جیهانی



هەولێر کتێب

ڕۆژهەڵات یان باشووردا نەبووە، بەڵکو ئەزموون و مێژووی جیهانی باکور و ڕۆژئاواش ئەمە دەسەلمێنن. ئەزموون و مێژووی سەردەمی دوای شۆڕشی ١٧٨٩ لە فەرەنسا و سەردەمی دوای شۆڕشی ئەمریکی لە ١٧٧٦ و سەردەمی دوای ئۆکتۆبەر ١٩١٧ لە ڕوسیا بە ڕۆشنی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیی لە بەرگی دیموکراسی و بەناوی دادپەروەریی بەیان دەکات.

**کە دەسەڵات و حکومەتە دیکتاتۆریی و تۆتالیتارەکان دەڕوخێن و سەردەمی تازەی دیموکراسی و ئازادیی دەست پێدەکات، بونیادنانەوەی دەسەڵاتی نوێ لەسەربنەمایەک دادەمەزرێ کە توندوتیژیی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا و دەنگی تفەنگە شۆڕشگێڕەکان دەبنە وتار و ئەندێشەی بەرز و پیرۆز. ئەم سەرەتایە، هەروەکو زۆربەی وڵاتانی بەناو جیهانی سێ یان باشووردا هەبووە و هەیە، دەبێتە لانکەیەک بۆ کوشتنی دیموکراسی بە دەستی خودی کۆمەڵگا یان لە ڕاستیدا ئەوان دەکاتە بکوژی خۆیان**

دەسەڵات خوازی و هەژموون پەرستی حیزب و هێزە سیاسیەکان بەیانی ئەو ڕۆحیەتە دەکەن کە توندوتیژیی خاوەنی بیر و ئامادەیی کۆمەڵایەتی و گشتییە،بەڵام لە سیاسەتەکاندا کارامە و قارەمانە. ئەم هەلومەرجە ئامازەیە بۆ ڕێزو پیرۆزی توندوتیژیی لەلای هەمووان و باشترین بەرجەستەبوونی ئەم پیرۆزمەندییەش شەهید پەرستی و مەرگ دۆستی درێژخایەنە لەناو فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆربەی نەتەوەکاندا. بێگومان ئەوکەسانەی کە لەنزیکەوە لەگەڵ هەلومەرجی ڕاستینەی توندتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی سەروکاریان هەیە، باشتر دەتوانن دەربارەی بیرکردنەوەو ڕەفتاری ئەم سیاسەتە هەڵوێستیان هەبێت، بەڵام پاشەکشەی ئەوان لەبەرامبەر ئەم تاقیکردنەوە ویژدانییە، لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی ڕادەی بەهێزیو فراوانبوونی ئەو فەرهەنگە توندوتیژەیە کە ژینگەی گشتی و تایبەتی لە ئامێز دەگرن.

هەواڵنامەی کتێب

توندوتیژییی لەدەروونی حیزب و هێزە سیاسیەکاندا کە بەرنامە و پەیڕەوی بۆ ساز دەکرێت و قارەمان و کارێزما دەخاتە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات و هەژموونەکەی، سەرەتا بەبێ دەنگ کردن یان پەراوێز کردنی کەس و لایەنە بێ هێزەکانی ناوخۆ دەست پێدەکات و پاشان لە ڕێگای ئەم قوربانیانەوە توندوتیژییی دەخەنە ناو کۆمەڵگاو کوشتنی بەهاکانی ئازادیی و سەربەخۆیی لە ویژدانی هەمووواندا یان زۆربەدا دەکاتە بیرکردنەوەو کەلتووری گشتی. پەیڕەوی و پابەندی دەروونی ناو هێزەسیاسیەکان لەگەڵ ڕق و کینە بەرامبەر دەرەوەی خۆیان هاوڕێ دەبێت و ئەم نەفرەتەش بەڵگەو هاوکاری ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئایینی و هەندێك جار کۆمەڵایەتیو ڕوناکبیریشی بۆ ساز دەکرێت.لۆجیکی مۆنیتی (یەکانەی) ئایدۆلۆژی جگە لە خۆی دان بەکەسی دیکەدا نانێت و تەحەمول و لێبوردنی بەرامبەر بە ئەوانی دیکە نییەو ئەمەش بە ئاشکرا نالێت، بەڵکو بەهانەو بەڵگەی گەورە و قەبەی بۆ دادەتاشن و بەزۆر بەناوی خوازراوەوە بەرامبەر یان بەرامبەرەکان تەکفیردەکەن. لە هەمووشی ناخۆشترو ترسناکتر ئەوەیە کە ئەمان بەناوی ئازادیی و سەربەخۆیی و دادپەروەریی و مرۆڤ دۆستییەوە دەکرێت. لەکۆمەڵگایەك و لەسیاسەت و فەرهەنگێکدا کە تەنانەت خودی بەها دڵخوازەکانی مرۆڤایەتی پەیڕەوناکرێت و توندوتیژییی خاوەن ڕق و نەفرەت و بەرژەوەند پەرستی، بێگومان هەموو کارەکان و هەوڵەکان (یان لەڕاستیدا کار و هەوڵە زاڵەکان!) بەرەو بازنەی داخراوی توندوتیژییی و گومڕایی دەبەن، کە ئەم بازنەیەش توخمەکانی ئەمانەن:

(توندوتیژییی کۆمەڵایەتی–توندوتیژییی سیاسی – توندوتیژییی ئابووریی – توندوتیژییی فەرهەنگی).

## ٤– دیموکراسی دەربازبوون لەتوندوتیژییی:

بۆ کردنەوە و تێك شکاندنی ئەو بازنە ناوبراوە، واتە بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی

توندتیژی دەبێت چۆن كارو رەفتار بكەین؟ بێگومان، نەهێشتنی توندوتیژییی و جڵەوگرتن لە دەسەڵاتی بەسەر كۆمەڵگادا، بەسوود وەرگرتن دووبارە لە توندوتیژییی نابێت و دەبێت پەنا بۆ كارێك ببەین كە لە ناوەڕۆكدا نەهێشتنی هەموو جۆرەكانی توندوتیژییی بكاتە ئامانج.تەنها كارێك كە دەبێت لە بەرچاوبگیرێتو بەشێوەی ئاشتیانە بەتوانابێت بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی، پرسی بیركردنەوەیە.بیركردنەوە دەربارەی چەمك و ماهیەتی توندوتیژییی و بەتایبەتیش توندوتیژییی شاراوە و هەوڵدان بۆ رەخنە لەو هەلومەرجەی كە توندوتیژییی بەرهەهێناوە، دەبێتە سەرەتای كار. ئامانجی ئەم كارەش، بێگومان بە بەرهەم هێنانی كۆمەڵگایەك كۆمەك دەكات كە لەپەیوەندی كۆمەڵایەتیدا بێبەری بێت لە توندوتیژیی.  پەنا نەبردن بۆ توندوتیژییی و بیركردنەوەی عەقڵانی دەربارەی توندوتیژییی یەكێكە لە پرسە گرنگەكانی دیموكراسی و رێگایەكی زۆر گرنگ و كاریگەرە بۆ هێنانەدی مرۆڤی سەربەخۆ و ئازاد و ئاشتی پەروەر.

ئەگەرچی لەم وتارەدا تارادەیەكی زۆر لایەنی ناكۆك و دژ بە توندوتیژییی باسكراوەو  خوێنەر دەزانێت چارەسەر و دەرباز بوون لە توندوتیژییی لەم وتارەدا بەكوێ دەگات. بەڵام چاكتروایە بەخاڵ هەندێك چارەسەری كاریگەر باسبكەم:

١– دیموكراسی بەمانای هێز و رەوایی یاسا دەبێت، نەك بەمانای هێزی ناچاریی و یاسای هێز. هەر كۆمەڵگایەك نەتوانێت دەسەڵاتی خۆی لەسەربنەمای سیستمی یاسایی دامەزرێنێت و رێز لە یاسا نەگرێت، ناتوانێت توندوتیژییی لە زەمینە شاراوەكاندا بناسێت یان چارەسەری بكات.

٢– پرسی دەستەبەركردنی ژیان و گوزەرانی شایستە بەمرۆڤی ئەم سەردەمە زەمینەی گرنگە بۆ ئەم مەبەستە. دەبێت مرۆڤەكان لە هەلومەرجی ناچار یان سەپاودا  ژیانی خۆیان پەیدانەكەن، بەڵكو دەبێت ئەوهەلومەرجە شایستە یان هیچ نەبێت گونجاوبێت.

٣– نەیاری و جیاوازیی سیاسی، ئایینی و روناكبیریی لە وڵاتی ئێمەدا زۆرترین توندوتیژییی ئاشكراو شاراوەی بەرهەم هێناوە. ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لە زەمینەی

پێکهاتە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا پەنهانە، بەڵام سەرهەڵدانی زۆرترین کارەساتی توندوتیژییی لەم سەردەمەی دوای ڕاپەڕیندا لێ پەیدابووە. بێگومان ئەم ڕەوشە تەنها تایبەت نییە بە کوردستان و زۆربەی وڵاتانی دوای شۆڕش و ڕاپەڕین ئەم کارەساتەیان بینیووە. چارەسەری ئەم شێوە توندوتیژییە دەبێت بەگۆڕینی بیرکردنەوە و فەرهەنگی گشتی بکرێت و ئەمەش لەتەمەنی نەوەیەك زیاتری دەوێت، بەڵام بیرکردنەوەی روناکبیران و بەرهەمەکانیان ڕێگای گرنگە لەم کاروانەدا.

٤- بەبڕوای من ڕیفۆرمی سیستمی داد و ماف، ریفۆرمی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و ڕیفۆرمی خوێندنی باڵا و بەتایبەت لەم زەمینەیەدا دەتوانن ئاکامی گرنگ لەم ئامانجەدا بەرهەم بهێنێ. سەرەتای ئەم کارە بەکاری ڕەسمی حکومەت دەست پێدەکات و ناوەڕۆکەکەی دەبێت لەلایەن نوخبەو شارەزا و ڕوناکبیرانەوە پڕبکرێت لە گیانی لێبووردن و تەحەمولی یەکتر و نەهێشتنی توندوتیژیی ئاشکراو شاراوە.

## دیمەنی چوارەم / دیموکراسیی دیفاکتۆ و دیموکراسیی سیاسی

لە مێژووی کوردا هەموو شۆڕش و ڕاپەڕین و دەسەڵاتەکان دیاردەی دیفاکتۆ بوون .هەندێك لە شۆڕشەکان لە دوای جەنگی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا سەریان هەڵدا .هەموو ڕابەرە سیاسیەکانی کوردستان ڕابەرانی نەریتی و کاریزمایی بوون یان لەلایەن ئەوانەوە وەکو هاوکار کرانە سەرکردە.
تا ئێستلێ جار کورد دەسەڵاتی سیاسی هەبووە کە دوانیان کورت خایەن بوونو سێیەمیش ئەوەیە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانی باشووردایە .دەسەڵاتی حکومەتی کوردستانی جنوبی ، دەسەڵاتێکی پاشایانە بوو ، چونکە مەلیك مەحمودی حەفید وەکو نەریت و دیفاکتۆی سیاسی بووە مەلیکی کوردستان لە ئەنجامی دوو دیفاکتۆوەو یەکەمیان وەکو جێنیشینی شێخانی تەریقەتی قادری و دووەمیان وەکو چاو لێکردن لە دەسەڵاتی پاشایەتی( ئێران ، حیجاز ، ئۆردن ، عێراق ).

حکومەتی کوردستان لە مەهابادیش هەر حکومەتی دیفاکتۆ بوو چونکە دەسەڵاتەکەی درایە دەست کەسێکی نەریتی و دەسەڵاتداری ڕابردوو ( کە قازی موحەمەد) بوو .هەروەها بەو جۆرەش دیفاکتۆ بوو کە سیاسەتی پەیڕەوی شورەوی هەبوو چونکە شورەوی بوو کە بەشێکی زۆری باکوری ئێرانی بە دەستەوە بوو .بێگومان دەسەڵاتێك لە سایەی ئەم هێزە جیهانیەدا پەیڕەوی لە هەمان سیاسەت دەكات و دەچێتە ئەو فەلەكەوە .ڕووخان و نەمانی ئەو دەسەڵاتەش ڕووخانێکی دیفاکتۆ بوو لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی شورەوی بووە قوربانی ڕێکەوتنی نێوان شورەوی و حکومەتی شاهانەی ئێران .

هێرشی هاوپەیمانان بۆ عێراق لەساڵی ١٩٩١ و وەدەرنانی هێزەکانی بەعس و سەدام لە کوەیت ، هەلو مەرجی دیفاکتۆی بۆ لاوازبوونی ئەو ڕژێمە سازکرد .ئەگەرچی ڕاپەڕینی کوردان لە بەهاری ١٩٩١ داستان و سەروەریی شۆڕشگێڕانەی بێ هاوتابوو لە مێژووی کوردا ، بەڵام خودی هەلومەرجەکە و شکست و لاوازی بەعس و سەدام زەمینەی ئەو وەرچەرخانە مەزنەی بۆ کورد دروست کرد .حکومەتی هەرێم هەر لەسەرەتاوە بە هەڵبژاردنی گشتی هاتە سەر دەسەڵات و پەیڕەوی دیموکراتی و پەرلەمانیشی هەڵبژارد .ئەم دەسەڵاتەش بێگومان لە دیموکراسی بوونیدا دیفاکتۆ بوو ، چونکە بەشێك بوو لە هێزی هاوپەیمانان و وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوا بە ڕابەرایەتی ئەمریکا .

دیفاکتۆبوونی ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دروست بوونی حکومەتی هەرێم لە ١٩٩٢ بێگومان جێگەی ڕەخنە نین و دەبێت وەکو هەلێکی مێژوویی و جیهانی بۆ وەرچەرخان چاوی لێبکرێت لەم ناوچەیەدا .هەروەك چۆن پەنابردن بۆ کەناری هەڵبژاردن لە زەریای نادیموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە کارو هەڵبژاردنێکی مێژوویی شایستە بوو. بەڵام ڕزگار نەکردنی ئەزمونی دیموکراسی لاویی کوردی لە ڕەوشی دیفاکتۆ بوون ، مایەی نیگەرانی و ڕەخنەیە و ئەگەری بەرپابوونی قەیران هەمیشە لە کەمیندایە بۆ ئەم دیموکراسیە لاوە .بەکارهێنانی زاراوەی

((دیموکراسی لاو)) مەبەست لەوەیە کە تەمەنی دیموکراسی کوردی هەروەك چۆن ٢٠ ساڵە ، دروست بەو مانایەش دێت کە عەقڵ و بیرکردنەوەشی وەکو لاوێکی ٢٠ ساڵەیە . بە تایبەتی لە فەرهەنگ و لۆجیکی ڕۆژهەڵاتیدا هەموو شتێك بە ئەزموون فێردەبێت یان وەکو نەریت و کاریگەری ڕابردوو بە میرات بۆی بەجێ دەمێنێ .هەر بەو شێوەیە تەواوی بیرکردنەوەی حوکمڕانی (( نەك سیستمی حوکمڕانی)) و ژیانی سیاسی لە کوردستان بە تاقیکردنەوەی ئەزموونەکان و کاریگەری بە جێماوی نەریت و ڕابردوو بەڕێوە دەچێت .

دیدگا و مەبەستی گرنگ و ڕەخنەگرانە لەم شێوە دەسەڵاتداریە دیفاکتۆیانە لەوەدایە کە ئەم دەسەڵاتانە یان بیرکردنەوە سیاسیانە ( لە دەرەوە و ناوەوەی حکومەت ) لەسەر ئەم پایانە بیر دەکەنەوە و بڕیار دەدەن ، کاریگەریی بەجێماوی نەریت و ڕابـڕدوو، هێزی واقیعی و دیفاکتۆ ، بەرژەوەندی و هەژموونی ئابووریی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە قازانجی هێزەکان وسەرئەنجام فریودان. لەبەرانبەر ئەم ڕەوشانەدا دەبێت چاومان بشۆین و جۆرێکی دیکە بیر بکەینەوە و بڕیار بدەین لەسەر بناغەی دامەزراندنی سیستمی حوکمڕانی (دەستووریی و یاسایی‌و عەقلانی)، سیستمی ماف و ئازادیی و دادپەروەریی و گرتنەبەری ڕەوش و ژیانی زانستی و تیۆریکی پێشوەخت ، نەك کەوتنە ناو چاڵەکانی ئەزموونەوە .جیاوازی سەرەکی و بنەڕەتی نێوان دیموکراسی دیفاکتۆ و دیموکراسی عەقلانی و سیستماتیك لە مـەودوا یەکێك دەبێت لە پرسە هەرە گرنگەکانی ئەزموونی ژیانی سیاسی و دیموکراسی لە کوردستان، یان هیوادارم وابێت کۆماری ڤایمار ( ١٩١٨ – ١٩٣٣ ) ی ئاڵمان و بەراوردی لەگەڵ هەرێمی کوردستان:

لە ئەنجامی دارمانی سیاسی و سەربازی ئیمپراتۆریای ئەڵمان لە ساڵی ١٩١٨ ، دەسەڵاتێکی کۆماری و دیموکراتیکی دیفاکتۆ لە ئەڵمان پێکهات و لەسەر کەلاوەکانی ئیمپراتۆریای ڕووخاو کۆمارێکی لاو دروست بوو کە بۆ سەردەمێك پایتەختەکەی لە

شاری ڤایمار بوو ، هەر بۆیەش لە مێژوودا بەو ناوە ناسراوە .

(( لەبەرئەوەی كە دیموكراسی ڤایمار بەشێك نەبوو لە خەبات و ئەنجامی خەڵك و هێزەكانی دیموكراسی یان لە پێناوی ماف و ئازادی ، بەڵكو ئەم كۆمارە لە زەمینەی نەبوونی ئەڵتەرناتیڤەكانی دیكەدا هاتە ئەڵمانیاوە .هەر بۆیە كۆماری تازە دامەزراو خاوەن رابەرایەتی دیموكراتیك نەبوو كە شایەنی پێشوازی و رێزی گشتی بێت ، ئەم دەسەڵاتە زیاتر تایبەتمەندی روخساریی و دیفاكتۆیی هەبوو نەك كاریگەریی و كارایی پێویستی دیموكراتی [١٦] .

**بەڵام رزگار نەكردنی ئەزمونی دیموكراسی لاویی كوردی لە رەوشی دیفاكتۆ بوون ، مایەی نیگەرانی و رەخنەیە و ئەگەری بەرپابوونی قەیران هەمیشە لە كەمیندایە بۆ ئەم دیموكراسیە لاوە**

لە مانگی شوباتی ١٩١٩ ( ئەنجوومەنی دامەزرێنەرانی گشتی لە شاری ڤایمار لە باشوری رۆژهەلاتی ئەڵمان پێك هات .لە ٣١ی تەموزی هەمان ساڵدا یاسای بنەرەتی ( دەستوور)ی نوێ راگەیەنرا كە تیایدا بەرنامەی سەرۆكایەتی كۆمار بۆ حەوت ساڵ ،سیستمی پەرلەمانی خاوەن دوو ئەنجوومەن كە یەكێكیان بۆ نوێنەرایەتی ناوچە و هەرێمەكان و دووەمیان ئەنجوومەنی گشتی فیدراڵ بوو .ئەنجوومەنی نیشتیمانی ( پەرلەمان) تا بەهاری ١٩٢٠ لە ڤایمار جێگیر بوو پاشان چووە بەرلین ، یەكەمین سەرۆك كۆمار ( فریدریك ئێبەرت) لە شوباتی ١٩١٩ تا مردنی لە شوباتی ١٩٢٥ لەو پۆستەدا بوو .ئێبەرت سۆسیالیستێكی میانرەو بوو كە لە بیری رێكخستنی كۆماری دابوو بە پێوەرە دیموكراتیەكانی یاسای بنەرەتی .سەرۆك كۆماری دوای ئەو ( فیلد

مارشال فۆن هيندنبۆرگ ) بوو كە ناسيۆناليستێكی توندڕەو و لە ناخدا لايەنگری دەسەڵاتی شاهانە بوو .

كۆماری ڤايمار هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ قەيران و كێشە سەختەكانی ئابووريی ڕووبەڕوو بوو .هەروەك هەرێمی كوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ هەتا ٢٠٠٣ .ئەم قەيران و كێشە ئابوورييانەش لە ئەنجامی ئابڵوقەی ئابووريی هاوپەيمانان بوو لە ساڵانی جەنگ و دوای جەنگ ، هەروەها بەشێك بوون لە نەبوونی توانای دارايی بۆ ئاوەدانكردنەوەی وڵات لە دوای جەنگ ( هەمان ڕەوشی هەرێم) ، و سەرەنجام قەيرانی ئابووريی جيهان لە ساڵی ١٩٢٩ گورزی كاريگەری وەشاندە ئابووريی ڤايمار. ئەنجامەكانی ئەم قەيران و شكستانە بالاَكردنی گرانی و بڵاوبوونەوەی بێكاريی (لە ساڵی ١٩٣١ ژمارەی بێكاران گەيشتە ٥ مليۆن ) كە ژێرخانی تەواوی كۆمەڵگای هەژاند لەم سەردەم و ڕەوشـەدا لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٣٠ بەشێوەی چـاوەڕوان نەكراو حيزبی نازی ( ناسيۆنال سۆسياليست ) بە ڕابەريی هێتلەر ١٠٩ كورسی بەدەست هێنا .ئەم ڕەوەندە سياسيە تا ٢ ساڵی ديكە بەردەوام بوو ، بەلاَم لەساڵی ١٩٣٢ نازيەكان ، بوونە گەورەترين حيزب و ٢٣٠ كورسيان بە دەست هێنا و دواتر ساڵی ١٩٣٣ هێتلەر و حزبی نازی تەواوی پايەكانی ديموكراتيكی ڤايمار و ياسای بنەڕەتی و ژيانی سياسی‌وحزبايەتی ديموكراتيان هەڵوەشاندەوە و خۆيان كرد بە حيزبی تاكانەو سەركردە و ڕەها .بێگومان خوێنەران مێژووی هێتلەر و نازيزم و جەنگی جيهانی دووەم و دوژمنايەتی كردن و لەناوبردنی يەهودەكانيان لە هۆلۆكۆست بە دەستی نازيەكان بيستووە يان خوێندويانە .

ئەوەی كە ئێستا بۆ ئێمە گرنگە و شايەنی باس و تێڕامانە ئەزموونی ديموكراسی ديفاكتۆو شكستی كۆماری ڤايمارە .ئەگەرچی لە لايەن هێزێكی فاشيستی و دژی ديموكراسی لەناوبرا ، بەلاَم خودی زەمينەكانی سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە دڕندەيە لەناو كۆمەڵگەی ئەڵمان و حوكمڕانی ڤايمار دابوو .كە بێگومان جێگای سەنج و لێكۆڵينەوە دەبێ !

بەراووردی نێوان کۆماری ڤایمار و هەرێمی کوردستان دەتوانێت دوو پرسی گرنگ بخاتە ڕوو کە کاریگەرییان هەبووە و دەبێ لەسەر ئایندەی ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستان: یەکەم، هەلومەرجی دیفاکتۆی دیموکراسی لە هەریەك لە ڤایمارو هەرێموبالأدەستی هێزە کۆنە نەریتیەکان لە هەردوو بواری حوکمڕانی و ژیانی سیاسی گشتی دا .دووەم، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە ئەزموونی (( دیموکراسی بەبێ هێزەکانی دیموکرات )) بەرەو کام ئاکام و ئاڕاستە دەچێتو هێزە کۆنەپەرستەکان بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە چۆن زەفەریان بە ڤایمار برد و چۆن کەمینیان بۆ دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا داناوە .باشترین کار ئەوەیە کە بە خاڵ تایبەتمەندیەکانی دیموکراسی دیفاکتۆی ڤایمار باس بکەم بەراووردیان بکەم لەگەڵ ئەزموونی ٢٠ ساڵەی دیموکراسی کوردی دا .

١ – کۆماری ڤایمار هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووبوو لەگەڵ کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و ئابووریی و کۆمەلأیەتی کە لە سیستم و ژیانی ڕابردوو بۆی بەجێمابوو کە پەیداکردنی سیستم و جێگیریی سیاسی و گشتیان لە ولأت سەخت یان ئاستەم دەکرد .ئەمەش هەمان سەردەمی یەکەمی حکومەتی هەرێمان بیردەخاتەوە لە ساڵی (١٩٩٢– ٢٠٠٣ ).

٢ – دیموکراسی بێ هێزی دیموکراتیکی ڤایمار بەو مانایە دێت کە ئەم ڕژێمە بێبەش بوو لە پشتیوانی و بنەمای

کۆمەڵایەتی و هێزەکانی لیبراڵ و ئازادیخوازو تەنانەت نەیدەتوانی پاڵپشتی توێژ و بەشەکانی نوخبەی وڵاتیش فەراهەم بکات. ئەمەش هەمان ئەو نەخوازراوەیە کە ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستاندا تیایدا بەسەر دەبات ، لەبەر ئەوەی لەلایەك خودی ئەو هێزە ئازادیخواز و دیموکراتانە هێشتا وەکو هێزی کۆمەڵایەتی پەیدا نەبوون و لەلایەکی دیکەش لەبەر ئەوەی خودی شاندی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی) تا ئێستاش خەریکی لاوانەوەی توێژ و چینە داراکانن و هێشتا هێزە نەریتی و کۆنەکان دەسەڵاتەکان بەڕێوە دەبەن .

٣ – هێزی نەیاری کۆماری ڤایمار کە هەمیشە لە کەمیندا بوون بۆ لەناوبردن یان کێشە سازکردن و تا ڕادەی ئەوەی کە یاسای بنەڕەتی ( دەستوور) پەسەند نەکەن، بریتی بوون لە ناسیۆنالیستەکان ، نازیەکان و کۆمۆنیستەکان .هێزەکانی نەیاری هەرێمیش هەر لەسەرەتاوە ئیسلامی سیاسی جیهادی و تەکفیریەکان بوون و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دواوە ئۆپۆزسیۆنی (گۆڕان ) یشیان بۆ زیادبوو ، کە لە ساڵی ٢٠١٠ بە دواوە ماهیەتی توندڕەو و هەژموونخوازی خۆی ئاشکرا کرد .

٤ – دیموکراسی دیفاکتۆی ڤایمار لە زەمینەی ئابوورییشدا هەروەکو ژیانی سیاسی، لە لایەن هێزە دەوڵەمەند وداراکانەوە بەڕێوە دەچوو یان ئەوان لێی بەهرەمەند بوون ، مێژووی ئابووریی ڤایمار لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ڕووخاندنی، مێژووی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی چینە دەوڵەمەند و داراکان بوون ، کە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە یان دەوڵەمەندتر دەکران ، یان سەرمایەکانیان دەپارێزرا یان تەواوی سیستمی حوکمڕانی سیاسی لە خزمەتی بەرژەوەندی دارایی ئەواندا بوو .مێژووی ئابووریی هەرێمیش لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا ئەم سێ ڕەوشە بۆ دەوڵەمەندانو سەرمایەدارانی کوردستان دەسەلمێنێ،ئەمانەش بێگومان لەگەڵ هاوبەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی سیاسی(بەهەمووڕەنگ و ناوەکانەوە) و دەسەڵاتدارانی ئابووریی .

٥ – لە کۆماری ڤایماردا ، سەرەڕای ئەوەی کە دەستور و یاسا هەبوون و خودی ئەم کۆمارەش بە دەستووری ڤایمار دامەزرا بەڵام هەموو ژیان و مێژووی ئەم کۆمارە لە دەستی سێ هێزدابوو و هەر ئەوانیش بڕیاری چارەنووسیان دەدا .ئەو هێزانە بریتی بوون لە( نەریتی میلیتاریستی ئاڵمانی ، بەرژەوەندی هێزە باڵاکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەرئەنجام ئەو هێزە سیاسیانەی کە هەبوون یان دواتر پەیدابوون ) .لە هەرێمیش هەر لەسەرەتای راپەرینەوە بەو شێوەیە بوو هەتا ئێستا. تا ئێستا هێزی سەربازی و پێشمەرگایەتی هەموو دەسەڵات ئەزموونەکەیان لە دەستدایە. دەسەڵاتی هێزی سیاسی و ئابورییە باڵادەستەکان و تەنانەت خێڵەکانی بەجێماو لە مێژووش هێشتا دەسەڵاتدارن .

**لە ڤایمار و لە کوردستان دەسەڵات و ژیانی سیاسی لەسەر چوار پایە بەڕێوە دەچن: هێز، بەرژەوەندی ، نەریت و فریو بۆیە هەردووکیان دیموکراسی بەهێزەکانن نەك دیموکراسی گشتی و یاسایی و بەهرەمەند بۆ هەمووان . دیموکراسی بەهێز و دەسەڵاتدارانی ڤایمار هێزی بەهێزترو پەلاماردەرتری بەرهەم هێنا کە فاشیزمی نازیەکان بوو . دیموکراسی کوردی کام نەیاری بەهێزتر و دڕندەتر بەرهەم دێنێ**

لە ڤایمار و لە کوردستان دەسەڵات و ژیانی سیاسی لەسەر چوار پایە بەڕێوە دەچن : هێز، بەرژەوەندی ، نەریت و فریو بۆیە هەردووکیان دیموکراسی بەهێزەکانن نەك دیموکراسی گشتیو یاسایی و بەهرەمەند بۆ هەمووان .دیموکراسی بەهێز دەسەڵاتدارانی ڤایمار هێزی بەهێزترو پەلاماردەرتری بەرهەم هێنا کە فاشیزمی نازیەکان بوو .دیموکراسی کوردی کام نەیاری بەهێزتر و دڕندەتر بەرهەم دێنێ .

## زەمینەکانی دارمانی دیموکراسی دیفاکتۆ:

بیرمەندانی تیۆری رەخنەیی لە زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کە لە مێژوودا بە (قوتابخانەی فرانکفۆرت) ناسراون ( ماکس هۆرکهایمەر ، تیۆدۆرۆ ئادۆرنۆ ، هێربرت مارکیوزە ، واڵتەر بنیامین و ئەریك فرۆم ) و بەشێکی دیکە لە بیرمەندانی تر لەو بروایەدابوون کە ((لاوازی ، ناسازگاری و دارمانی کۆتایی کۆماری ڤایمار لەو واقیع و راستیەوە بوو کە شۆڕشی ١٩١٨ ی ئاڵمان کە ئەم کۆمارەی هێنایەدی بە پێچەوانەی شۆڕشی ئینگلیز (١٦٨٠ – ١٦٨٩) ، شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩ – ١٧٩٥) یا شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٦ – ١٧٨٣) و شۆڕشی روسیا (١٩١٧ – ١٩٢١ ) بەو رادەیەی ئەوان فراوان نەبوو .بەڵکو لە ئەنجامی شکستی ئەڵمان بوو لە جەنگی جیهانی یەکەم و لاوازبوونی خودی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری لە وڵات .هەر یەك لەو شۆڕشانەی کە ناویان هات لە جێگای خۆیان حکومەت و دەوڵەتی بەهێز و رژێمی سیاسی و پایەدارییان بەدی هێنا .شۆڕشی ١٩١٨ی ئەڵمان ئەگەر چی رق و تورەیی دوژمنانی کۆنەپارێزی بەهێزتر کرد ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە هێنانەدی دۆستانی بەهێز .ئەو رژێمە سیاسیەی کە لە ئەنجامدا هات پایەدار و بەهێز نەبوو لە پیادەکردنی دیموکراسیدا))[١٧]

ئەزموونی ڤایمار و هەرێمی کوردستان و تەواوی دیموکراسیە دیفاکتۆ و تازەکان لە نموونەی ٢٥ ی ینایری میسر و  زەمینەکانی لاوازی و شکستی ئەوان دەتوانێت پرسی گرنگ و تیۆری بە نرخ بێت بۆ داوەری کردن لەسەر هەموو ئەو دیموکراسیە تازە پەیدابووانەی کە بە دیفاکتۆ دەمێننەوە یان دەیانەوێت وەها بمێننەوە کە بێگومان ئەمەش دەبێتە زەمینەی لەناوچوونیان ، ئەو زەمینانەش ئەمانەن :



هەواڵنامەی کتێب

## (١) لاوازیی بونیادی و پێکهاتەیی :

یەکەمین ئاستەنگی دیموکراسی دیفاکتۆ (ڤایمار) کە دەستی خستبووە بینەقاقای ئـەوە بوو کە ئەم ئەزموونە و پارت و لایەنە هاوپەیمانەکانی لاوازبوون لە بونیاد و پێکهاتەی دیموکراتیکدا. بەشی هـەرەزۆری دەسـەڵات بەدەست دوژمنانی شـاراوە و نهێنی دیموکراسیەوە بوو ، یان لە هەندێ جێگادا دەسەڵاتی چارەنووس سازشیان بەدەستەوە بوو کە بەجۆرێك کاردەکەن کەپێچەوانەیە لەگەڵ بەهاو ئەزموونەکانی دیموکراسی. بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان یان خاوەن کارەکان ناهێڵێت یاسای کاری دیموکراتی لەوڵات هەبێ ،خاوەنانی کەرتی تایبەت ناهێڵن بیمەی کارمەندان و کرێکارانی ئەو بەشە بخرێتە یاساوە و هەوڵێك لەیاساکانی دادپـەروەری کۆمەڵایەتی لەدیموکرسی دیفاکتۆدا نابینرێ .سەرئەنجام تەواوی هێزە کۆنەکانی ئایینی ، خێڵەکی ، سەربازیی و ئابووریی لەم دەسەڵاتەدا بەهێزو کاریگەرن‌و خەڵکانی هـەژار و بێبەشیش ، سـەرەڕای ئومێدیان بەو سیستمە بەڵام کەمترین بەهرەمەندییان بەرکەوتووە یان نا !

## (٢)لاوازیی و ناسازیی حکومەت و دەسەڵات :

لەم دیموکراسیەدا یان یاساو ڕێسای پێویست بۆ هێنانەدی سیستمی دیموکراتی راستەقینە نیە ،یان یاساو ڕێساکان کاریان پێناکرێت .هێز و بـەرژەوەنـدی بەهێزەکان و دەسەڵاتدارانی رابـردوو دەکرێنە یاسا یان پێوەر .زۆربـەی حکومەتەکان لەم رژێمە دیفاکتۆیانەدا لاوازن و بەدەستی بەهێزەکانەوەن یان خۆیان خوازیاری ئـەوەن کەبەشێك بن لە بەرژەوەندی هێز و لایەنە بەهێزەکان .

## (٣)لاوازیی ڕەوشی سیاسی و پارتە سیاسیەکان :

هەرچەند زۆربەی پارتە سیاسیەکان دیموکراسی و ئازادیخوازییان کردۆتە دروشم، بەلاّم زۆرکەم بەلای پیادە کردنی ئەم پرسانەدا دەچن .پارتە سیاسیە دیموکراتخوازو پێشکەوتوخوازەکان لەم جۆرە سیستمانەدا وەکو لایەنی ناچالاك و ناکارا هەمیشە بەسەر دەبەن ، بەلاّم هێزە کۆنەپارێز و کۆنەپەرستەکان یان ئیسلامیە توندڕەوەکان چالاك و کاراو بەهێزن .دەسەلاّت لەدەستی دیموکرات و سۆسیالیستەکاندایە ،بەلاّم ژیانی سیاسی لەدەستی کۆنە پەرست و فاشیستەکاندایە .پرسێکی دیکەی ئەم زەمینەیە ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسیە دیموکرات و سۆسیالیستەکان لەپەڕاگەندەیی و بلاّویدان و ناتوانن یان نایانەوێت بەرەی داکۆکی لەدیموکراسی و ئازادییخوازی بۆ باشترکردنی ژیان و سیستمی دیموکراسی پێك بهێنن.

## (٤)بێلایەنی و نەبوونی پیشتیوانی بەهێزی خەلّك:

لەدیموکراسی دیفاکتۆدا زۆرینەی خەلّك لەدوو رەوشدا ژیان بەسەر دەبەن ،لەلایەك ئەوان دلّسارد و بێلایەنن بەرامبەر بە دیموکراسی ڕووکەش و دیفاکتۆ یان بروایان بەدیموکراسیەك نییە کە ئاوات و هیواکانیان نەهێنێتەدی و لەلایەکی دیکە هێزی کۆمەلاّیەتی بۆ داکۆکی و پاراستن و گەشەپێدانی دیموکراسی هێشتا دروست نەبووە .هەمووان دەیانەوێت دەسەلاّت ، سیاسەت یان کارێزماکان ژیانیان بۆباشترو بۆبەهرەمەندتر بکات و خۆیان ئەو کەسانەن کە بێهێزن یان بێلایەنن لە پشتیوانی دیموکراسی دیفاکتۆ.زۆرینەی خەلّکی ئەلّمان نەیاندەویست ڤایمار برووخێ،بەلاّم دەیانخواست کەباشتر بێت بۆهەرکام لەم دوو ئامانجەش هیچ کارو پشتیوانیەکیان نەدەکرد .زۆرینەی خەلّکی هەرێمی کوردستانیش لەدژی دروشمی ڕووخانی حکومەتی هەرێم بوون لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و نەیارانی دیموکراسیەوە ،بەلاّم هیچ پشتیوانیەکی بەرچاویان پیشان نەدا .

## (٥)کێشەو ئاستەنگی ئابووریی و نەبوونی دامەزراوەکانی ئابووریی:

سەرهەڵدانی كێشە و ئاستەنگەكانی ئابووریی و باڵاكردنی گرانیو فراوانبوونی بێكاری یان زیاتربوونی ڕێژەی هەژاریی.هۆكاری سەرەكیش بۆئەم كێشەو ئاستەنگانە تەنها نەبوون یان لاوازیی توانای ئابووریی دەوڵەت نیە ، بەڵكو نەبوونی دامەزراوەكانو یاساكانی ئابووری وادەكات كە هەژاران وبێبەشان بێ بەرگری بكەونە ژێر دەستی هێزو بەرژەوەندی داراو چەوسێنەرەكان.تەواوی ئەزموونی ئابووریی كۆماری ڤایمار ١٩١٨_١٩٣٣ لەنەبوونو لاوازیی ئابووریی و بێدەسەڵاتی دەزگاو یاساكانی ئابوورییدا ژیانی بەسەربرد .كەبێگومان ئەمانە دەبنە هۆكار و زەمینەی بێ پشتیوانی خەڵك بەرامبەر بەدەسەڵات و دەسەڵاتیش بەرامبەر بە خەڵك .بەڵام ڕەوشی ئابووری دیفاكتۆی هەرێم دوو سەردەمی بە خۆوە بینیوە ، یەكەم ساڵانی ١٩٩١_٢٠٠٣ كە هەژاریی ، بێكارییو كێشەی ئابووریی و لاوازیی ئابووریی بوو لە هەرێمدا .بێگومان وێڕای نەبوونی یاساو دەزگا ئابوورییەكان .دووەم لەساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە پێشكەوتن و توانای ئابووریی بەرەو باڵا چووە ، بەڵام هێشتا كێشەكانی بێكاریی ،گرانی و هەژاریی بۆ بەشێك لە خەڵكی كوردستان هەرماوە و تائێستا دیسان یاساو ڕێسای ئابووریی بۆ ریفۆرم یان چاكسازیی لە هەرێمدا نیە .

یەكێكی دیكە لەكێشەو ئاستەنگەكانی هەرێم وێڕای باشبوونی توانای ئابووریی ئەوەیە كە نەبوونی دادپەروەریی كۆمەڵایەتیو دارایـی تـەواوی ژیانی ئەم وڵاتـەی گرتۆتەوە و جیاوازی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان هەتادێت زیاتر دەبێت .

**(٦)کاردانەوە یان توندڕەویی بەشێك لە خەڵك :**

بێگومان زۆرینـەی خەڵك لایەنگیری لە حکومەت و سیستمی دیموکراتی دەکەن، بەڵام ئەو زۆرینەیەش چالاك نین لەم لایەنگیریەدا .هەندێکی دیکە لە خەڵك دەکەونە کاردانەوە و توندڕەویی کە هاندەرەکانیان بێگومان نەیارانی کۆنەپەرست و توندڕەون.زەمینەی کاردانەوە و توندڕەویی ئەو هەندە لە خەڵك یان لەبەر ئەوەیە کە ئەو خەڵکانە هەر لە بونیادا لە دژی دیموکراسین یان لەبەر خراپی ژیان و گوزەرانیانە. سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئەوروپای نێوان دوو جەنگی جیهانی و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و جیهادی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ساڵانی ١٩٨٠،١٩٩٠،٢٠٠٠ی سەدەی بیستەمدا هەر لەو زەمینانەوەیە .کاردانەوە و توندڕەویی نەیارانی کۆنەپەرست و فاشیست لە بەرامبەر لایەنگیریی ناچالاکی هێزە دیموکراتیەکان ، دەتوانێ ئاشووبی وەکو ١٧ی شوبات لە هەرێمی کوردستان دروست بکات یان ڤایمار بڕووخێنێ و نازیزم بهێنێتە سەر کار ، یان ئیسلامی سیاسی و جیهادی بەهێز بکات !

# سەرچاوەکان

١ دایرة المعارف دموکراسی(٣) ، کتابخانەی وزارت امور خارجە، تهران١٣٨٣،ل١٣٥٢.

٢ الان تورین، ماهی الدیمقراطیة؟ ترجمة حسن قبیسی ، دار الساقی،بیروت١٩٩٥.

٣ الان تورین ، نقد الحداثة ،ترجمة انور مغیث ،المجلس الاعلی للثقافة١٩٩٧.

٤ الن میك سینزوود ،دموکراسی در برابر سرمایەداری، ترجمة حسن مرتضوی ، نشر بازتاب نطار، چاپ اول ١٣٨٦، ل٤٥.

٥ اکرم میهرداد ، سۆسیال دیموکراسی ،مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)،سلێمانی ٢٠٠٨.

٦ حسین بشیریة ،لیبرالیسم و محافظة کاری ، نشر نی ، چاپ ششم ١٣٨٤،ل٣٠.

٧ یورگن هابرماس ، بحران مشروعیت ، ترجمە جیهانگیر معینی ، چاپ دوم ١٣٨١،ل١٣٥.

٨ رالف میلیباند ، الاشتراکیة لعصر شکاك، ترجمة نوال لایقة، دارالمدی للنشر، الطبعة الاولی ١٩٩٨، ل ٧٠.

٩ رابرت بی تلیس، فلسفەی راولز ، ترجمة خشایار دیهیمی ،طرح نو، چاپ اول ١٣٨٥، ل٧٥.

**١٠ دایرة المعارف دموکراسی، زیر نظر سیمور مارتین لیپست، جلد سوم، ترجمەی کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجة ایران، چاپ دوم (١٣٨٣) ،ل ١١٣١.**

**١١ مابعد المارکسیة، اعداد فالح عبدالجبار، دار المدی للثقافة والنشر، بیروت، الگبعة الاولی (١٩٩٨) ،ل ١٠٧.**

**-١٢ دایرة المعارف دموکراسی، ل (١١٣٢).**

**١٣ زبگینیو برژینسکی، انتخاب: سلطة یا رهبری، ترجمەی امیر حسین نوروزی، نشرنی، چاپ اول، تهران (١٣٨٦) ، ل ٢٣١.**

**١٤ ە. س.پ.ل ٢٥٥.**

**١٥ ماکس وبر، تالکوت پارسونز، کارل لوویت، عقلانیت و ازادی، ترجمەی یداللة موقف و احمد تدین، انتشارات ھرمس، چاپ دوم (١٣٨٤) ،ل٨.**

١٦ حسین علی نوزری، نقریە انتقادی مکتب فرانکفورت در علوم اجتماعی و انسانی، نشر اگاه، چاپ دوم ١٣٨٦، ل٣٤.

١٧ ھ .س. پ. ل٤١.

دەتوانن لە ڕێی ماڵپەڕی مەڵبەندەوە ژمارەکانی تر

گۆڤاری نوێبوون بخوێننەوە

www.pukm1.com

# کۆمەڵناسیی سیاسی پارتەکان

شۆڕش محەمەد

هەواڵنامەی کتێب

دەرکەوتنی پارتەکان دیاردەیەکی گرنگی سیاسیە لەسەردەمی مۆدێرندا و پارت party هەروەکو لەناوەکەیدا دیارە دەیەوێت لەژیانی گشتیدا بەشدارییەك بکات و خۆی بەبەش دەزانێ،نەك گشت. ئەم دیدەش بڕوایەکی دیموکراتییە کەئەو هێزانە خۆیان بە(بەش) زانیوە و خۆیان بەنوێنەری (گشت) زانیوە.

بەڵام کارکردن و کاریگەریی پارتەکان و دیدی ئایدۆلۆجی زۆربەشیان بەوشێوەیە نەبووە، ئەوان هەمیشە بەناوی گشتەوە بانگەوازیان کردووەو هەمیشەش وەکو گشت رەفتاریان نواندووە هەرچۆنێك بێت ئێستا ئێمە لەدوای چەند سەدەیەك بۆمان دەرئەکەوێت کەیەکێك لەکارە نامۆو دێرینەکانی بیرو فەلسەفەی مۆدێرنیزم. هەروەکو چۆن حیزبەکانیش بەرهەمی مۆدێرنەن، کەبانگەوازو رەفتاری وەکو یەك نییەو بەردەوام مۆدێرنیزم گرفتاری ناکۆکی نێوان گوفتارو کردارییەتی. لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەولاوە دووجۆر بزووتنەوەی دژی رژێم لە ئەورووپاو شوێنەکانی دیکەی جیهان پەیدا دەبن، کەلە سەرچاوەی کۆمەڵایەتی (چینایەتی یان نەتەوایەتی) ئیلهام وەردەگرن. بزووتنەوەی یەکەم بزووتنەوەی چینایەتییە. کەباس لەسەرکوتی پڕۆلیتاریاو هەژارانیان بەدەستی بۆرژوازی دەکردو ئەوانەی جۆری دووەمیش واتە بزووتنەوەکانی نەتەوایەتی لەچەوسانەوەی خەڵکی ستەمدیدەو (نەتەوەکان و کەمایەتییەکان) بەدەستی دەسەڵاتە بێگانەکان،سەرچاوەی بوونی خۆیان و خەباتیان دەسەلماند. هەردوو بزووتنەوەکە بانگەوازی بەدیـــهێنانی یەکسانیان دەکردو لەسێ زاراوە گرنگەکەی شۆڕشی فەرەنسی( ئازادیی–یەکسانی–برایەتی) رەوایی خۆیان بەدی دەهێنا، ئەم بزاڤانە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست لەهەموو جێگاکاندا پێکهاتەو پارت و رێکخراویان بۆ ئەو

مەبەستە پێکهێناو ئەو پارتانە کاری یەکەمی خۆیان بەوە دانا کەدەبێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و سەرلەنوێ دەوڵـەت لەسەر بناغەی رەوای چینایەتی یان نەتەوایەتی بونیات بنێنەوە.

ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە (چینایەتی یان نەتەوایەتی) هەوڵیان دەدا لەرێگای شۆڕش یان پەرلەمان دەسەڵات بەدەست بهێنن، بەڵام ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە ئەوەبوو کەئامانجی یەکەم و گرنگی خۆیان تـارادەی چارەنووس ساز بەدەست هێنانی دەسەڵات بوو. هەر لەسەر شێوەی دەسەڵات وبەپێی بیرۆکراتیزمی دەسەڵات چەندین حیزبیان بۆئەم مەبەستە پێکهێنا، لەکاتێکدا کەبۆچوونی زاڵ لەو سەردەمەدا بۆ دەوڵەت. دیدوتیۆری و بیرۆکراتی بوو هەربۆیە چەندەها پارت بەشێوەی دەوڵـەت، بەڵام بچووکتر پێکهاتن، بەڵام کاریگەریی دیموکراتی و ئازادیی وایکرد کەپەراوێزی دیموکراتی بەخۆیانەوە ببینن و سەرئەنجام پرەنسیپی یەکەمی هەموو پارتەکان دەبێتە ناوەندێتی دیموکراتی دەخرێتە خزمەتی دەسەڵاتی ناوەندی یان رونتر بڵێین تاکە ناوەندی ناو ئەو پارتانە، کەسەرکردایەتییەکەیانە تا ساڵی ١٩٤٥ سێ جۆری ڕۆشن و جیاواز لەو حیزبانە لەسەرتاسەری دنیا پێکهاتن پارتەکانی سۆسیال دیموکراتی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم. پارتە کۆمۆنیستەکانی نێونەتەوەیی سێهەم و حزبەکان یان بزاڤەکانی نەتەوەیی رزگاریخوازی نەتەوەکان.

قۆناغی یەکەمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کەبەتوندی گرێدرابوو بەو پارتانە (چینایەتی یان نەتەوایەتی) بۆماوەی زیاتر لەسەد ساڵی خایاندو لەئەنجامی دەسەڵاتو گیروگرفتەکانی ئەم پارت و دەسەڵاتانە. جۆرێکی دیکە لەبزووتنەوەکان پەیدا بوون کەلەناوەڕاستی دەهەی ١٩٦٠ بەدواوە لەئەوروپاو ئەمەریکاو ئاسیاو ئەفەریقا توانیان گومان و پرسیاری گەورە لەرەوایی کارای بزاڤ و پارتەکان قۆناغی یەکەم پێك بهێنن. بزاڤەکانی قۆناغی دووەم یان دەهەی شەست کەزیاتر لەدەوری تاك و داخوازییەکانی تاك کاری دەکرد بەجۆرێك بوو کەواقیعیەتی ئابووریی–سیاسی دیموکراتی وایلێهاتبوو، کەئەو بزووتنەوە تازانە، بتوانن چەند رەوتێکی نوێ و دیدی

نویٚ بۆ بوون و سەرچاوەو زەمینەو ئامانجەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی سیاسی و حیزبایەتی بەدی بهێنی. هەروەکو باسمان کرد، ئەگەرچی پارتەکان لەزەمینەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیدابوون.بەڵام چەند سیفات و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کەجیایان دەکاتەوە لەزەمینەی کۆمەڵایەتی و بزاڤی گشتی.

**یەکەم:** پەیوەندیی بەشداری لەبزووتنەوەکاندا پێویستی بەپابەندبوونی تەواو بەجۆرێك لەبیرو باوەڕی تایبەتی نییە. بەڵام بەشداربووان و ئەندامێتی لەپارتەکاندا وادەخوازێت کەپابەندبوونی تەواو بیروباوەڕ یەکێك بێت لەمەرجەکانی بنیاتنانی ئەو پارتانە.

**دووەم:**سیفەتی ڕێخراوەیی حیزبەکان، واپێویست دەکات کەلایەنی توندو تۆڵ و ئاستەکانی ڕێکخستنی هەردەمی بوونی هەبێت وشێوەیەك لەشێوەکانی بیرۆکراتی(دیوان سالاری) بەناوی (ناوەندێتی دیموکراسی)یەوە لەهەموو پارتەکانداهەیە. لەپارتدا حاڵەتی ڕێکخستن و فەرمان و ئاستەکانی سەرەوەو خوارەوە بەئاشکرا دەبینرێت، لەکاتێکدا بزووتنەوەکان زیاتر حاڵەتی ئازادیی و کۆبونەوەو بەشداریکردن لەکارو چالاکیدا بەخۆوە دەبینێ.

**سێهەم:** ئامانجی یەکەم و پیرۆزی حیزبەکان بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتەو هەر بۆئەمەش گومانکردن لەدەسەڵات و بونیادی پێشوو دەبێتە یەکێکی دیکە لەکارەکانی. ئامانجە زۆرو درێژماوەکانی حیزب. بەردەوام دوادەخرێت بۆ سەردەمی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و گۆڕینی دەسەڵاتی کۆن.

**چوارەم:** بەڕادەیەك کە پارتەکان، سەربەبیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای تایبەتن. هەر بەوئەندازەیەش دەیانەوێ یەکێتی ریزەکانی حیزب و پاشان یەکێتی ریزەکانی کۆمەڵ لەدەوری بەرنامەو دیدی خۆیان بەدی بهێنن. بەم جۆرە یەکەم کاری حیزب، تەنانەت پێش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتیش، هەوڵدانە بۆ بەدەست هێنانی یەکێتیو ژیانێکی پڕ لە جیاوازی و فرەیی. پارتەکان بەیەکێتی ناو خۆیان دەچن بەگژو دژی

ئەوانەی كەوەكو خۆیان نین و سەرئەنجام یەكێك لەپرەنسیپی بنەماكانی پارتەكان دەبێتە(یەكێتی و دژایەتی)

**پێنجەم:**قەتیس مانی كاری حیزبەكان تەنها لەكارو مەیدانی سیاسی و كردنی پارت و سیاسەت بەناوەڕۆك و سەركردەی بەشەكانی دیكەی كۆمەڵ و رای گشتی. یەكێك لەكارە دژوارەكانی حیزب هەوڵدانە بۆ دروستكردن وبەهێزكردنی ناوەندێتی سیاسی و بەجۆرێك كەبەشەكانی دیكەی خەبات و كۆمەڵ و رێكخراوەكان دەكرێنە پاشكۆی حیزب.

**شەشەم:** لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جیاوازیی ئاشكراو تەواو لەنێوان پارتەكان و بزاڤە كۆمەڵایەتییەكاندا نییە، چونكە بەدەستهێنانی ژیانێكی سیاسی گشتی وئازاد، وادەخوازێت كەهەموو (رێكخراوەكان، پارتەكان و بزووتنەوەكان ) لە پەیوەندیی و كاریگەرییان لەسەریەكتر، رەوش و دەسەڵات و كۆمەڵێكی باشتر بنیات بنێن. واتە دەبێت ئەوە پەسەند بكەین كەبوونی پارتەكان كارێكی پێویستە، بەڵام دەبێت كەموكوریی و لاوازیی حیزبەكان بەپێی پێوەرو پێداویستییەكانی ئازادیی و دیموكراتی نەهێڵرێت.

## پارتەکان و دیموکراسی نوێ

دیموکراسی بەبێ سیستمی نوێنەرایەتی، کەدەسەڵات وئەقڵی زۆربەیە، بوونی نییە. هەڵبژاردنی ئازادو نوێنەران و دەسەڵاتداران لەلایەن خەڵکەوە، دەبێتە کارێکی بێ مانا. ئەگەر بێت و ئەم خەڵکانە نەتوانن داواکاری و کاردانەوەو پێداویستییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی یاسایی و ڕێگاپێدراو نەخەنەڕوو. یەکێك لەکەناڵەکانی شێوە سازکردنی ئەم داواکـاری و کاردانەوانە لەڕێگای حیزبەکانەوە دەبێت و تائێستا پارتەکان دەتوانن پاریزانێکی گۆڕەپانی دیموکراتی بن، مەرج و زەمینەی دەوروکارای حیزبەکان لەبەدیهێنانی دیموکراسییەتی باشتردا پێویستی بەوە هەیە، کە زەمینەکانی کاری حیزبەکان و ئەو ڕەخنانەی لەخەباتی ئەوان دەگیرێت و ئاسۆی چاککردنی ئەم کارانە بەرەو هەلومەرجێکی باشتر بەرین:

**زەمینەی یەکەم:** ئەگەر ژیان و بەرژەوەندییەکان جیاواز و فرەن، ئەگەر بێت و هەرکەسێك(یان هاووڵاتیەك) رستێك پێداویستی و داواکاری هەبێت کە پەیوەندیی‌ان هەیە بەژیان. کارو خێزان و پــەروەردەی منداڵ و ئاسایش و بیر و باوەڕییەوە، بۆیە دەبێت ئەوە پەسەند بکەین کەمەحاڵە بتوانین سیاسەتی گشتی و دیاریکراو پەیدا بکەین کە هەموو ژیان، بەرژەوەندی و ئاسایشی هاووڵاتیان لەخۆ بگرێت و سیاسەتێکی باش و گونجاویش بێت بۆ زۆربەی کۆمەڵ و هەموو لایەنە سیاسی و کەماییەتیە ئاینی و فەرهەنگی و نەتەوەییەکان تیایدا بەهرەمەند بن. بۆ ئەوەی ئەم پێداویستی و داواکاریانە سیفەت و ڕەوشی نوێنەرایەتی و یاسایی وەربگرن، پێویستی بەکۆدەنگی و هاوبەرژەوەندی هەیەو دەبێت نوێنەرانی ئەم داواکارییانە، لەهەموو ئاستەکاندا، لەگەڵ یەکتری گفتوگۆ بکەن و سەرئەنجام بتوانن لەشێوەیەك لە پێکەوەیی و کۆدەنگی بۆ بەدیهێنانی ئەم پێداویستیانە پەیدا بکەن. پارتەکان دەتوانن لەم زەمینانەدا ( پێداویستی داواکاری و کاردانەوەکان) ڕەواییەکی

باشتر بۆ بوون و گه‌شه‌و به‌رده‌وام بوونیان په‌یدا بكه‌ن. ئه‌م ڕه‌وشه دوو خاڵی گرنگی لێ په‌یدا ده‌بێت:

أ—حیزبه‌كان ده‌توانن له‌كۆی داواكاری و به‌رژه‌وه‌ندی هاووڵاتیان، له‌حاڵه‌تی تاك به‌رژه‌وه‌ندی و به‌رژه‌وه‌ندی چینایه‌تی و تاكه بیروباوه‌ڕ به‌ره‌و حاڵه‌تی فره‌یی بچن و دیسان خۆیان نوێ بكه‌نه‌وه. له‌م زه‌مینه‌یه‌دا گرنگیدان به ئازادیی سیاسی بۆ به‌شی هه‌ره زۆری كۆمه‌ڵ له‌لایه‌ن پارته‌كانه‌وه دیموكراسی ده‌باته به‌رزترین ئاستی. كاتێك كاردانه‌وه‌و نه‌یاری كۆمه‌لایه‌تی له‌ئاستێكی فراواندا به‌رهه‌م دێت، دیموكراسی ره‌وشێكی جێگرو ئازادییه‌كی زیاتر به‌خۆوه ده‌بینێ. ئه‌و ولاته‌ی كه‌زۆرترین به‌رجه‌سته‌بوونی ئازادیی و فراوانترین ئازادیی سیاسی (یان به‌شێوه كلاسیكیه‌كه‌ی خه‌باتی چینایه‌تی‌و كۆمه‌لایه‌تی) له خۆدا به‌رهه‌م هێناوه، واتا به‌ریتانیا. له‌و ولاته‌دا دیموكراسی جێگیرترین ره‌وشی سیاسی به‌خۆوه گرتووه. هه‌روه‌ك چۆن سۆسیال دیموكراسی ئه‌وروپای باكوور ئاسۆو هۆشی به‌ره‌و سه‌ركه‌وتن برد، كه‌هه‌میشه هه‌لومه‌رجێكی كراوه‌ی بۆ خه‌باتی ئازادیی سیاسی (یان چینایه‌تی) له‌نێوان پارته‌كانی كریكاران و بۆرژوازییه‌كاندا یاسایی كردبوو.

ب—حیزبه‌كان ده‌توانن له‌حاڵه‌تی كۆمه‌لایه‌تی (چینایه‌تی) دیسپلین كراو خۆیان رزگاربكه‌ن و بتوانن له‌كۆی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كان، به‌رژه‌وه‌ندی گشتی دیموكراسی له‌پارته‌كانیاندا نوێنه‌رایه‌تی بكه‌ن. هه‌رچی زیاتر حیزبه‌كان بتوانن له تاك به‌رژه‌وه‌ندی دوور بكه‌ونه‌وه، زیاتر ده‌توانن له هاوپه‌یمانی به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌ت‌و له‌ره‌وشێكی كه‌مایه‌تی بیروكراتی دوور بكه‌ونه‌وه. یه‌كێك له دوژمنه گه‌وره‌كانی ئازادیی و دیموكراسی. بوونی هه‌لاواردن و ئیمتیازاتی ئابووریی و سیاسی و ده‌سه‌لاتی كه‌مایه‌تی بیرۆكراتیه. زۆربه‌ی پارته‌كانی دنیاو وڵاتی خۆمان تووشی ئه‌م نه‌خۆشییه بوون له‌و رێگایه‌شه‌وه كاره‌ساتیان به‌سه‌ر خه‌ڵكادا هێناوه.

**زه‌مینه‌ی دووه‌م:** ئه‌گه‌ر پارته‌كان بتوانن، ببنه قسه‌كه‌رو نوێنه‌ری سیاسی فره داواكاری و فره به‌رژه‌وه‌ندی، هه‌ر به‌و راده‌یه ده‌توانن له‌زه‌مینه‌ی فه‌رهه‌نگی‌و

تیۆریشدا رەوشێکی ئازادترو فرەتر بەرهەم بهێنن و سەردەمی تاك بیروباوەڕی و یەکێتی خوازی بیروباوەڕەکان بەسەر دەچێت. حیزبەکان ئەگەر بتوانن لەکۆی بیرو باوەڕەکانی (دیموکراتی، لیبراڵی، سۆسیالستی، نەتەوایەتی، مۆدێرن وفرەمۆدێرن) ئەڵتەرناتیڤێکی باشتر بەرهەم بهێنن، چاکتر دەتوانن لەداخوازی و بەرژەوەندییە گشتیەکانی خەڵك باشتر تێبگەن و سەرئەنجام حاڵەتی ناوەندێتی و بیرۆکراتی بەسەر دەچێت. زەمینەی مادی و کۆمەڵایەتی، ئەم فرەییە لە بیروباوەڕدا جگەلە کۆی بەرژەوەندییەکان تێگەیشتنی هەلومەرجی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە (بزاڤەکانی ئافرەتان، لاوان، منالان، کەمایەتییەکان، پارێزەرانی ژینگەو بزووتنەوەی چینایەتی و داواکاریەکانی).

دەبێت یاسا و دیموکراتی و حزبە سیاسیەکان رێگابدات بە توێژە کۆمەڵایەتیەکان بۆ خۆرێکخستن و بەدیهێنانی بزووتنەوەی داواکاریی یاسایی. هەروەها بتوانن لەرێگەی نوێنەرەکانیانەوە بەشداری لەژیانی سیاسی و پەرلەمانیدا بکەن (یان لەرێگەی نوێنەرانی پارتەکانەوە، یان راستەوخۆ سەندیکاو کۆمەڵەو n.g.o و رێکخراوە ناحزبی و ناحکومییەکان بتوانن لەژیانی سیاسی و پەرلەمانیدا بەشدار بن). لەم رەوشە.واتا نوێنەرایەتی سیاسی و یاسایی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، لەبیرو باوەڕی رۆژئاوادا بەباشترین شێوە بەرهەم هاتووە. ژیانی سەندیکایی لەفەرهەنگی سۆسیال دیموکراسیدا زەمینەیەکی زۆر بەهێزە بۆ سەرهەڵدانی پارتە کرێکارییەکان یان سۆسیالیستەکان کەتوانییان ببنە باسکی سیاسی ژیانی سەندیکایی. دامەزراندنی پارتی کاری بەریتانیا لەسەرچاوەو زەمینەی یەکێتی سەندیکاکانی tuc، یان پەیوەندیی بەڵێنی نێوان یەکێتی کاری سویدی lo و پارتی سۆسیالست دیموکرات. ئەم هەل و مەرجە لەئیتاڵیا و ئیسپانیاش هەر بەو شێوەیە کەخەباتی کرێکاریی زەمینەیەکی بەهێزە بۆ هێزو توانای پارتە کرێکاریی و سۆسیالستەکان.

**زەمینەی سێیەم:** پەیوەندیی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی هەرتەنها

راستەوخۆ نییە. واتە پەیوەندیی نێوان پارتەكان. حكومەتەكان و پەرلەمانەكان كەنوێنەرانی ژیانی سیاسین لەگەڵ سەندیكاو رێكخراوی جەماوەردا كە بەرجەستەبوونی ژیانی كۆمەڵایەتین.ئەو پەیوەندییە بەهۆی هەندێك هۆكاری ناوەنجی و بەهۆی كاری ئەوانەی دەبنە كاركەری ناوكۆیی نێوان ئەم دوو ژیانە. یانەكان، رۆژنامەو گۆڤارەكان، یەكێتی و سەندیكا پیشەییەكان و گرووپە روناكبیرییەكان و تەنانەت كۆڕو كۆمەڵە ئابوورییەكان ئەو هۆكارو پەیوەندییانەن كەلەپانتایی و قوڵایی كۆمەڵدا دەتوانن زەمینەی دیموكراتی فراوانتربكەن و بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكان لەو زەمینەیدا باشتر گەشە بكەن. كاری ئەم ناوەندانەی پەیوەندیی لەنێوان سیستمی سیاسی و ژیانی كۆمەڵایەتی، چەندین رێگاو هەڵبژاردنی جیاوازی سیاسی بەدی دەهێنێت. ئەم هۆكارانە دەتوانن ببنە زەمینەیەكی باش بۆ سەرهەڵدانی پارتە نوێیەكان یان ریفۆرمو چاككردنەوەی رەوشە كۆنەكان ئەم روانگەیە تێ بگەین كە حیزبەكان ئەڵتەرناتیڤی ئەو ناوەندانەی پەیوەندیی و كاریگەرییەن.

تەسك كردنەوەو گورزلێدانی دیموكراسی، لەیەكێك لەمەیدانەكاندا، هەوڵدانە بۆ كەمكردنەوەی ئەم هۆكارانەی پەیوەندیی و كاریگەرییی لە ئەورووپاو ئەمەریكاو جیهانی سێ. زۆربەی پارتەكان لەدوای دەستكەوتنی دەسەڵات، پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ بازاڕو كەسانی دەوڵەمەندا دروستكردو ئابووریی و بازاڕ راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانا بوونە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ دەوڵەمەند بوونی زیاتریان و زەمینەی بەدیهاتنی (فەساد) گەندەڵی (بەشێوەیەكی رەسمی و پاڵپشت كراو هاتە ئاراوە. بۆ پاراستنی ئەم پەیوەندییە راستەوخۆیە(ئابووری و بازاڕ لەگەڵ دەسەڵاتداران و كاربەدەستان). پشت كردن لەخواستەكانی جەماوەرو بەهێزكردنی بیرۆكراتی دەبێتە ئەنجام. پەیوەندیی نێوان پارتەكان و رێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكان، بەشیوەیەكی راستەوخۆ نەك لەرێگای ناوەندەكانی پەیوەندییی و كاریگەرییی، دەبێتە هۆی پاشكۆیەتی سیاسی ئەو رێكخراوانە و سەرئەنجام كزبوون و بێ دەسەڵاتی ئەو ناوەندانەو بۆ پاراستنی ئەم پاشكۆیەتیە، بێگومان پێویست

دەبێت کەخودی ئەو ڕێکخراوانە بکرێتە بەشێك لەو حیزب و دەسەڵاتانە. ئەزموونی وڵاتانی سێ بۆ پەیداکردنی پەیوەندیی راستەوخۆی ژیانی کۆمەڵایەتی لەرێگای ئەو ڕێکخراوە بەناو جەماوەرییانەوە.

**زەمینەی چوارەم:** بەڵام سەرەڕای بوونی ناوەندێك لەنێوان ژیان و بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان و سیستمی سیاسیدا یان بەشێوەیەکی گشتی ژیانی سیاسی، نابێت وا تێ بگەین کەپارتەکان سەربەخۆن لەهێزە کۆمەڵایەتیەکان هەرەسی رژێمو بیروباوەرە سۆسیالیستەکان هەر لەکۆمۆنیزمی ئینینیزمەوە تا دەگاتە هەندێك لەسۆسیال دیموکراتەکان پێش هەموو شتێك لەبەر سەربەخۆیی و دابڕانی ئەو حزبانە بوو لەژیانی کۆمەڵایەتی کەسەرئەنجام پاشکۆکردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکان کرایە ئامانج دیموکراسی ئازادیخوازو بەشداری و راوێژکاری وا پێویست دەکات کەهەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەهۆی ناوەندەکانی پەیوەندیی و کاریگەرییەوە رێگای کارو بەشداری سیفەتی نوێنەرایەتییان هەبێت، بەجۆرێك بێت بتوانێ مانایەکی دیکەو جیاواز لەحزبەکان بۆخۆیان و بۆ بەشداری لەژیانی دیموکراسیدا بەرهەم بهێنێ.

چی روو دەدات کاتێك هێزە سیاسییە چالاکەکان واتە حزبەکان گوێ نەدەن بەداواکاری هێزە کۆمەڵایەتیەکان؟ چی روو دەدات کاتێك پارتەکان بیانەوێ راستەوخۆ لەرێگای خۆیانەوە بۆچوون و رێگاچارەی سیاسی پێشکەش بکرێت واتە رێگا نەدرێت بەبوون و کاری ئەو ناوەندانەش پەیوەندیی و کاریگەریی؟ یەکەمین شت ئەوەیە کەسیفەتی نوێنەرایەتی لەو هێزە کۆمەڵایەتی و ناوەندانە دەسەنرێتەوەو تەنها حزبەکان دەبنە دەمڕاستی کۆمەڵ و دەخرێتە پەراوێزە ئەم رەوشە ئەم بەرهەمە خراپانەی دەبێت: هاوسەنگی نێوان هێزو ناوەندو حزبەکان تێکدەچێ یەکێك لەسیفەتە گرنگەکانی دیموکراسی و یەکەمین مەرجی دیموکراسی ئازادییخواز واتە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەو سنووردارکردنی دەسەڵات لەنێو دەبرێت ئەم هەلومەرجە دەبێت سەپاندنی دەسەڵاتی حزبەکان و دیموکراسی تارادەی دەسەڵاتی پارتێك یان چەند پارتێك کەم و تەسك دەکرێتەوە ئالان تۆرین کۆمەڵناسی پۆست مارکسیزم ئەم

هەلومەرجە ناودەنێت (partiocraty) پارتیۆکراتی[٤]

**زەمینەی پێنجەم:** کەس ناتوانێ دیموکراسی بەبێ بوونی حزبەکان وێنا بکات، دیموکراسی بەبێ هێزو توانای هێزە سیاسییە کاراکان، بەمانای راستەقینە بوونی نییە ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کەدیموکراسی دەبێت نوێنەرایەتی بەرجەستە بکات، هەر بۆیە دەبێت هێزە سیاسیەکان و پارتەکان کەمەرجێکی گرنگی دیموکراسین پێویستە لەپێناوی خزمەتی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵدا کار بکەن نەك تەنها لەخزمەتی خۆیاندا لەگەڵ ئەمەشدا دیموکراتی دەبێ هەمیشە حاڵەتی راپرسی بەخۆوە بگرێ کەلەهەموو ئاستەکانی پارتەکان رێکخراوە جەماوەری و دیموکراتیەکان و ناوەندەکانی پەیوەندیی کاریگەریی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی بەئەنجام بگات، بەڵام بەتەنها دەسەڵاتی پارتەکان یان پارتۆکراتی دیموکراسی لەناو دەبات و سیفەتی نوێنەرایەتی لێ زەوت دەکات، یان دەسەڵات و هەژموونی بازارو ئابووریی زاڵ دەسەپێنێ و هەموو ئەمانەش دەبنە زەمینەیەك بۆ دیکتاتۆری مەترسی پارتۆکراتی بەرەو زیادبوون دەچێ، کاتێك هێزە کۆمەڵایەتیەکان دەکەونە رەوشی پەراوێزی دابران.

هەولێرنامەی کتێب

## نەوەی دووەمی پارتەکان

پارتەکان قۆناغی دووەمی بزووتنەوە کۆمەڵاتیەکان لەئاسۆو زەمینە گەشەکردنی واقیعیەتی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی دیموکراسیدا و لەدەوری (تاك) و داخوازییەکانی تاك پەیدا دەبن. لەو پارتە تازانە کەچەند ناوی جیاوازیان هەبوو، بەڵام زۆربەیان بەپارتە سەوزەکان دەناسرانەوە. لەبەرئەوەی کەتاك و مافو داخوازییەکانی تاك دەبێتە زەمینەو ئامانجی ئەم پارتانە. هەروەك و چۆن رەوایی دەوڵەت و یاساو دەستووریش لەزەمینەی تاکدا گەشەدەکات و هەتادێت مافەکانی تاك دەبێتە ئامانجی وڵات و پارت و دەوڵەتەکان. وێرای ئەوەی کەدیدی سەرەکی لەو

پارت وبزاڤانەدا رەوشی تاك و مافەكانیەتی بەڵام تایبەتمەندی و سیفاتی ئەو پارتانە، یان نەوەی دووەمی پارتەكان زۆر و فرەن و ئەوان لە سەلماندنی جیاوازی و فرەیی دنیایەکی فراوان وئاڵ و والآیان بۆ پارتەکان هێنایە ئاواکردن:

**یەکەم:** پێکهێنانی ئەم پارتانە کاردانەوە نییە بەرامبەر دەوڵەت و کۆمەڵگاو پارتەكانی دیكە. بەڵكو ئەمان دەیانەوێت لەزەمینەی ئاسۆی گەشەكردووی دیموکراسی کارێکی دیکەو بەرنامەو ئامانجێك بەرهەم بهێنن. بەهانەی بوونی ئەمانە پەرچە كردار نییە بەرامبەر بەئەوانی دیكە. بەڵكوكارێكی نوێیەو ئەم پارتانە لەم روانگەیەوە رەوایی خۆیان لەدژی ئەوانی دیکە پەیدا ناكەن و دەیانەوێ لەدیدو برواو فەلسەفەی نوێ رەوایی و بەشداریی خۆیان بسەلمێنن ئەگەر بزانن کەئەم پارتانە بەتەواوی دیدی (گشت)ونوێنەرایەتی و پێشرەوایەتی(گشت)یان وەلاناوەو دەیانەوێ لەڕاستیدا (پارت)ێك یان (بەشێك)بن لەكۆی تاكەكان و سەرئەنجام دیدی فەلسەفییان دەبێتە (بوونی كۆی تاكەكان) .

**دووەم:** هەر بەوپێیەی خۆیان بە(بەش)دەزانن نەك (گشت)هەر بۆیە میکانیزمی کارکردنیان لەدەوری چەمكی پەیوەندیی و کاریگەریی دەسورێتەوەو ئەمان روانگەی فەلسەفی(یەکێتی و دژایەتی)یان بەتەواوی رەتکردۆتەوەو نایەوێ بانگەوازی ئەوە نەکەن کەکۆمەڵ و وڵات لەدەوری بەرنامەی ئەوان (یەك) بگرێ و بیانکات بەدژو گژی ئەوانی دیکەو سەرئەنجام ئەوان دەیانەوێ گفتوگۆی نێوان بیرو باوەڕەکان، پارتەكان، بەشەكان و تاكەكانی ناوكۆمەڵگە بكەنە باشترین رێگا بۆ نزیك بوونەوە لەڕاستی و لەو رێگایەشەوە پلورالیزم و گفتوگۆی نێوان جیاوازیی و فرەیی دەبێتە زەمینەو ئاسۆیەکی گونجاوتر و ئازادتر بۆ دیموکراسی نوێ.

**سێیەم:** هیچ بیرو باوەڕێك یان فەلسەفەیەك نابێتە ناوەندی نەوەی دووەمی پارتەكان، بەڵكو لەبەر خاتری ژیان و بەرژەوەندییەكانی گەشەکردنی ژیان پەنا

دەبەنە بەر هەموو بیروباوەڕەکان و هەر لەڕوانگەی پێداویستی و بەرەو پێشەوە چوونی ژیان ڕەخنە لە هەموو بیرو باوەڕەکان دەگرن و نوێیان دەکەنەوە. بیرو باوەڕو فەلسەفەی پارتە نوێکان فرەیەو زیاد لەناوەندێك یان چەند ناوەندو مینبەرێك لەو پارتە خەبات و گفتوگۆ دەکەن.

**چوارەم:** هەروەکو چۆن یەکێك لەسیفەتەکانی دیموکراسی خوێندنەوەی بەرامبەر یان مەرجی یەکەمی دادپەروەریی ڕێزو خوێندنەوەی بەرامبەرە. هەروەها نەوەی دووەمی پارتەکان خوێندنەوەی بەرامبەر تارادەی ( پەیوەندیی کاریگەریی) دەکەنە ڕێبازو بیرکردنەوە، بەس نیە کەدان بنێن بە بەرامبەرەکاندا، بەڵکو هێزی بەرامبەر بخوێنیتەوە کەڕێگا بەکارایی و کاریگەریی ئەو بەرامبەرانە لەسەر یەکتریش پەسەند بکەین.

**پێنجەم:** پارتی نوێ لەکارو کردەوەیدا ریفۆرمیستە. واتە نە شۆڕشگێڕەو نە کۆنەپارێزە، ئەوان شۆڕشگێڕیش نین بەو مانایەی کەهەتا دنیاو بەرهەمی نوێ پەیدا بکەن نەك واز لە دنیاو بەرهەمی کۆنە پارێزیش بێنن، چونکە هەمیشە لە هەوڵی گۆڕانکاریدان و ڕازی نین بەدنیای کۆن و کاریگەریی‌ەکانی.

**شەشەم:** نوێنەرایەتی بەشەکان، بیروباوەڕەکان و تاکەکان و نەوەکان لەناو پارتی نوێدا بەجۆرێك نییە کە ئەوان نوێنەری حزب و سیاسەت بن لەشوێنی کارو ژیانیان، بەڵکو نوێنەری توێژو بەش و بیرو باوەڕەکانی خۆیانن لەناو پارتەکاندا، واتە پارتەکان زەمینەو سەنگەرێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتی ئەو خەڵکانە.

تاك پارت دەکاتە هۆکارێك بۆبەدیهێنانی ئامانجەکانی، نەك پارت تاك بکاتە ئامرازی دەستی لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا. لاوان ومنداڵان و ئافرەتان پارتەکان دەکەنە سەنگەرێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. دیارە لەکۆی بەرنامە، بیرو ئامانجەکان پارتەکانیش دەتوانن ژیان و دنیایەکی تازەترو باشتر بنیات بنێن و جارێکی دیکە ژیان و بوون دەبێتە کۆی تاکەکان.

**حەوتەم:** هەروەکو چۆن ئێستا پارتە سەوزەکانی ئەوروپا، یان نەوەی دووەمی پارتەکانی ئەوروپا زۆرترین داکۆکی دەکەن لەئازادبوونی کوردو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و رزگاربوونی هەموو پارچەکانی، هەربەو جۆرە نەوەی دووەمی پارتەکان لەکوردستانیش دەتوانن باشترین خەباتکارانی رزگاری و ئازادیی کوردستان بن تا رادەی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆو یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان.

**هەشتەم:** پارتی نوێ و نەوەی نوێ دەتوانن و دەبێ داکۆکی لە هەموو بزاڤەکانی ژنان، منداڵان، لاوان، ژینگەپارێزان و کەمینەکان بکەن و دیموکراسی و سیاسەت حزبایەتی لەنوێنەرایەتی و حکومی زۆربەوە بگاتە پارێزگاری و زەمانەتی کەمایەتیەکان. لە کوردستاندا کەس هێندەی لاوان. ئافرەتان و منداڵان بێ ماف نین و ئەم هەموو بەشە زۆرانەی کۆمەڵگا کەمترین ماف و ئازادیی‌یان هەیەو بەرهەمی ئازادیی و سەرەتاکانی دیموکراسی تا ئێستا بەرئەوان نەکەوتووە. هەر لەروانگەی تاک و ئازادیی‌یەکانەوە دەبێ بەشێکی گرنگی پارتی نوێ و نەوەی نوێ ببێتە بەدیهێنانی ژیانێکی ئازادو بە هرەمەند بۆئەوان.

# دانوسان
# چەمك و خاسییەتەكان

د. نادر ئەحمەد ئەبو شێخە
لەعەرەبییەوە : ئاوات ئەحمەد سوڵتان

## چەمکی دانوسان

**وشەی** دانوسان (مفاوضات) لە زمانی عەرەبیدا هەردوو لایەنی بردن و پێدانی تێدایە، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا، مانای ئەو پرۆسەیە دەگەیەنێت کە دوو لایەن یان زیاتر پێکەوە کۆدەکاتەوە بۆ وتووێژکردن بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێکەوتن لە بارەی پرسێکی دیاریکراوەوە. وەك زاراوەش گەلێك پێناسەی هەیە، لەوانە:

-کارلێکی نێوان لایەنەکانی ململانێ بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێکەوتن لەبارەی پرسێکەوە کە لەنێوانیاندا هەیە [١]

-پرۆسەیەکە تێیدا لایەنەکانی ململانێ هەوڵدەدەن چارەسەری ململانێکە بکەن و بگەن بە ڕێکەوتن[٢]

-وتووێژی نێوان دوو لایەن (یان زیاتر) هەریەکەیان وەها سەیری ئەویتر دەکات کە کۆنترۆڵی سەرچاوەی خواستەکانی ئەوی کردووە، دەیانەوێت ڕێکبکەون بۆ گۆڕینی ئەو حاڵەتە.[٣]

-شێوازێکی پەیوەندیکردنی ئەقڵییانەیە لە نێوان دوو لایەندا کە شارەزاییەکانی پەیوەندیکردنی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دیالۆگی قایلکردن، بۆ گەیشتن بە دەسکەوتی هاوبەش[٤]

-کارلێکی بەمەبەستی نێوان دوو لایەنی کۆمەڵایەتی کە هەوڵدەدەن پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانیان دیارییکەن یان سەرلەنوێ دیارییان بکەنەوە.[٥]

-کۆمەڵێك خەڵك بیروبۆچوونی خۆیان لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو دەگۆڕنەوە بۆ بەدیهێنانی هاوکاریی یان بەهێزکردنی پەیوەندی نێوانیان.[٦]

-پرۆسەیەکە تێیدا لانیکەم دوو لایەن پێویستی هاوبەشیان هەیە، ئامانجیان بەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان و کەمکردنەوەی ناکۆکی نێوانیانە، بۆ ئەوەی بگەن بە ڕێکەوتنێك کە لانیکەمی ڕەزامەندی لایەنەکان بەدەستبهێنێت.[٧]

-دوولایەن یان زیاتر سازشدەکەن و پێشنیاری دژبەیەك دەخەنە روو، بە مەبەستی گەیشتن بە رێکەوتنێکی کۆتایی لەبارەی پرسێکی دیاریکراوەوە کە لەسەری ناکۆکن.(٨)

-گفتوگۆی نێوان دوو لایەنە کە بەرژەوەندییەکی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە رێکەوتنێکی پەسەند بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، بە شێوازێکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئەنجامدەدرێت.(٩)

-رێگایەکە دەشێت بە فەراهەمبوونی چەند رەگەزێکی دیاریکراوی پاڵنان و پەکخستن، لێوەی بگەینە رێکەوتن.(١٠)

-وتووێژ یان ئاڵوگۆڕکردنی پێشنیارەکانە لەنێوان دوو لایەن یان زیاتردا، بە ئامانجی گەیشتن بە رێکەوتنێك کە دەبێتە هۆی یەکلاییکردنەوەی پرسێك کە کێشەیانە لەسەری، هاوکاتیش بەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوانیان یان پاراستنیان.(١١)

-هەڵوێستێکە تێیدا دوو لایەن لەبارەی پرسێك لە پرسەکانەوە گوزارشت لە بۆچوونی خۆیان دەکەن و دەکەونە جووڵە، گۆشەنیگاکانیان دەخەنەروو، ئاڵوگۆڕیان دەکەن، لە یەکتریی نزیکیان دەکەنەوەو پێکەوە دەیانسازێنن، هەروەها هەموو شێوازەکانی قایلکردن بەکاردەهێنن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان یان بەدەستهێنانی سودێکی نوێ، ئەویش بە ناچارکردنی بەرامبەر بەوەی لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان لایەنەکانی پرۆسەی دانوساندا، کارێکی دیاریکراو بکات یان نەکات.(١٢)

**پرۆسەیەکە تێیدا لانیکەم دوو لایەن پێویستی هاوبەشیان هەیە، ئامانجیان بەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان و کەمکردنەوەی ناکۆکی نێوانیانە، بۆ ئەوەی بگەن بە رێکەوتنێك کە لانیکەمی رەزامەندی لایەنەکان بەدەستبهێنێت.**

–وتوێژە بەرەو کارلێککردن، واتە لەبارەی گەیشتن بە بناغەیەکە بۆ ڕێکەوتن لەسەر گرفتێك یان بابەتێکی دیاریکراو.(١٣)

–وتووێژی نێوان دوو لایەنی بەشەڕهاتووە لەپێناوی ڕێکەوتن لەسەر ئاگربەست یان سوڵحکردن.(١٤)

–گفتوگۆو دایالۆگی نێوان دوو لایەنە لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە بە مەبەستی ڕێکەوتن.(١٥)

–قۆناغێکە لە قۆناغەکانی وتووێژکردن بەر لە گەیشتن بە ڕێکەوتن.(١٦)

–وتوێژی نێوان دوو لایەن یان زیاترە لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو یان گرفتێکەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێکەوتن.(١٧)

–گفتوگۆو وتووێژە لەپێناوی بەڕێخستنی پرۆژەیەکی دیاریکراو یان گەیشتن بە ڕێکەوتن.(١٨)

–وتوێژ یان گفتوگۆیە لەگەڵ لایەنێك یان چەند لایەنێکدا، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێکەوتنێك کە هەموو لایەنە دانوسانکارەکان ڕازی بکات و لانیکەمی دەسکەوتە ماقوڵەکانیان بۆ زامنبکات.(١٩)

–پرۆسەیەکە لەنێوان دوو دانوسانکار یان زیاتر ڕوودەدات و شکڵێکی فەرمی وەردەگرێت، بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی دیاریکراو لەبارەی بابەت یان پرسێکەوە کە مایەی ململانێ و مشتومڕە.(٢٠)

چەمکی دانوسان جیاوازە لە "قایلکردن" یان "پێکهێنان" یاخود "تەنازولکردن" یا "سازشکردن" و ناوبژیوانیکردن. کرۆکی پرۆسەی قایلکردن بریتیە لەوەی لایەنێك ئیرادەی خۆی بەسەر ئەویتردا بسەپێنێت، بەجۆرێك کە بەسەر نارەزاییەکانی ئەودا زاڵ ببێت، بەوەش بەشێکە لە پرۆسەی دانوسان و بەدیلی ئەو نیە.(٢١) هەروەها پێکهێنانیش بریتیە لە سەرنەکەوتنی هیچ لایەك لە لایەنەکانی دانوسان، چونکە داوایان لێدەکرێت دەسبەرداری هەندێك لە داواکارییەکانیان ببن کە ڕەنگە نەیانەوێت دەستیان لێهەڵبگرن.(٢٢)

بەگشتی تەنازولکردن یان ملکەچکردن بۆ داواکارییەکانی لایەنی بەهێز لەناو لایەنە بەگژیەکداچووەکاندا، کە تێیدا لایەنێك لە رووی سەربازییەوە بەسەر لایەنێکدا زاڵ بووە، ئیتر لایەنی بەزیو بێ قەیدو شەرت تەسلیم دەبێت، چونکە دەزانێت هیچ ئومێدێکی بە زاڵ بوون بەسەر لایەنەکەی تردا نیە، لانیکەم لە ئێستادا. تەنازولکردن بە ئەنجام یان دەرەنجامی فشارێکە لە دانوساندا کە دەخرێتە سەر لایەنی تەنازولکردوو یان بەخشەری ئەو مافەی تەنازولی لێکراوە، پاشانیش قەبارەو سروشت و بڕی ئەو مافە بەپێی توانست و رەنجی دانوسانی هەردوو لایەن دیاریدەکرێت، واتە لایەنی دەسبەرداربوو لە مافەکەو لایەنی تەنازول بۆکراو.[٢٣]

سازشکردنیش واتای ئاڵوگۆڕکردنی پێشنیارەکان لەبارەی مەرجەکانی رێکەوتن لەسەر چەند پرسێکی دیاریکراو یان مەرجەکانی رێکەوتن لەسەر پرسێکی دیاریکراو.[٢٤] لەوانەیە سازشکردن لەسەر نرخەکان یان مەرجەکانی رادەستکردن یان تەئمینکردن یان هیتر بێت. سازشکردن بە یەکێك لە شێوازەکانی دابەزاندنی نرخ دادەنرێت لەسەر گفتوگۆی نێوان فرۆشیارو کڕیار لەبارەی ئەو پارەیەوە کە دەبێت کڕیار بیدات بۆ ئەوەی کاڵایەك یان خزمەتگوزارییەکی دەستبکەوێت کە دەیەوێت، راوەستاوە.[٢٥] بۆیە دانوسان پرۆسەیەکی گشتگیرترە لەسازشکردن، دەتوانین ئەمیان بە بەشێك لە دانوسان و یەکێك لە تاکتیکەکانی دابنێین، وەك دواتر دەیبینین.

دانوسان لە ناوبژیکردن لەوەدا جیاوازە کە دانوسان رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی نێوان لایەنەکانی تێدایە، بەڵام ناوبژیکردن ئەوەی تێدا نیە، گەرچی هاتنی کەسێکی دیکە بۆ ناو ململانێی نێوان لایەنەکانی دانوسان، بە پێچەوانەی دانوسانەوە کە گریمانەی رووبەڕووبوونەوەی لایەنەکانی دانوسان دەکات.[٢٦]

ناوبژیکردن یەکێکە لە شێوە یاساییەکانی چارەسەرکردنی ململانێ، بەتایبەتی لە مامەڵە بازرگانییەکانی نێوان کۆمپانیاو دامەزراوەکان و بازرگاناندا. ئامرازێکی باوە،

چونکە خێرایەو مەسرەفیشی کەمە بۆ گەیشتن بە بڕیارێك کە لایەنە ناکۆکەکان پەسەندی بکەن. لەوانەیە کاتێك لایەنەکان دەگەنە سەر خاڵێکی ناکۆك و سووریش دەبن لەسەر رای خۆیان، ناوبژیکردن وەك تاکتیکێکی دانوسان بەکاربهێنرێت، لێرەدا هانا دەبەنە بەر لایەنێکی سێهەم کە هەردوولا حوکمی ئەویان بەلاوە پەسەند بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی پرۆسەی دانوسانی نێوان دوو لایەنە ناکۆکەکە لەبارنەچێت.(٢٧)

لەوەی رابورد، تێبینی دەکەین کە دانوسان پێناسەی جیاجیای هەیە، ئەویش وەك زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دی، بەهۆی فرەییو جیاوازیی ئەزموون و پێشینەکانی پێناسەکرانییەوە، هەروەها جیاوازیی بوارەکانی تەرکیزکردنیان، گۆشەنیگای جیاواز بەرامبەری هەیە، هەندێك لە نووسەران لە گۆشەی هەنگاوە کردەییەکانی دانوسانەوە سەیری دەکەن و هەندێکی دیکەیان لە گۆشەی ئامانجەکان یان ئامرازەکان یاخود وەزیفەی دانوسانەوە بۆی دەڕوانن. ئەمەش وا لە نووسەر دەکات پێناسەیەك پێشکەشبکات کە بەلایەوە گشتگیرترو کامڵترە. دانوسان پرۆسەیەکی ئیرادیی خۆویستە لەسەر بناغەی دایالۆگ یان گفتوگۆ یا ئاڵوگۆڕی پێشنیارەکان دادەمەزرێت، دەشێت لە توێی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆوە ئەنجامبدرێت، لەوانەیە بە قسەکردن یان ئاماژەکردن یاخود بە هەردووکیان ئەنجامبدرێت. بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان دوو لایەن (یان زیاتر) دا ئەنجامدەدرێت کە شایستەیی یاساییان هەیە، پێویستی هاوبەش یان بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە کە بڕێك گرژیو نیگەرانی تێکەوتووە، بە مەبەستی گەیشتن بە رێکەوتنێکی زارەکی یان نووسراو کە تێیدا ناکۆکی و ململانێکان چارەسەردەکرێن، یاخود پەیوەندییەکان بەهێزدەکرێنو هاوکاری و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بەتین دەکرێت، کە مەرج نیە یەکسان بن، بەڵام هەموو لایەنەکان لەوەی پێیدەگەن، رەزامەند دەبن و پەسەندی دەکەن.

لەوەی رابوورد، روونددەبێتەوە کە بۆ ئەوەی دانوساندن بکرێت، دەبێت چەند روکنو خاسییەتێك فەراهەم بن کە بەسەریەکەوە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ پرۆسەی دانوسانەکە پێکدەهێنن. ئێمەش راستەوخۆ دەچینە سەر ئەمە.

## خاسییەتەكانی دانوسان Characteristics of negotiation :

بای باكورو هەتاو لێیان بوو بە شەڕ، هەریەكەیان دەیوت من بەهێزترم. دواتر ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی بەهێزترین ئەو كەسەیە كە دەتوانێت پاڵتۆی بەری پیاوێك دابكەنێت كە بەڕێگادا دەڕۆیشت. بای باكور بە هەموو هێزی خۆی تێی ئاڵا، بەڵام هەتاو چوو خۆی لە پشتی هەورێكەوە شاردەوە. بەڵام هەتا با توندتر هەڵیبكردایە، پیاوەكە زیاتر پاڵتۆكەی لەخۆیەوە دەئاڵاند. دوای ئەوەی با لە سەركەوتن هیوابڕاو بوو، داوای لە هەتاو كرد كاری خۆی بكات. هەتاویش لە پشتی هەورەكەوە هاتە دەرەوەو بزەیەكی هێمنی بۆ پیاوەكە كرد، پیاوەكەش یەكسەر پاڵتۆكەی داكەند. بۆیە دەوترێت كە قایلكردن لە ناچاركردن باشترە.

### دانوسان چەند خاسییەتێكی هەیە، گرنگترینیان[٢٨]

**(١)دانوسان پرۆسەیەكە لە چەند قۆناغێك پێكدێت، كە بریتین لە:**

(A) دەستنیشانكردن و دیاریكردنی ئەو پرسەی دانوسانی لەسەردەكرێت: واتە زانینی هەموو ڕەگەز و فاكتەرە كاریگەرەكان لە كەیسی دانوسانكردندا، یان تەوەری دانوسانكردنەكەو دۆزینەوەی نیازو ئاراستەكانی لایەنەكەی تر بە مەبەستی گەیشتن بە خاڵی پێكگەیشتنی بەرژەوەندییەكان بۆ ئەوەی ببێت بە زەمینەی هاوبەش بۆ دەستكردن بە پرۆسەی دانوسان. بەگشتی، دانوسان یان وتووێژ یاخود دیمانە ڕێخۆشكەرەكان یاریدەی زانینی نیازەكانی لایەنە ناكۆكەكان دەدات، یاریدەدەریشە لە گۆڕینی ئاراستەو راوبۆچوونەكانی لایەنەكانی دانوسان.

(B) سازكردنی كەشی دانوسان، یان فەراهەمكردنی كەشوهەوای گونجاو بۆ دەسكردن بە پرۆسەی دانوسان.

(C) لایەنە ناکۆکەکان دانوسان پەسەند بکەن، بەوەی قایلببن کە دانوسان تاکە ڕێگای شیاو و – باشترینە – بۆ چارەسەرکردنی ململانێکە.

(D)دەسکردن بە پرۆسەکانی دانوسان، ئەم قۆناغە گرنگی دەدات بە دیاریکردنی لایەنەکانی دانوسان و دەستنیشانکردنی ستراتیژو تاکتیکە گونجاوەکان و ئەنجامدانی دانوسان.

(E)گەیشتن بە ڕێکەوتن، ئەمەش لەوانەیە شێوەی ڕێکەوتنێکی نووسراو وەربگرێت کە لایەنەکان واژۆی دەکەن، یان دەشێت نووسراو نەبێت.

(F)هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی ئەنجامەکانی پرۆسەی دانوسان، بەگشتی لەم قۆناغەدا چەند پێوەرێك بەکاردێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دانوسان.

**(٢)دانوسان پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕەو لەسەربنەمای دان و ستاندن لە نێوان دوو لایەن یان زیاترداو لەسەر بناغەی هاوسەنگی ڕێژەیی لە هێزەکانی دانوساندا، دروست دەبێت.(٢٩)**

دانوسان لەسەر بناغەی دان و ستاندن لەنێوان دانوسانکارو بەرامبەرەکەیدا دادەمەزرێت، هەوڵدەدەن لەتوێی دانوسانەوە بگەنە ئەنجامێکی پەسەند یان ڕەزامەند بۆ چارەسەرکردنی پرسێك کە لەسەری ناکۆکن. دانوسانکەر بەهیوایە لایەنی بەرامبەر لە هەڵوێستەکەی خۆی بێتە خوارەوەو پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەم هاتنەخوارەوەیە بریتییە لە پێشکەشکردنی تەنازولات، یان گۆڕانکاریی و هەموارکردنی ئامانجەکان.

بەڵام تەنازولکردن گرفتێکە بۆ ئەو دانوسانکارانەی ئاراستەیەکی چەندێتییان هەیە، ئەوان دەسکەوتی بچوکیان لا باشترە، تەنانەت ئەگەر بایەخیشی کەم بێت، دەتوانن لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆری دەستکەوتە بچووکەکاندا، دەسبەرداری پرسێکی گەورە ببن.

نوشوستیهێنان لە پابەندبوون بە فەلسەفەی بەرامبەرەکەدا، زیان لە دەرفەتەکانی سەرکەوتنی دانوسانکار دەدات. ئەو بەرامبەرەی کە تەنازولی دەستدەکەوێت بێ ئەوەی لەبەرامبەردا خۆی تەنازول بکات، بۆچوونێکی لا دروست دەبێت کە تەنازولکردنی

تریش هەیە بێ ئەوەی هیچ لەسەر ئەو بکەوێت، ئیتر وای لێدێت لە هەر رەفتارێکی نەگونجاو لەگەڵ بۆچوونەکەی خۆیدا، تووشی سەرسوڕمان و دۆشدامان دەبێت، وەك ئەوەی ئەویش لە بەرامبەردا تەنازول بکات، چونکە هیچ ژەمە خۆراکێك بە خۆڕایی نیە.

بەپێی پێڕەوی قازانج/ قازانج، تەرکیز دەکرێتە سەر ئەو پرسەی دانوسانی لەسەر دەکرێت، لەوانەیە پرسەکە چەندێتی بێت، وەك بڕی ئەو خزمەتگوزارییەی دەویسترێت پێشکەش بکرێت، یان ژمارەی رەگەزەکان، یاخود نرخ، یان تێچوون، لەوانەشە چۆنێتی بێت و پەیوەندی هەبێت بە رەوشی کۆمپانیاکەوە یان بە مومارەسە پیشەسازیەکانییەوە. ئەو شتەی دەبێت لە دانوسانی قازانج / قازانجدا تەرکیز بکرێتە سەری بریتیە لە کەسایەتی لایەنە دانوسانکارەکان.

گریمان یەکێك لە دانوسانکارەکان پرسێکی هەیە بۆ دانوسانکردن: یەکەمیان پەیوەندی هەیە بە داواکردنی ملیۆنێك دینارەوە بۆ یەکێك لە بەڵێندەرەکان، ئەوەی تریشیان پەیوەندی هەیە بە مەسەلەیەکەوە بەهاکەی کەمترەو کاریگەرییشی لەسەر ئەنجامەکانی کۆمپانیاکە کەمترە، بێشك دانوسانکارەکە کات و وزە تەرخاندەکات بۆ چارەسەرکردنی پرسی یەکەمیان، زیاتر لەوەی کە بۆ دووهەمیانی تەرخاندەکات، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین کە پێویستە دانوسانکاری شارەزا بەپێی ئاستی پرسەکە دانوسان بکات، ئاستی پرسەکەش بە گرنگییەکەی دەناسرێت، پرسە گەورەکان پێویستیان بە کات و وزەی

**هەڵوێستی دانوسانکردن بێ بوونی لایەنەکانی دانوسانکردن بە ئارەزووی خۆیان و بێ ناچارکردن، دروست نابێت، دەبێت لە قەناعەتیانەوە بێت بەوەی کە دانوسان دەسکەوتی بۆ هەموویان تێدا دەبێت**

زیاتر هەیە، چونکە نابێت هەموو پرسەکان وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

**(٣)دانوسان پەیوەندییەکی تاقیکردنەوەی خۆویستە:**

چونکە هەڵوێستی دانوسانکردن بێ بوونی لایەنەکانی دانوسانکردن بە ئارەزووی خۆیان و بێ ناچارکردن، دروست نابێت، دەبێت لە قەناعەتیانەوە بێت بەوەی کە دانوسان دەسکەوتی بۆ هەموویان تێدا دەبێت، چالاکی دانوسانکردن بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، یەکێك لە لایەنەکان داواکاری و پێشنیارەکانی خۆی دەخاتە روو، پاشان لایەنەکەی تر تۆژینەوە لەو پێشنیارانە دەکات، پاشان پەسەندی دەکات یان رەتیدەکاتەوە، یاخود پێشنیاری بەدیل یان دژ دەخاتە روو.

**(٤)دانوسان پرۆسەیەکە سنوورو هاندەری خۆی هەیە، ئەگەری بەریەککەوتنی تێدایەو بێزاربوونی لایەنەکانی دانوسانی تێدەکەوێت.(٣٠)**

دانوسان بە زمانی لاتینی لە دوو بڕگە پێکهاتووە: Neg واتە Not و Otium واتە Base . واتە مانای ئیسراحەتنەکردن دەگەیەنێت. چونکە لایەنەکانی دانوسان لە حاڵەتێکی نەحەوانەوەدان تا ئەو کاتەی دەگەنە رێکەوتن.

ئەو کۆت وپێوەندانەی دەبنە هۆی نەچوونەپێش بەرەو چارەسەر، کە بە شێوەیەکی گشتی لە توێی پرسیارکردنەوە گوزارشتیان لێدەکرێت، وەك: من چی دەبەمەوە یان دەیدۆڕێنم؟ ئایا لایەنەکەی تر جێگای متمانەیە؟ کاریگەریی ئەم رێکەوتنە چیە؟ ئارەزووی هاریکارییکردن لەگەڵ ئەوانیتردا، هەروەها گەشبینی بە پرسەکە، هەموویان بەرەو چارەسەر دەمانبەن.

**(٥)بناغەی دانوسان بوونی پرسێک یان گرفتێکی گرنگە کە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی دانوسانەکە، لە توێی دیالۆگ و کارلێکردن و قایلکردنەوە،** هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆی یان گەیشتن بە رێکەوتنێکی دیاریکراو کە لایەنەکانی دانوسان پێوەی پابەند بن:



هەواڵنامەی گێژ

پێویستە دانوسان لە دەوری پرسێك یان بابەتێکی دیاریکراو بسورێتەوە کە تەوەری دانوسانەکە پێکدەهێنێت. لەوانەیە پرسەکە تایبەتی یان کۆمەڵایەتی یا ئابووری یاخود سیاسی بێت. لە توێی پرسی دانوسانەکەوە، ئامانج و ستراتیژو تاکتیکەکانی دانوسان دیاریدەکرێن.

بەزۆری ئامانجی دانوسان لە دەوری ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو دەخولێتەوە، کە لایەنەکان لەسەری رێکدەکەون، یاخود لە دەوری نەکردنی کارێك دەبێت، یاخود تێکەڵەیەك لە هەردوو ئامانجەکە دەبێت کە لایەنەکان لەسەری رێکدەکەون.

**پێویستە دانوسانکار ئەو پرسانە لە خشتەی کارەکانی دووربخاتەوە کە دەشێت بە شێوازی دیکەی غەیری دانوسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت**

پێویستە دانوسانکار ئەو پرسانە لە خشتەی کارەکانی دووربخاتەوە کە دەشێت بە شێوازی دیکەی غەیری دانوسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ئەمەش بە شیکردنەوەی پرسەکان لەسەر بنەمای ئەنجامە گرنگەکانیان. هەروەها دەبێت ئەو پرسەی ململانێی لەسەرە، وردبکاتەوە بۆ چەند پرسێك یان چەند بەندێکی بچووك، هەروەها کاتی دانوسانیش بەسەر ئەو بەندانەدا دابەشبکات، بەپێی گرنگییان، هەروەها ئەوەی قابیلی دانوسانکردن نیە، یان پەیوەندی بە ئامانجە سەرەکییەکانی دانوسانەوەنیە، دووری بخاتەوە.

هەولێر کتێب

## دانوسان لە چەند بوارێکدا بەکاردەهێنرێت، کە گرنگترینیان:

ا) **بواری بازرگانی یان ئابووریی:** لێرەدا دانوسان بەکاردێت بۆ چالاکی کڕین و فرۆش و هەناردەو هاوەردەو بازاڕگەرمکردن و دابەشکردن و گوێزانەوەو پارەدارکردن و پەیوەندییە کرێکارییەکان.

ب) **بواری سەربازیی:** دانوسان لە بواری سەربازیدا بۆ حەوانەوەو دابینکردنی حاڵەتی خاوبوونەوەی سەربازی، یان خۆبواردن لە ئەنجامە وێرانکەرەکانی جەنگ بەکاردێت. خاسییەتی دانوسانکردن لە بواری سەربازیدا، نهێنیبوون و ڕانەگەیاندنی ئەوەی لە دانیشتنەکانی دانوساندا ڕوویداوە، لەپاڵ ئەو ئەنجامانەدا کە پێیان گەیشتوون. هەروەها پەیوەستیشە بە بوارەکانی ترەوە، چونکە زەحمەتە لە بواری سەربازیدا دانوسان بکەیت و نەچیتە سەر بوارەکانی تر، وەك بوارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها درێژیش دەبێتەوە بۆ پرۆسەکانی قەرەبووکردنی سەربازی و ئاڵوگۆڕی دیلەکان و مەسەلە پەیوەندیدارەکانی دی.

ج) **بواری سیاسی:** ئەم بوارە بە گرنگترین بواری دانوسانکردن دادەنرێت. نموونەی ئەمەش دانوسانی نێوان دەسەڵاتی فەرمانڕەواو دەزگاکانی جێبەجێکردن بۆ پیادەکردنی سیاسەتی حکومەت و جێبەجێکردنی بەرنامەو ئامانجەکانی. هەروەها دانوسانی نێوان وەزیرەکان بە مەبەستی هەماهەنگیکردن لە کارەکاندا. هەروەها دانوسانی نێوان دەوڵەتەکان بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان.

**(٦)بڕێک کێشە یان ململانێ لەنێوان لایەنەکانی دانوساندا هەیە.**(٣١)

ململانێ لەنێوان هەڵوێستی لایەنەکاندا هەیە، ئەمەش یەکێکە لە توخمە

سەرەکییەکانی دانوسانکردن، چونکە بێ بوونی کێشمەکێش پاڵنەری کاری جدی بۆ گەیشتن بە چارەسەر کەمدەبێتەوە. سێ شێوە لە ململانێ هەیە: ململانێی سەرچاوەکان، ململانێی ئامرازەکان، هەروەها ململانێی بەهاکان. بەگشتی هەرسێ شێوەکە لە دانوساندا هەن، پێویستە دانوسانکار ئەوانەش و ئەو شتانەش بناسێتەوە کە کۆنترۆڵی کەیسی دانوسان لەسەرکراو دەکەن.

لەململانێی سەرچاوەکاندا، هیچ لایەنێك لە لایەنەکانی دانوسان ناتوانێت ئامانجەکانی خۆی بەدیبهێنێت، لەسەر حیسابی لایەنەکەی تر نەبێت، ئەویش بەهۆی ئەو کۆت وپێوەندانەوە کە بەسەر سەرچاوەکاندا سەپێنراون. ئەگەر دەروازەی پێڕەوکراو لە ململانێی سەرچاوەکاندا، سەرچاوەی "قازانج بەرامبەر قازانج"بوو، ئەوە هەر لایەنێك دەیەوێت لەسەر حیسابی لایەنەکەی تر سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. سەرکەوتنیش لەسەر بارودۆخی هەر لایەنێك راوەستاوە. ئەم دەروازەیە لەگەڵ هەوڵی بەزاندنی لایەنەکەی تر یان سەرکوتکردنیدا ناگونجێت ـ وەك لە دەروازەی "قازانج بەرامبەر زیان "دا هەیە. ئەگەر بە پێڕەوکردنی دەروازەی قازانج بەرامبەر قازانج، یەکێك لە لایەنەکان سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا، ئەوە لایەنەکەی تر دووچاری شورەیی نابێت، چونکە سەرکەوتنەکە لە یەکێك لە خاڵەکاندایە. لەوانەشە دەروازەی "قازانج بەرامبەرقازانج " ئەرێ نەبێت، یان هەردوولا رازی نەکات، بەڵام هەردووکیان پ"تیوانی لە دەروازەکە دەکەن مادام ململانێکە بێ ناچارکردن یان خراپەلەگەڵ کردن کۆتاییهاتووە.

لەململانێی ئامرازەکاندا، تەرکیزدەکرێتە سەر چۆنێتی گەی"تن بەو ئامانجەی لەسەری رێکەوتوون. نموونەی ئەمە، ئەگەر ئامانجەکە زیادکردنی قازانجی کۆمپانیاکە بێت، ئەوە رەنگە بەرێوەبەری بازارخستن وای بۆ بچێت کەمکردنەوەی مەسرەفی ئیداریی دەمانگەیەنێتە ئەو ئامانجە، لەکاتێکدا کە بەرێوەبەری دروستکردن پێیوایە کە لە توێی زیادکردنی سەعاتەکانی کارەوە بۆ کەمکردنەوەی مەسرەفی ئامادەکردنی ئامرازەکان، ئەو ئامانجە بەدیدەهێنرێت. هەردوو شێوازەکە لە گۆشەنیگای خۆیانەوە

دروستە، ئەگەر لە گرنگییاندا بۆ زیادکردنی قازانج، هاوسەنگ بوون، ئەوە دەبێت لە ڕێگای دانوسانەوە چارەسەرەکە هەڵبژێردرێت.


شێوەی سێهەمیش بریتییە لە ململانێی بەهاکان. ئەمە قورسترینیانە. دەبێت لایەنەکانی دانوسان ئەم شێوەیەی ململانێ بناسنەوەو بەرێگایەکی جیاواز لە دوو شێوەکەی تر مامەڵەی لەگەڵ بکەن، ئەگینا دووچاری مەترسی ئەوە دەبن کە دانوسانێکی درێژ بکەن لەسەر چەند پرسێك کە جەوهەریی نین، یان چەند مەسەلەیەك کە پێناسەکردنیان قورس دەبێت. نموونەی ئەمە: ئەگەر تەندەری یەکێك لە بەڵێندەرەکان بلیتی پلەیەکی سەفەرو خانووی نایابی بۆ فەرمانبەرەکانی تێدا بوو، خاوەنکاریش دەیویست بلیتی پلەی گەشتوگوزارو خانووی کەم مەسرەف دابین بکات. لە گۆشەنیگای بەڵێندەرەکەوە سەفەری پلەیەك و خانووی نایاب، دەبنە مایەی ڕەزامەندی کارمەندەکان، بەوەش بەرهەمیان زیاتر دەبێت. باشە، چۆن بڕوانینە ئەم گرفتە، ئایا گرفتی بەڵێندەرەکەیە یان هی کاردارەکە؟ ئەم ململانێیە پەیوەندی هەیە بە بەهاو هەست وسۆزەکانەوە، زیاتر لەوەی پەیوەندی بە ڕاستییەکانەوە هەبێت.
کاتێك دانوسانکار دەبینێت کە ململانێی بەهاکان باڵ بەسەر پرسەکەدا دەکێشێت، ئەوە ئەم بژارانەی خوارەوەی هەیە بۆ ئەوەی مامەڵەیان لەگەڵ بکات:

هەولێرمەی کتێب

ا) لێگەڕێت لایەنەکەی تر هەست وسۆزی خۆی بەرامبەر پرسەکە دەرببڕێت و بەگژیدا نەچێتەوە.
ب) لێگەڕێت لایەنەکەی تر هەست وسۆزی خۆی بەرامبەر پرسەکە دەرببڕێت، ئینجا پشتگوێی بخات و بەردەوامی بدات بە دانوسان.
ج) لە کاتی گونجاودا، پرسێکی تری هاوشێوەو سەرنجراکێش بخاتە روو، بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی دەرفەتی چارەسەرکردنی پرسە ئەسڵییەکە.
د) خۆبەدەستەوە نەدان بە هەڵوێستێك لەسەر بەهاکان دامەزرابێت، چونکە بە

شێوەیەکی گشتی ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی داواکاریی گەورە، باشتروایە دانوسانەکە لەباربچێت، نەك ملبدەیت بۆ زنجیرەیەکی ناکۆتای داواکارییە ناماقوڵ و ناواقیعیەکان.

خاڵێکی دی ماوە کە شایستەی باسکردنە، ئەویش ئەوەیە کە هەتا ماوەی ململانێکە درێژتربێتەوە، ئەگەری زیادکردنی گرنگییەکەی زیاددەکات، هەروەها ململانێ چارەسەرنەکراوەکان دەبنە هۆی زیاتربوونی گرژییە ئایندەییەکان. ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ڕوونیدەکاتەوە(٣٢)




**هێڵکاری ژمارە (١): ڕەگەزی کات و ململانێ**

**(٧)ئەنجامی نادڵنیایی دادەمەزرێن(٣٣)**

دوو بۆق لەناو زۆنگاوێکدا نیشتەجێ بوون، کە هاوین هات بە گەرماکەی زۆنگاوەکەی وشککردەوە. دوو بۆقەکە هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی بەدوای جێگایەکی دیدا بگەڕێن، بیرێکی قووڵیان دۆزییەوە کە ئاوی تێدا بوو، یەکێکیان وتی "با بچینە ناوی و لەوێدا بژین" ئەوەی تریان وەڵامی دایەوە "بەڵام ئەی دوایی چۆن بێینە دەرەوە؟"

هەموو دانوسانێك ئەنجامی هەیە، لەوانەیە ئەنجامەکان ئەرێ بن، لەوانەشە نەرێ بن. ئەوەش لەسەر شێوازی بەکارهێنراو بۆ گەیـ"ـتن بە ئەنجامەکان راوەستاوە.

یەکێك لە ئەنجامە ئەرێکان بریتیە لە چارەسەر یان سازان، ئەوەش کاتێك هەر یەکە لە دانوسانکارو بەرامبەرەکەی هەموو ئەو شتانەیان دەستدەکەوێت کە دەیانەوێت. لە حاڵەتی وەهادا، دانوسان لەبەر زەروری یان پێویستی ئەنجام دەدرێ. نموونەی ئەمەش بریتیە لە ئارەزووی کەسێك بۆ کڕینی ئامێرێکی هونەری لە کۆمپانیایەك کە بەرهەمهێنانی ئەو ئامێرەی قۆرخکردووەو نرخەکەشی بە دە هەزار دۆلار دیاریکردووە، بۆ نموونە دیاریکردووە. کڕیارەکە ناچارە بیکڕێت چونکە ئەو ئامێرە لە شوێنی تر دەست ناکەوێت. هەرلایەکیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکەی کە لە ئامانجی ئەویتر جیاوازە، رووبەڕووی چەند گرفتێك دەبێتەوە، بۆیە دەبێت هەردوولا کاربکەن بۆ رێکەوتن، هەر ئەوەندەی رێکەوتن، ئیتر جێبەجێدەکرێت. ئەنجامە نەرێکانیش لەمانەی خوارەوەدا وێنا دەبن:

**ا) سەپاندنی چارەسەر:**

لەوانەیە لایەنێکی دانوسانەکە هێزی ئەوەی هەبێت کە چارەسەرەکە بەسەر ئەویتردا بسەپێنێت، بێ ئەوەی گوێبداتە هەڵوێستی ئەو. بەکارهێنانی تاکتیکی هەڕەشەو ناچارکردن جۆرێکە لە جۆرەکانی هێز. نموونەی ئەمەش بریتیە لەوەی دانوسانکار هانا بباتە بەر هەڕەشەکردن بە یاسا لەبارەی پرسێکەوە کە کێ "مەکێ"یانە لەسەری، ئەمەش ئەگەر لایەنەکەی تر وەڵامی داواکارییەکانی نەداتەوە. گەرچی لایەنەکەی تر هەست بە ساویلکەیی داواکانی ئەم دەکات، بەڵام پێیوایە کەمتری تێدەچێت لەوەی

هانا ببرێتە بەر یاسا، بۆیە وەڵامی داواکانی دەداتەوە.

بۆیە، وەڵامدانەوە لەسایەی ئەم بارودۆخەدا (ڕەوشی هێز) مانای ئەوە نیە کە پرسەکە چارەسەرکراوە، بەڵکو ئەزموونەکان دەریانخستووە کە لایەنی ناچارکراو بەردەوام دەبێت لە گەڕان بەدوای ڕێگاو شێوازی پەکخستنی ڕێکەوتنەکەو جێبەجێنەکردنیدا. هەروەها هەوڵدەدات هەڵوێست و ڕەوشی خۆی ڕێکبخاتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر تۆڵە بکاتەوە. بۆیە بەدیهێنانی ئامانجەکان لە ڕێگای هێزەوە، شێوازێکی کورتخایەنی دانوسانە.

بە کورتی، سەپاندنی چارەسەر دەگاتە ئەنجامی قازانج بەرامبەری زیان، ئەمەش دەبێتە هۆی نارازیبوون لە ڕێکەوتنەکە، بەوەش زیان لە پەیوەندی ئایندەیی نێوان هەردوولا دەکەوێت.

**ب) خۆبەدەستەوەدان:**

خۆبەدەستەوەدان کاتێك ڕوودەدات کە یەکێك لە لایەنەکان دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە سووربوونی لەسەر ئەوەی دەیەوێت، زیانێکی زیاتری پێدەگەیەنێت لەو زیانەی لە تەنازولکردنیدا بۆ لایەنەکەی تر لێیدەکەوێت.

سەرکەوتن یان سووربوون لەسەر داواکارییەکان مەسرەفی قورسە. بۆ نموونە، فرۆشیارێك دەتوانێت زیادەیەکی بێپاساو بخاتە سەر نرخی کاڵایەکی دیاریکراو، بێ ئەوەی گوێبداتە نارەزاییەکانی کڕیار، ئەمە وا لە کڕیارەکات لە ئایندەدا بەدوای سەرچاوەی تردا بگەڕێت بۆ ئەوەی ئەو کاڵایەی لێ بکڕێت.

بەشێوەیەکی گشتی، خۆبەدەستەوەدانیش وەك حاڵەتی سەپاندنی چارەسەر، دەبێتە هۆی چارەسەرێکی زامننەکراو بۆ پرسەکە. چونکە بابەتی پرسەکە بە هەڵواسراوی و بێ چارەسەر دەهێڵێتەوە. بەڵام جیاوازیشە لە حاڵەتی سەپاندنی چارەسەر، بەوەی خۆی لە زیانگەیاندن بە پەیوەندییە ئایندەییەکان بەدوور دەگرێت. بەڵام ڕەنگە لەکاتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەدا بارودۆخی وەها بێتە پێشەوە کە ببێتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەك لە شێوەکان پرسەکە بخرێتەوە ڕوو. ئەوەی دەشێت لە دانوسانی سەپاندنی چارەسەر و خۆبەدەستەوەدانەوە بێتە بەرهەم، ئەوەیە کە پرسەکە



هەواڵنامەی کتێب

ەشێوەیەکی کۆتایی پێهێنراو چارەسەر ناکرێت و یەکلایی ناکرێتەوە.

**ج) چارەسەری ناوەڕاست:**

چارەسەری ناوەڕاست مانای ئەوەیە هەریەکە لە دانوسانکارو بەرامبەرەکەی دەسبەرداری هەندێك لە ئامانجە بچووکەکانی خۆیان و بگرە هەندێك لە ئامانجە گەورەکانیشیان ببن، ئەویش لە پێناوی زامنکردنی ئامانجەکانی تردا، ئەگەر یەکێك لە لایەنەکان شتێکی بەخشی، ئەوە هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی زیان.

ئاستی شارەزایی لایەنەکان کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ناوەڕۆکی ئەنجامەکانی چارەسەری ناوەڕاست. بەگشتی ئەنجامی چارەسەری ناوەڕاست ئەوەیە دەسکەوتەکان دابەشبکرێت، بەڵام مەرج نیە پشکەکان یەکسان بن. دەرفەتەکانی سەرکەوتنی ئەو دانوسانانەی لە ڕێگای چارەسەری ناوەڕاستەوە دەگەنە ڕێکەوتن، زۆرە، بەڵام پێویستی بە بەدواداچوونێکی زیاتر هەیە لەو ڕێکەوتنەی لە سەپاندنی چارەسەر یان خۆبەدەستەوەدان دێتە بەرهەم.

**د) ڕاستکردنەوە:**

ڕاستکردنەوە کاتێك دەبێت کە یەکێك لە لایەنەکان داتای هەڵە یان بێمتمانە بەکاردەهێنیت وەك بناغەی پشتیوانیکردن لە هەڵوێستی خۆی. ئەمەش دەبێتە هۆی شڵەژاندنی دانوسانکار، بەتایبەتی ئەگەر لایەنەکەی تر سەلماندی داتاکانی هەڵەن یان متمانەیان پێناکرێت، یاخود گەیشتن بە دەرەنجامی وەها کە قابیلی سەلماندن نین. بە گشتی هۆی ئەوەش خۆئامادەنەکردن یان پەلەکردن لە ڕاستکردنەوەو حوکمدانە. بەزۆریی ڕاستکردنەوە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی لایەنەکەی دی، ئەوەش دەبێتە ئەنجامێکی ئەرێ بۆ ئەو.

## ڕێوشوێنەکانی ڕاستکردنەوە، لەمانەی خوارەوەدا وێنا دەبن:

–داننان بە هەڵەدا، بەمەش کاتی هەمووان بە نکوڵیکردن لە شتێکی ڕوون و ئاشکرا بەفیڕۆ نادرێت.

دەکرێت، ڕێگەی

بەشێوەیەكی كۆتایی پێهێنراو چارەسەر ناكرێت و یەكلایی ناكرێتەوە.

**ج) چارەسەری ناوەڕاست:**

چارەسەری ناوەڕاست مانای ئەوەیە هەریەكە لە دانوسانكارو بەرامبەرەكەی دەسبەرداری هەندێك لە ئامانجە بچووكەكانی خۆیان و بگرە هەندێك لە ئامانجە گەورەكانیشیان بن، ئەویش لە پێناوی زامنكردنی ئامانجەكانی تردا، ئەگەر یەكێك لە لایەنەكان شتێكی بەخشی، ئەوە هەوڵێكە بۆ كەمكردنەوەی زیان.

ئاستی شارەزایی لایەنەكان كاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ناوەڕۆكی ئەنجامەكانی چارەسەری ناوەڕاست. بەگشتی ئەنجامی چارەسەری ناوەڕاست ئەوەیە دەسكەوتەكان دابەشبكرێت، بەڵام مەرج نیە پشكەكان یەكسان بن. دەرفەتەكانی سەركەوتنی ئەو دانوسانانەی لە ڕێگای چارەسەری ناوەڕاستەوە دەگەنە ڕێكەوتن، زۆرە، بەڵام پێویستی بە بەدواداچوونێكی زیاتر هەیە لەو ڕێكەوتنەی لە سەپاندنی چارەسەر یان خۆبەدەستەوەدان دێتە بەرهەم.

**د) ڕاستكردنەوە:**

ڕاستكردنەوە كاتێك دەبێت كە یەكێك لە لایەنەكان داتای هەڵە یان بێمتمانە بەكاردەهێنێت وەك بناغەی پشتیوانیكردن لە هەڵوێستی خۆی. ئەمەش دەبێتە هۆی شڵەژاندنی دانوسانكار، بەتایبەتی ئەگەر لایەنەكەی تر سەلماندی داتاكانی هەڵەن یان متمانەیان پێناكرێت، یاخود گەیشتن بە دەرەنجامی وەها كە قابیلی سەلماندن نین. بە گشتی هۆی ئەوەش خۆئامادەنەكردن یان پەلەكردن لە ڕاستكردنەوەو حوكمدانە. بەزۆریی ڕاستكردنەوە دەبێتە هۆی سەركەوتنی لایەنەكەی دی، ئەوەش دەبێتە ئەنجامێكی ئەرێ بۆ ئەو.

## ڕێوشوێنەكانی ڕاستكردنەوە، لەمانەی خوارەوەدا وێنا دەبن:

–داننان بە هەڵەدا، بەمەش كاتی هەمووان بە نكوڵیكردن لە شتێكی ڕوون و ئاشكرا بەفیڕۆ نادرێت.

–ڕاستكردنەوە تەنها لەو پرسەدا دەبێت كە گفتوگۆی لەبارەوە دەكرێت، ڕێگەی

پێنادرێت کە خۆی بدات لە پرسی دیکە. ئەگەر زانیارییەکانی دانوسانکار لەبارەی پرسێکی دیاریکراوەوە ورد نەبوون، ئەوە نابێت وەها سەیری هەموو زانیارییەکانی تریشی بکرێت کە نادروست بن.

–وەرگرتنی پشوویەك بۆ ئەوەی دانوسانکار لە پرسی دواتردا لاواز نەبێت، هەروەها بۆ ئەوەی بوارنەدات بەرامبەرەکەی دەرفەتی لێبێنێت و دەسکەوت بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

**و) تەڵەزگە:**

تەڵەزگە کاتێك روودەدات کە هەردوولا نایانەوێت بە ئاراستەی چارەسەردا بەردەوام بن، یان هەریەکەیان هەڵوێستێکی داکۆکیکارانەی  سەرسەخت وەردەگرێت، یاخود کە هیچکام لە دوو لایەنەکە سوودێك نابینێت لە ئەنجامدانی گۆرانکارییەکدا کە بواریان بدات بەرەو چارەسەر بچنە پێشەوە. هەروەها دەشێت تەڵەزگە کاتێك سەرهەڵبدات کە هەردوولا لەو باوەرەدا بوون کە دەتوانن چاوەرێ بکەن تا لایەنەکەی تر هەڵوێستی خۆی دەگۆرێت. هەندێجار ئەم تاکتیکە بەکاردێت بۆ رادەستکردنی دانوسانەکە بۆ ئاستێکی بەرزتری دەسەڵات.

چەند بەدیلێك هەن کە دانوسانکار دەتوانێت لە حاڵەتی تەڵەزگەدا، بە پشتبەستن بە ئەگەری بەکەڵکییان بۆ حاڵەتەکە بەکاریان بهێنێت.:

ا) سەرلەنوێ روونکردنەوەی پرسەکە. مەبەست لەمە دڵنیابوونە لەوەی لایەنەکەی تر وەك خۆی لێی تێدەگات. هەروەها دەتوانرێت ئەوە دەستنیشان بکرێت ئایا تەڵەزگەکە راستەقینەیە یان نا، کە ئەمەش بوار دەرەخسێنێت بۆ بەرەوپێشچوونی دانوسانەکە، چونکە ئەو خاڵەی ببووە هۆی تەڵەزگەکە روونکرایەوە.

ب) وەرگرتنی پشوویەك بۆ ئەوەی دواتر دانوسانەکە دەسپێبکرێتەوە، چونکە لەوانەیە هەمووان ماندوو بووبن. ماوەی پشوو وەرگرتنەکەش لەسەر بارودۆخی دەوری پرۆسەی دانوسانەکە راوەستاوە (ئایا پێویستی بە سەفەر هەیە؟ هۆڵی وەها لەبەردەستدایە کە هەر لایەنێك لە لایەنەکانی دانوسان، بتوانێت کۆنفرانسی تێدا سازبکات، یان بیکات بە جێگای حەوانەوەی خۆی؟



هەواڵنامەی کتێب

(ج) پێشکەشکردنی زانیاری نوێ، گۆڕینی ئامانج یان شێوەی ئەو پرسەی تەڵەزگەکەی دروستکردووە، چونکە دەشێت لە توێی بەستنەوەی بە پرسێکی ترەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە لە کاتێکی دواتردا بخرێتە روو، ئاستی گۆڕانکاریی لە گرنگییەکەیدا بکرێت.

د) بەشێوەیەکی کاتی پرسەکە بخرێتە لاوەو پاشان سەرلەنوێ وروژاندنی، بەشێوەیەکی وەها کە هەردوولا لەسەری رێکبکەون، بەوەش کە گفتوگردن لەسەر پرسەکە دەستیشی پێکرایەوە، ناکۆکی لەسەر ناوەرۆك و ئامانجەکەی نابێت.

وەلانانی پرسەکە شێوازێکی کاریگەرە بۆ گوێزانەوەی پرسەکان بۆ جێگایەکی لەبارتری خشتەی کارەکان، ئەمەش مانای سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پرسەکانە بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت.

ئەگەر پرسەکە لەناو ریزبەندی چەند پرسێکی تردا نەبوو، یان بەهۆی خراپ ریزبەندیکردن لەسەر بناغەی گریمانەی هەڵە، لەناو چوارچێوەکەدا بوو، هەروەها ئەگەر یەکێك لە لایەنەکان یا هەردووکیان هەست و سۆزیان بەرامبەر پرسەکە گەیشتە ئاستێکی توندی و گرژی کە کاریگەریی لەسەر ناوەرۆکی گفتوگۆکردن لەسەر پرسەکانی دی هەبوو، یان متمانە بەیەککردن لەنێوان لایەنەکانی دانوساندا نەگەیشتبووە ئاستێکی کافی بۆ وتووێژکردن لەسەر پرسێك کە تا رادەیەك هەستیاریی تێدایە، ئەوە بەکارهێنانی ئەم شێوازە گونجاوە.

یەکێك لە ئەنجامە شیاوەکانی وەلانانی پرسەکە ئەوەیە لەکاتی گفتوگۆکردندا لەبارەیەوە، هەردوولا بگەڕێنەوە بۆ هەڵوێستە سەرەکیەکانیان. بەمەش رەوشەکە لە پێشوو باشتر نابێت، بەڵام خراپتریش نابێت، رەنگیشە تەڵەزگەکە سەرهەڵبداتەوە. یەکێك لە ئەنجامە شیاوەکان ئەوەیە کە مەسەلەکە بەجۆرێك پەرەبسێنێت کە ببێتە هۆی کێشانەوەی یەکجارەکی پرسەکە، کە ئەمەش رەنگە گیانی پەرۆشیی لای لایەنەکان لاوازبکات، بۆیە، زۆربەی دانوسانکاران خۆیان لە بەکارهێنانی ئەم بەدیلە دەبوێرن.

هـ) گۆڕینی کەسەکان، ئەمەش دەبێت بە رێکەوتنی هاوبەش ئەنجامبدرێت. دەشێت

گۆڕینی کەسەکان بە کەسانی دی، ڕێگر بێت لە بەردەوامیدان بە هاتووچۆکردنی کاردانەوەی نەرێ لەنێوان لایەنەکاندا، کە وای لێهاتووە هەمووانی بێزار کردووە، ڕەنگە ئەم کاردانەوانە ئەنجامی هەڵەی کەسێك نەبن، یان لەوانەیە کاردانەوەی نەرێیّ کەسیك بێت بەرامبەر کەسێکی دی.

دوو گریمانە هەن دژی ئەم شێوازە: یەکەم، بەرامبەر پێشنیاری گۆڕین وەك خاڵی لاوازی دەبینێت، مەرجیش نیە هەمیشە وابێت، چونکە ئەگەر ئەوە دەرەنجامکردنی بەرامبەرەکەت بێت، زۆر ناخایەنێت و کاتیی دەبێت، ئەگەر دانوسانکارە نوێیەکە لاواز نەبێت، ئەوا هەر زوو واز لەو گریمانەیە دەهێنێت. گریمانەکەی تریش ئەگەری ئەوەیە کە گۆڕانکاریی ببێتە هۆی دۆڕاندنی هەڵوێست، چونکە دەشێت جیاوازییە وردەکانی نێوان دانوسانکارە ئەسڵییەکەو بەدیلەکەی بەشێوەیەکی نەرێ لە پرسەکەدا ڕەنگ بدەنەوە، بۆیە پێویستە لەکاتی هەڵبژاردنی بەدیلدا، قەبارەی ئەو ریسکەی دەکرێت، هەڵبسەنگێندرێت.

وازهێنان لە دانوسان و هانابردن بۆ ناوبژیوانی، ئەگەر هەردوولا سووربن لەسەر هەڵوێستی خۆیان، ئەوا ڕەنگە بەشداریکردنی لایەنێکی سێهەم دەرفەتێك بۆ چوونەپێش بڕەخسێنێت. هەروەها بوونی سێ لایەن جۆرێکی دی لە گفتوگۆ دەهێنێتە ئاراوە. ئەگەر بەلایانەوە گرنگ بێت مەسەلەکە بە تەواوەتی هەرەس نەهێنێت، ئەوە بەکارهێنانی لایەنی سێهەم سوودمەندە. بەڵام دەبێت ئەمە دوایین هەنگاو بێت، چونکە تەنها لە حاڵێکدا سەرکەوتوویی ناوبژیوانان شیاوە کە حاڵەتی نارازیبوون لای لایەنەکانی دانوسان، یەکسان بێت.

**(٨)دانوسان چەندین جۆری هەیە(٣٤)**

دەتوانین بە چەندین پێوەر دانوسان پۆلێن بکەین. لێرەدا هەردوو پێوەری ستراتیژو ئامانج بەکاردەهێنین. بەپێی پێوەری ستراتیژ، دانوساندنی قازانج / قازانج هەیە، تێیدا لایەنەکان ستراتیژی وەها بەکاردەهێنن کە لەسەر بناغەی پێشخستنی هاوکاری و قووڵکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان دامەزراوە. هەروەها دانوسانی قازانج / زیانیش

هەیە. ئەم جۆرەیان لەکاتی نەبوونی هاوسەنگی نێوان هێزەکان لە نێوان لایەنەکانی دانوسانندا دامەزراوە. لێرەدا دانوسانکاران ستراتیژی ململانێ و زۆرانبازی بەکاردەهێنن بۆ شەکەتکردن و برست لێبڕینی لایەنەکەی ترو کۆنترۆڵکردنی.

دانوسانی هێورکردنەوەش هەیە کە مەبەست لێی هێورکردنەوەی رەوشەکەیە بۆ نزمکردنەوەی ئاستی حاڵەتی ململانێ و بەگژیەکداچوون لە پێناوی دانوسانێکی ئایندەییدا کە بارودۆخ لەبارتر بێت بۆ لایەك یان هەموو لایەنەکانی دانوسان. ئەم چەشنە ستراتیژەی خاوبوونەوە یان ستراتیژی بردنەوەی کات بەکاردەهێنن، چونکە وای بۆدەچن کە کات کاریگەرترین فاکتەرە لە رەوتی دانوسانەکاندا.

بەپێی ئەم ئامانجە، دەتوانین تێبینی ئەم جۆرانەی خوارەوەی دانوسان بکەین:

ا)دانوسان لە پێناوی درێژکردنەوەی رێکەوتننامە یان پەیمانی نێوان لایەنەکانی دانوسان. بزوێنەری یەکەمیش لەم جۆرەی دانوساندا ئەوەیە کە کۆتایی هاتنی رێکەوتن یان پەیمانەکە کاریگەریی نەرێی لەسەر یەکێك یان هەموو لایەنەکانی دانوسان دەبێت.

ب)دانوسان لەپێناوی گۆڕینی رەوشەکان لە بەرژەوەندی لایەنێکدا، ئەم جۆرەی دانوسان بارودۆخەکان لە خزمەتی لایەنێکدا دەگۆڕێت، لەسەر حیسابی لایەنێکی تر. ئەم دانوسانە لەسەر بناغەی هەڕەشەو بەزاندن و ناچارکردن دادەمەزرێت، نموونەی ئەمەش ناچارکردنی سەرۆکی چیکە لە لایەن ئەڵمانیای هیتلەرییەوە، لە ئاداری ١٩٣٩ دا تا باقی وڵاتەکەی رادەستی ئەڵمانەکان بکات.

ج) دانوسانی داهێنان، مەبەست لێی دامەزراندنی پەیوەندی و گۆڕینی پەیوەندییەکانە لەنێوان لایەنەکانی دانوساندا، نموونەی ئەمەش دامەزراندنی بازاڕی هاوبەشی ئەورپایە.

هەواڵنامەی کتێب

# پەراوێزەکان:


١. Royce A. Coffin, The Negotiator: A Manual For winners (N.Y: American Management Association) (١٩٧٣) Pp. ١-٢٠.

٢. Cavin Kennedy, et. Al., Managing Negotiation (N.J. Prentice – Hall, ١٩٥٢) P. ١١.

٣. Dennis Hawcer, Haw to Improve your Negotiation Skills (N.Y. Alexander Hamilton Inst. ١٩٨٢)Pp. ١-٢.

٤. C. Barlow and G Eisen, Purchasing Negotiation ( Bostion: C.B.I. Purchasing Co., ١٩٨٣)Pp. ١-٧.

٥. عبدالباری دره: تحدید مفهوم التفاوچ، ورقه غیر منشوره، ص ٢. فرهاد محمد الاهدان، فن و ئداب علم التفاوچ، الاداره (القاهره: اتحاد جمعیات التنمیه الاداریه، العدد الاول، ١٩٨٧) ص ٨.

٦. زاید الکاید، تخگیگ استراتیجیات التفاوچ، ورقه غیر منشوره، ص ٢.

٧. زهیر الصباغ، اساسیات فی التفاوچ، ورقه غیر منشوره، ص ٢.

٨. عبدالسلام ابو قحف، سیاسات الاعمال و الممارسات الاداریه فی المنقمات الصناعیه و التجاریه (الاسکندریه: مؤسسه شباب الخامعه، ١٩٨٩) ص ٣.

٩. ناجی ژیب معلا، التفاوچ (عمان: دار زهران للنشر و التوزیع، ١٩٩٢)، ص ٣.

١٠. د. صدیق محمد عفیفی و دکتوره جرمین حزین سعد، التفاوچ الفعال فی الحیاه و الاعمال (القاهره: مکتبه عین شمس، ١٩٨٥) ص ١٣.

١١. د. محسن احمد الخچیری، التفاوچ (القاهره: الانجلومصریه، ١٩٨٨)، ص ١٤.

١٢. د. عبدالباری، مصدر سبق ژکره، ص ٢.

١٣. د. حسن الحسن، التفاوچ فن و مهاره (عمان: المنقمه العربیه للتنمیه الاداریه، سلسله البحوپ و الدراسات، ١٩٨٩) ص ١٣.

١٤. المرجع السابق، الصفحه نفسها.

١٥. المرجع السابق، الصفحه نفسها.

١٦. المرجع السابق، الصفحه نفسها.

١٧. المرجع السابق، الصفحه نفسها.



# حزبە سەرەکییەکان چۆن بزووتنەوە نوێکان دەخەنە پەراوێزەوە ؟

حسینعلی نوزری
لەفارسییەوە/ محەمەد کەریم

# کۆمەڵگاو سیستمە حزبییەکان: پەیوەندیی نێوان سیستمی حزبی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی

**هەرپێناسەیەکمان** سەبارەت بەحزب قبوڵکردبێت، تەنانەت ئەگەر بەپێی ئەو پێناسەیە حزب بەتەنیا مەبەستی بەدەستهێنانی دەسەڵات و پێگەش بێت، لەهەموو حاڵەتێکدا بێ چەندوچوون حزب دەبێت پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەبێت. چونکە بۆنموونە لەکاتی ململانێدا بێگومان دەبێت پەنا بۆ بەرژەوەندییە مادی و ئارمانییەکانی یان (ئامانج)ییەکانی دەنگدەرانی خۆی بەرێت و لەرێگەی بانگەشەو پشت بەستن بەخواستە مادی و مەعنەوییەکانی جەماوەری دەنگدەرانییەوە چانسی سەرکەوتنی خۆی زیاد بکات. بەڵام بەزۆری لەزۆربەی وڵاتەکاندا پەیوەندی نێوان سیستمی حزبی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی یان بەها کۆمەڵایەتییەکان زۆر لاوازو تێکشکێنەرە. هەر کاتێ لەگۆشەی تیۆرێکەوە تەماشای بکەین کەحزب بەپردی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا دەزانێت، لەو حاڵەتەدا ئەم پەیوەندییە لاوازترو تێکشکێنەرتر دەبێت لەوەی چاوەڕوانکراوە. لەزۆر لایەنیشەوە فاکتەرە رێکخراوەیی یان بنەماییەکان دەتوانن لەدیاریکردنی تواناو دەسەڵاتی حزبیدا زۆر گرنگتر لەفاکتەری کۆمەڵایەتیی کاربکەن. بۆیە لەم بەشەدا باسی بابەتی سیستمە حزبییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و ئەو فاکتەرانە دەکەین کەرۆڵیان هەیە لەسەرهەڵدانی لەبەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتیی و شێوە جیاوازەکانیدا، دواجاریش باسی دڵسۆزیی حزبی یان پەیوەندییە حزبییەکان دەکەین.

### ١ - لەبەریەک هەڵوەشان و دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکان :

ئەو حزبە جۆراو جۆرانەی کە لەدێرەکانی پێشوودا باسکران، (مەبەستی

لەبەشەکانی پێشووی ئەم بابەتەیە – وەرگێڕ) پەیوەندییەکی روون و ئاشکرایان لەگەڵ ئەو دابەشکاریی و لەبەریەکهەڵوەشانانەدا هەیە کە لەکۆمەڵگادا هەن. حزب دەتوانێت نوێنەری چینە کۆمەڵایەتییەکان و گروپە مەزهەبییەکان و گروپی خاوەن زمانی جیا یان نوێنەری بەرژەوەندیی تایبەتی دیکە بێت. لێرەدا ئاماژە بۆ سێ تاقم لەدابەشکاریی یان لەبەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتیی دەکەین:

**ئەلف/ لەبەریەکهەڵوەشانی پێگە یان شوێنگە :**

ئەم جۆرە لەبەریەکهەڵوەشانە بۆ پێگەو شوێنگەی پشتگیریی یان پشتیوانی لێکردنی حزبی لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتییدا دەگەڕێتەوە. ئەم پێگەیە دەتوانێت بۆ پێگەی پەیوەندی یان دەستنیشانکەری تاکە کەس بگەڕێتەوە کەتیایدا لەدایك دەبێت، وەکو نەژاد، گروپی نەتەوەیی، یان ناسنامە. یان رەنگە بۆ پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکە کەس بگەڕێتەوە، وەکو چینی کۆمەڵایەتیی یان گروپی ئایینی، کەتاکە کەس دەتوانێت بەدرێژایی تەمەنی خۆی بیگۆڕێت. هەڵبەتە جیاوازیی لەنێوان پێگەی پێوەنداریی و پێگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییدا، جیاوازییەکی رەها نییە بەڵکو بەتەواوی دەتوانرێت لەسەر بنەمای پێودانی کۆمەڵایەتیی دەستنیشان بکرێت. هەروەها بەپێچەوانەی بیرو بۆچوون و چاوەڕوانیی مارکسییەکانەوە، خاسیەت و جیاکەرەوە چینایەتییەکانی پەیوەست بەپشتگیریی وپشتیوانیی حزبی ئاسایی لەبەر رۆشنایی خاسیەت و جیاکەرەوە نەژادیی و نەتەوەیی و مەزهەبیی و ناوچەیی یان زمانییەکاندا دەکرێت.

**ب/ لەبەریەکهەڵوەشانە رەفتارییەکان :**

ئەم جۆرە لەبەریەکهەڵوەشانە، بەتایبەتی ئەو درز کەلێن و لێك دوورییانەی لەناو ریزەکانی ئەندامێتی حزبدا هەیە، ئاسایی زیاتر لە لەبەریەکهەڵوەشانی پێگە یان شوێنگە کار لەپشتیوانیی حزبی دەکات. ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا کراون، ئەوە نیشان دەدەن کە ئەگەرچی پێگەی پشتیوانیی چینی کرێکاران زۆرجار بەشێوەیەکی گونجاو لەپێناوی پشتیوانیی لەحزبە چەپەکاندایە، بەڵام ئەندامێتیی



هەواڵنامەی کێژ

سەندیکا بەشێوەیەکی جدی لەم پێناوەدایە. لەلایەکی دیکەوە لەکاتێکدا گروپە مەزهەبییەکان لەپێناوی پشتیوانیی لەحزبە مەزهەبییەکاندا کار دەکەن (بۆنموونە حزبە کاسۆلیکییەکان و دیموکرات مەسیحییەکان لەئەڵمانیا) تواناو دەسەڵاتی ئیمان یان هاوڕێبازیی و ئامادەگیی لەکڵێساش پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پشتگیریی و پشتیوانیی حزبیدا هەیە.

**ج/ لەبەریەکهەڵوەشانە ئایدیۆلۆجییەکان :**

ئەم جۆرە لەبەریەکهەڵوەشانانە بریتین لەئەولەویەت یان ئەو شتانەی دەخرێنە پێشی پێشەوە، وەك بەهاو پێودان و بیروبۆچوون و فیکرو جیهانبینییەکان و شتی لەم بابەتە، کە لەوانەیە بەشێوەیەکی گشتیی لەگەڵ پێگەو شوێنگەی کەسێك لەناو کۆمەڵگادا هاوڕێك نەبن. لەڕاستیدا پشتیوانیی و هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی کەسەکان لەوانەیە لەبەریەکهەڵوەشانی پێگەیان روون بکاتەوە. بۆنموونە زۆر لەحزبە کۆمۆنیستەکان (وێڕای شوێنگەو پێگەی چینی کرێکاران) لەئەورووپای خۆرهەڵاتدا بەشێوەکی باو بەشێکی گەورەی پشتیوانیی خۆیان لەناو چەپەکانی چینی ناوەڕاستدا بەدەست دەهێنن.

هەڵبەتە نابێ وێنای ئەوە بکەین کەتەواوی لەبەریەکهەڵوەشانەکان یان مەسەلەی لەو شێوەیە کە لەکۆمەڵگادا هەن و لەهەموو هەلومەرجەکاندا لەڕووی سیاسییەوە کاریگەرییان هەیە. لەکاتێکدا دەتوانرێت لەنێوان لەبەریەکهەڵوەشانە شاراوە یان بەهێزەکان و دابەشکارییە راستەقینەکاندا جیاوازیی بکرێت کەئامادەکاریی سیاسیی بەپشت بەستن بەوە دەکرێت. هەندێك لەبەریەکهەڵوەشانەکان رەنگە پێش ئەوەی مۆرکی سیاسیی بەخۆیانەوە بگرن، تاماوەیەکی دوورودرێـژ بەشێوەیەکی شاراوە بمێننەوە. بۆ نموونە مەسەلەی ژنان تاچەندین دەیە پێش هەڵبژاردنی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بوونی هەبوو کەتیایدا مەسەلەی (جیاکاریی رەگەزیی) خرایەڕوو. هەروەها رەوتی بەسیاسی بوون و خۆقبوڵکردنی سیاسیش دەتوانرێت وەکو هێڵ و

رەوتێکی بەردەوام لەبەرچاو بگیرێت کە خاڵی دەستپێکردنی لەگەڵ دەرکەوتنی دابەشکارییە کۆمەڵایەتییە تازەکان یان هاتنەئارای مەسەلە کۆمەڵایەتیە نوێکان و گۆڕانیان بۆ جووڵانەوەیەکی نارەزایی دەستپێدەکاتو پاشان بەشێوەی جووڵانەوەیەکی سیاسی خۆی دەنوێنێت و لەکۆتاییدا لەگەڵ هاتنەئارای حزبێکی سیاسی نوێدا دەگاتە خاڵی کۆتایی خۆی

**حزبێکی سیاسی تەنیا لەحاڵەتی بوونی ئەم دوو مەرجەدا واتە دڵسۆزیی حزبی و بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی کات و شوێن لەپێکهاتەو بەرنامەی خۆیدا، دەتوانێت بەردەوامیی و مانەوەی خۆی زامن بکات.**

**٢ -دڵسۆزیی حزبی و گۆڕانی سیستمە حزبییەکان :**

حزبی سیاسی دەتوانێت ماوەیەکی دوورودرێــژ لەمەیدانی سیاسی– کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکدا بەردەوام بێت، تەنانەت چەندین سەدەش بەردەوام بێت، سەرەڕای هەڵچوون و داچوون و فشارو قەیرانەکان و کۆسپ و تەگەرەکانی دیکە، یان سەرەڕای گۆڕانی حکومەتەکان و گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگا هەروا بەردەوام بێت. وەکو حزبی کرێکاران و موحافیزکاران و لیبراڵ لەبەریتانیا کەهەردوو حزبی لیبراڵ و موحافیزکاران لەراستیدا شێوەیان گۆڕاوەو بەکامڵتر لەوانەی پێش خۆیان واتە (ویگ و تۆری) لەقەڵەم دەدرێن.[1]

بەردەوامیی و مانەوەی حزب بەشێوەیەکی سەرەکی بەندە بەدوو مەسەلەوە:

**یەکەم**/ دڵسۆزیی وملکەچی و ئیلتیزام و پابەندبوونی ئەندامان و لایەنگرانی حزب بۆ پرەنسیپ و بەرنامەو ئامانج و سیاسەتەکانی حزب.

**دووەم**/ پێویستیی بەدیهێنانی گۆڕان لەپێکهاتەو بەش و بەرنامەو تاکتیك و ڕێبازو ئامانجەکانی حزب شان بەشانی پێداویستی و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری و کلتووریی کۆمەڵگا بەشێوەیەك کەحزب هەمیشە بتوانێت پێ بەپێی داخوازیی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بچێت و توانای بەدیهێنانی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت. بەدەربڕینێکی دیکە هەر حزبێکی سیاسی تەنیا لەحاڵەتی بوونی ئەم دوو مەرجەدا واتە دڵسۆزیی حزبی و بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی کات و شوێن لەپێکهاتەو بەرنامەی خۆیدا، دەتوانێت بەردەوامی و مانەوەی خۆی زامن بکات.

مانەوەو بەردەوامی ژیانی حزبی جگە لەو فاکتەرانەی سەرەوە هۆکاری دیکەشی هەیە لەوانە:

**یەکەم**/ دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو لەبەریەکهەڵوەشانانەی کەحزبێکی سیاسی لەسەر بنەما یان بەهۆی بوونی ئەوانەوە دامەزراوە، ڕەنگە هەمیشە بەردەوام بێت، هەر بۆیە حزبەکانیش لەوێوە کەبۆ پڕکردنەوە یان چارەسەرکردنی ئەم لەبەریەکهەڵوەشانە دروست دەبن، بەردەوام دەبن.

**دووەم**/ دەنگدەرانیش ڕەنگە پاش ماوەیەك بەسیستمێکی حزبی پایەدارترەوە پەیوەست بن یان پشتیوانیی لەحزبێکی دیکە بکەن. ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی کراون نیشاندەری ئەوەن کە سەرهەڵدانی لەبەریەکهەڵوەشان و دابەشکارییە کۆمەڵایەتییە تازەکان لەکۆمەڵگەداو کاریگەریی ئەمە لەسەر پابەندیی حزبی، بەشێوەیەکی سەرەکی لەهەیکەل و کەسە گەنجەکانی حزبەوە دەستپێدەکات. چونکە نەوەی گەنج هەمیشە لەکەسانی دیکە زیاتر لەبیری ئەکتیڤی و داهێنان و تازەگەریی و گۆڕانکارییدان، وێڕای ئەمەش زیاتر لەبەردەم قبوڵکردنی کاریگەریدان، هەربۆیە دڵسۆزیی بۆ حزبێکی تازە لەناویاندا سەرهەڵدەدات. نەوەی گەنج بەئاسانی کاریگەریی دروشم و بانگەشەو بەرنامەو ئامانج و ئایدیای حزبەکانی دیکەیان دەکەوێتە

سەرو بەرەو ئەوان مەیل و ئارەزوو پەیدا دەکەن. ئەگەر بەرەبەرە ئەو هۆکارو پاڵنەرانەی باسکران بەدرێژایی رۆژگار کاڵ نەبنەوەو کاریگەریی خۆیان لەدەست نەدەن. لەبەرامبەر ئەمەدا نەوە کۆن و بەتەمەنەکان هەوڵدەدەن لەبەرامبەر لەبەریەکهەڵوەشان و دابەشکارییە نوێکاندا کەڕەنگە هەرەشە لەئیلتیزام و دڵسۆزیی حزبی بکەن، بەربەرەکانێ بکەن و بەدڵسۆزیی ئەو حزبە بمێننەوە کە لەتافی لاویدا پەیوەندییان پێوە کردووە.

**سێیەم**/ زۆر حزبیش کەڕەنگە لەڕووی رێکخستن و پێکهاتەوە ئەوەندە بەهێزو تۆکمە بن کە لەبەرامبەر هەڕەشەو کاریگەریی لەبەریەکهەڵوەشانە کۆمەڵایەتییە نوێکاندا بەتەواوەتی پارێزراو بن و وەکو خۆیان بمێننەوە. تەنانەت ئەگەر کێشەو گیروگرفتی واش رووبدات کەببێتە هۆی دووبەرەکی و دەستەگەریی و کەلێن لەناو جەماوەری دەنگدەران و هەڵویست وەرگرتنیان لەو حزبانەی هەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم حزبانەی باسکران لەبەرئەوەی خاوەنی رێکخستنی تۆکمەو پێکهاتەی بەهێزن

**ئەم حزبانەی باسکران لەبەرئەوەی خاوەنی رێکخستنی تۆکمەو پێکهاتەی بەهێزن و سەرچاوەی مادیی تەواویان لەبەردەستدایە بەئاسانی دەتوانن جووڵانەوەو حزبە تازەکان لەگۆڕەپانی سیاسی بکەنە دەرەوەو درێژە بەچالاکی خۆیان بدەن و مانەوەی خۆیان زامن بکەن. لەم پێناوەدا ئەم حزبانە بەئاسانی دەتوانن بەرنامەو سیاسەت و ئەو بابەتانەی جێگای بایەخیانەو تاکتیك و ئامانج و ئەو بیرۆکانەی لەلایەن (حزبە تازەدروستبووەکانەوە) خراونەتەروو، بدزن و وەك دەڵێن کەموزیادی بکەن و لەپێناوی بەهێزکردن و درێژەپێدانی پێگەی خۆیاندا بەکاریبهێنن.**

هەواڵنامەی کتێب

و سەرچاوەی مادیی تەواویان لەبەردەستدایە بەئاسانی دەتوانن جووڵانەوەو حزبە تازەکان لەگۆڕەپانی سیاسی بکەنە دەرەوەو درێژە بەچالاکی خۆیان بدەن و مانەوەی خۆیان زامن بکەن. لەم پێناوەدا ئەم حزبانە بەئاسانی دەتوانن بەرنامەو سیاسەت و ئەو بابەتانەی جێگای بایەخیانەو تاکتیك و ئامانج و ئەو بیرۆکانەی لەلایەن (حزبە تازەدروستبووەکانەوە) خراونەتەڕوو، بدزن و وەك دەڵێن کەموزیادی بکەن و لەپێناوی بەهێزکردن و درێژەپێدانی پێگەی خۆیاندا بەکاریبهێنن. یان تەنانەت سوود لەو بابەتانەش وەربگرن کەحزبە تازەکان لەپەیڕەو بەرنامەی خۆیاندا دایانڕشتوون. یان ڕەنگە چەند بابەت و مەسەلەیەکی دیکە بخەنەڕوو بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ڕاو بیروبۆچوونی دەنگدەران لای ئەو بابەتانەوە کەحزبە تازەکان خستوویانەتەڕوو بەلای خۆیاندا وەربگێڕن. بەنموونەی زۆرو زەوەندو لەژمارە نەهاتوو لەم تاکتیکانە لەڕەوتی کامڵبوونی مێژوویی ململانێی حزبیدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوروپا بکەین. بۆنموونە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەوڵەتی خۆشگوزەران لەزۆربەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی ئەوروپای خۆرئاوا لەدوای جەنگی دووەمی جیهان و سەرهەڵدانی ئەو حزبانەی کەپشتیوانییان لەو بەرنامانە دەکرد، یان ئەو حزبانەی پێشان هەبوون کەبەدەستنیشانکردنی ڕاست و دروست و دەستبەجێی هەلومەج و پێداویستییەکانی ڕۆژ لەسیاسەت و ڕێبازو تاکتیك و بەرنامەی ڕاگەیەنراوی خۆیاندا پێداچوونەوەیان کردو چەند بەرنامەو سیاسەتێکی تازەیان گرتەبەر کە لەلایەن حزبە چەپ و سۆسیالیست و کۆمونیستەکانەوە لەم کۆمەڵگایانەدا دەخرانەڕوو و بانگەشەیان بۆ دەکرا. بەم پێیە دەوڵەتی خۆشگوزەران و حزبە لایەنگرەکانی شتێکی تازە نەبوون، جگەلە هەمان ئەو حزبە کۆنانەی کەئێستا بەدزینی نەخشەو بەرنامە بانگەشە بۆکراوەکان لەلایەن حزبە تازە شۆڕشگێڕو ڕادیکاڵەکانەوە:

**یەکەم**/ چەکیان کردن و لەدەوری ململانێ و کێبڕکێکان دووریان خستنەوەو کردیاننە دەرەوە.

**دووەم**/ بەجێبەجێکردنی بەرنامەو سیاسەت و داواکارییە تازەکان هەم پێگەی

ڕێکخستنی خۆیان قایم کردو هەم لەناو ریزەکانی خۆیاندا بەریان لەهەر جۆرە لەبەریەکهەڵوەشان و دەستەگەریی و لەتبوون و دووبەرەکییەك گرت.

هەڵبەتە لەهەندێ حاڵەتدا رەنگە لەبەریەکهەڵوەشانەکان ئەوەندە بەهێزو سەرتاپاگیرو گەورە بن تەنانەت کار لەو حزبانەش بکەن کەخاوەنی رێکخستنی بەهێزن و بەتوندی وزەو توانایان بخەنە ژێر پرسیارەوە. لەهەلومەرجێکی وادا سیستمی حزبی رەنگە بەسێ شێوە لەبەرامبەر ئەم لەبەریەکهەڵوەشانە کۆمەڵایەتییانەدا کاردانەوە نیشان بدات، کە لەڕاستیدا شێوەی یەکەم و دووەمیان پەیوەندیی بە(رەوتی تازەکردنەوەی ئیلتیزامی حزبایەتیەوە) هەیە.

**یەکەم**/ رەنگە حزبە تازەکان لەسەر بنەمای پەنابردن یان گەڕانەوە بۆ بازنەکانی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی تازە دروست بن. نموونەیەکی کلاسیك لەم جۆرە حزبانە، بریتییە لەسەرهەڵدانی حزبی کرێکاران لەبەریتانیا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا. واتە لەسەروەختێکدا کەحزبی لیبراڵ و حزبی موحافیزکاران ئەوەندە بایەخیان بەکێشەو مەسەلە چینایەتییەکانی کرێکاران نەدەدا کەئەو زەمانە لەپەرەسەندندا بوو. یان نموونەی دوای ئەوە سەرهەڵدانی حزبی سەوزەکانە، لەماوەی ئەم چەند دەیەی دواییدا کە لەهەندێ لەوڵاتە ئەوروپییاکاندا لایەنگری لەژینگەو گرووپەکانی ئاشتی سەوزو هتد دەکەن. یان سەرهەڵدانی حزبی کۆمارییەکانی ئەمریکا لەساڵی ١٨٨٠ دا لەئەمریکا کەگوزارشت لەکاریگەریی ئەو تەقینەوە گەورەیە دەکات کە حزبێکی تازە دەتوانێت بەدوای خۆیدا بیهێنێت: هەڵبژاردنی ئیبراهام لینکۆڵن بووبە سەرەتاو دەستپێکی جیابوونەوەی باشوورو جەنگەکانی جیابوونەوە لەنێوان ویلایەتەکانی باکوورو باشووردا.

**دووەم**/ ئەو حزبانەش کە لەگۆڕەپاندان رەنگە بەمەبەستی پەنابردن بۆ بازنەکانی هەڵبژاردن و دەنگدەرانی تازە سیاسەت و بەرنامەی خۆیان بگۆڕن. بۆنموونە حاڵی

حازر بەئاشكرا وادێتە بەرچاو ئەو حزبە كلاسیكی و بەجێماوانەی لەئەوروپا هەن هەوڵدەدەن بەگرتنەبەری بەرنامەو سیاسەتی گروپ و حزبە سەوزەكانی ئەوروپا ئەوان لاوازبكەن.

**سێیەم**/ ئەگەر هیچ كام لەو دوو گۆرانكارییە روونەدا. لەو حاڵەتەدا حزبەكان بەخێرایی رووبەڕووی رەوتی (نەمانی ئیلتیزام) یان (بێ ئیلتیزامیی) و نەبوونی دڵسۆزیی حزبی دەبنەوە، واتە ئەو رەوتەی كەتیایدا بەشێكی زۆری خەڵك لەهەموو حزبەكان دووردەكەنەوەو پشتیان تێدەكەن و بەوشێوەیە بەشداریی سیاسی هاووڵاتیانیش روو لەكەمبوونەوە دەكات. دەنگدەران و جەماوەری هەڵبژاردنی نوێ كە لەرێكخستی حزب یان لەبەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئەو حزبانە ناكام بوون كە لەئارادان، رەنگە لەقاڵبی گروپەكانی فشار یان جووڵانەوە كۆمەڵایەتیەكانی دیكەدا سەر هەڵبدەن. ئەو حزبانەشی كەهەن رەنگە لەناوەوە تووشی ناكۆكی و ناتەبایی و دووڕوویی بن و لەكۆتاییدا تووشی لەتبوون بن. لێكۆڵەران و توێژەران لەناوەڕاستی شەستەكانی سەدەی رابردووەوە سەبارەت بەم مەسەلەیە باس و لێكۆڵینەوەیان كردووە كەئایا سیستمە سیاسییەكانی خۆرئاوا لەسەردەمی (تازەكردنەوەی ئیلتیزامی حزبی)دا دەژین، یان لە( سەردەمی بێ ئیلتیزامی)دا (Dalton, etal.١٩٨٤) . هەڵبەتە رەنگە هەردوو رووداوەكە بەیەكەوە رووبدەن. رەوتی نەمانی ئیلتیزام یان بێ ئیلتیزامیی دەتوانێت بەهەنگاوێك بەرەو نوێكردنەوەی ئیلتیزامی حزبی لەقەڵەم بدرێت.

## تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی حزبی سیاسی

**جگەلە** وابەستەیی وپەیوەندییەکانی حزب لەگەڵ کۆمەڵگا، سیستمی حزبی لەڕووی پێکهاتەوە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە کەبایەخێکی زۆریان هەیە. لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی حزبی سیاسی دەتوانین ئاماژە بۆ سیستمی نوێنەرایەتیی و ئەو هەڵچوون و داچوونانە بکەین کە لەتوانای هەڵبژاردنیدا هەن لەگەڵ چەند پارچەیی و چەند جەمسەر بوونی ئەو حزبە.

**١ - سیستمی نوێنەرایەتیی و شێوەکانی هەڵبژاردن :**

سیستمی هەڵبژاردن پەیوەست بەسیستمی حزبی هەر کۆمەڵگایەك گوزارشت لەوە دەکات کەدەنگەکان چۆن لەکورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیی و یاسادانانەوە دێنەدەرەوە. لەم بارەیەوە سەروکارییمان لەگەڵ جەماعەتێکی بەرفراوان و هەمەجۆردا هەیە: لەلایەکەوە سیستمی پشکداریی یان ناوچەیی هەیە کەتیایدا تەنانەت حزبە بچووکەکانیش توانای ئەوەیان هەیە لەئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتییدا کورسی بەدەستبهێنن. بەم پێیە ئەگەر سەد حزب هەریەکەیان یەك لەسەر سەدی دەنگەکان بەدەستبهێنن، بەو شێوەیە هەریەکە لەو حزبانە یەك کورسی بەدەستدەهێنن لەو ئەنجومەنی نوێنەرایەتییەدا کەژمارەی کورسییەکانی سەد کورسییە. ئەم جۆرە سیستمە نابێتە ڕێگر لەبەردەم دابەشبوون و هەمەجۆریی سیستمە حزبیەکاندا. لەلایەکی دیکەوە سەروکارییمان لەگەڵ سیستمی نوێنەرایەتیی زۆرینەدا هەیە، کەتیایدا هەر حزبێك زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، بەو شێوەیە کورسییەکانی نوێنەرایەتیی بۆ خۆی داگیر دەکات.

لەم جۆرە سیستمانەدا حزبە سەرەکییەکان حزبە بچووکەکان دەخەنە لاوە. بەم پێیە ئەگەر حزبی (ئەلف) لەهەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا (٤٠٪)دەنگەکان بەدەستبهێنێت

و حزبی (ب) و (ج)یش (٣٠٪) دەنگەکان بەدەستبهێنن، بەو شێوەیە تەواوی کورسییەکانی نوێنەرایەتیی دەبێت بەهی حزبی (ئەلف) و دوو حزبەکەی تر کورسییان نابێت. ئەم جۆرە سیستمانە بۆخۆیان دەبنە رێگر لەبەردەم سەرهەڵدانی حزبی جۆراو جۆردا، چونکە حزبە بچووکەکان دەگەنە ئەو ئەنجامەی کەئامادەگیی و چالاکی ئەوان جگەلە بەفیرۆدانی سەرمایەو خەرجکردنی پارەو پوولی زۆر، هیچ سوودێکی بۆ ئەوان نابێت. بێگومان ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەشداریی سیاسی خەڵك. هەندێ لەسیستمە حزبییەکان ئەم دوو جۆرە سیستمە تێکەڵ دەکەن. بۆنموونە لەئەڵمانیا دەنگدەران دوو دەنگ دەدەن، یەکێکیان بۆ کاندیدە ناوچەییەکان و ئەوی تریان بۆ لیستی کاندیدە حزبییەکان. ئەگەر کاندیدەکان لەبازنەکەی خۆیاندا زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنن، لەو حاڵەتەدا یەك کورسی بەدەستدەهێنن. تەواوی ئەو کورسییانەی ماونەتەوە بەشێوەی پشك و بەوەکیەکی دیاریکراو بەپێی دەنگەکان دابەشدەکرێن. ئەوسا هەر حزبێك بۆئەوەی لەپشکەکەدا لەبەرچاو بگیرێت و کورسی بەدەستبهێنێت، بەلای کەمەوە دەبێت (٥٪) دەنگی هاووڵاتیان لەسەر ئاستی نیشتمانیی بەدەستبهێنێت. ئەم جۆرە سیستمە سەرەرای هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی پارچەپارچە بوون و پەراگەندەیی حزبەکان و بەرگرتن لەزۆری حزب، هەوڵدەدات کۆبوونەوەی کورسییەکان لەدەستی حزبێك و بێبەشبوونی باقی حزبەکان لەکورسی نوێنەرایەتیی کەمبکاتەوە. سەروەختێ واوێنادەکرا کەسیستمی نوێنەرایەتیی لەسەر پشکداریی بنیاتنراو دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سەقامگیریی و بەردەوامیی حکومەتو دیموکراسی دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی لەم ساڵانەی دواییدا لەم بارەیەوە کراون تەئیدی ئەو گریمانەیە ناکەن. (سیستمەکانی هەڵبژاردن لەقۆناغەکانی قەیراناو تەنانەت لەقۆناغە ئاساییەکانیشدا بایەخێکی هێندە سەرتاپاگیریان نییە) (Taagpera & Shugart, ١٩٨٩, p. ٢٣٦)

**٢ -هەڵچوون وداچوونەکان لەتوانای هەڵبژاردنی حزبی سیاسیدا :**

ئەو هەورازو نشێوو هەڵچوون وداچوونانەی لەتواناو لێهاتوویی هەڵبژاردنی



هەواڵنامەی کتێب

سیستمی حزبیدا هەن چەند ڕەوتێکی جیاواز لەخۆ دەگرن:

**یەکەم**/ ناجێگیریی دەنگدەران لەنێوان حزبەکاندا لەئەنجامی چەند فاکتەرێکی وەکو باڵغبوون، کۆچکردن، مردن، خۆدزینەوە لەجێبەجێکردنی ئیلتیزام و ئەرکە حزبییەکان.

**دووەم**/ تازەکردنەوەی ئیلتیزام یان بێ ئیلتیزامیی واتە گۆڕانکاریی لەڕەوتی ئیلتیزام لەبازنە جیاوازە حزبییەکاندا، یان کەمبوونەوەی هەمەلایەنەی وابەستەیی حزبی.

**دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە هەڵچوون و داچوون و نارەزاییەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حزب هەموو کاتێ شێوازی دژە دیموکراسی نییە**

بۆنموونە توێژەران ماوەیەکی دوورودرێژ لەم بارەیەوە بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبوو کەئایا هەڵچوون و داچوونەکانی هەڵبژاردن بووە هۆی لاوازبوون و ئاوابوونی سیستمە دیموکراسییەکان لەسییەکانی سەدەی بیستدا. (Dalton etal, ١٩٨٤, Cenver,& Denver, ١٩٨٥) لەهەشتاکانی سەدەی بیستدا (سیمرمان) و (سەلفیلد) لەلێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هەڵچوون و داچوون و هەورازو نشێوەکان لەهەندێ وڵاتدا، بەڵام نەك لەهەموو وڵاتەکاندا، تارادەیەك بوونە هۆی لاوازبوونی بنەما دیموکراسییەکان. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون زۆربەی حزبە پڕجۆش و خرۆشو دژە دیموکراسییەکانی قۆناغی پاش جەنگ، بەشی زۆری پشتیوانیی و لایەنگیریی خۆیان لەلایەن ئەو دەنگدەرانەوە بەدەست هێنا کەپەیوەندیی و پەیوەستیی لاوازیان لەگەڵ حزبەکاندا هەبوو، یان بەشێوەیەکی لاواز لەدامودەزگا بچووکە کەلتورییەکانی وەکو ڕێکخراوی

کرێکاریی، مەزهەبیی، یان نەتەوەییدا کۆببوونەوە. (Zimmermann & Saalfeld,
1988 )

هەڵبەتە دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە هەڵچوون و داچوون و نارەزاییەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حزب هەموو کاتێ شێوازی دژە دیموکراسی نییە. لەزۆر حاڵەتو لەزۆر کاتدا ئەم بزووتنەوانە وەکو بەشێك لەبەشەکانی سیاسەت و ڕێبازەکانی دیموکراسی لەقەڵەم دەدرێن. زۆرکەس باوەڕیان وایە کەبەرنامەکانی تازە کردنەوەی ئیلتیزامی حزبی لەقاڵبی تێزی نیودیل[٢] دا بەزیانی دیموکراسی ئەمریکا تەواو بوو، یان ئەوەی زۆربەی جووڵانەوەی چەپە نوێکان و جووڵانەوەکانی لایەنگری ژینگەو گروپەکانی سەوز ڕەوتی دژی دیموکراسین. بەڵام دەبێت سەرنجی ئەو خاڵە بدرێت کەهەڵچوون وداچوونە حزبییەکان و هەورازونشێوەکانی کاتی هەڵبژاردن لەکاتێکدا زیانیان بۆ دیموکراسی دەبێت کە لەگەڵ مەیل و هەنگاوە دژە دیموکراسییەکاندا هاوشان و هـاوڕێ بن. لەڕاستیدا گەلێ جووڵەو هەنگاوی جەماوەریی سەبارەت سازدانو ئامادەکردنی دەنگ لەلایەن حزبە دیموکراتەکانەوە دەتوانرێت بەباشترین ئومێدو ئاوات بۆ رزگارکردنی دیموکراسی لەسەردەمی قەیراندا لەقەڵەم بدرێت. لەڕاستیدا هەموو شتێك پەیوەستە بەمەیل و ئارەزووی دەنگدەرانەوە بۆ پشتیوانیی لەحزبەکانی دژی دیموکراسی.

### ٣ - دابەشبوون و چەند پارچەیی :

بەڕای هەندێ لەتوێژەران دابەشبوون و لەتبوون لەپێکهاتەی سیستمە حزبییەکان لەسەرەتای جەنگی دووەمی جیهاندا، کەتارادەیەك لەو شێوازە نوێنەرایەتییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لەسەر پشکداریی بنیاتنرابوو، بووبەهۆی لاوازبوونی سیستمی دیموکراسی لەوڵاتە ئەوروپاییەکاندا. بەباوەڕی ئەم توێژەرانە، لەسیستمێکی حزبیدا کەگیرۆدەی لەتبوون و چەند پارچەییە گەلێ حزبی بچووك ئامادەگییان هەیە کەهەریەکەیان بۆ خۆیان خوازیاری پشکێکن لەمەسەلەی نوێنەرایەتیی و بەشدارییکردن

لەدەسەڵاتدا. هاووڵاتیان بەبینینی ئامادەگیی ژمارەیەکی زۆر لەحزبو کاندیدی حزبی تووشی سەرلێشێوان دەبن و بریاریان پێنادرێت. لەوێوە کەحزبەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت ناچارن ئیئتلاف بکەن. لەبەرئەوە رادەی کاریگەریی دەنگدەران لەسەر سیاسەت و ڕێبازە حزبییەکان کەمدەبێتەوە، بەم پێیە سەبارەت بەدیموکراسی نائومێد دەبن و سەریان لێدەشێوێت.

**لەوێوە کەحزبەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت ناچارن ئیئتلاف بکەن. لەبەرئەوە رادەی کاریگەریی دەنگدەران لەسەر سیاسەت و ڕێبازە حزبییەکان کەمدەبێتەوە، بەم پێیە سەبارەت بەدیموکراسی نائومێد دەبن و سەریان لێدەشێوێت.**

ئیئتلافە حکومییەکان بەحسابکردن بۆ ئامادەگیی ژمارەیەکی زۆر لەحزبی بچووك بەئاسانی دەشێ ببنە یاریی دەستی سیاسەتو خواست و ویستەکانی ئەو حزبانە. هەندێ توێژینەوەی ئەزموونیی تەئیدی ئەم تێزە دەکەن. ڕەوتی لەتبوون و ناکۆکی لەگەڵ کەمکردنەوەی پشت بەستن بەحکومەت و زیادبوونی نارەزایەتیی سەبارەت بەدیموکراسی هاوشان و هاوڕایە. ئەو حکومەتانەی هەن لەسیستمی حزبیدا تووشی لەتبوون و دووبەرەکی بوون و حکومەتی لاوازو ناپایەدار بوون و توانای جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی کومەڵگاو ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیان نییە. لەلایەکی دیکەوە هەندێ لەتوێژەران باوەڕیان وایە کەلەتبوونی سیستمی حزبی بەفاکتەری سەرەکی لاوازبوونی دیموکراسی لەقەڵەم نادرێت. لەتبوون

دەبێتە هۆی دروستكردنی كێشەو گیروگرفت، بەڵام چەند فاكتەرێكی گرنگی دیكەش لەم مەسەلەیەدا رۆڵیان هەیە. بۆ نموونە جەمسەربەندیی سیستمی حزبی زیاتر لە لەتبوون و بەشبوون دەتوانێت ببێتە هۆی ناسەقامگیریی و ناكارایی حكومەت.

**٤ –جەمسەربەندیی یان بەجەمسەربوون :**

سارتۆری لەو لێكۆڵینەوانەدا كەدەربارەی حزبە سیاسییەكانی ئەوروپاو پلورالیزمی بەجەمسەربوو كردوێتی (Sartoei, ١٩٧٦,١٩٦٦) نموونەیەك سەبارەت بە(پلورالیزمی بەجەمسەربوو) دەخاتەڕوو كەباشترین و گشتگیرترین هەڵسەنگاندن‌و شیكردنەوەیە كەتائێستا لەم بارەیەوە ئەنجامدرابێت. بەپێی شیكردنەوەكانی سارتۆری لەسیستمێكی بەجەمسەربوودا حزبێكی گەورە (بەڵام نەك زۆربەی حزبەكان) كەم تازۆر بەشێوەیەكی بەردەوام لەشێوەی ئیئتلافێكدا كەهەمیشەیی نییە لەگەڵ حزبە جیاوازەكانی تردا حكومەتی بەدەستەوەیە. لەم جۆرە سیستمانەدا بەلای كەمەوە حزبێكی توندڕەو (دژی سیستم) هەڵوێستی دژ یان ئۆپۆزسیۆنێكی نیمچە هەمیشەیی هەیە. حزبە توندڕەوەكان لەبەرئەوەی توانای ئەوەیان نییە ئیئتلافێكی بەهێز دروست بكەن بۆ جێگرتنەوەی ئەو ئیئتلافەی هەیە، بەشێوەیەكی گشتیی لای خەڵك هێندە مایەی سەرنج و قابیلی قبوڵ نین، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەوەندە بەهێزن كەبتوانن رێگربن لەبەردەم دروستبوونی ئیئتلاف دیكەدا كەئەوان لەخۆ ناگرێت. سارتۆری باوەڕی وایە كەئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی وەستان و گەندەڵیی لەناوەندو ناكامی و توندبوونی كاروبار یان رادیكاڵیزاسیۆن لەدەوروبەرو ناجێگیریی ئیئتلافە حكومییەكان. بۆنموونە سارتۆری وەك شاهید عەیان ئاماژە بۆ كۆماری (ڤایمار) لەئەڵمانیاو كۆماری چوارەمی فەرەنساو ئیتالیای هاوچەرخ دەكات. هەڵبەتە گەلێ شایەت و بەڵگەی بابەتی و ئەزموونیی تەئیدی ئەو نموونە دەكەن كەسارتۆری مەبەستێتی.

بەجەمسەربوونی سیستمی حزبی لەکۆمەڵگاو سیستمە دیموکراسییە پۆست تۆتالیتاریستیەکانی وەکو ئەڵمانیای خۆرئاوا، نەمسا، ئیتالیاو ئیسپانیا شان بەشانی بەها نادیموکراسی و نالیبراڵەکان بەڕێوە دەچێت. لەلایەکی دیکەوە لەکاتێکدا ئەو پەیوەندییانەی لەسەر بێ متمانەیی و نالێبوردەیی لەنێوان گەمە سیاسییەکاندا بنیاتنراون لەئەنجامی بەکارهێنانی کۆمەڵێك ئامرازی قانوونییەوە لەهەندێ وڵاتی پۆست تۆتالیتاریستدا جێگیربوون و بوون بەبنەما، بەرە بەرە چەند زەمینەیەك فەراهەم بوو کەئەم جۆرە پەیوەندییانە لەقاڵبی سیستمی حزبی بەجەمسەربوودا ڕەواجی پەیداکرد. گەلێ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەرئاستی وڵاتە جیاوازەکان گوزارشت لەوە دەکەن کەبەجەمسەربوون گورز لەلایەنەکانی تری دیموکراسی دەوەشێنێت. بەجەمسەربوون پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ ڕەوایی دیموکراسی و متمانەکردن بەحکومەت هەبووە بەپێچەوانەی ئەمەوە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بەردەوام نەبوون یان ناجێگیری کابینەکانی حکومەتدا هەبووە.

هەڵبەتە زۆر لەو بنەمایانەی لەو نموونەیەدا هەن کە لەلایەن سارتۆری-یەوە خراوەتەڕوو بۆتە جێگای مشت ومڕو ململانێی دیکەی تیۆرسینان. بەتایبەتی ئەو توێژینەوانەی کە لەهەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا سەبارەت بەئیتالیا کراون لەگەڵ ئەو ئیدیعایەی سارتۆری-دا نایەنەوە کەپلورالیزمی بەجەمسەربوو فاکتەری سەرهەڵدانی توندڕەویی (ڕادیکالیزم) بووەو لەئەنجامدا زیانی بەدیموکراسی گەیاندووە. ئەو لێکۆڵینەوانەی باسکران جەخت لەوە دەکەنەوە کەکۆمۆنیستەکانی ئیتالیا ڕێگای میانڕەوییان گرتۆتەبەرو حزبە دیموکرات مەسیحییەکانی ناوەندیش لێبووردەییەکی زیاتریان لەخۆیان نیشانداوە. هەڵبەتە دەبێت ئاماژە بۆ ئەو خاڵەش بکرێت کەئەو شایەت و بەڵگانەی لەم لێکۆڵینەوانەدا پشتیان پێ بەستراوە ئەوەندە قەناعەت پێهێنەرنین.

هەواڵنامەی کێژ

## پەراوێزەکان:

(1) whig بەمەعنای شیری ترشاو ناوێك بوو کەنەیارانی ئەم حزبە لەئەندامانی حزبەکەیان نابوو و بەئاشکرا گوزارشتی لەداخوازیی چینایەتیی ئەوان واتە جووتیاران و ئاژەڵداران دەکرد. زۆر لەسەرکردە یەکەمەکانی وێگ خانەدانی خاوەن زەوی وبازرگان وئاژەڵداری گەورە بوون و بەشێوەیەکی سەرەکی پرۆتستانت یان لەگروپی (پیر سبیتر)ی سکۆتلەندایی بوون کە لەساڵی ١٦٧٩دا دژی هاتنە سەرتەختی پاشایەتی (جەیمسی دووەم)ی کاسۆلیك بوون. تۆری ( Tory) کەبەمانای دزی سەر ملە دێت، ناوێك بوو کە وێگەکان لەئەندامانی ئەم حزبەیان نابوو، گوزارشتی لەهەڵوێست و داخوازیی چینایەتیی سەرانی ئەم حزبە دەکرد کە لەناو خانەدان و ئەرستۆکراتە تەقلیدی و بۆماوە ئیرلەندابییەکان و فیودالیزمی بەرەگ وریشە دریژخایەن و کۆنی بەریتانیاوە سەریان هەڵدابوو. مەیلی تەواو کۆنەپەرستانەو موحافیزەکارانەیان هەبوو، لایەنگری پاشایەتی بوون‌و دژی لابردنی جەیمسی دووەمی کاسۆلیك بوون لەسەر تەختی پاشایەتی.

(2) نیودیل: بەرنامەی فرانکلین روزڤیلتی سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی (١٩٣٣–١٩٣٧) بوو کە لەقاڵبی گەلاڵەنامەیەکدا پێشکەشی کۆنگریس کراو تیایدا داوای دەسەڵاتی تەواوی کرد بۆئەوەی کۆمەڵێ هەنگاو بنێ بۆ رزگاکردنی ئەمریکا لەچەقبەستنی گەورە، قەیرانی بانکی– دراو، هەڵئاوسانی زۆرو بێکاریی، گرانی و هتد.

سەرچاوە/ احزاب سیاسی ونظامهای حزبی ص ٦٩–٩٠

# ئابووری

- کاریگەریی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووریی ئەمریکاو جیهان .

دەتوانن لە ڕێی ماڵپەڕی مەڵبەندەوە ژمارەکانی تر

گۆڤاری نوێبوون بخوێننەوە

www.pukm1.com



# کاریگەریی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووریی ئەمریکاو جیهان

فەیسەڵ عەلی

## پێشەكی:

لە ناوەراستی مانگی تەموزی ٢٠١١وە ناوەندو هێزە ئابوورییەكان لە رەوشێكی نائارام و پڕ دڵەراوكێ و تەنانەت ترس و تۆقانیشدا بوون، كاتێك چاودێریی دەركەوتەو دەرهاویشتەكانی قەیرانی قەرزەكانی ئەمریكایان دەكرد، كە بە گەیشتنی ئیدارەی ئەمریكا و سەركردەی هــەردوو حزبی كۆماری و دیموكراتەكان بە رێككەوتنی دواساتەوەخت كۆتاییهات، ئەوەش دوای بێنەو بەرەیەكی توندو دانوستانێكی قورسی نێوانیان بوو. رێككەوتن لەسەر ئەوەی سەقفی قەرزەكان بەرز بكرێتەوەو بەهەمان ئاستیش خەرجییەكان كەمبكرێتەوە، واتە ئەمریكایان لەنەدانەوەو خزمەتكردنی قەرزەكان و دواتریش ئیفلاسبوون رزگاركرد.

هێندەی نەمابوو قەیرانێكی لێ بكەوێتەوە ئەگەر ئەو دوو حزبە بە رێككەوتن نەگەیشتبان دەرهاویشتەی مەترسیداری لێ دەكەوتەوە، نەك تەنیا بۆ ئابووریی ئەمریكا بەڵكو بۆ هەریەك لە ئابووریی و سیستمی دارایی جیهانیش، چونكە ئێستا ئابووریی ئەمریكا گەورەترین ئابووری جیهانەو هەروەها حوكمرانی هەردوو سیستمی دارایی و نەختی و ئابووریی جیهانیشە. لەگەڵ ئەوەی ئەم جارەش ئەم رێككەوتنە ئەمریكای لە نەدانەوەی قەرزەكان رزگاركرد، بەڵام كێشەو ئاستەنگەكانی هەردوو سیستمی دارایی و ئابووریی ئەمریكا هەر ماون، ئەمە وەك زەنگێكی ئاگاداركردنەوەی مەترسیدار بوو بۆ ناوخۆی ئەمریكا هەروەها بۆ دەرەوەیش، واتە بۆ بەشێكی فراوانی هاووڵاتیانی ئەمریكا و هاووڵاتیانی دەوڵەتانی تری جیهان كە وەبەرهێنانیان لە ناو ئەمریكادا كردووە، بەتایبەتیش ئەوانەی وەبەرهێنانەكانیان لە سەنەداتی خەزێنەی ئەمریكادا كردووە.

هەواڵنامەی كتێب

ئەو ڕێککەوتنەی کە کۆنگریس لە (١ی ئابی ٢٠١١) پەسەندی کرد، بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان بەبڕی (٢٤٠٠) ملیار دۆلار بە دوو قۆناغ تاوەکو کۆتایی ٢٠١٢ دەبێ، ئەم بەرزکردنەوەیە داوای دیموکراتەکان بوو بۆ بەردەوام خزمەتکردنی قەرزەکانیان لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە، بەرزنەکردنەوەی ئەو سەقفە لە ماوەی چەند مانگێکی تردا. هەروەها کەمکردنەوەی خەرجییەکانیش بەهەمان بڕ بە دوو قۆناغ دەگرێتەوە، یەکەم قۆناغی لەگەڵ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکەدا دەستبەجێ دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە کە بەهاکەی (١٠٠٠) ملیار دۆلارە کە (١٠) ساڵ دەخایەنێت، کە خەرجییەکان بەرگری و کەرتە ئابوورییەکانی تریش دەگرێتەوە، خەرجییەکانی بەرگری لەماوەی (١٠) ساڵی داهاتوودا بەبڕی (٣٥٠) ملیار دۆلار کەمبکرێتەوە. کۆمارییەکانیش داوایەکیان جێبەجێ بوو ئەویش ئەوەیە کە نابێ باجی زیاتر بەسەر دەوڵەمەندەکاندا بسەپێندرێت، لیژنەیەکی پەرلەمانی لە هەردوو حزب پێکبهێندرێ بۆ بڕینی (١٨٠٠) ملیار دۆلاری خەرجییە گشتییەکان.

## ئەمریکا لە خزمەتکرنی قەرزەکانی بەردەوام دەبێت:

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕەوشی ئابووریی ئەمریکا ئاڵۆزتر دەبێ و پایەکانی سەرکردایەتیکردنی ئابووریی جیهانی لەدەست دەدات، لەدیارترین ئەو پرسانەی پەیوەستە بە ئەدائی ئابووریی ئەمریکاوە هەڵکشانی قەبارەی قەرزی گشتیی ئەمریکایە بۆ ئاستی پێوانەیی، کە ئێستا خۆی لە (١٤,٥) ترلیۆن دۆلار دەدات، کە دەکاتە (٩٧٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئەو وڵاتە. هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی ئەو کورتهێنانە گەورەیەی ئابووریی ئەمریکا بودجەی گشتییە، کە پێشبینی دەکرێ تا (١٠) ساڵی تر، ساڵانە یەك ترلیۆنی تر بچێتە سەر ئەو قەبارە گەورەیە، واتە لەکۆتایی ئەم دەیەدا لە٢٠٢٠دا قەبارەی ئەو قەرزە بگاتە نزیکەی (٢٥) ترلیۆن دۆلار، ئەمەش تەحەدایەکی گەورە بۆ ئابووریی ئەمریکا دروست دەکا، تاوەکو بتوانێ خزمەتی ئەو قەرزە گەورەیە بکات. هێندێك لەچاودێرانی ئابووری پێیان وایە بۆ ئەوەی ئەمریکا

بتوانێ خزمەتی ئەو قەرزە گەورەیە بکا دەبێ ئابوورییەکەی ساڵانە بەڕێژەی (٥٪) گەشە بکات، ئەوەش بۆ ئابوورییەکی هەڵکەوتووی وەك ئەمریکا ڕێژەیەکی ئێجگار بەرزە، لەکاتێکدا ئەگەر بزانین کە ڕێژەی سروشتی گەشەکردنی ئابووریی ئەمریکا لەنێوەنجیدا (٣٪) تێناپەڕێنێت، لەگەڵ ئەوانەشدا هێشتا قەرزەکانی ئەمریکا ئارامترین قەرزە لەسەر ئاستی جیهان، زۆرێك لەو دەوڵەتانەی کە زێدەی دۆلاریان هەیە بەدەرفەتی دەزانن کە وەبەرهێنان لەو قەرزانەی ئەمریکادا بکەن بەوەی کە لەسەر ئاستی جیهان بە ئارامترین قەرزی دەزانن.

لەساڵی ١٩٨٠ قەبارەی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا لە یەك ترلیۆن دۆلار کەمتر بوو (٩٠٨) ملیار دۆلار بوو، کە دەیکردە (٣٣,٦٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئەمریکا، لە کۆتایی هەشتاکان ئەو قەرزە بۆ سێ هێندەی ساڵی ١٩٨٠ بەرزبووەوە (٣,٢) ترلیۆن دۆلار. لەنەوەدەکان نێوەنجی گەشەکردنی قەرزەکانی ئەمریکا پاشەکشێی کرد، ئەو ماوەیە ڕەوشی دارایی ئەمریکا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، تەنانەت تاوەکو کۆتایی ئیدارەی بیل کلنتۆن بودجەی گشتیی ئەمریکا زێدەی تۆمار دەکرد،ڕێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لەنزیکی (٥٧,٥٪) بوو، لەساڵی ٢٠٠٠ قەبارەی قەرزی گشتیی ئەمریکا گەیشتە (٥,٧) ترلیۆن دۆلار.

کاتێك ڕووداوەکانی (١١ سێپتەمبەر ٢٠٠١) ڕوویاندا قەبارەی قەرزی گشتی ئەمریکا نزیکەی (٥,٨) ترلیۆن دۆلار بوو، وەلێ هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ گێڕانەوەی شکۆی ئەمریکاو بەگژداچوونەوەی بنکەو بارەگاکانی تیرۆر ئاسەواری مەترسیداری لەسەر ڕەوشی دارایی و قەبارەی قەرزەکانی دانا. بەر لە ڕوودانی قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان لەساڵی ٢٠٠٧ قەبارەی قەرزەکانی ئەمریکا گەیشتە نزیکەی (٩) ترلیۆن دۆلار، کە دەیکردە نزیکەی (٦٥٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، کەوتنەوەی قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان و دارمانی کەرتی نیشتەجێبوونی ئەمریکا قەرزی گشتیی ئەمریکا بەهۆی ئەو بەرنامە زەبەلاحەی ئیدارەی ئەمریکا بۆگێڕانەوەی ئاستی چالاکییە ئابوورییەکانی و دەربازبوون لەو قەیرانە، گەورەترین زێدەی تۆمار کرد تاوەکو گەیشتە (١٤,٣( ترلیۆن دۆلار، دەرئەنجامی هەڵکشانی قەرزەکانی ئیدارەی

ئەمریکا ناچار بوو سەقفی قەرزە گشتییەکانی چەند جارێك بەرزبکاتەوە، تاوەکو بتوانێ لەرێی قەرزکردنی دۆلاری زیاترەوە پێداویستییەکانی خەرجییە گەورەکانی ئابوورییەکی زەبەلاحی وەك ئەمریکا لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە خزمەتی ئەو قەرزانەیشی بکا کەلەسەری کەڵەکە بوون .

یەك لەسیماکانی قەرزی گشتیی ئەمریکا بەرزبوونی رێژەی بەشداریی وەبەرهێنەرانی بیانییە، لەساڵی ٢٠٠٠ بەشداریی وەبەرهێنەرانی بیانی لە قەرزی گشتیی ئەمریکادا نزیکەی یەك ترلیۆن دۆلار بوو کە زۆربەی زۆری هی وەبەرهێنەرانی ژاپۆنی بوو. بەڵام ئێستا ئەو ژمارەیە بۆ (٤,٥) ترلیۆن دۆلار بەرزبووەتەوە، بەشێکی گەورەی هی چینییەکانە، کە بەگەورەترین هەڵگری سەنەداتی ئەمریکا لەجیهان دادەنرێت. بەپێی ئامارەکان، چین خاوەنی نزیکەی (١,٢) ترلیۆن دۆلاری سەنەداتی ئەمریکایەو دوای ئەویش ژاپۆن دێ کە خاوەنی (٩٠٠) ملیار دۆلاری سەنەداتی ئەمریکایەو بریتانیاش بایی (٣٤٦) ملیار دۆلار سەنەداتی لایە، سەبارەت بەو سەنەداتانەی دەوڵەتە نەوتییەکان هەیانە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کۆی سەنەداتی ئەو (١٥) دەوڵەتەی هەناردەی نەوت هەیانە ناگاتە (٢٣٠) ملیار دۆلاری و دوای ئەمانیش بەرازیل دێ بە (٢١١) ملیار دۆلار.

قەبارەی قەرزەکانی ئەمریکا

بەپێی دەوڵەتە سەرەکییەکان تا کۆتایی ئایاری ٢٠١١

| وڵات | بەها | رێژە٪ |
|---|---|---|
| چین | ١١٦٠ | ٨,١ |
| ژاپۆن | ٩١٢ | ٦,٤ |
| بریتانیا | ٣٤٦ | ٢,٤ |
| دەوڵەتانی هەناردەی نەوت | ٢٣٠ | ١,٦ |
| بەرازیل | ٢١١ | ١,٥ |

بەکورتی، لەسەرەتای هەزارەی سێیەمەوە ئەمریکا بەدەست خراپی رەوشی دارایی گشتییەوە دەناڵێنێت، کە رووبەرووی کورتهێنانێکی مەترسیدار بووەتەوە،

لەوکاتەی کە ئەگەرە رەخساوەکانی بەردەستی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بەرتەسك دەبێتەوە، ناتوانێ کۆنترۆڵی نێوەنجی گەشەکردنی قەرزەکانی بکا، دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی زیاتر دووچاری دڵەڕاوکێ بوون سەبارەت بە ئەگەرەکانی ئاڵۆزبوونی زیاتری قەیرانی قەرزەکانی ئەمریکا، رەنگە بەهۆی لاوازی سەرکردەکانی حزبی دیموکراتەوە لە کۆنگریس بووبێ، ئەمەش وایکرد کە دامــەزراوەی ستاندەرد ئەندپۆرز لەنیسانی ٢٠١١ پلەبەندی ئیئتمانی قەرزەکانی ئەمریکا لەجێگیرەوە بۆ سالب دابشکێنێت، ستاندەرد ئەندپۆرز هۆکاری سەرەکی ئەو هەنگاوەی بۆ نارۆشنی دیدی ئەمریکای گەڕاندەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو لاسەنگییە داراییانەی لەبودجەی گشتیدا هەیە.

لەلایەکی ترەوە، دامەزراوەی مۆدیز هەڕەشەی ئەوەی کرد کە رەنگە ئەویش پلەبەندی ئیئتمانی قەرزەکانی ئەمریکا دابشکێنێ ئەگەر هاتوو تا مانگی تەموزی ٢٠١١ سەقفی قەرزەکانی بەرزنەکاتەوە، یان ئەگەر هاتوو ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی راوەستێ و، بەبێ حسابکردنی سودی زێدەی سەر ئەو برە پارانەی خزمەت نەکراون. بەپێی راپۆرتی دامەزراوەی (CMA) لەمەڕ پلەبەندی قەرزە سیادییەکانی جیهان لە کۆتایی سێ مانگی یەکەمی ٢٠١١، پلەبەندی قەرزی ئەمریکا لە پلەی پێنجەمەوە بۆ پلەی هەشتەم پاشەکشێی کرد، وەلێ قەرزی سیادی ئەمریکا بەپێی راپۆرتی ئەو دامەزراوەیە هێشتا لەنێو باشترین قەرزی سیادییەکانی جیهاندایە.

بێگومان پلەبەندی ئیئتمانی دەوڵەت دەلالەتێکی گرنگە لەمەڕ ئەگەرەکانی راوەستانی دەوڵــەت لەخزمەتکردنی قەرزەکانی یان ئەگەرەکانی راگەیاندنی ئیفلاسبوون،، وەلی ئەدائی دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی لە قۆناغی بەر لەقەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان، گومانێکی گەورەی لەسەر میسداقیەت و توانای ئەو دامەزراوانە دروستکردووە سەبارەت بـەوەی تاچەند بە دروستی پلەبەندی ئیئتمانی دەخەنەڕوو و ئەو پلەبەندییە جێی برواو متمانە پێکردنە، چونکە ئەو دامەزراوانە تەرکیز لەسەر هەندێك گـۆڕاو دەکەن رەنگە ئەوانە لەئامادەکردنی



هەواڵنامەی گیژ

پلەبەندییەکاندا هەڵەبن، بەپێی هێندێك لەچاودێران ئەوەی ئەو دامەزراوانە لەسەر پلەبەندی ئیئتمانی رایدەگەیەنن رەنگە هیچ بەهایەك و میسداقیەتێکی نەبێ، چونکە ئەو دامەزراوانە لەبنەڕەتدا میسداقیەتیان لەدەستداوە، بەشێوەکی گشتی، ئەدائی دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی لەپێشبینیکردنی حاڵەتەکانی راوەستان لەدانەوەی قەرزە سیادییەکاندا خراپ بوو.

پەرچەکرداری ئەمریکا سەبارەت بەو ئاراستانەی پلەبەندی قەرزی گشتیی ئەمریکا یەکسەر بوو، تیمۆسی گایسنەری وەزیری خەزانەی ئەمریکا زیاتر لەجارێك وەبەرهێنەرە بیانیاییەکانی لە سەلامەتی قەرزەکانی ئەمریکا دڵنیاکردەوە، کاتێك ئاماژەی بۆ نزمی ئاستی نێوەنجی سوود کرد، کە ئەمریکا لەسەر ئەو بنەمایە قەرزدەکات، بۆیە دەبێ ئەوە دڵنیایی بە وەبەرهێنەران بدات و، دەکرێ ئەوە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەی لاوازی ئەگەرەکانی راوەستانی ئەمریکا بێ لەخزمەتکردنی قەرزەکانیدا. ئیدارەی ئەمریکا جەختی لەوە کردەوە کە دامەزراوەی (ستاندەر ئەند پورز) لە پێشبینی حساباتەکانی بودجەی ئەمریکادا بەبەهای (٢٠٠٠) هەزار ملیار دۆلار هەڵەی کردووە، ئەمەش هۆکاری نزمکردنەوەی پلەبەندی ئیئتمانی ئەمریکا بووە، پلەبەندییەکی گوماناوی بە هەڵەی دوو ترلیۆن دۆلار خۆی شایەتی بۆ خۆی دەدات. ئەوەی پشتیوانی هەڵوێستی رەسمی ئەمریکا دەکا دامەزراوە سەربەخۆکانی تری پلەبەندییە کە هیچیان پلەبەندی ئەمریکایان وەك (ستاندەر ئەند پورز) نزم نەکردەوە، ئەمریکا لای هەردوو گەورە ئاژانسی پلەبەندی ئیئتمانی (مۆدێز) و (ڤیچ ریتینگز) پلەبەندی ئیئتمانییەکەی وەك خۆی ماوەتەوە کە بەرزترینە. لای (ستاندەر ئەند پورز)یش لە ساڵی ١٩٤١ وە کە ساڵی دامەزراندنیەتی ئەمریکا بەرزترین پلەبەندی هەبووە. وەلێ دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی بەئاسانی ئەو قسانەیان پێ قوت نادرێ و، دەیانەوێ لەسەر ئەرز ئەو بەهانانەی وەزیری خەزانە باسی دەکا ببینن. سەقفی قەرز چییە کە دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی باسی لێوە دەکەن؟ ئایا ئەوە تا ئەو رادەیە گرنگە؟

بەپێی یاسای ئەمریکا سەقفێك بۆ قەرزی ئەمریکا دیاریکراوە، کەلێوەی خەزانەی ئەمریکا دەتوانێ سەنەداتی قەرز دەربکا لەشێوەی مەزاددا (عطاءات) بۆ بەهای ئەو سەنەداتانەو ئەو نێوەنجی سوودەی کە وەبەرهێنەران ئارەزوویانە قەرز بەحکومەتی ئەمریکا بدەن، کە سەقفێکی دیاریکراو بۆ قەرزی گشتی دیاری بکرێ، دەبێ خەزانەی ئەمریکا پێوەی پابەندبێ و نابێ ئەو سەقفە تێپەڕێنێ،جگە لەوەی کە دەبێ حکومەت داوایەك بۆ بەرزکردنەوەی ئەو سەقفە بخاتە بەردەست کۆنگریس و ئەویش بەیاسایەك دەریبکات، لەساڵی ١٩٤٦ وە (١٠٠) جار سەقفی قەرزەکان هەموارکراوە، واتە دەتوانرێ لەماوەی یەك ساڵدا زیاد لەجارێك سەقفی قەرزەکان بەرزبکرێتەوە، بیرۆکەی بنەڕەتی سەقفی قەرز بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قەرزی ئەمریکا سنورێکی هەبێ و حزبی دەسەڵاتدار نەتوانێ بەئارەزووی خۆی یاری پێ بکات، بەپێی دەستوری ئەمریکا کە دەڵێ پتەوی قەرزی ئەمریکا نابێ لەهیچ کاتێکدا جێی گومان بێت.

١٢ی شوباتی ٢٠١٠ دواجاری بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا بوو، کە بە ( ١٤,٢٩) ترلیۆن دۆلار دیاریکرا. لەناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا قەبارەی قەرزەکان گەیشتە ئەو سنورە دیاریکراوە، چیدی لە دەسەڵاتی خەزانەی ئەمریکادا نەما سەنەداتی قەرزی نوێ دەربکا، بۆ ئەوەی خەزانە بتوانێ ئەو سەقفە تێپەڕێنێ دەبێ ئیدارەی ئێستای ئەمریکا داوایەك پێشکەش بەکۆنگریس بکا تاوەکو ئەویش بە یاسایەك سەقفی قەرزەکان بەرزبکاتەوە. ئیدارەی ئەمریکا زیاد لەجارێك داوای بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکانی پێشکەش بە کۆنگریس کرد، کە کانوونی دووەمی ٢٠١١ سەرەتاکەی بوو بۆ ئەوەی سەقفی قەرزەکان بەبڕی (٢,٤) ترلیۆن دۆلار بەرزبکرێتەوە،ئەگەر کۆنگریس ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدا ئەوا سەقفی نوێی قەرزەکانی ئەمریکا دەبێتە (١٦,٧) ترلیۆن دۆلار.

کێشەکە لێرەدایە، کە کۆنگریس بەدەست کۆمارییەکانەوەیەو دیموکراتەکان هیچیان پێناکرێ، کۆمارییەکان لەکاتی ئیدارەی بوشدا (٧) جار سەقفی قەرزەکانیان

بەرزکردەوە، بەڵام ئیستا کۆمارییەکان بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان رەتدەکەنەوە ئەگەر بێتو ئەو بەرزکردنەوەیە بەرنامەیەکی دیاریکراوی کەمکردنەوەی خەرجی حکومی ئیدارەی ئێستاو کۆنترۆڵی گەشەکردنی قەرزی گشتی لەگەڵدا نەبێت. رەتکردنەوەی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان لەلایەن کۆنگریس چی دەگەیەنێت؟

**١٢ی شوباتی ٢٠١٠ دواجاری بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا بوو، کە بە ( ١٤,٢٩ ترلیۆن دۆلار دیاریکرا. لەناوەراستی مانگی حوزەیراندا قەبارەی قەرزەکان گەیشتە ئەو سنورە دیاریکراوە، چیدی لە دەسەڵاتی خەزانەی ئەمریکادا نەما سەنەداتی قەرزی نوێ دەربکا،**

واتە خەزانەی ئەمریکا ناتوانێ لەمەودوا سەنەداتی نوێ دەربکا ئەگەر هاتوو ئەو سەقفەی تێپەڕاند، واتە ئیدارەی ئەمریکا ئێستا ناتوانێ قەرزی تر بکا تاوەکو لێوەی خزمەتی قەرزە کەڵەکەبووەکانی بکات، بەسادەیی، ئیدارەی ئەمریکا ئەو ئامرازەی بەدەستەوە نەما کە قەرز لەچین بکا تاوەکو بەهۆیەوە موستەحەقاتی قەرزی ژاپۆن بداتەوە.

ئەم رەوشە ئیدارەی ئەمریکا لەرووی داراییەوە رووبەڕووی ئیحراجییەکی گەورە دەکاتەوە، ناچاری دەکا خزمەتکردنی قەرزەکانی رابگرێ، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر مەترسیدارە. بێگومان ئیدارەی ئەمریکا دەتوانێ بۆ رێکخستنەوەی ئەولەویاتی خەرجییەکانی پەنا بۆ هێندێك ئیجرائاتی سنووردار ببات، بەجۆرێك کە بتوانێ لێوەی پابەندی ئیلتزماتەکانی بێ بەئاراستەی خزمەتکردنی قەرزە گشتییەکانی، بۆ نموونە، دەکرێ مووچەی

فەرمانبەرەكانی نەدا یان پێدانی زەمانی كۆمەڵایەتی دوابخا یان پێدانی رەفاهیەتی كۆمەڵایەتی وەك پێدانی كەمئەندامان دوابخات، بەڵام حكومەت تاكەی دەتوانێ ئەم كارە بكات؟ ئایا حكومەت دەوێرێ ئەمە بكات؟ گایسنەر رایگەیاند كە ئیجرائاتی زیاتر دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی تا ٢ی ئابی ٢٠١١ پابەندی ئیلتزاماتەكانی بێت، ئەگەر هاتوو كۆنگریس تا ئەو بەروارە سەقفی قەرزەكان بەرزنەكاتەوە ئەوا ئیدارەی ئەمریكا ناچار دەبێ خزمەتی قەرزەكانی نەكات.

تائێستا خزمەتنەكردنی قەرزەكان یەك لەئەگەرەكانی ئیدارەی ئەمریكا نەبووە، هەرچەندە هێندێك جار ئیدارەی ئەمریكا خزمەتی قەرزەكانی نەكردووە، بەڵام ئەو راوەستانە بەئەنقەست نەبووە، بۆ نموونە، لەساڵی ١٩٧٩ ئیدارەی ئەمریكا لەخزمەتكردنی هێندێك لە سەنەداتی خەزانە وەستاوە، كە موستەحەقاتی وەبەرهێنەرانی ئەو سەنەداتانەی كە دەبوو لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧٩ بدرایە، ئەوە بۆ وەبەرهێنەرە تاكەكان بوو نەك هەموو وەبەرهێنەران، خەزانەی ئەمریكا رایگەیاند بۆ ماوەیەكی كاتی ناتوانێ موستەحقاتی وەبەرهێنەران بدا، دواتر ناچاربوو سوودی ئەو دواكەوتنی موستەحەقاتە بدات، دەرئەنجامی ئەو دواكەوتنە نێوەنجی ئەو سوودەی كە ئەمریكا لێوەی قەرزی كردووە بەبڕی (٦٠) خاڵی بنەڕەتی (٠,٦٪) بەرزبووەوە، دواتر ئەو هەڵكشانە بەردەوام بووە، واتە تێچوونی قەرزكردنی ئیدارەی ئەمریكا بەرزدەبێتەوە.

راستە راوەستانی ئەمریكا لە خزمەتكردنی قەرزەكانی ناگاتە زیادبوونی ئەو تێچوونەی كە لەساڵی ١٩٧٩ لەئەستۆی گرت، ئەوكات نێوەنجی سود (٩ بۆ ١٠٪) بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا لەسفرەوە نزیكە، بەڵام لەم كاتەدا بڕیارێكی لەو جۆرە كارەساتی لێدەكەوێتەوە.

# مەترسییەکـــانی بـــەرزنەکردنەوەی سەقفی قەرزی ئەمریکا

**ڕەوشی دارایی ئەمریکا، زۆر مەترسیدارە، حکومەتی ئەمریکا ئێستا نزیکەی (٤٠) سنتی هەر دۆلارێك کە خەرجی دەکات، قەرز دەکات، بەهۆی نزمی نرخی سوودەوە وا دەردەکەوێ کە تێچوونی ئەو قەرزانەی ئەمریکا کردوونی سنوورداره، بەڵام لە ئایندەدا هەر بەرزبوونێکی نرخی سوود کارەسات بۆ ئەو وڵاتە دەخولقێنێت.**

بەشێکی هەرە گـەورەی ئەو کورتهێنانەی ئەمریکا بـۆ ئـەو خەرجییانەی هـەردوو کەرتی بەرگری و ئاسایش دەگەڕێتەوە کە لەکردەوەو هەڵمەتە سەربازییەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیدا خەرجی کردوون، کە هاوکات بوو لەگەڵ نزمبوونی داهاتی گشتی بەهۆی ئـەو لێخۆشبوونی باجەی کە لەدوای ڕووداوی ٢٠٠١/٩/١١ بڕیاری لێدرابوو، کەلەم دووایییەشدا درێژکرایەوە، ئەمەش هۆکاری پاشەکشێی بەرهەم و داهاتی گشتیی ئەمریکا بوو. ڕەوشی دارایی ئەمریکا، زۆر مەترسیدارە، حکومەتی ئەمریکا ئێستا نزیکەی (٤٠) سنتی هەر دۆلارێك کە خەرجی دەکات، قەرز دەکات، بەهۆی نزمی نرخی سوودەوە وا دەردەکەوێ کە تێچوونی ئەو قەرزانەی ئەمریکا کردوونی سنوورداره، بەڵام لە ئایندەدا هەر بەرزبوونێکی نرخی سوود کارەسات بۆ ئەو وڵاتە دەخولقێنێت.

ئەوەی ئاشکرایە کە تاکە زامنی بەردەوامبوونی ئەمریکا لەخزمەتکردنی قـەرزەکـانی بـەردەوام بەرزکردنەوەی سەقفی قـەرزە گشتییەکانیەتی،

بۆ ئەوەی خەزانەی ئەمریکا بتوانێ سەنەداتی زیاتر بۆ خزمەتکردنی ئەو قەرزانە دەربکات، واتە ئەمریکا قەرزی تر دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتی قەرزەکانی پێشووی پێبکات، ئەمەش پەرەسەندنێکی زۆر مەترسیدارە، بەمجۆرە ئەمریکا قەرز بۆ دانەوەی قەرزەکانی تری دەکات.

کاتێك کە ئەمریکا بڕیاری بەشداریکردنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بۆ تەمویلکردنی ئەو جەنگە پێویستی بە پارە بوو، ئەو کات یەکەم جار بوو کە سەنەداتی خەزێنەی ئەمریکا بەدیار کەوت. لێرەوە بیرۆکەی خستنەڕووی سەنەدات هاتە گۆڕێ بۆ کۆکردنەوەی پارە لە تاك و دامەزراوەکان و ئەو دەوڵەتانەی ئارەزووی وەبەرهێنانیان لەو سەنەداتانەدا هەیە، کە دەبوو دوای چەند ساڵێکی دیاریکراو موستەحەقاتەکانی بدرێنەوە، لەو کاتەوە حکومەتی ئەمریکا بەردەوامە لە فرۆشتنی سەنەداتی خەزێنە بە ئامانجی تەمویلکردنی جەنگ و پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی وڵاتەکەی، ئێستا چەندین دەوڵەتی جیهان و بانکی بیانی و سندوقەکانی وەبەرهێنان و بانکە ئەمریکاییەکان قەرزێکی زۆریان لەڕێی کڕینی سەنەداتی خەزێنەوە لای ئەمریکایە، کە ئێستا بۆ یەکەم جارە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا کۆی بڕی ئەو قەرزە لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی کە لە (١٤) ترلیۆن دۆلار زیاترە.

لەسەرەوە ئاماژە بۆ ئەگەری ئەوە کرا کە ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی خۆی بوەستێت، ئەو ئاسەوارانەی کە دەرئەنجامی هەنگاوێکی لەوە دەکەونەوە چین. کۆنگریسی ئەمریکا ئەگەر تا ٢ی ئابی ٢٠١١ سەقفی قەرزەکانی بەرز نەکاتەوە ئەوا ئەگەری راوەستانی کاتی ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی ئەگەرێکی حەتمی دەبێ، لانی کەم بەپێی ڕوونکردنەوەکەی وەزیری خەزانەی ئەمریکا (تیموسی گایسنەر)، مەبەست لەراوەستانی کاتی، حکومەتی ئەمریکا پێدانی سوودی سەر قەرزەکانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو رابگرێت، ئەمەش پێی دەگوترێ Technical Default. بەهاتنی ئاب موستەحەقاتی سەنەداتی ئەمریکا (٢٧) ملیار دۆلار، هەروەها (٢٥)

ملیار دۆلاریش موستەحەقاتی کۆبۆنەکانی پێدانی سوودی سەر قەرزەکانە، لەبەر ئەوەی خەزانەی ئەمریکا هەموو ئامرازە غەیرە ئاساییەکانی خزمەتکردنی قەرزەکانی تا هاتنی ئەو بەروارەی سەرەوە لەدەستدا نامێنێ ئەوا بەناچاری دەبێ لەخزمەتکردنی قەرزەکانی رابوەستێت.

بەڵام ئایا مەعقولە کۆنگریسی ئەمریکا رەزامەندی لەسەر بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکانی نیشان نەداو ئیدارەی باراك ئۆباما ناچار بکا کە نەتوانێ خزمەتی قەرزەکانی وڵاتەکەی بکات، بەمەش ناوبانگی ئیئتمانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئەوەیە ئەگەر هاتوو کۆمارییەکان کە ئێستا لەگۆنگریسدا باڵادەستن بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکانی ئەمریکایان رەتکردەوە، ئەوە ئەگەری راوەسانی ئەمریکا لە خزمەتکردنی قەرزەکانی دەبێتە ئەگەرێکی راستەقینە. کۆمارییەکان داوادەکەن کە دەبێ بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزە گشتییەکان هاوکات بێ لەگەڵ پەیرەوکردنی پلانێکی روون بۆ کۆنترۆڵکردنی خەرجییە گشتییەکان و پاشانیش قەرزە گشتییەکانیش بگرێتەوە، بۆچوونی دیاری کۆمارییەکان ئەوەیە کە هەڵگرانی سەنەداتی قەرزی ئەمریکا بە بیرۆکەی راوەستانی کاتی خزمەتکردنی قەرزەکانی قایل دەبن تا ئەو کاتەی رەوشی دارایی ئەمریکا باشتر دەبێ و لەمەودای دووردا توانای خزمەتکردنی قەرزەکانی بەرزتر دەبێتەوە، بەمەش لەڕوانگەی بۆچوونەکەی کۆمارییەکانەوە رەتکردنەوەی بەرزکردنی سەقفی قەرزە گشتییەکان لەبەرژەوەندی هەمووااندا دەبێ، بەڵام بازاڕ لەم زمانە تێ ناگات، قسەکردن لەسەر ئەوەی ئەمریکا ناتوانێ خزمەتی قەرزەکانی بکات وەبەرهێنەرانی هەموو جیهان دەترسێنێ و، ئەمەش ئەمریکا دەخاتە تەنگژەوە، پێشبینیش دەکرێ ئەگەر ئەوە رووبدات ئەوە ئابووریی جیهان رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە بکاتەوە.

لەگەڵ ئەو لۆجیکە بەڕواڵەتەی بەهانەی کۆمارییەکان، وەلێ تێکەڵییەکی زۆری سیاسەتی لەگەڵ ئابوورییدا تێدایە، بەڵکو دەکرێ بگوترێ کە کێشەی سەقفی

قەرزەکان لەبنەڕەتدا کێشەیەکی سیاسییە، چونکە لەگەڵ زاڵبوونی کۆمارییەکان بەسەر کۆنگریسدا بەدیار کەوت، وەك دەردەکەوێ ئەوان بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان بەئامانجی ڕێگرتن لەسەرکەوتنی ئۆباماو گەڕانەوەی ئابووریی ئەمریکایە بۆ ڕەوشی سروشتی خۆی، ڕەتدەکەنەوە، کۆمارییەکان نایانەوێ لەکاتی هاتنی وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ئابووریی ئەمریکا لەرەوشێکی باشدا بێت، بۆ ئەوەی دەرفەتی سەرکەوتنی ئۆباما لاواز بێت. ئەمریکا بەردەوام ڕووبەڕووی دیاردەیەك دەبێتەوە پێی دەگوترێ ڕەواجی پێش هەڵبژاردن، حزبی حوکمڕان لەکاتی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵدەدا ئابووریی ئەمریکا لەباشترین حاڵدا بێ، ئەوکات سەرۆکی کاندیدکراو لیستێکی ڕوونی لەئەندیکەیتەرە ئابورییەکان لەبەردەستدا دەبێ بۆ ئەوەی لێوەی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی دەستکەوتەکانی حزبەکەی خۆی پێ بکات ، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکا هەڵبژاردنی ئابوورییە نەك سیاسەت، بۆیە کۆمارییەکان دەیانەوێ دیموکراتەکان لە دەرفەتی بەرزکردنی سەقفی قەرزە گشتییەکان نائومێد بکەن تاوەکو نەتوانن بەهۆی زیادکردنی خەرجییەکانەوە ڕەوشی ئابووریی ئەمریکا باش بکەن و، لێوەی دەرفەتی سەرکەوتنیان لەهەڵبژاردنەکان بەهێزتر بکەن، ئەوەی مەسەلەکەی لای ئیدارەی ئێستای ئەمریکا ئاڵۆزتر کردووە ئەوەیە کە کۆمارییەکان تەنیا کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانیان ناوێ بەڵکو بەرامبەر بە هەر هەوڵێکی بەرزکردنەوەی نێوەنجی باجیش دەوەستنەوە. لە لاکەی تریشەوە، پلانی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا کۆکردنەوەی زێتری باجە بەوەی کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووە ئەو نێوەنجی باجەی ئێستا لەسەر دەوڵەمەندەکان دانراوە کەمترینە، دەیەوێ ئەو نێوەنجی باجە بگەڕێننەوە ئەو نێوەنجەی کە لەسەردەمی ئیدارەی بیل کلنتۆندا سەپێندرا بوو.

ئەم ڕەوشە بەرەو پرسیارێکمان ڕادەکێشێ، ئایا کۆمارییەکان چەند لەسەر حەقن لەوەی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان ڕەت بکەنەوە؟ لەساڵی ٢٠٠٦



هەواڵنامەی کێڕ

کۆمارییەکان کەوتنە هەمان هەڵوێستەوە کاتێك لە ئەنجومەنی پیران هیچ ئەندامێکی دیموکراتی دەنگیان بۆ بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی نەدا. ئەوەی رووددەدا پاکتاوکردنی حسابی ئازاری ٢٠٠٦، لەو کاتە ئەنجومەنی پیران بەزۆرینەوەی ٥٢ بۆ ٤٨ دەنگیاندا بۆ بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی بە نزیکەی (٩) ترلیۆن دۆلار، وەك چۆن گایسنەر کۆنگریسی ئاگادارکردەوە کە خۆدزینەوە لەبەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان ئاسەواری مەترسیداری لەسەر خودی ئەمریکاییەکان زیاتر دەبێ بەر لەوەی رەنگدانەوەی لەسەر دەرەوە هەبێت، وەزیری خەزانەی ئەوکاتیش جۆن سنۆ هەمان کاری کرد، خەزانەی ئەمریکا پرۆسەی دەرکردنی سەنەداتی نوێی دواخست بەهۆی چاوەڕێکردنی پەسەندکردنی بەرزکردنی سەقفی قەرزی گشتی، دوای نیو سەعات لەدواخستن بڕیاری بەرزکردنی سەقفی قەرزی گشتی پەسەندکرا، ئەوەش وای کرد کە جۆن سنۆ بڵێ بەم بڕیارە کۆنگریس پارێزگاری لە متمانەی تەواو بە توانای ئیئتمانی ئەمریکا کرد، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە حکومەتی ئەمریکا توانای پابەندبوونی بە بەڵێنە ناوخۆییەکان هەیە، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان بە پێدانی خۆشگوزەرانی و چاودێریی تەندروستییەوە هەیە.

لای خۆیەوە بن برنانکیی سەرۆکی یەدەکی فیدراڵی ئەمریکا هاوڕایە لەسەر ئەوەی کە دەبێ کورتهێنانی بودجەی گشتیی ئەمریکا کۆنترۆڵ بکرێ، بەڵام ئەوەی کۆمارییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بەراگرتنی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکا بەبەکارهێنانی ئامرازی هەڵەی وەسف دەکات، برنانکی هۆشداری دا لەوەی رێکنەکەوتن لەسەر بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان کاریگەری لەسەر بەهای دۆلارو متمانەی دەوڵەتانی تر بە سەنەداتی ئەمریکا دەبێت.

وەلێ ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە، بەرزبوونی رێژەی قەرزی گشتی لەکۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەبێ وەك ئەندیکەیتەری ئەگەری شکستهێنانی حکومەت لە خزمەتکردنی قەرزەکانیدا تەماشا نەکرێت، دەکرێ بگوترێ هیچ نێوەنجێکی دیاریکراو



هەولێر کتێب

نیە کە لێوەی بگوترێ ئەو دەوڵەتە چیدی ناتوانێ خزمەتی قەرزەکانی بکات. بۆ نموونە، دوای جەنگی دووەمی جیهان قەرزەکانی بەریتانیا (٢٤٠٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتەکەی بوو، وەلێ ئەو دەوڵەتە نەکەوتە کێشەوە، هەروەها قەرزی گشتیی ئێستای ژاپۆن نزیکەی (٢٠٠٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ژاپۆن ئێستاش دەتوانێ قەرز بکات، بەڵام بەپێچەوانەشەوە، دەوڵەتی تر هەبوون رووبەرووی قەیران بوونەوە کە رێژەی قەرزەکانیان بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆییان زۆر لەو رێژانە نزمتر بوو، بۆ نموونە، ئەوەی لەساڵی ١٩٩٨ لە روسیا روویدا کاتێك رێژەی قەرزەکانی (١٢,٥٪)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدەهێنا هەروەها ئەلبانیا کە لەساڵی ١٩٩٠ رێژەی قەرزەکانی (١٦,٩٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدەهێنا.

لەمەوە دەردەکەوێ کە رێژەی قەرز بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی وڵات ئەندیکەیتەرێکی باشی خزمەتکردنی قەرزەکان نیە، بەڵکو بەرواری پرۆسەی وەستانی خزمەتکردنی قەرزەکانە، بۆ نموونە، پورتوگال کە مێژوویەکی درێژی لە راگرتنی خزمەتکردنی قەرزەکانیدا هەیە، بەڵام ئەمریکا هیچی وای نیە، ئەمە چی دەگەیەنێ؟ واتە ئەمریکا ئەوکات لەخزمەتکردنی قەرزەکانی رادەوەستێ کە هیچ ئەگەرێکی لەوە باشتری لەبەردەستدا نەبێ، وەلێ هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن کە ئەوە لانی کەم لەم کاتەدا ئەگەرێکی باش نیە، چی روودەدا ئەگەر هاتوو ئەمریکا لە خزمەتکردنی قەرزەکانی وەستا؟ لە راستییدا ئاسەوارەکانی راوەستان لەم کاتەدا مەترسیدار دەبێ، دەکرێ لێرەدا ئەو ئاسەوارانە کورت بکەینەوە:

**یەکەم:** ئیدارەی ئەمریکا ناچار دەبێ بەتوندی خەرجییە گشتییەکانی کەمبکاتەوە، چونکە خزمەتنەکردنی قەرزەکان کاریگەری لەسەر توانای دەرکردنی سەنەداتی نوێ دەبێ، ئەوەش ناچاری دەکا بۆ پەنابردنە بەر کەمکردنەوەی زۆری خەرجییەکان، ئەمەش مەسەلەی گێرانەوەی چالاکییە ئابوورییەکان بۆ دۆخی جاران ئاڵۆزتر دەکات. ئەوەی گومانی تێدا نیە ناچاربوونی ئەمریکا بەگرتنەبەری سیاسەتی دەستگرتنەوە (تقشف) جارێکی تر ئەمریکا نغرۆی بێبازاری دەکا و پاشەکشێی

دوولایەنە دەبێتە حەتمی لەگەڵ پاشەکشێی نێوەنجی گەشەکردن و بەرزبوونی نێوەنجی بێکاریی، کە ئێستا ناکۆکییەکی توند لەنێوان کۆماریی و دیموکراتەکان لەسەر سیاسەتەکانی دەستگرتنەوە هەیە، کۆمارییەکان ئارەزووی کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانیان هەیەو، باراك ئۆباماش پێشنیاری بلۆککردنی خەرجییە بنەڕەتییەکانی وەك تەندروستی و بەرگری دەکات، لەکاتێکدا خەرجییەکانی وەبەرهێنانی خوێندن و داهێنان زیاد دەکا تاوەکو ئەمریکا بەهۆیەوە بتوانێ پارێزگاری لە ریزبەندی خۆی لەسەر ئاستی ئابووریی جیهانی بکات، لەلایەکی ترەوە، راستە ئەمریکا توانای زیادکردنی داهاتەکان و سنووردارکردنی خەرجییەکانی خۆی هەیە لانی کەم بۆ ئەوەی رێژەی قەرزە گشتییەکەی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی خۆی جێگیر بکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوە بنێت، چونکە تاوەکو ئەو گوشارانەی رووبەڕووی ئەمریکا بووەتەوە زیادبکا ئەوا بەهەمان ئاست گوشارە دارایییەکانیش بەردەوام دەبن.

**دووەم:** ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەگەر هاتوو ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی رابوەستێ ئەوا بازاڕەکانی جیهان دەتۆقێن، رەنگە ئەوەش شۆکێکی زۆر گەورە لە بـازاڕی ئسوڵە دارایییەکانی نەك تەنیا ئەمریکا بەڵکو هەموو جیهان دروست بکات، بەتایبەتیش بازاڕی پشکەکان کەپێشبینی دەکرێ زیاتر لەوانی تر بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکەیەوە، ئەوەش رەنگە فەوزایەکەی گەورە لەبازاڕەکانی جیهان بخوڵقێنیت، ناشتوانرێ پێشبینی ئەو ئاسەوارانە بکرێ کە دەرئەنجامی ئەو هەنگاوە دەکەوێتەوە، خراپترینیان ئەوەیە کە قەیرانێکی دارایی جیهانی تری لێبکەوێتەوە، وەك چاودێرانی ئابووریش پێشبینی دەکەن ئەوە ئابووریی جیهان بەرەو دارمانێکی خێرا دەبات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو رەوشەی کە ئێستا ئابووریی جیهانی پێدا تێپەڕ دەبێت.

**سێیەم:** دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی هەڵدەستێ بەکەمکردنەوەی

پلەبەندی قەرزی ئەمریکا ، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە کە سەنەداتی ئەمریکا بگۆڕێ بۆ سەنەداتێك کە لەسەر ئاستی جیهان ئەرزشی نەمێنێ، ئەم حاڵەتە وەبەرهێنەرانی قەرزی ئەمریکا هاندەدا بۆ ئەوەی داوای نێوەنجی دەستهاتی بەرزتر بکەن، بەمەش ئەمریکا ناچار دەبێ تێچوونی زۆرتر بەقەرزەکانی بدات، تا ئەوکاتەی دەتوانێ جارێکی تر پلەبەندی ئیئتمانی ئێستای خۆی بەدەست بهێنێتەوە، لەگەڵ هەر زیادبوونی دەستهاتی داواکراو لەسەر سەنەداتەکانی ئەمریکا ڕێژەی خزمەتکردنی قەرزەکان بۆ کۆی خەرجی گشتیی ئەمریکا زیاد دەکات، دوای ئەمیش باری شانی باجدەرانی ئەمریکا قورستر دەبێ، بەحوکمی گەورەیی قەبارەی قەرزەکانی ئێستای ئەمریکا پێدانی سوودی سەر قەرزەکان بەهۆی بەرزبوونی تێچوونی خزمەتی قەرزەکان ڕەوشی دارایی ئەمریکا دەهەژێنێ و گێڕانەوەی پلەبەندی ئیئتمانی ئەمریکا لەمەودای نزیکدا قورستر دەکات. زیاتر لەوەش بەرزبوونی پێدانی سوودی سەر قەرزەکان کاریگەریی سلبی لەسەر نێوەنجی گەشەی ئابووری دەبێت.

**چوارەم:** خزمەتنەکردنی قەرزەکان دەبێتە هۆی گوشارخستنی زیاتر لەسەر دۆلار کە خۆی لەبنەڕەتدا نزمە، لەسایەی ئەو سیاسەتانەی ئێستا پەیڕەو دەکرێن هیچ هیوایەك نیە کە ڕەوشی قەرزەکان لە ئایندەیەکی دیاردا باش بێ، ئەو قەرزە گشتییە سەرچاوەیەکی نادیاری گوشاری بەردەوام دەبێ بۆ سەر ڕەوشی جیهانی دۆلار، بەهای دۆلار بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەبەرامبەر بە دراوەکانی تردا پاشەکشێ دەکا، ڕەنگە ئەمەش گوشارەکانی ئێستای سەر دۆلار زیاتر بکات، بەوەی کە هانی دەوڵەتانی جیهان بدا بەئاراستەی خۆ ڕزگارکردن لە دۆلار وەك دراوی یەدەکی جیهان هەنگاو بنێن.

**پێنجەم:** وەبەرهێنەران دەرئەنجامی پاشەکشێی بەهای دۆلار زیانێکی گەورەیان پێ دەگات، بەتایبەتی ئەو وەبەرهێنەرانەی کە ئیستحقاقاتی سەنەداتەکانیان نزیك بووەتەوە، پێشتر بەدۆلاری بەهێز قەرزیان بە ئەمریکا داوەو ئێستا قەرزەکانیان بە

دۆلاری تارادەیەك نزمتر وەردەگرنەوە، بێ گومان ئەوە کاریگەری لەسەر وەبەرهێنەرە سەرەکییەکانی قەرزی ئەمریکا دەبێ، نموونەی چین بەو ئیعتبارەی کە گەورەترین قـەرز پێدەری ئەمریکایە، لەبەر ئەوەی ئاسەوارەکانی بڕیارێکی لەو جۆرە لەسەر بەهای دۆلارو بەهای وەبەرهێنەرەکانیان لەقەرزی ئەمریکا جێ بایەخی چینییەکان دەبێت. لەبەر ئەوە گومانی تێدا نیە چین ڕێگری ئەمریکا دەکات لەوەی هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێ، بۆیە چین ئەمریکای لەهەنگاوێکی لەو جۆرە ئاگادار کردەوە، بەوەی کە ئەوە یاریکردنە بەئاگر ئەگەر هاتوو دەستبەرداری خزمەتکردنی قەرزەکانی بێت. ئایا ئەمریکا ئەو ئاگادارکردنەوانە بە جدی وەردەگـرێ؟ ڕەنگە وەڵامەکە نەخێر بێ، ڕاستە قـەرزدەرە سەرەکییە گەورەکانی ئەمریکا چین و ژاپۆن و بریتانیایە کە هەوڵی جۆرێك لەهەمەڕەنگکردن دەدەن بەدوور لە قەرزی ئەمریکا وەلێ ئێستا ئەو دەوڵەتانە لە وەبەرهێنان لەیەدەکە قەبارە گەورەکەنیان بە دۆلار، جگە لەقەرزی ئەمریکا هیچ ئەگەرێکی تریان لەبەردەستدا نیە، بەو ئیعتبارەی کە لەگەڵ هەموو ئەوانەی ڕوودەدا هێشتا قەرزی ئەمریکا پەناگەی ئارامی ئەو وەبەرهێنانە زەبەلاحانەیانە.

**لەبەر ئەوە گومانی تێدا نیە چین ڕێگری ئەمریکا دەکات لەوەی هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێ، بۆیە چین ئەمریکای لەهەنگاوێکی لەو جۆرە ئاگادار کردەوە، بەوەی کە ئەوە یاریکردنە بەئاگر ئەگەر هاتوو دەستبەرداری خزمەتکردنی قەرزەکانی بێت.**

شەشەم: لەگەڵ بەرزبوونی مەیلی نێوەنجی دەستهاتی سەر قەرزەکانی ئەمریکا ئەوا تێچوونی

خزمەتی قەرزەکان لەسەر بودجەی گشتیی ئەمریکا بەرزدەبێتەوە، ئەوەش ئەمریکا دەخاتە نێو ئەڵگۆیەکی پیسی (Vicious Circle) قەرزی گشتییەوە، مەبەست لە ئەڵگۆی پیسی قەرزی گشتی، بەرزبوونی قەبارەی قەرزی گشتیی ئەمریکا لەسایەی بەرزی نرخی سوود دەبێتە هۆی زیادبوونی خزمەتی قەرزی گشتی و زیادبوونی ئاستی خەرجییە گشتییەکان، بەمەش بەهای کورتهێنانی بودجەی گشتی بەرزدەبێتەوە، دواتریش پێویستی زیاتر بەقەرز، هەڵکشانی تێچوونی خزمەتی قەرزی گشتی و زیادبوونی ئاستی خەرجی گشتی و کورتهێنان و قەرز، بەمجۆرە ئابووریی ئەمریکا دەچێتە نێو گێژاوی قەرزارییەوە، ئەگەر هاتوو ئەمریکا نەتوانێ کۆنترۆڵی گەشەکردنی قەرزی گشتی بکاو ئاستی قەرزکردنی زیاتر لە هاووڵاتیان بە بیانییەکانیشەوە لغاوبکات.

ئەمریکاو جیهان دەتوانن خۆیان لەهەموو ئەو مەترسیانە رزگار بکەن ئەگەر هاتوو ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزە گشتییەکانی بەردوام بێت. گومانیشی تێدا نییە وەك لە دواتر باسی لێوە دەکەین کە ئیدارەی ئەمریکا و کۆنگریس دەگەنە رێککەوتنێك سەبارەت بە سەقفی قەرزەکان، هەرچەندە ئەوە ئەو کێشە هەیکەلیەیە کە رووبەرووی ئەمریکا بووەتەوە، چارەسەر ناکات، رەنگە کۆمارییەکان لەسەر حەق بن کاتێك جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێ بەگرنگییەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەی راستەقینەی قەرزەکانی ئەمریکا بکرێت، بەرزکردنی سەقفی قەرزەکان کێشەکە چارەسەر ناکا بەقەدەر ئەوەی زیاتر ئاڵۆزی دەکات، کاتێك حکومەتی ئەمریکا لەسایەی دوو راستی گرنگدا هەست بەئاسانی قەرزکردن دەکات، یەکەمیان، ریزێکی درێژی وەبەرهێنی بیانی هەیە ئامادەی کڕینی سەنەداتی ئەمریکان، دووەمیان، ئەو وەبەرهێنەرانە ئامادەن بە نێوەنجی زۆر نزمی سوود قەرز بە ئەمریکا بدەن، نزمی نێوەنجی سوودەکان تێچوونی قەرز لەسەر ئەمریکا کەمدەکات، هەر ئەمەشە هانی ئەمریکا بدا تاوەکو سەنەداتی نوێ دەربکاو قەرزەکانی زیاتر بێت. کەواتە پرسی بەرزکردنی سەقفی قەرزی گشتی کاکڵەی مەسەلەکەیەو، کێشە سەرەکییەکەیش

پەنابردنی ئەمریکایە بۆ بەرزکردنی سەقفی قەرزەکانە کە ئێستا زۆر بەرزبووەتەوە، بۆیە بۆ ئەمریکا گرنگ ئەوەیە بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێ تاوەکو لێوەی نێوەنجی گەشەکردنی قەرزە گشتییەکانی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی خۆی کەمبکاتەوە، بۆ ئەوەی لەمەودای دووردا هەرەشە لە توناکانی ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی نەکات.

**ئەگەر بێتوو خەرجییە گشتییەکانی وڵات لە داهاتی گشتی زیاتر بوو ئەوا بودجەی گشتی کورت دەهێنێت، دەبێ حکومەت تەمویلی ئەو کورتهێنانە بکا، کە لەرێی قەرزەوە پردەکرێتەوە، واتە لەرێگەی خستنەڕووی سەنەداتی حکومی بۆ فرۆشتن، ئەوەی قەبارەی قەرزی گشتیی دەوڵەت بەرزدەکاتەوە**

## قەرزی گشتیی ئەمریکا

**قەرزی** گشتیی هەر دەوڵەتێك دەرئەنجامی کورتهێنانی بەردەوامی بودجەی گشتیی ئەو دەوڵەتەیە، کورتهێنانی بودجەی گشتیی دەرئەنجامی دوو هێزی دژبەیەکە، واتە بەدوو ئاراستەی پێچەوانەی یەك کاردەکەن، هێزی یەکەم، داهاتی گشتییەو دووەمیشیان خەرجییە گشتییەکانە، ئەگەر بێتوو خەرجییە گشتییەکانی وڵات لە داهاتی گشتی زیاتر بوو ئەوا بودجەی گشتی کورت دەهێنێت، دەبێ حکومەت تەمویلی ئەو کورتهێنانە بکا، کە لەرێی قەرزەوە پردەکرێتەوە، واتە لەرێگەی خستنەڕووی سەنەداتی حکومی بۆ فرۆشتن، ئەوەی قەبارەی قەرزی گشتیی دەوڵەت بەرزدەکاتەوە، ئەگەر هاتوو نێوەنجی گەشەکردنی قەرزی گشتیی دەوڵەت لە نێوەنجی گەشەکردنی بەرهەمی راستەقینە گەورەتر

بێت، ئەوکات رێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی روو لەزیادبوون دەکا، بێگومان پێچەوانەکەی دەبێ ئەگەر هاتوو بودجەی گشتی زێدەی هەبوو.

لەم ماوەیەی دووایدا دەرئەنجامی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی بەسەر بازاڕەکانی نەخت و داراییدا زاڵ بوو، لەوەی کە ئەمریکا نەتوانێ خزمەتی قەرزەکانی بکات، قەرزی گشتیی ئەمریکا بووەتە جێی قسەو باسی هەموو ناوەندەکانی جیهان، ئەگەر هاتوو کۆنگریس نەگاتە رێککەوتنێك بۆ بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان، وەك لەسەرەوە باسی لێوەکرا، ئەوا رەوشی ئابووریی جیهان بەگشتی و بازاڕەکانی دارایی و نەخت دووچاری ئاڵۆزییەکی گەورە دەبێتەوەو ئەگەری ئەوەش لەئارادایە وەك چاودێرانی ئابووری پێشبینی دەکەن کە قەیرانێکی تری ئابووری و دارایی رووبداتەوە. لێرەدا هەوڵدەدرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێنەوە کەپەیوەندییان بە قەرزی گشتیی ئەمریکایەوە هەیە، لەوانە: قەرزی ئەمریکا چییە؟ بۆچی ئەو قەرزە بەو جۆرە گەشە دەکا کە جیهانی رووبەڕووی دڵەراوکێ کردووە؟ ئاراستەکانی ئایندەی ئەو قەرزە چییە؟ ئایا قەرزی گشتیی ئەمریکا هەڕەشەیەکی راستەقینەیە بۆ ئابووریی ئەمریکا و هەروەها بۆ ئابووریی جیهان؟

کۆی قەرزی گشتیی ئەمریکا بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێ، یەکەمیان، قەرزی گشتیی کە هی هاووڵاتیانە ، دووەمیشیان ئەو قەرزەیە کە هی حساباتی حکومیی فیدراڵییە، واتە لایەکی قەرزە گشتییەکانی حکومی بریتییە لەو قەرزە حکومییەی کە لایەنە حکومییەکان بە حکومەتیان داوە. مەبەست لە قەرزی هاووڵاتیان کە تاك و دامەزراوە داراییە هەمەجۆرەکان، وەك بانك، بە بانکەکانی یەدەکی فیدراڵییەوە، هەروەها کۆمپانیاکانی دڵنیایی و بیانی وەك بانکە ناوەندییەکانی دەوڵەتانی جیهان و سندوقەکانی سامانی سیادی بە حکومەتی ئەمریکایان داوە. قەرزی لای حساباتی حکومی ئەو سەنەداتانەیە کە سندوقەکانی حکومی دەیکڕن، لەدیارترین ئەو حسابە حکومییانەی کە خاوەن قەرزی گشتیی ئەمریکان سندوقەکانی زەمانی کۆمەڵایەتی،

سندوقی مووچەی مەدەنی و سندووقی مووچەی سەربازەکان و سندووقی چاودێریی تەندروستییە.

لەنێو ئەو دوو پێوانەی قەرزی گشتییدا، بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر رێژەی قەرزی گشتی لای هاوولاتیان بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەکرێتەوە، کە نزیکەی (٦٣٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆییە، بایەخی ئەو قەرزەی کە هاوولاتیان خاوەنین ئاستی ئەو تەنگ پێ هەڵچنینەی حکومەت بۆ کەرتی تایبەت لەبازاڕی ئیئتمانی تایبەتدا دەردەخات، بەوەی ئەم قەرزە پاشەکەوتە ناوخۆیی و ئەو پاشەکەوتە بیانیانەش کە دێنە نێو ئەمریکاوە هەڵدەلوشێت، پاشان کێبڕکێی وەبەرهێنانی کەرتی غەیرە حکومیش دەکات. لەلایەکی تریشەوە، حکومەت دەتوانێ خزمەتکردنی قەرزەکانی حساباتی حکومی دوا بخا بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر کێشە ئیئتمانییەکەی هەبێت، ئەمە بەپێچەوانەی ئەو قەرزانەیە کە هاوولاتیان خاوەنین، ئەگەر هاتوو حکومەت لە خزمەتکردنیان بوەستێ ئەوا پلەبەندی ئیئتمانی وڵات بەشێوەیەکی گەورە پاشەکشێ دەکات، ئەوەش تێچوونی قەرزکردنی دەوڵەت بەرزدەکاتەوە.

لەساڵی ٢٠١٠ ژمارەی راستەقینەی کۆی قەرزی گشتیی ئەمریکا گەیشتە (١٣,٥٢٨) ترلیۆن دۆلار، لەوانە (٩,٠١٩) ترلیۆنی ئەو قەرزە بوو کە هاوولاتیان خاوەنی بوون، (٤,٥٠٩) ترلیۆنی ئەو قەرزە خاوەنەکەی حساباتی حکومییە، واتە دوو لەسەر سێی ئەو قەرزە گشتییەی ئەمریکا هی هاوولاتیانەو، سێ یەکەکەی تریش هی حساباتی حکومییە، تائێستا مەزندەکاری قەرزی گشتی ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠١١ نزیکەی (١٤,٥ ) ترلیۆن دۆلارە.

شرۆڤەی وردی پەرەسەندنەکانی قەرزی گشتیی ئەمریکا دەریدەخا کە بەدرێژایی مێژوو دوو فاکتەری سەرەکی لە گەشەکردنی قەرزی گشتیی ئەمریکادا بەرپرسن، یەکەمیان تێچوونەکانی جەنگ، دووەمیشیان بێبازارییە، یان پاشەکشێ کردنی

ئاستی چالاکییە ئابوورییەکانە، کە بەهۆیەوە داهاتە گشتییەکان بەشێوەیەکی فراوان پاشەکشێ دەکا، یان حکومەت ناچار دەبێ ئاستی خەرجی پێویست بۆ هاندانی ئابوورییەکەی و پێدانی دڵنیایی بێکاری (تآمين البطالة) بەرزبکاتەوە، دەرئەنجامی ئەو هەنگاوانە بودجەی گشتی دووچاری کورتهێنان دەبێتەوە، یان کورتهێنانەکەی زیاد دەکا ئەگەر هاتوو بودجەکەی پێشتر دووچاری کورتهێنان هاتبێتەوە، ئەمەش بەدوای خۆیدا ئاستی قەرزە گشتییەکان بەرزدەکاتەوە، کاتێك ئاسەوارەکانی ئەو دوو هۆکارە لە مێژووی دارایی ئەمریکادا لابەرین دەردەکەوێ کە قەرزی گشتیی ئەمریکا بەشێوەیەکی سەرنجراکێش نزمدەبێتەوە.

کاتێکیش ئەو دوو هۆکارە پێکەوە دەبن ئەوا کاریگەرییان لەسەر کورتهێنانی بودجەی گشتیی ئەمریکا زۆر گەورە دەبێت و، ئاستی قەرزە گشتییەکانیش زۆر بەرزدەکاتەوە، بەدرێژایی مێژووی ئەمریکا قەرزی گشتیی ئەمریکا بە قۆناغی هەمەجۆردا تێپەڕیوە چ ئەو ئاستی قەرزانە بەرزبووەتەوە یان نزمبووەتەوە، ئەوەش بەپێی پەرەسەندنەکانی ئەو هۆکارە ڕوودەدات.

بۆ نموونە، جەنگی یەکەمی جیهان بەپێوانەکانی ئەو سەردەمە، بودجەی گشتیی ئەمریکا ڕووبەڕووی کورتهێنانێکی گەورە کردەوە، کە لەماوەی نێوان ١٩١٧ بۆ ١٩١٩ گەیشتە (٢٣) ملیار دۆلار. وەلێ بووژانەوەی ئابووری لەبیستەکان بودجەی گشتی سەری کرد (فائض)، ئەو زێدەیە ئاسەواری ئەو کورتهێنانەی بەهۆی قەرزی گشتییەوە دروست بوو بوو تاوەکو کارەساتی بێبازاریی گەورەی جیهانی ساڵی ١٩٢٨ هات، کەمکردەوە، هێندەی پێ نەچوو کە ئابووریی ئەمریکا ڕووی لەبووژانەوە کرد، تاوەکو جارێکی دی جەنگی دووەمی جیهان دەستی پێکردەوە. بێبازاریی گەورەو جەنگی دووەمی جیهان کورتهێنانی بودجەی گشتی گەیاندە ئاستێکی پێوانەیی و، ئاستی قەرزی گشتی لە نزیکەی تەنیا (١٦) ملیار دۆلار لەساڵی ١٩٣٠ گەیاندە ٢٧١ ملیار دۆلار لەساڵی ١٩٤٦، ئەوەش ڕێژەی قەرزی گشتی لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لە ١٦٪

وە بۆ ١٢٢٪ لەهەمان ماوەی سەرەوەدا بەرزکردەوە.

لەداتاکانی دارایی ئەمریکا تێبینی ئەوەش دەکرێ کە رێژەی کورتهێنانی بودجەی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئاسەواری ئەو دوو هۆکارەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا لەسەرە، بۆ نموونە، ماوەی هەردوو جەنگی کۆریاو ڤێتنام، هەروەها بێبازاریی هەردوو ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٧٦، رێژەی کورتهێنانی بودجەی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بەرزکردەوە. وەلێ رێژەی گەشەکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لەرێژەی گەشەکردنی قەرزی گشتی بەرزتر بوو، بۆیە رێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بەشێوەیەکی فراوان پاشەکشێی کرد، تا لەساڵی ١٩٧٤ گەیشتە نزمترین ئاستی کە (٣٣,٦ ٪).

**لەساڵی ١٩٨٢ ئەمریکا بەشێوەیەکی فراوان باجی کەمکردەوە، ئەمەش بووە هۆی پاشەکشێ کردنی داهاتی گشتیی دەوڵەت، هاوکاتیش خەرجییەکانی بەرگری زۆر زیادی کرد، کە کورتهێنانی بودجەی گشتی لەدەیەی داهاتوودا زیادکرد کە ساڵانە نزیکەی (٢٠٠) ملیار بوو**

لەساڵی ١٩٨٢ ئەمریکا بەشێوەیەکی فراوان باجی کەمکردەوە، ئەمەش بووە هۆی پاشەکشێ کردنی داهاتی گشتیی دەوڵەت، هاوکاتیش خەرجییەکانی بەرگری زۆر زیادی کرد، کە کورتهێنانی بودجەی گشتی لەدەیەی داهاتوودا زیادکرد کە ساڵانە نزیکەی (٢٠٠) ملیار بوو، ئەو زیادبوونەی قەرزی گشتیی ئەمریکا رێچکەیەکی جیاوازی لەوانەی پێشووی گرت، کە قەرزی گشتیی ئەمریکا بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٨١ (١) ترلیۆن دۆلاری تۆمارکرد، لەساڵی ١٩٩٢ کۆی قەرزی گشتی گەیشتە نزیکەی (٤) ترلیۆن دۆلار، دەرئەنجامی ئەوەش رێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ (٦٤٪) بەرزکردەوە.

لەساڵی ١٩٩٢ وە دارایی ئەمریکا پەرەسەندنی ئیجابی گرنگی بەخۆوە بینی، کاتێك کورتهێنانی بودجەی گشتی پاشەکشێی کرد بەجۆرێك کە لەساڵی ١٩٩٨ بودجەی گشتی بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٠ وە زێدەی تۆمارکرد، تاساڵی ٢٠٠١ بەردەوام بوو، لەساڵی ٢٠٠١ رێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ ( ٥٦,٤ ٪) پاشەکشێی کرد.

لەساڵی ٢٠٠١وە رەوشی ئابووریی ئەمریکا دارما کە هاوکاتی هێرشەکانی ١١ ئەیلول بوو، لەو ساڵەدا دوو پەرەسەندنی زۆر گرنگ روویدا، یەکەمیان پەسەندکردنی کەمکردنەوەی باجەکان بوو بۆ ئەوەی یارمەتیدەری کەرتی تایبەتی بێ تاوەکو بتوانێ ئاسەواری قەیرانەکە تێپەڕێنێ، دووەمیشیان دەستپێکردنی هەڵمەتی ئەمریکا بوو دژ بە تیرۆری جیهانی، جۆرج بوش ئامادەکاری بۆ هێرشکردنە سەر ئەفغانستانو دواتریش بۆ سەر عیراق دەستپێکرد، دەرئەنجامەکەیشی ئەوە بوو کە جارێکی تر بودجەی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٢ کورتهێنانی بەبڕی (١٥٨) ملیار دۆلار تۆمارکرد.

لەکۆتایی ٢٠٠٧ ئابووریی ئەمریکا نغرۆی بێبازاڕیی بوو، قەیرانی ئابووریی و دارایی لەگەڵ ئیفلاسبوونی بانکی لیمان برازەر لە٢٠٠٨ دەستی پێکرد، ئاستەکانی بێبازاڕیی دەرئەنجامی قەیرانی کەرتی خانوبەرەی ئەمریکا قوڵترکردەوە، لەوەڵامی ئەو رەوشەدا کەمکردنەوەی باجی زێتر پەسەندکرا، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە داهاتە گشتییەکان و ئاستی چالاکییە ئابوورییەکان بەهۆی بێبازاڕییەوە پاشەکشێیان کرد، هەروەها خەرجییەکانی باربووکردنی بێکاریی و شێوە خەرجییە گشتییەکانی تر بە ئامانجی سوککردنی ئاسەوارەکانی قەیرانی ئەمریکا زیادیکرد، لەهەمان کاتیشدا خەرجییەکانی بەرگری بەرزبوو، بوونە هۆی گەڕانەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی بۆ ئاستێکی مێژوویی کە لەمێژووی ئەمریکادا بێ وێنەبوو.

لەسەرەتای ٢٠٠٩ و ئەو هاندانە گەورە داراییە کورتهێنانی بودجەی گشتیی ئەمریکا رێچکەیەکی گرت کەپێشتر پێی نەگەیشتبوو، کاتێك کە کورتهێنانی بودجە لەساڵی ٢٠٠٩ گەیشتە (١,٤١٣) ترلیۆن دۆلار، لەساڵی ٢٠١٠ش کورتهێنانی بودجە گەیشتە (١,٢٩٤) ترلیۆن دۆلار. چاودێرانی ئابووری قەرزی ئەمریکا ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١١ بە مەترسیدارترین ساڵانی دارایی لەمێژووی دارایی ئەمریکا دادەنرێت. دەرئەنجامی ئەو پەرەسەندنانە قەرزی گشتیی ئەمریکا گەیشتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار. لەساڵی ٢٠٠٨ رێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی گەیشتە نزیکەی (٧٠٪) و، لە ٢٠١٠ ئەو رێژەیە بۆ (٩٣٪). لە ٢٠١١شدا مەزندە سەرەتاییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە قەرزی گشتیی ئەمریکا دەگاتە (١٤,٥) ترلیۆن دۆلار، کە دەکاتە (٩٧٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئەمریکا.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەی پێ بدرێ، بەشێکی ئەو قەرزە ئیدارەی ئەمریکا بۆ کڕینی ئسوڵی دارایی تایبەت تەرخانی کردبوو بەئامانجی سوککردنی ئاسەواری قەیرانی دارایی لەسەر بازاڕی دارایی و هاندانی ئابووریی ناوخۆیی، ئەو ئسوڵە داراییانە وەك قەرەبووکردنەوەیەکی هەندەکی ئەو زیادبوونی قەرزە دادەنرێ، دەکرێ بەهای بازاڕی ئەو ئسوڵانە بەرزبێتەوە رەنگە ئەو بەرزبوونەوەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاسەواری زیادبوونی قەرزەکان کاتێك لەئایندەدا ئەو ئسوڵانە لەکۆڵدەکاتەوە. ئەگەر هاتوو ئەو ئسوڵە داراییانە لە قەرزی گشتیی ئەمریکا کە هاووڵاتیان خاوەنین دابشکێندرێ رێژەی ئەو قەرزە بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ (٤٧,١٪) لە ٢٠٠٩ دادەبەزێ و لە ٢٠١٠شدا بۆ (٥٤,٤٪) پاشەکشێ دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

## خەرجی سەربازیی ئەمریکا و قەرزەکانی ئەمریکا

وەك پێشتر باسی لێوەکرا، قەرزی گشتیی هەر دەوڵەتێك رەنگدانەوەی کورتهێنانی بودجەکەیەتی، کە لەژێر کاریگەری دوو هێزدایە، ئەوانیش خەرجی گشتی و داهاتی گشتییە. لەم ساڵانەی دواییدا خەرجییە گشتییەکانی ئەمریکا ئاستی مێژوویی تۆمارکردووە، کە کۆی خەرجییە گشتییەکانی لەساڵی ٢٠١١ بەنزیکەی ( ٣,٩) ترلیۆن دۆلار مەزندە دەکرێ، وەك رێژە لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، خەرجی گشتی ئەمریکا رێژەیەکی گەورەی لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا پێکدەهێنا، کاتێك کە رێژەی خەرجی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لەساڵی ١٩٤٤ نزیکەی (٤٣٪) بوو ئەوەش رێژەیەکی ئێجگار بەرزبوو. لەو کاتەوە رێژەی خەرجی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بەشێوەیەکی بنەڕەتی و بۆ ماوەیەکی درێژ پاشەکشێی کرد، تاوەکو لەساڵی ٢٠٠٠ رێژەی خەرجی گشتی گەیشتە نزمترین ئاست کە نزیکەی (١٨,٢٪) بوو. وەلێ لەسەرەتای هەزارەی سێیەم جارێکی تر خەرجی گشتی بەهۆی چەندین هۆکارەوە بەرزبووە، دیارترینیان جەنگی ئەفغانستان و جەنگی عیراق و ئەو زریانە وێرانکەرانەی کە ویلایەتەکانی کەناری کەنداوی ئەمریکا گرتەوە، هەروەها قەیرانی دارایی و ئابووری، لە ٢٠٠٨ وە خەرجی گشتیی ئەمریکا لەگەڵ زیادبوونی خەرجی پێویست بۆ قوتارکردنی ئابووریی لەکاتێکدا بڕی تەرخانکراو بۆ بەرگری وەك خۆی مایەوە، ئاراستەیەکی جیاوازی وەرگرت، تا ئەو رادەی کە خەرجی گشتی لەکۆی بەرهەمی ناوخۆیی لەساڵی ٢٠١١ بۆ (٢٥,٣٪) بەرزبێتەوە.

کاتێك لەپێکهاتەی خەرجی گشتیی ئەمریکا ورد دەبیتەوە، دەردەکەوێ کە خەرجییەکانی بەرگری بەدرێژایی مێژووی دارایی ئەمریکا بەشێکی گەورەی کۆی

خەرجی گشتیی ئەمریکا پێکهێناوە، لەساڵی ١٩٤٥ خەرجی بەرگری نزیکەی (٩٠٪) کۆی خەرجی گشتیی ئەمریکا پێکدەهێنا، کاتێك کە جەنگی دووەمی جیهان کۆتایی هات، ڕێژەی خەرجی بەرگری بۆ کۆی خەرجی گشتیی ئەمریکا بەشیوەیەکی گەورە پاشەکشێی کرد تاوەکو لەساڵی ١٩٤٨ بۆ (٣٠٪) دابەزی. بەڵام جەنگی نیمچە دورگەی کۆریا جارێکی تر خەرجییەکانی بەرگری بەرزکردەوە، تا ئەو ڕادەی کە لەساڵانی ١٩٥٣ بۆ ١٩٥٤ ڕێـژەی خەرجی سەربازیی بۆ کۆی خەرجی گشتیی ئەمریکا بۆ نزیکەی (٧٠٪) بەرزبووەوە. لەدوای ئەو کاتەوە خەرجی سەربازیی بۆ کۆی خەرجییە گشتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو هاتەخوارەوە.

بڕیاری بەشداریکردنی ئەمریکا لەجەنگی ڤێتنام کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بڕی تەرخانکراوی خەرجییەکانی بەرگری هەبوو، جارێکی تر ئەو ڕێژەیە لەناوەڕاستی شەستەکان رووی لەهەڵکشان کرد، تاوەکو لە کۆتایی شەستەکاندا گەیشتە نزیکەی (٤٦٪)،کاتێك ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە ڤێتنام پاشەکشێ پێکرد، داشکانێکی بەرچاو لە خەرجی بەرگری ئەمریکا روویـداو، بەشێکی گـەورەی ئەو خەرجییە بۆ پەرەدانی هێزی مرۆیی ئاراستەکرا لەرێی زیادکردنی خەرجییەکانی خوێندن و راهێنان، هەروەها دەرئەنجامی فراوانبوونی بەرنامەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی و یارمەتی خۆراك و باربووکردنی بێکاریی و جۆرەکانی تری خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان، خەرجی گشتیی ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی بەرزبووەوەو ڕێژەی خەرجی بەرگری بۆ کۆی خەرجییە گشتییەکان دابەزی، جگە لە هەردوو ماوەی جەنگی کۆریاو ڤێتنام و جەنگی کەنداو، تێبینی دەکرێ کە ڕێژەی خەرجی سەربازیی بۆ کۆی خەرجی گشتیی بەردەوام لە داشکاندا بوو تاوەکو لەساڵی ١٩٩٩ گەیشتە (١٦,١٪)، وەلێ راگەیاندنی جەنگ دژ بەئەفغانستان و عیراق جارێکی تر ئەو ڕێژەیەی بەرزکردەوە تاوەکو لەساڵی ٢٠١١ گەیشتە (٢٠,١٪).

پەرچەکرداری ئیدارەی ئەمریکا بۆ هێرشە تیرۆریستیەکانی ١١ سیپتەمبەری



هەواڵنامەی کتێب

٢٠٠١ زۆر توند بوو، ئیدارەی ئەمریکا ئەوکات ئەو ئاسەوارە کارەساتبارەی لەبەرچاو نەگرتبوو کە دەرئەنجامی گێرانەوەی هەیبەتی ئەمریکا لەبەرچاوی جیهان روودەدات، کە بە پاشەکشێکردنی رۆڵی ئابووریی ئەمریکا لەجیهان کۆتایی هات، جارێکی تر خەرجییەکانی بەرگریی هەڵکشا تاوەکو له٢٠١١ گەیشتە (٧٦٨) ملیار دۆلار، کە دەکاتە (٥,١٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، ئەوەی تێبینی دەکرێ کە قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان کاریگەریی لەسەر قەبارەی خەرجی سەربازیی ئەمریکا بەجێ نەهێشت، ئەوەی ئاشکرایە کە خەرجی سەربازیی یەك لەو کوچکانەیە کە لەپێکهاتەی خەرجی گشتیی ئەمریکادا نابێ دەستکاری بکرێت.

ستراتیجیەتی ئەمریکا لەسەر ئەوە بونیات نراوە کەدەبێ لەسەر ئاستی جیهان پێشەنگی خەرجی سەربازیی بێت، بۆشاییەکی گەورە لەنێوان خەرجی سەربازیی ئەمریکا و ئەو دەوڵەتانەی لەدوای ئەو لە خەرجی سەربازیدا دێن، وەك چین، بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٠دا خەرجی سەربازیی ئەمریکا (٦٩٣) ملیار دۆلار بوو، دوای ئەو چین بە (١٢٠) ملیار دۆلار دێ، واتە خەرجی سەربازیی ئەمریکا نزیکەی شەش هێندەی گەورەترین دەوڵەتی دوای خۆی دێت. جگە لەوە، رێژەی خەرجی سەربازیی ئەمریکا بۆ کۆی خەرجی سەربازیی جیهان هێشتا زۆر بەرزە، بۆ نموونە، پەیمانگای (Stockholm International Peace Research) کۆی خەرجی سەربازیی جیهانی لەساڵی ٢٠١٠ بە (١,٦٣٠) ترلیۆن دۆلار مەزەندە کردووە، لەمەوە دەردەکەوێ کە بەرکەوتی ئەمریکا لەو خەرجییەدا نزیکەی (٤٣٪) کۆی خەرجی سەربازیی جیهان پێکدێنێت، ئەم رێژەیەش رێژەیەکی خەیاڵییە.

ئەو ئاستە خەیاڵییەی خەرجی سەربازیی بۆ زامنی زاڵبوونی بەسەر دەریاو ئاسمان و گۆی زەوی بۆ ئەمریکا دەکات. ئەمریکا ئێستا خاوەنی بەهێزترین هێزی دەریاییە لەجیهان، کە ژمارەی فرۆکە جەنگییەکانی هەڵگری فرۆکە (حاملة الطائرات) لەناو دەریاکاندا دوو هێندەی کۆی هەموو فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتانی جیهانە،

هەروەها هێزی چەکی دەریایی ئەمریکا گەورەترین بەهێزترین (١٣) چەکی دەریایی جیهانە، ئەمریکا تەنیا لەچەکی دەریاییدا بەهێز نییە بەڵکو لەهەموو بەشەکانی تری سەربازییدا پێشەنگی جیهانە.

ئەم سوربوونی پێشەنگبوونی سەربازییەی ئەمریکا بێ گومان تێچوونەکەیشی گەورەیە، ئەو خەرجییە سەربازییە زەبەلاحەی ئەمریکا یەك لە گرنگترین ئاسەوارەکانی ئەو قەرزە گشتییەی ئەمریکایە. زۆرترین ترسەکانی ئێستا لە هەڵکشانی قەبارەی قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەوەدایە کە ئەو ئاستە بەرزەی قەرزی گشتیی ئەمریکا لەکۆتاییدا دەبێ بە پاشەکشێکردن بە خەرجی سەربازیی و کەمکردنەوەی بڕی تەرخانکراوی ئەم لایەنە تەواو بێت، ئەمەش هەڕەشە لە ڕەوشی ستراتیجیی سەربازیی ئەمریکا دەکات.

بەکورتی خەرجی سەربازیی زۆر مەترسیدارە بۆ ئەمریکا، لەلایەك هۆکاری هەڵکشانی ئاستەکانی کورتهێنانی بودجەی گشتیی و، هەڵکشانی قەبارەی قەرزی گشتییە بۆ ئاستێکی مەترسیدار کە ئێستا پێی گەیشتووە، ئەمەی دووایی کاریگەریی سلبی لەسەر خەرجی سەربازیی ئەمریکا دەبێ و، لەئایندەشدا پێشەنگیی سەربازیی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان دەخاتە گومانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکا:

**ڕۆژی** یەکشەممە بەرواری ٣١/ ٧/ ٢٠١١ سیولەی حکومەتی ئەمریکا تەنیا (٥٤) ملیار دۆلار بوو، واتە، سیولەی خەزانەی ئەمریکا بەشێوەیەکی زۆر خێرا لەپاشەکشێدا بوو، بەرادەیەك کە ئەگەر هاتوو سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکا بەرز نەکرایەتەوە بەر لە ٢ی ئابی ٢٠١١، دەبوو ئیدارەی ئەمریکا رایبگەیەندبایە یان ئەوەتا پابەندی دانەوەی ئیلتزاماتەکانی نابێ، یان ئەوەتا دەبێ پەنا بباتە بەر کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان بۆ ئەوەی ئەولەویەت بە خزمەتکردنی قەرزەکانی بداو، دواتریش

ئیلتزاماتەکانی تری جێبەجێ بکات، رەنگە ئەوە ئاراستەی ئیدارەی ئەمریکا بوو بێ بۆ دەربازبوون لەو گرفتەی تێی کەوتبوو بەبێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر بازاڕ هەبێ و لەهەمان کاتیشدا لەشەقامیش کۆمارییەکان رووبەڕووی ئیحراج بوون بکات.

لەدوا ساتەکانی رۆژی دووشەممەی ١/ ٨/ ٢٠١١ کۆنگریسی ئەمریکا رەزامەندی لەسەر پلانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی تا ساڵی ٢٠١٣ نیشاندا، بەوەش کۆتایی بەو دڵەڕاوکێیە هێنا کە هەموو جیهانی گرتبووەوە سەبارەت بەوەی کە ئیدارەی ئەمریکا نەتوانێ ئیلتزاماتەکانی سەبارەت بە خزمەتکردنی قەرزە گشتییەکانی جێبەجێ بکات. حکایەتی سەقفی قەرزی گشتی چییە؟ بۆ چی سەقفی قەرزەکان لەم کاتەدا بوو بە کێشە؟، بۆچی بەرزکردنەوە یان بەرزنەکردنی سەقفی قەرزەکان بووە سەرچاوەی دڵەڕاوکێی هەموو جیهان؟ لەکاتێکدا دەبوو ئەوە مەسەلەیەکی ناوخۆیی ئەمریکا بێت؟

لێرەدا هەوڵ دەدرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێنەوە. بەپێی دەستووری ئەمریکا کۆنگریس مافی دیاریکردنی بەهای قەرزی گشتیی ئەمریکا هەیە، بەر لەساڵی ١٩١٧ دەبوو رەزامەندی کۆنگرس بۆ هەر خولێکی قەرز کە خەزانەی ئەمریکا پێی هەڵدەستێ وەربگیرێ، بەڵام دوای بەشداربوونی ئەمریکا لەجەنگی یەکەمی جیهان و، بۆ ئەوەی مرونەتێك بە خەزانەی ئەمریکا بدرێ لە پرۆسەی قەرزکردندا هەموو جارێك بۆ کۆنگریس نەگەڕێتەوە، لەساڵی ١٩١٧ چەمکی سەقفی قەرزی گشتی ( Debt Ceiling) پەیدابوو، مەبەست لە سەقفی قەرز، دیاریکردنی بەرزترین رادەی (سەقف) بەهای قەرزی گشتیی ئەمریکایە،ئەگەر ئەو قەرزە نەگاتە ئەو سەقفە دیاریکراوە ئەوا خەزانەی ئەمریکا دەتوانێ بەبێ ئەوەی بۆ کۆنگریس بگەڕێتەوە لە پرۆسەی قەرزکردن بەردەوام بێت. بەم جۆرە ئازادییەك بە خەزانەی ئەمریکا درا بۆ کوژاندنەوەو دەرکردنی سەنەدات ئەگەر هاتوو ئەو سەقفە دیاریکراوە تێنەپەڕێنێت، یاسای بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی یارمەتی ئەمریکای دا بۆ بەشداریکردن لەجەنگی دووەمی جیهان، کە

بەهۆیەوە خەزانەی ئەمریکا توانی سەنەداتی درێژخایەن (سەنەداتی ئازادی)، جگە لەسەنەداتی کورت مەودا دەربکات، بەڵام چی پێویستی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز یان نەکردنی دیاری دەکات؟ بێ گومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەبودجەی گشتیی دەوڵەتدا بەدیار دەکەوێت، چەند بودجە زێدە (فائض) یان کورتهێنانی هەبێ ئەوا بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز کەم دەبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو بودجەی گشتی کورتبهێنێ و بەردەوام ئەو کورتهێنانە زیاد بکات، ئەوا بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزکردن بەبەردەوامی بەرزدەبێتەوە وەك ئەوەی لە دەیەی رابردوودا روویدا، کاتێك قەرزی گشتی دەگاتە ئەو سەقفەی بەیاسا دیاریکراوە، ئەوا توانای خەزانە لە فەراهەمکردنی پێداویستییە داراییەکانی دەوڵەت پەکی دەکەوێ، هەروەها ئەگەر یاسای سەقفی قەرز رێگیری خەزانە بکا لە دەرکردنی سەنەدات بۆ قەرزکردنی نوێ تاوەکو لەماوەی کورتدا پێداویستییە داراییەکانی حکومەت دابین بکات. یان تەمویلی ئەو کورتهێنانەی ساڵانە بکا ئەوا حکومەت ناتوانێ پابەندی ئیلتزاماتەکانی بێ و خەرجییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، کاتێك قەرزی گشتی لە سەقفی دیاریکراوی خۆی نزیك دەبێتەوە، دەبێ خەزانە ئیجرائاتی نائاسایی بۆ دابینکردنی پێداویستییە داراییەکانی حکومەت بکات، وەلێ تا ئیمڕۆ بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز هۆکار نەبووە لەوەی حکومەتی ئەمریکا نەتوانێ پابەندی ئیلتزاماتەکانی بێت، بەڵام مەسەلەی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز ناوە ناوە بەدگومانییەکی لەمەڕ پرۆسەکانی خەزانەی ئەمریکا دروست کردووە، بەتایبەتی کە قەرزی گشتیی ئەمریکا تەنیا موڵکی ئەمریکایەکان نییە بەڵکو بەشێوەیەکی بەرفراوان موڵکی بیانییەکانیشە، نزیکەی سێ یەکی قەرزی گشتیی ئەمریکا هی بێگانەکانی دەرەوەی ئەمریکایە، بۆیە دڵەڕاوکێی جیهان لەگەڵ هەر پرۆسەیەکی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکادا زیاد دەکا لەترسی ئەوەی نەوەکو ئەمریکا نەتوانی خزمەتی قەرزەکانی بکات یان ئەگەر هاتوو دانوستانەکانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز شکست بهێنێت. بەڵام بۆچی ئەو پێداگرتنە لەسەر دیاریکردنی سەقفێك بۆ قەرز؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لە پێداگیری کۆنگریسە بۆ ئەوەی بتوانێ سەلاحیاتە دەستوورییەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی خەرجییە گشتییەکان بەکار بهێنێت، هەروەها

هەواڵنامەی کتێب

ڕێوشوێنی گونجاو بۆ کۆنترۆڵکردنی نێوەنجی گەشەی قەرزی گشتی بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی کۆنگریس و سەرۆکی ئەمریکا پابەندی گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاوبن بۆ کۆنترۆڵی گەشەی خەرجی گشتی و دواتریش بۆ کۆنترۆڵکردنی کورتهێنانی بودجەی گشتی. لەو کاتەی چەمکی دیاریکردنی سەقفی قەرز دانراوە لەساڵی ١٩١٧ تاوەکو ٢٠١٠، (١٠٢) جار سەقفی قەرزی ئەمریکا بەرزکراوەتەوە، بەرزکردنەوەی ئەم دوواییە دەبێتە ١٠٣ هەمین جاری بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکا. بۆچی ئەو هەموو هەرایە لەسەر مەسەلەی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز  ورووژێنرا؟ جارێکی تر وەڵامەکەی ئەوەیە کە کەوتۆتە کاتێکی زۆر ناجۆرەوە، کە هێشتا چالاکییە ئابوورییەکانی ئەمریکا نەگەڕاتەوە دۆخی جاران، کۆمارییەکانیش هەلی زاڵبوونی خۆیانیان لە کۆنگریس قۆستەوەو پرسی سەقفی قەرزیان وەك  بەلەمی ڕزگارکەر  بەکارهێناو بەتوندی دەستی خۆیانیان پێوەگرت تاوەکو بتوانن لێوەی کاندیدی داهاتووی خۆیان لەهەڵبژاردنی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکادا لەجێی باراك ئۆباما سەربخەن، وەك دەردەکەوێ ئەندامانی حزبی کۆماری ئامادەبوون ئەمریکا ڕووبەڕووی کارەساتێکی دارایی بکەنەوە لەپێناو بەدەستهێنانی خواستی ئەندامە توندڕەوەکانی (کە بە حزبی چای ناسراون) لەناو حزبی کۆماری. هەروەها پێدەچێ لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی ئەمریکادا لەسەر کۆمەڵێك مەسەلەی گەورە، لەوانە، قەبارەی حکومەت و قەرزی گشتی و ڕەوشی ئابووریی هەموەکی، ململانێکانی نێوان کاندیدی کۆماریخوازەکان و باراك ئۆبامادا زۆر توند دەبێت. ڕۆژی ٢٠١١/٧/٣١ ڕابردوو، ئۆباما ڕایگەیاند کە هەردوو حزبی دیموکراتی و کۆماری گەیشتنە ڕێککەوتنێك کە ئەمریکای لەخزمەت نەکردنی قەرزەکانی دوورخستەوە، کە ٢٠١١/٨/٢ دوا وادەی دیاری کراوی بوو. بە ڕەسمی ڕەزامەندی لەسەر بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی لە کۆنگریس بەچەند سەعاتێك لە وادەی کۆتایی درا وەك لەسەرەتای ئەم نوسینە ئاماژەی پێدرا. دڵنیابووم  لەوەی کە پلانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان پەسەند دەکرێ بۆ ئەوەی ئەمریکاو جیهان لەو ئاسەوارە سلبییانە دور بخرێنەوە کە لە بەرزنەکردنەوەی دەکەوێتەوە، بۆ یەکەمین جاریشە ئەمریکای ڕزگار کرد لەوەی

هەواڵنامەی کێژ

نەتوانێ خزمەتی قەرزەکانی بکا بەهۆی شکستهێنانی گەیشتن بە رێککەوتن لەمەڕ مەرجەکانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکا. بەپێی ئەو رێککەوتنە خەزانەی ئەمریکا دەست دەکا بەدەرکردنی سەنەداتی تر بۆ ئەوەی قەرزەکانی ئەمریکا بەرزترو بەرزتر بێ، پلەبەندی ئیئتمانی نایابی ئەمریکا لەجێی خۆی دەبێ ئەگەر هاتوو نزمیش بکرێتەوە، وەك ئەوەی ئێستا کە ستاندەرد ئەندپوررزی ئەمریکا پلەیەکی پلەبەندیەکەی هێناوەتە خوارەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوە رەفتارەی کۆمارییەکانە کە جەختیان لەسەر سەپاندنی مەرجەکانی خۆیان لەمەڕ پلانی بەرزکردنەوەکە دەکرد کە (بۆهنەر) پێشکەشی کردو داوای کەمکردنەوەی زۆری خەرجی گشتیی حکومەت و زیادنەکردنی داهاتی گشتیی لەرێی ریفۆرمی سیستمی باجەوە دەکرد، ئامانجی ئەمە بۆ ئەوەیە تاوەکو ئۆباما بە ئەندەیکەیتەری لاواز لەمەڕ ئەدائی ئابووری و بودجەیەك کە بەدەست کورتهینانێکی زۆر گەورەوە دەنالێنێ بچێتە نێو کێبرکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی داهاتووی ئەمریکاوە. ئەمەش جێی سەرسوڕمانە، کەی کۆمارییەکان بایەخیان بە کورتهێنانی بودجەی گشتی یان بە ئاستی قەرزی گشتیی ئەمریکا داوە، بەتایبەتی ئەوەی ئێستا پاشماوەی سیاسەتی کۆمارییەکانە کە بۆ ئۆباما ماوەتەوە، کە تەنیا لەنێوان حوزەیرانی ٢٠٠٢ بۆ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ خەزانەی ئەمریکا (٧) جار سەقفی قەرزیان بەرزکردۆتەوە، ئەمەش هۆکاری گەورەبوونی قەبارەی قەرزی گشتیی ئەمریکا بوو لەو ماوە کورتەدا.

## بە پێی پلانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکا:

١) دەبێ بەرزترین رادەی خەرجی خەمڵێندراو (Discretionary spending) تا ساڵی ٢٠٢١ دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی نزیکەی (٩١٧) ملیار دۆلار کەمکبکرێتەوەو هاوسەنگی لەنێوان کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەرگری و خەرجییە مەدەنییەکان بەدی بێت. ئەو کەمکردنەوەی خەرجییە خەمڵێندراوە (٣٥٠) ملیاری بودجەی وەزارەتی بەرگری دەگرێتەوە لەماوەی (١٠) ساڵی داهاتوودا،

لەسایەی پێداچوونەوەی رۆڵ و پەیام و تواناکانی ئەمریکا لەگەڵ بەردەوامدان بەپابەندبوونی بەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، ئەمە بە یەکەم کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکایە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە دادەنرێت. پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی نێوان هەردوو حزب بۆ لێکۆڵینەوە لە کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە بە (١,٥) ترلیۆنی زیاتر بە ریفۆرمی باجیشەوە، بەو مەرجەی لیژنە هاوبەشەکە لێکۆڵینەوە لەریفۆرمە بنەڕەتییەکان بکات و، راسپاردەکانی لیژنەکە لەئەنجومەنی پیران و کۆنگریسدا ئەولەویەتی زیاتری پێ بدرێت، هەروەها رێگری لەوانە بکرێ کە دەیانەوی فێڵ و تەڵەکە بکەن بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی ئەو راسپاردانە رابگیرێت. دەبێ لیژنەکە لەتشرینی دووەمی داهاتوو راسپاردەکانی پێشکەش بکاو لەکانوونی یەکەمی دەنگی لەسەر بدرێت.

٢) رێگە بە هەندێك خەرجی زێدە بدرێ بۆ ئەوەی پێدانی باربووی نەگونجاو رێکبخرێتەوە ( مدفوعات الاعانات غير المناسبة)، بەشێوەیەکی بەتایبەتی کەمکردنەوەی خەرجی چاودێریی تەندروستی بەرزترین رادەی بۆ دیاری دەکرێ و تەنیا بۆ ئەوانەش دەبێ کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن، لەحاڵەتێکدا ئەگەر لیژنەکە نەیتوانی پێشنیارەکانی پێشکەش بکا ئەوا بڕی (٥٠٠) ملیار دۆلار لە خەرجی سەربازیی کەمدەکرێتەوە، ئەوە سەرەڕای ئەو داشکاندنانەی تر کە ئەنجام دراون، هەروەها کەمکردنەوەی خەرجییەکانی وەك ژێرخانی ئابووری و خوێندن.

٣) هەموارکردنی بەرنامەکانی پێدانی قەرز بە خوێندکاران کە لەچوارچێوەی بەرنامەی (Pell Grant) وەریدەگرن، هەر دوو ئەنجوومەن هەڵدەستن بە هەموارکردنی دەستووری ئەمریکا بەوەی بتوانرێ لێوەی زامنی هاوسەنگی بودجەی گشتیی ئەمریکا بکات.

٤) بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی بەبڕی (٤٠٠) ملیار دۆلار، بەو مەرجەی کە سەقفی قەرزی گشتی بەدوو قۆناغ بەرزبکرێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە نێوان (٢,١) تا (٢,٤) ترلیۆن دۆلار.

٥) هەردوو حزب پابەندی پەسەندکردنی کەمکردنەوەی هاوسەنگی کورتهێنانی

بودجەی گشتی دەبن، لەحاڵەتی شکستهێنانی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەمەڕ ئەو پرسە دەبێ بە ئیجباری لەساڵی ٢٠١٣ بەرێژەی (٥٠٪) خەرجی ناوخۆیی و خەرجی وەزارەتی بەرگریی کەمبکەنەوە، لەگەڵ پاراستنی خەرجییەکانی دڵنیایی کۆمەڵایەتی و سوودمەندانی چاودێریی کۆمەڵایەتی و بەرنامەی خاوەن داهاتە سنووردارەکان لەهەر کەمکردنەوەیەك، هەروەها هیچ کەمکردنەوەیەکی ئیجباری خەرجییەکان بەر لە ٢٠١٣ ناکرێ بۆ ئەوەی ئەو باشبوونی ئابوورییەی ئێستا بپارێزرێ لەوەی بەهۆی کەمکردنەوەی خەرجییەکانەوە رووبەڕووی پاشەکشێ ببێتەوە.

لەو کاتەی ئیدارەی ئەمریکا دەست بەکەمکردنەوەی خەرجییەکان دەکا، ئەو کەمکردنەوەی باجانەی کە جۆرج بوش دوای ئەیلولی ٢٠٠١ بڕیاری لێدابوو لە ٢٠١٣/١/١ کۆتایی دێت، ئەم دوو هەنگاوە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی، ئەگەر هاتوو هەردوولا نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوسەنگ لەو کاتەدا، ئەوا سەرۆك مافی ڤیتۆ بۆ زامنکردنی کەمکردنەوەیەکی زێدەی کورتهێنانی بودجەی گشتی بەبڕی یەك ترلیۆن دۆلار لەمیانی ئەوەی ئەو کەمکردنەوەی باجە دەکا بەو مەرجەی توێژە داهاتە بەرزەکان نەگرێتەوە. بەپێی مەزندەکاری نوسینگەی کۆنگریس بۆ بودجە، ئەو یاسایە کورتهێنانی بودجە لە ماوەی نێوان ٢٠١٢ تا ٢٠٢١ بەبڕی لانی کەمی (٢,١) ترلیۆن دۆلار کەمدەکاتەوە.

لێرەدا دەبێ باسی ئاسەوارە ئیجابی و سلبیەکانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکا بکرێت. سەرەتا لە ئاسەوارە ئیجابییەکانیەوە دەست پێ دەکەین کە لێرەدا بە کورتی باسی لێوە دەکرێ، ئەو بەرزکردنەوەیە متمانەی بۆ وەبەرهێنەران و بازاڕەکان گەڕاندەوەو جیهانی لە ئاسەواری ئەو شۆکی (صدمە) کە رەنگ بوو ئەمریکای لەخزمەتکردنی قەرزەکانی رابگرتبایە، ئەمریکاشی لەکەمکردنەوەی پلەبەندی ئیئتمانی قەرزی ئەمریکا دوور خستەوە، هەرچەندە ئاژانسی ستاندەرد ئەند پورز کردی، بەڵام هێشتا دوو ئاژانسی گرنگی تر هەن کە دەستکاری پلەبەندی ئیئتمانی ئەمریکایان نەکردوە، ئاژانسی مۆدیز بۆ پلەبەندی ئیئتمانی رایگەیاند کە

قەرزی گشتیی ئەمریکا لە پلەبەندی نایابی (AAA) بەردەوام دەبێ و ئەو پلەبەندییە دانابەزێنن، ئەگەر پلەبەندیی ئیئتمانی ئەمریکا کەمنەکرێتەوە ئەوا دەکرێ نێوەنجی دەستهاتی سەر سەنەداتی ئەمریکا بەرزنەکرێتەوەو، دوای ئەویش تێچوونی قەرزکردنی ئەمریکا کەمدەبێت و ئابووریی ئەمریکا ئەگەری چوونە نێو بێبازارییەکی قوڵەوە (کساد عمیق) کەمدەبێتەوە. یەك لە خاڵە ئیجابییەکانی تر، کاریگەرییەتی لەسەر بودجە لە رێی ئەو هەنگاوانەی کە بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە پێشنیار کراون.

گرنگترین ئاسەوارە سلبییەکانی، کەمکردنەوەی خەرجییەکانە کە لەکاتێکی زۆر ناسکدا دەکرێ، چونکە لەگەڵ هەوڵەکانی هاندانی ئابووریيدا، بوژانەوەی ئابووری رووبەڕووی کێشە دەبێتەوەو گەشەی ئابووری پاشەکشێ دەکاو بێکاریش لەجێی خۆیدا دەخولێتەوە.

دوای گەیشتنی هەردوو حزب بەرێککەوتن لەسەر بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان، ( بۆل کروگمان) ی ئابووریناسی ئەمریکایی لەوتارێکیدا بەناونیشانی (سەرۆك تەسلیم دەبێت) نووسیویەتی ئەو رێککەوتنە وەك کارەساتێك وایە بۆ ئۆباماو حزبەکەی و هەروەها بۆ ئابووریی ئەمریکاش. چونکە ئابووریی ئەمریکا ئێستا بەدەست بێبازارییەوە دەناڵێنێ، خراپترین هەنگاو کە حکومەت ئێستا بۆ ئابووری بینێ کەمکردنەوەی خەرجییەکانە، ئەو کەمکردنەوەی خەرجیانە ئابووری لەبێبازارییەکی گەورەتردا نغرۆ دەکات و ئەوەش کاریگەریی لەسەر داهاتەکانی داهاتووی حکومەت دەبێت. لەلایەکی تـرەوە، ئەو رێککەوتنە بەشێوەیەکی خەرجییە گەورەکان کەمدەکاتەوە بەبێ ئەوەی لەبەرامبەریشدا هیچ زیادەیەك لەداهاتی گشتییدا دروست ناکات. ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە لێرەدا، قەرزی گشتیی ئەمریکا بە فعلی بووەتە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆز چ بۆ خودی ئەمریکاو چ بۆ هەموو جیهان، ئەوەش دەخوازێ بۆ چەند دەیەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و دەبێ ئابووریی ئەمریکا گەشەیەکی بێ وێنە تۆمار بکات. وەلێ بەدەر لەهەموو پێوەرەکان، ئەو هەنگاوانەی کە گیراونەتە بەرو لەئایندەشدا دەگیرێنەبەر بەمێژوویی ناو دەبرێن، بەتایبەتی هەموارکردنی دەستوری ئەمریکا کە زامنی هاوسەنگی بودجەی گشتیشی لێوە دەکرێت.

هەواڵنامەی کێتر

# فەرهەنگی زارەوەکان

هەواڵنامەی کتێب

ئامادەکردنی/ ئازاد تۆفیق

# وتەیەکی پێویست...

زاراوە سیاسی و کۆمەڵناسیەکان، کە ئەمڕۆ بەگشتی خۆیان لە نێو دونیای فەرهەنگی سیاسیدا دەبیننەوە، بۆنەتە کارێکی پێویستو گرنگ. بۆیە دەبینین لەکاتی خوێندنەوەی بابەتێکدا زۆرجار خوێنەر ڕووبەڕووی هەندێ چەمكو زاراوە دەبێتەوە کە بۆ زانینیان دەبێت هەڵوێستەیان لەسەربکات. جا بۆئەوەی پرۆسەی خوێندنەوە ببێتە کارێکی تەندروست، تائەوەی مەبەستی نووسەرە بە ئاسانی بگاتە لای خوێنەر. ئەوا گۆڤاری نوێ بوون بڕیاریداوە لەم ژمارە بەدواوە ئاشناکردنی خوێنەر بەزاراوە سیاسیيو چەمکە سۆسۆلۆژیەکان بکاتە بەرنامەی کاری خۆیو تەنانەت ئەو زاناو فەیلەسوفو بیرمەندانەش، کە ناویان لە وتارو لێکۆڵینەوەکاندا دێت، کەم تا زۆر تیشکێ بخاتە سەر ژیانو بەرهەمەکانیان،بۆئەوەی هاوشانی وتارو لێکۆڵینەوەکانی هەر ژمارەیەك، ئەوا لەبواری فەرهەنگ ناسیشدا خزمەتێکی بچکۆلە بەخوێنەرانی ئازیز بکات.

## ١ - ئایدۆلۆژیا:

ئەم زاراوەیە لە وشەی لاتینی (ئایدیا) وەرگیراوە، کە بەمانای (بیر ، ڕا، زەین) دێتو بریتیە لەسیستمێکی ڕێکخراوی ئەو باوەڕو بیرکردنەوەو بەها ئایدیانەی، کە بنەماکانی پرۆگرامێکی کۆمەڵایەتی یان ئابووریی یان فەلسەفەیەکی سیاسی پێکدەهێنن. هەروەها دەتوانرێ بوترێت بریتییە لەکۆمەڵە (باوەڕو بەهاو بۆچوونانەی) کەشێوازی بیرکردنەوەو ڕەفتارو تێگەشتنی جیهان لەلایەن تاکێك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو پێکدەهێنن. بەگشتی هەر شێوە بیرکردنەوەو تیۆرێك کە بەدژی ئامانجێکی کردەیی تایبەتیەوە بێو بەتیۆرێکی ڕووت –ئەبستراکت– ئەبەسترێتەوە پێی دەگوترێ ئایدۆلۆجیا.

## ٢ – ئەفسانە:

وشەیەکی یۆنانیەو مانای (وشە یان چیرۆکێك دەبەخشێت کە بەشێوەی هۆنراوە دارێژرابێت) ڕێی تێدەچێت ئەفسانە باسی ڕووداوە هەرە دێرینەکانیش بکاتو بەشێوەیەکی پڕ لەفەنتازیا یان سمبول ئامێز،دایبڕێژرێتەوەو بەشێوەیەك سەرلەنوێ سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی ڕابکێشێت. ئەگەر بمانەوێ لەمانای ڕاستەقینەی ئەفسانە بگەین، ئەوا دەبێت زۆر بەوریاییەوە لێی نزیك بینەوە و زۆر بەوردی گوێدێری بینو دەبێت لەکاتی پرسیار ئاراستەکردندا هیچ حوکمێکی پێشترمان لەخەیاڵ نەبێت، چونکە ئەفسانە پڕ لەوشەی ئاڵۆزەو پڕە لەنهێنی. بەکورتی ئەفسانە چیرۆکێکە کە دەربارەی خواکانە و هەوڵی لێکدانەوەی ژیانو سروشت دەدات.

## ٣ – ئاپارتاید _جیاوازی ڕەگەزیی:

وشەیەکی ئەفریقیە بەمانای (جیاوازی دانانە segregation) کە لەڕاستیدا بەسیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگـەزی حزبی نەتەوەیی ئەفریقیای باشور دەگوترا، کەلەساڵی ١٩٤٨ هەتا ساڵی ١٩٩٤ لەو وڵاتـەدا پیادە دەکرا. سیاسەتی ئاپارتاید بڕوای بەزاڵبونی ڕەهای تەواوەتی ڕەگەزی سپی و جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕەهای هەڵاواردن سەبارەت بەڕەش پێستەکان لەلایەن سپی پێستەکانەوە هەیە. ئاپارتاید لەبواری تیۆرییەوە بڕوای بەنایەکسانی ڕەگەزەکان هەیە.

## ٤ – ئابووریی سیاسی:

بریتیە لە زانستی یاساکانی بەرهەم هێنانو دابەشکردنی بەرووبوومی مادی لەقۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای ئادەمیزادا. ئەم زانستە بەرەبەرە لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگاو باری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ئەهمیەتی زانستی ئابووری بەرەوپێشەوە دەچوو. ئابووری سیاسی کلاسیك لەگەڵ گەشەکردنی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا پەیدادەبێ، کە ئابووری زانێکی وەك (ئادەم سمیپ) و (دیڤید

ڕیکاردۆ)دا هەنگاوی گرنگیان لەڕێگای زانستی یاساکانی بەرهەمهێنانو دابەشکردنی کۆمەڵایەتیانەی بەرووبوومی مادییەوەنا.

## ٥ - ئیبن خەلدون (ناوی عەبدولڕەحمان کوڕی خەلدونە):

مێژونووسو فەیلەسوفو زانایەکی کۆمەڵناسیەو لەساڵی (١٣٣٢ - ١٤٠٤) ژیاوەو لەولاتی تونس لەدایك بووە. پیاوی رامیاری و دەوڵەتی بوو. عەرەب نەژادەو وانەی فیقهی مێژویی خوێندووەو لەسەرەتادا بەوەزیری نووسین دامەزرێنراوەو پاشان بەباڵوێزو دواتر چووە بۆ میسرو لە سێهەم قۆناغی ژیانیدا لە (ئەزهەر) خوێندویەتی و بووە بەدادیاری مالیکیەکان هەتا مردووە. زۆر لە ئەکادیمیەکان ئەم بیرمەندە بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی (زانستی کۆمەڵایەتی _سۆسیۆلۆژیا) دادەنێن تەنانەت پێش (ئۆکست کۆنت)ی خۆرئاواش.

## ٦ - ئیبراهام لنکۆڵن:

ئیبراهام لنکۆڵن ساڵی ١٨٠٩ لەدایك بوەو لەساڵی ١٨٦٥دا کۆچی دوایی کردووە. ژیانی ئیبراهام سەرتاسەری جموجووڵو هەڵوەشاندنەوە بوو. هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەبناغەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی جیابوونەوەبوو. مردنیشی لەسەردەستی یەکێك لەنەوە جودایخوازەکانی باشور بوو. لنکۆڵن دیموکراسخوازێکی ڕەسەن بوو. سەرکردەی سەرکەوتنەکانی باکورییەکان بوو بەسەر باشوریەکاندا. بەڵام کوشتنەکەی ڕێگر بوو بۆ جێبەجێکردنی یەکێتی ئەمریکاو جێبەجێکردنی سیاسەتەکەی. یەکێك لەگوتە جوانەکانی ئەوەیە کە دەڵێت (من ئەوەندەم نەکردووە ببم بەکۆیلە، هەروەها ئەوەندەش ناکەم ببم بەسەروەری هیچ کەسێك.) ئەمە بۆچوونی منە بۆ دیموکراسیەت.

### ٧ –بلۆکی رۆژهەڵات:

ئەم زاراوەیـەك بەباڵای ئەو وڵاتانەدا دەبـڕێ کە بۆ دەستەبەر کردنی یەك ئامانج تێدەکۆشن. ئەم بلۆکە لەو وڵاتانە پێکهاتووە، کە بەگشتی لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خاوەنی ڕێبازێك بوون و پەیڕەوییان لەسیستمی سۆسیالیستی دەکرد. وەك یەکیەتی سۆڤیەتی جاران و ئەلبانیاو پۆڵۆنیاو چیکۆسلۆفاکیاو ڕۆمانیاو بولگاریاو هەنگاریاو ئەڵمانیای رۆژهەلات لە ئەوروپاو کۆریای باکورو ڤێتنام لەکیشوەری ئاسیاو کوبا لەکیشوەری ئەمریکا، ئەم وڵاتانە هەموو لەوڵاتانی پێکهێنەری ئەم بلۆکە بوون

### ٨ –بازاڕی ئازاد:

لەڕاستیدا ئەمڕۆ چەمکێك نیە بەو ناوەی سـەرەوە. بەڵکو ئەوەی کە هەیە بریتییە لە (ئابووری بازاڕ) نەك (بازاڕی ئازاد). ئەمەش لە ئنسکلۆپیدیای ئابووریدا بەم جۆرە پێناسە کراوە. ئەو بازاڕەیە کە تیایدا هێزی خواستن و هێزی خستنەڕوو بەشێوەی ئازاد ڕۆڵی خۆیان دەبینن بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت. چونکە (ئابووری بازاڕ) شتێکی زیاتر نییە لەتۆڕێکی گەورەی پەیوەندییە بازرگانیەکان. کە تیایدا کڕیارو فرۆشیار حەزەکانیان دیاری دەکەن لەڕێگەی میکانیزمی بازاڕەوە (خواستن‌و خستنەڕوو).

### ٩ – پلوراليزم :

زاراوەی (پولورالیزم) لەچەمکی لاتینی (pluralis) کە بەمانای (چەندیەکە) دێت وەگیراوە و بەبۆچوونێك دەگوترێ کەبڕوای بە(فرەیی و فرەچەشن بوون) لەنێوان (حزبە سیاسیەکان، کۆمەڵەکان، ئەنجوومەکان، جیاوازی بـیرورِاو بۆچوونەکان) لەهەموو بوارەکاندا هەیە. بۆیە ئەمڕۆ ئەم زاراوەیە لەبوارەکانی (سیاسی، ئابووری، کلتووری)دا کەڵکی لێوەردەگیرێ. مۆنتیسکۆ (١٦٨٩ – ١٧٥٥) نووسەرو فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی سیاسی فەرەنسی پێیوایە پلورالیزم کاتێك دەتوانێ ئاکام و دەستکەوتی

هەبێت، کە (ئەندامانی حزبەکان، کۆمەڵەکان، ئەنجوومەکان، یەکێتیەکان، ڕێکخراوەکانو سەندیکاکانو تەنانەت کەمینە ئاینیەکان) هەڵس و کەوتێکی نەرمو نیان لەگەڵ یەکتردا بکەنو ڕێز لە بیروبۆچوونی جیاوازی یەکتر بگرن. بۆیە دژی هەرجۆرە چەقبەستوویی و چڕبوونەوەیەك بوو. هەمیشە پێشنیاری دەکرد کە دەبێت داموەزگا ناحکومیەکان دڵخوازنە لەکاروباری حکومەتدا بەشداری بکەن. ئەمەش مانای وایە پلورالیزم دوژمنی کەڵەکەبووی هێز و دژی حکومەتی چەق بەستووی دیکتاتۆریە. بۆیە بەردەوام پلورالیزم داکۆکی لەفیدراڵیزم دەکاتو فرەیی دەسەڵات بەمەرجی دەستەبەربوونی ئازادی دادەنێت.

## ١٠ – پسوڵەی لێخۆشبوون:

یەکێکە لەو کارە ناشیرین و دزێوانەی کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە مەسەلەی ئاینو ئیمانداریەوە نییە. فرۆشتنی پسووڵەی لێخۆشبوون، بەخشینی بەهەشتو مەزادکردنی لەمەزادێکی ئاشکراداو لەڕێگەی قەواڵەی لێخۆشبوونەوە یەکێك بوو لەوکارانەی کڵێسای مەسیحی چاخەکانی ناوەڕاست پێی هەڵدەستا. کڵێسای مەسیحی بەڵێنی بەوکەسانە دەدا کە ئەو قەواڵانەیان دەکڕی لەگوناهو تاوانەکانیان خۆش دەبێ و لەهەموو ئەو کارە خراپانەش خۆش دەبێ کەلەئایندەدا ئەنجامی دەدەنو لەئازاری گۆڕیش ڕزگاریان دەبێ. جا ئەگەر موشتەری بوو بەخاوەنی یەکێك لەو پسووڵانەو خستیە گیرفانیەوە، ئەوا ڕێگەی پێدەدرێ هەموو شتێکی قەدەغەکراو جێبەجێ بکاتو هەموو حەرامێکی بۆ حەڵاڵ دەبێ.

## ١١ – پرۆتستانت:

یەکێکە لەمەزهەبەکانی ئاینی مەسیحیو زۆربەی شوێن کەوتووەکانی لەباکوری ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئوسترالیادان، لەسەر دەستی ڕیفۆرمخوازی ئاینی (مارتن لۆسەر) لەئەڵمانیا هاتە ئاراوە، لەسەدەی شانزەدا کڵێسای پرۆتستانت

لەکڵێسای کاسۆلیکی جیابوەوە. وشەی پڕۆتستانت مانای (نارەزایی protest) دەگەیەنێ و گرنگترین سیفەتەکانی مەزهەبی پڕۆتستانت بریتییەلە:

١ - ئیمان هێنان بەوەی تەنها کتێبی پیرۆز سەرچاوەی مەسیحیە نەك پاپاکان.

٢ - رێگەدان بەهەموو کەسێك کتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە، هەروەها ئەوکەسە هەقی ئەوەی هەیە خۆی لەکتێبی پیرۆز بگات. بەبێ پشتبەستن بە تێگەشتنی پاپای کڵێسا.

٣ - ئیعتراف نەکردن بە دەسەڵاتی پاپاو مافی غفرانو لێخۆشبوون، هەروەها ئیعتراف نەکردن بەهەندێ سرووتی کڵێسای کاسۆلیك.

٤ - هەموو کڵێسایەکی پڕۆتستانتی سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە.

٥ - مەزهەبی پڕۆتستانت، نوێژکردن بەزمانێك کەلێی تێنەگات قەدەغە دەکات، بۆیە پێیانوایە دەبێ نوێژکردن بەزمانێك بێت نوێژکەران لێی تێبگەن.

٦ - پرۆتستانت ژن نەهێنانو شوونەکردنی قەدەغەکردووە. بۆچاککردنی کڵێسا پێیان باشە قەشەکان ژن بهێنن.

## ١٢ - پاپا :

جێگری مەسیحو سەرۆکی رۆحی باڵای کڵێسای کاسۆلیکەو بەسەرۆکی کڵێسای قیبتی ئەرسۆ دۆکسیش دادەنرێت. هەروەها لەلایەنی سیاسییەوە دەسەڵاتێکی کاتی لە(ڤاتیکان) هەیە، وەکو سەرۆکی دەوڵەتێك. (ڤاتیکان دەوڵەتێکی بچووکە لەناو شاری رۆما) بەپێی بەیاننامەی (لاتران)ی نێوان پاپاو حکومەتی ئیتالیا کەسایەتیەکی نێودەولەتی پێدراوە، کە هەموو مافێکی سەرۆك دەوڵەتی هەیە لەبواری پەیوەندی بە وڵاتانی ترەوە بەتایبەتی لەکۆنگرەی سیاسی و پەیمان بەستنو دەست خستنە ناو کاروباری وڵاتانەوە.



هەواڵنامەی کتێب

## ١٣ - تۆتاليتار:

ئەم زارەوەيە لەوشەی لاتينی (Totus)وە وەگيراوە، كە بەمانای (هەموو-گشت) دێت. ئەم زاراوەيە مانای (گشتگير) بوونەو بەو ڕژێمانە دەوترێ كە (بەپێی ئايدۆلۆژيايەكی گشتگير دەست دەخەنە نێو هەموو بوارەكانی ژيانی تاك و كۆمەڵگاوەو هەوڵی ئەوەش ئەدەن ئەو ئايدۆلۆژيايە بەسەر واقيعدا بسەپێنن. واتە تۆتاليتار لەڕێی بەسياسی كردنی كۆمەڵگاوە هەموو بوارە تايبەتی و ئاساييەكانی ژيان وێران دەكات. بۆيە ئەم زاراوەيە بەو ڕژێمانە دەگوترێ كە ئەم خاسيەتانەی تيابێ .

١ -چاودێريكردنی دەوڵـەت بەسەر هەموو لايەنو كەلێنو قوژبنە ئابووریو كۆمەلآيەتيەكاندا.

٢ -قۆرخكردنی دەسەلآتی سياسی لەلايەن يەك حزبی دەسەلآتدارەوە.

٣ -نەهێشتنی هەر جۆرە چاودێرييەكی ديموكراتيانەی كۆمەڵگا، لەلايەن ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنیو ميديای ئازادەوە.

٤ -پەنابردنە بەر تيرۆرو ڕەشەكوژی لەسەركوتكردنی هەرجۆرە نەياريی و دژايەتيەكدا.

٥ -بالآ دەستی تاكە كەسێك لەهەرەمی حزبو دەوڵەتدا.

٦ -هەوڵدان بۆ دروستكردنی كۆمەڵگايەك بەپێی يەك ڕيتم و يەك ئايدۆلۆژی حزبی.

٧ -كەڵك وەرگرتن لەهەموو هێزەكانی كۆمەڵگا لەپێناو ئامانجەكانی حزبو دەوڵەتو لەنێوبردنی سەربەستی تاكدا.

بيرمەندان تۆتاليتاريان بەسەر چەپ و ڕاستدا دابەشكردووە.

لەتۆتاليتاريەتی چەپدا.. دەولـەت هەوڵی ئەوە دەدات ئەو شتانەی لەگەڵ ئايدۆلۆژيەتی دەسەلآتدا ناگونجێ لەناوی بەرێت. وەك ڕێگرتن لە مومارەسەكردنی هەموو سرووتە ئاينيەكان لەڕژێمی كۆمۆنێستيدا. بۆيە لـيرەدا دەولـەت بەناوی مەبەستێكی وا پيرۆزەوە كاردەكات كەدەبێ هەمووان مل كەچی بن. چونكە بنەماكانی ئاكار لەم سيستمە ڕەهايەدا، ڕەهاو واقيعە و ناكرێ خواستەكانی تاك لەگەڵ ڕاستيە

ڕەهاکاندا وەك یەك سەیر بکرێت. لە تۆتالیتاریەتی ڕاستدا، دەوڵـەت کۆمەڵگا بەجەستەیەك دەزانێت کەهەموو بەشەکانی بەیەکترەوە پەیوەستن‌و بەستراونەتەوە بەیەکەوەو بەهیچ شێوەیەك باوەڕیان بەبوونی هیچ جۆرە ئاراستەیەکی پێچەوانەو دژو بەرکەوتن و ململانێییەك نیەو نەفی دەکەن. لەم جۆرە ڕژێمانەدا (دەوڵەت، نەژاد، حزب) مافی ڕەهاو ڕەسەنایەتی هەیە. نەك تاك و ئازادی و مافەکان.

## ١٣ –تیۆکراسی:

لەوشەی theokratia یۆنانیەوە وەرگـیراوەو مانای حکومەتی خواوەند دەگەیەنێ. تیۆرێکی سیاسی و ئاینیەو پێیوایە تەنها حکومەتی ئاینی حکومەتێکی ڕەوایـە و یاسای بەجێ و ڕاستن، ئەو یاسایانە کە خواوەند دایڕشتوەو لەلایەن پێغەمبەرانەوە بەخەڵك ڕاگەیەنراوە. ئەم تیۆرە پێوایە ئاین و سیاسەت لەیەکتر جیانین‌و دەبێ یاساکانی ئاسمان لەسەر زەوی بەسەر خەڵکدا جێبەجێ بکرێ. واتە تیۆکراسی وڵاتێکە کە تێیدا کۆنترۆڵی دەوڵەت لەدەستی پیاوانی ئاینی دایە. باشترین نموونە بۆ تێوکراسی بریتیە لەوەی کەلەلایەن موسای عیبریەوە دامەزرێنراوەو دواتریش پیاوی ئاینی ناوداری فەرەنسی (جۆن کالڤن)و سیاسەتمەداری ئینگلیزی (ئۆلیڤەر کرۆمۆیل) هەوڵیانداوە کۆمەڵگای تیۆکراسی دابمەزرێنن. لەکۆمەڵگای موسڵماناندا سیستمی خەلیفایەتی تیۆکراسی بوو.

## ١٤ – تاکتیك:

وشەیەکی یۆنانیە بەواتای (داڕشـتن و ڕێکخستن) دێت. ئەم زاراوەیـە جگە لەبواری سیاسی و حزبی، ئەوا لەبواری سەربازی، دیپلۆماسی و تەنانەت کاروباری ئابووریشدا بەکار دەهێنرێ و بەدوو مانا کەڵکی لێوەردەگیرێ. ١– لێوەشاوەیی و هونەری فەرماندەیی لەگۆڕەپانی شەڕدا. ٢– ئەو ئامرازو گەلاڵە شیاوو بەجێیانەیە، کە بۆگەیشتن بەئامانج کەڵکیان لێوەردەگیرێ. تاکتیك بەپێچەوانەی ستراتیژ بەهەڵکشان‌و داکشانی گۆڕانکارییەکانەوە بەستراوەتەوەو بەپێی گۆڕانکاریەکان



هەولێر - کتێب

گۆڕانکاری بەسەردا دێت، واتە بەپێی پێویست دەگۆڕێ. تاکیتك بەبەشێك لەستراتیژ دادەنرێ.

## ١٥ – جیهانی سێهەم:

زاراوەی جیهانی سێهەم بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئابووریزانێکی فەرەنسی بەناوی (ئالفرێدسوی) کەڵکی لێوەگیراو بەو وڵاتانە دەگوترێ کەلەبواری ئاستی گەشەکردنەوە لەبارودۆخێکی خوارتر لە دەسەڵاتە گەورەو ناوەندەکانی جیهاندان. ئەمەش مانای وایە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا بوون و تائێستاش نەیانتوانیوە ئاسەوارەکانی ئەم دەسەڵاتە لەنێوبەرن، پێیان دەوترێ جیهانی سێهەم.

هەوالنامەی کتێب

## ١٦ –جیهانگیریی :

ئەگەرچی زاراوەی (global) مێژوییەکی چەندساڵەی هەیە. بەڵام چەندین زاراوەی وەك (globalizing, globalize, globalization) بەگشتی (دەوروبەری ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە برەویان پەیداکردووە. لەگۆڤاری (ئیکۆنۆمیست) لەرێکەوتی ١٩٥٩/٤/٤ کەڵکی لە زاراوەی (globalized guota) (پشکی جیهانی) وەرگرت. قاموسی (ڤێبستێر) یەکەمین قاموسی دەوڵەمەندبوو لەساڵی ١٩٦١دا چەندین پێناسەی بۆ زاراوەکانی globalization, globalism خستەڕوو. ئەمەش مانای وایەچەمکی جیهانی بوون بەڕادەیەك بەربڵاوە، کەپێناسەیەکی چڕوپڕی بۆ ئەو چەمکەی قورس و ئەستەم کردووە. ئێستاش ئەم پێناسەیەی لێرەدا دەیخەینەڕوو بەپێی پێناسە و ڕوانگەی چەندین تیۆریستی لێهاتووی (بەجیهانی بوون) ئامادەکراوەو. دەڵێت بەجیهانی بوون بریتیە: لەپرۆسەیەکی چڕبوونەوەی کات و شوێن، کەبۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی دنیا کەمو زۆر بەشێوەیەکی تارادەیەك وشیارانە لەناو کۆمەڵگای جیهانیدا بتوێنێتەوە. بەواتایەکی دی بەجیهانیبون بریتییە لە پرۆسەیەك کەتاك و کۆمەڵگا لەپانتایی جیهاندا پێکەوە دەبەسترێتەوە، بەلای بیرمەندێکی وەك

(ئەنتونی گیدنز)ەوە ناکرێ بەهیچ شێوەیەك بەجیهانیبون تەنیا بەدیاردەیەکی ئابووری بزانرێ. هەرچەندە کەخۆگرتنی ئابوورییەکی جیهانی بەیەکێك لەگرنگترین توخمەکانی بەجیهانیبوون دەژمێررێت. لەڕاستیدا ناوبراو لەو تیۆریستانەیە کە زیاتر لەسەر لایەنی کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکانی پرۆسەی بەجیهانیبون پێدادەگرێ.

بەلای بیرمەندانەوە بەجیهانیبون (لانی کەم لەبورای مێژوییەوە) گۆڕانێکە کە گەڕانەوەی بۆنیە، بۆیە نەك تەنها ناکرێ هەلومەرجی بەر لەقۆناغی سەرهەڵدانی بەجیهانیبون زیندووبکرێتەوە. بەڵکو ڕاگرتنی ئەو ئەو پرۆسەو تەنانەت هێورکردنەوەی خێراییەکەشی جێبەجێ ناکرێ.

## ١٧ – جان جاك رۆسۆ ( ١٧١٢– ١٧٧٨):

فەیلەسوف و تیۆریستی سیاسی نێوداری فەرەنسایەو نووسینەکانی بەیەکێك لەهۆیەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا دادەنرێت. لە٢٨ی حوزەیرانی ١٧١٢ لەژنێڤ لەدایك بووەو لەتەموزی ١٧٧٨ لەئێرمۆنڤێلی فەرەنسا مـردووە. باوکی سەعاتچی بووە، باپیری ڕەوکردوویەکی فەرەنسایی پرۆتستانت بووە. ناوی ئیسحاق بووەو کچێکی خەڵکی ژنێڤی هێناوە کە ناوی (سۆزان بێرنار) بووەو بەسەر (ڕۆسۆ)وە ڕۆشتووە. ڕۆسۆ نوێنەری باڵی چەپی لایەنگرانی ڕۆشنگەریی فەرەنسییە. وەکو فەیلەسوفو زانای سۆسۆلۆژیاو زانای ئیستاتیکا ناسراوەو یەکێکیشە لەگرنگترین تیۆریستانی بواری پەروەردە. بانگەشەی کردووە بۆ باوەڕبوون بەیەزدانو نکولیکردن لەسروشت. نووسینە سەرەکیەکانی بریتین لە (وتارێك دەربارەی نایەکسانێتی لەنێوان مرۆڤەکاندا ١٧٥٥، پەیمانی کۆمەڵایەتی١٧٦٢، ئەمیل ١٧٦٢).

## ١٨ – چاکسازیی (ڕیفۆرم)

ڕیفۆرم بەمانای کاری چارەسەریانەیە، کەبۆ گۆڕانکاری لەڕووکاری ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەکـرێ. چاکسازیی بۆ بەهێزکردنی توانا جیاوازەکانی دەوڵەتە لەمەسەلەی کۆکردنەوەو دابەشکردنی سەرچاوە جیاوازەکان.

بۆیە سەركەوتنی پرۆسەی چاكسازی پێویستی بەهاوكاری بەشە سەرەكییەكانی هێزە نەیار و ئۆپۆزسیۆنو ریفۆرم خوازەكانی دەرەوەی چوارچێوەی دەسەلاتیش هەیە. ئەمەش مانای وایە ریفۆرم لە سیستمە دیموكراتیەكاندا كارێكی ئاسایی و سەقامگیریی‌و كارامەیی زیاتر بەسیستمەكە دەبەخشن و بەپێچەوانەی ریفۆرم لە سیستم نەرێتی‌و سیستمە ئایدۆلۆژیەكاندا. چونكە لەو جۆرە سیستمانەدا ریفۆرم بەچوونەدەرەوە لەپرۆسەی ئاسایی سیاسی دەژمێررێت.

## ١٩ – چین :

بەو كۆمەڵە خەڵكە دەوترێت، كە بەپێی جێگاو شوێنیان لەسیستمی بەرهەم هێنانداو بەپێی پەیوەندیەكانیان لەگەڵ هۆیەكانی بەرهەم هێناندا دیاری دەكرێت.

## ٢٠ – حزب :

رێكخراوێكی سیاسیە، كەهاوبیرانو لایەنگرانی ئایدیایەك بەویستی ئارەزوومەندانەی خۆیان كۆدەبنەوەو ئاسایشە كە ئەو كەسانە وشیارترین كەسەكانی چینێك یان توێژێكی كۆمەلایەتی بن و خاوەنی بەرژەوەندی هاوبەش بن و لەو حزبەدا لەدەوری یەك كۆببنەوە. حزب وەك دیاردەیەكی مۆدێرن مێژویەكی هێندە دێرینی نیە، بگرە مێژووكەی لە ٢٠٠ ساڵ تێپەر ناكات. لەم رووەوە (مۆریس دیڤرجیە) دەڵێت: تاساڵی ١٨٥٠ جگە لە ویلاتەیەكگرتوەكانی ئەمریكا. هیچ وڵاتێك پارتە رامیاریەكانی بەمانای هاوچەرخی ئەو وشە نەزانیوە. هەرچەندە لەكۆندا جیاوازی بیرورا هەبووەو هەروەها یانەی میللی‌و گروپی فیكری‌و پەرلەمانیەكان هەبوون. بەلام ئەمانە بەمانا راستیەكەی هیچیان (حزب) نەبوون.

## ٢١ –دەوڵەتی یاسا:

چەمكی (دەوڵـەتـی یاسا) دەرئەنجامی بۆچوونە نەرێتیەكانی ئەڵمانی و سویسریەكانە, (فرێدریش یۆلۆس شتاڵ) كە سیاسەتمەدارێكی كۆنزەرڤاتیڤی ئەڵمانیە



هەواڵنامەی كتێب

لەسەر ئەو باوەڕەیە، دەوڵـەت دەبێ سنووری کاری خۆی و شوێنی جموجوڵو چالاکی هاولاْتیان بەشێوەیەکی یاسایی دەستنیشان بکاتو بەشێوەیەکی توندوتۆڵ پارێزگاریان لێ بکات. تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی دەوڵەتی یاسا بریتیە لە.

١ –بوونی دەستوورێك کەدابەش بوونی هێزەکانو سەلاحیەتەکانی تیا روونکرابێتەوە.

٢ –دیاریکردنی مافە ئـازادیو کۆمەڵایەتیەکانی هاووڵاتیان لەدەستووردا، کەدەبنە بنەما بۆ دارشتنی یاسای نوێ.

ئەمەش مانای وایە دەوڵەتی یاسا بنەمایەکی دەستوورییەو لەناو وڵاتە لیبراڵەکاندا رێزی لێدەگیرێ و بریتیە لەو بنەمایەی کە دەبێ یاسا حوکم بکات تیایداو هەموو هاووڵاتیان کاری تیا بکەنو بەدەر لەوچوارچێوەیە نە(هاووڵاتی تایبەت)و نە(بەرپرسی حکومی) تایبەت بۆیان نیە هەنگاوبنێن.

## ٢٢ – دەسەڵات:

لەچەمکە بنەڕەتیەکانی زانستی سیاسەتە، بەتوانایی کەسێك بۆ ناچارکردنی کەسانی دیکە دەگوترێ، کەمل بـۆداواکـاریو ویستی ئەو دانەوێنن. ئەوکەسە بۆگەیشتن بەمەبەستی خۆی لەهەموو شێوازەکان کەڵك وەردەگرێ. ئەمەش مانای وایە، دەسەڵات کۆمەڵە هۆکارێکی زۆرە ملێ و نازۆرەملێیانەیە، کە حکومەتەکان بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارە تایبەتیەکانی خۆی هەیانەو بەکاری دەبەن. لەفەرهەنگی سیاسیدا دەسـەڵات بەگرنگترین چەمکی بەپێزی سیاسەت و زانستی سیاسەت دادەنرێت. بۆیە لەو پانتاییەدا هەرتوخمێك هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات نەدات. ئەوا بەسیاسی ناژمێررێت.

## ٢٣ –دەوڵەت:

ئەم زاراوەیـە کە هاوتا ئینگلیزیەکەی (state) و لاتنیەکەی (status)ە لەچەمکی (stare) بەواتای ڕاوەستاو وەرگـیراوە. دەوڵـەت لەمانا فراوانەکەیدا



هەواڵنامەی دیپلۆماسی

بریتیە لەکۆمەڵگایەك، کە دەسەڵاتی سیاسی بەپێی دەستوور دیاریکراوە. وە لەمانا بەرتەسکەکەیدا دەوڵەت بریتیە لەدەسەڵاتێك کەچارەنووسی کۆمەڵگایەکی لەبەردەست دایەو لەمانای گشتیشدا دەوڵەت بەواتای کۆمەڵێك ڕێکخراوی بەڕێوەبەرییە کەدەسەڵاتی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگایان پێسپێراوە. ئەمەش مانای وایە زاراوەی دەوڵەت دەکرێ بەکاربهێنرێ بۆ ئاماژەکردن بەکۆمەڵێك شتی لێڵ و شاراوە. وەك (کۆمەڵێك دامودەزگا، یەکەیەکی هەرێمی، کیانێکی مێژوویی، ئایدیایەکی فەلسەفیو هتد...) لەزمانی ڕۆژانەدا زۆرجار دەوڵەت لەگەڵ حکومەت تێکەڵ دەکرێ و هەردوو زاراوەکە لەبری یەکتر بەکاردەهێنرێن. کە لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیە، هەرچەندە فۆرمی حکومەت هەمیشە لەدەوڵەتدا وجوودی هەیە. بەڵام دەوڵەت لەفۆرمە مۆدێرنەکەیدا تاسەدەی ١٥ پەیدانەبووبوو. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان دەوڵەتو حکومەت زۆر ئاڵۆزە. چونکە حکومەت بەشێکە لە دەوڵەت و لەهەندێك ڕووەوە بگرە گرنگترین بەشی دەوڵەتیشە. دەوڵەت بەمانای یەکەم بەگشتی لە سێ کۆڵەکەی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە ١- شوێنی جوگرافی. ٢-حەشیمەت. ٣-سەروەری.

**١ - شوێنی جوگرافی:** شوێنی جوگرافی دەوڵەتێك بریتیە لەچوارچێوەیەك لە(زەوی، دەریا، ئاسمان) کە دەوڵەتێك دەسەڵاتی خۆی تێدا بەڕێوەدەبات. هەبوونی شوێنی جوگرافی بەمەرجی سەرەکی پێکهێنانی دەوڵەت دەژمێرێ. دیارە دەوڵەتێك دەتوانێ بەشێك لەجوگرافیای خۆی بدات بەدەوڵەتێکی دی، یان پێی بفرۆشێ، یان بەکرێی بدات، زۆرجار دەوڵەتێکی تێکشاو لەشەڕدا لەکاتی گرێبەستی ئاشتیدا بەشێك لەخاکی خۆی بەدەوڵەتی بەرامبەر دەبەخشێ و ئەو بەشە بەخاکی دەوڵەتی سەرکەتووە وە دەلکێنرێت. یان ڕەنگە بەهۆی شۆڕشو ڕاپەرینەوە بەشێك لەخاکی دەوڵەتێك جیابێتەوەو ببێت بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەلژیکا ساڵی ١٨٣٠ لەهۆڵەندا جیابووەوە یۆنانیش لەساڵی ١٨٢٩ لە دەوڵەتی عوسمانی جیابووەوە. دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەتوانێ بەشێك لەخاکی خۆی بەدەوڵەتێکی تر بفرۆشێ. وەك فرۆشتنی ناوچەی ئالاسکا لەلایەن ڕوسیای تزاریەوە بەئەمریکا لەساڵی ١٨٧٦دا بەنرخی ٧,٢٠٠,٠٠٠ دۆلار، یان فرۆشتنی دوورگەکانی (ماریان، کارۆلیناو مارشاڵ) لەلایەن

ئیسپانیاوە بەئەڵمانیا. لەمێژووی رابـردووی جیهاندا سەبارەت بەکرێدانی بەشێك لەخاکی دەوڵەتێك بەدەوڵەتێکی تر نموونەی بەرچاو هەیە. دەوڵەتی چین لەساڵی ١٨٩٨دا (بەندەری کیاچۆن)ی بە ئەڵمانیاو (پێرت ئارتوور)ی بەروسیاو (بەندەری هۆنگ کۆنگ) و ناوچەی (کودانگ چوان)ی بەفەرەنسا بەکرێدا. تەنانەت رەنگە دوو دەوڵەت بەشێك لەخاکی خۆیان بگۆرنەوە. بۆ وێنە لەساڵی ١٨٩٠دا بەریتانیا دورگەی (هیلگۆلەند) لەدەریای باکوری بەدەوڵەتی ئەڵمانیا بەخشی و لەبەرامبەردا بوو بەخاوەنی بەشێك لەکۆلۆنیەکانی ئەڵمانیا لەلێوارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا. دەوڵەتی ئێرانیش بەپێی رێکەوتنی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ هەندێك لەناوچە سنووریەکانی خۆی بۆ دەوڵەتی تورکیا گواستەوەو لەبەرامبەردا بەشێك لەناوچەکانی دەوڵەتی تورکیای بەدەستهێنا.

**٢ - حەشیمەت**

حەشیمەت بریتیە لەهەموو ئەو کەسانەی کە لەوڵاتێکدا نیشتەجێن. ئەمەش مانای وایە هاووڵاتیە بیانییەکان نیشتەجێی وڵاتێك بە بەشێك لەحەشیمەتی ئەو وڵاتە دەژمێردرێن‌و لەژێر سیستمێکی یاسای تایبەتیدا. حەشیمەتی وڵاتێك رەنگە لەچەندین توخم پێك بێت. کە لەبواری (رەگـەز و زمان و ئاین‌و مەزهەب‌و شارستانیەت) جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەبێت. وەك ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە لەتوخمەکانی (تورك، عەرەب، سلاڤی، ئەرمەن و هتد) پێکهاتبوو. یان دەوڵەتی نەمسا – هەنگاریا لەتوخمە جۆراوجۆرەکانی (ئەڵمانی،مەجەری، چیك، سیرب، کروات،سلۆن،تورك‌و هتد..)پێکدەهات‌و دەوڵەتی روسیای تزاری (سۆڤیەت)یش لەتوخمە جۆراوجۆرەکانی (سلاڤی و یۆکەندی‌و تاتارو گورجی‌و ئەرمەنی‌و هتد...) پێك دەهات.

## ٢٤ - راسیزم:

لەوشەی (راس – race) کەبەمانای (رەگەز) دێت وەرگیراوە. رەگەزپەرستی تیۆرێکی دژە زانستی و کۆنەپەرستانەیە. چونکە بروای بە (نایەکسانی) نێوان رەگـەزەکـان لەبواری توانایی‌و هێزی بیرکردنەوەدا هەیە. گوایە سروشت هەر

لەسەرەتاوە ئەم ڕەگەزانەی بەناپەكسانی دروستكردووە. (هیتلەر و مۆسۆلینی) دوو نمونەی هەرە دیاری ڕەگەز پەرستین، كەلەژێر دەمامكی مرۆڤی باڵا و مرۆڤی نزمدا ملیۆنان كەسیان كوشت.

## ٢٥ - ڕادیكاڵ:

ڕادیكالیزم لەزاراوەی لاتینی Lcis,Radix وەرگیراوە، كەبەمانای (بنچو بنەوان) دێت. ئەم زاراوەیە بەواتای باو بەلایەنگریكردن لەئاڵوگۆڕە بنەڕەتیەكان دەگوترێ. ڕادیكالیزم بۆ یەكەمجار لەوڵاتی بەریتانیا لەلایەن (شارلز فۆكس ١٧٤٩ - ١٨٠٦) ڕێبەری حزبی ڤیگ هاتە ئاراوەو بە ئەندامی ئەو حزبە ئەوترا كەخوازیاری چاكسازی بنەڕەتیی بوون لەپەرلەمانو ئایندا و پشتیوانیان لەپرۆتستانتیزم دەكرد. ئەمرۆ ڕادیكالیزم هەموو ئەو بیروبۆچوونو كردەیەكی سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە، كەخوازیاری ئاڵوگۆڕی خێراو (بنەڕەتین) لەدام و دەزگاو ڕێكخراوەییو كۆمەڵایەتیەكاندا.

## ٢٦ - سەروەریی:

سەروەریی بەدەسەڵاتی سەربەخۆی دەوڵەتێك بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتەكەی خۆی دەگوترێ. كەدەبێ ئەم مەرجانەی تیابێ:

١ - خاوەنی هێزی مادیی پیادەكردنی سەروەریی بێ. وەك (هێزەچەكدارەكان، ڕێكخراوەسیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتیەكان) دیارە دەوڵەتی ڤاتیكان لێرەدا حاڵەتێكی جیایە.

٢ - دەبێت هەمیشەیی و ڕێكو پێك بێت.

ج- دەبێ لەبورای ئیدارەی كاروباری ناوخۆییو دەرەكی سەربەخۆبێ.

## ٢٧ - زانستی سیاسەت:

بریتیە لەلێكۆڵینەوەی سیستماتیكانەی سیاسەت و گوزراشتكردن لەسیاسەت.



هەواڵنامەی كتێب

سیاسەتیش بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەیەکە کە گەلو دەزگاکانی مومارەسەی دەسەڵات دەکەنو بەربەرەکانیشی دەکەن. ئەمەش مانای وایە زانستی سیاسەت بەواتا بچووکەکەی بواری سیستمی سیاسی وەیاخود حکومەتو دامەزراوە حکومەتیو سیاسەتەکانو کارەکانیانو هەروەها شێوەو شێوازی بەکارهێنانی دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا دەگرێتەوە. بەڵام لەواتا گەورەکەیدا ئەم لایەنانە دەگرێتەوە.

- ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، دامەزراوەکانی حکومەت.
- دەسەڵات لەواتا گشتیو کۆمەڵایەتیەکەیدا.
- بەردەوام بوونو فەوتانو لەناوچوونی حکومەتەکان.
- رەفتارو هەڵسوکەوتی سیاسیانەی تاکو کۆ.
- دامەزراوە سیاسیە نادەوڵەتیەکانی وەك رێکخراوەکان و گروپە بەهێزەکان.
- پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتان.

بەکورتی زانستی سیاسەت لەرووی مێژوییەوە هەرچەندە لەدایك بووی سەدەی بیستەمە. بەڵام لەبنەڕەتدا ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە سەر پرۆسەی ئەزموونگەری سەدەی حەڤدەهەم، بەشێوەیەکی گشتی تەجریبیەو هەوڵی باسکردن و شیکردنەوەو لێکدانەوەی حکومەتو دامەزراوە سیاسیەکانی تر ئەدات بەشێوەیەکی یەکسانو ورد.

## ٢٨ – سۆسیالیزم:

سۆسیالیزم لەوشەی (Sacial) لەفەرەنسیەوە وەرگیراوە، کە مانای (دەستە جەمعی) دەگرێتەوە. ئەم زارەوەیە لەگەڵێك فەرهەنگدا بەدی ئەکرێ، بەتایبەتی لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیدا. ئەویش ئەو مانایە دەگرێتەوە. کە(سۆسیالیزم، تیۆرێکە ئەیەوێ خاوەندارێتی دەستەجەمعی بهێنێتە ئاراوە، واتە کۆمەڵ ببێتە

خاوەنی هۆیەكانی بەرهەم هێنان نەك دەستەو تاقمە و چینێك). زاراوەی سۆسیالیزم یەكەمجار لەساڵی ١٨٢٧دا بەلایەنگرانی (ڕۆبرت ئۆین– ١٧٧١– ١٨٥٨)یان دەوت. كە سۆسیالیستێكی ئینگلیزی بوو. وەلەساڵی ١٨٣٢ دا لەبلاْوكراوەی ئۆرگانی لایەنگرانی (سان سیمۆندا ١٧٦٠– ١٨٢٥) كەسۆسیالیستێكی فەرەنسی بوو بەمانای بیروباوەڕی (سان سیمۆن) وتراوە دواتریش لكێنرا بەتیوریەكانی فەیلەسوفی ئەڵمانی (كارل ماركس ١٨١٨ – ١٨٨٣) بەناوی سۆسیالیزمی زانستی. ئەم زاراوەیە لەبەر ڕۆشنایی دونیابینی ماركسیزمداو بەپێی ئەو ڕیزبەندیەی كە ماتریالیزمی مێژوویی لەقۆناغەكانی گۆڕانكاریی كۆمەڵدا دیاری كردووە جێگای سیستمی سەرمایەداریی دەگرێتەوە. بەكورتی پێناسەی چڕوپڕی ئەم زاراوەیە ئەوەیە ((لەم سیستمەدا ئابووری وڵات لەسەر بنچینەی خاوەندارێتی بەكۆمەڵی هۆیەكانی بەرهەم هێنان دامەزراوە)) سۆسیالیزم لەنێوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لەبەریتانیاو فەرەنسا بۆ دیاریكردنی ڕەوتێ كە لەئاكامی شۆڕشی پیشەسازیو ئاڵوگۆڕە سیاسیو ئابوورییەكاندا پێكهاتبوو هاتە ئاراوە. بەبڕوای (كارل ماركس ١٨١٨ – ١٨٨٣ ) سۆسیالیزم پێویستی بەشیكردنەوەی زانستیانەی كۆمەڵگاو بارودۆخی ئابووریو تەكنیكی كۆمەڵگا هەیە كە ڕاستیەكانی كۆمەڵگا ڕوون ببنەوە. تا ئەو یاسایانە بناسین كە بەسەر كۆمەڵگادا زاڵن. بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر پارادۆكسەكانی سەرمایەداریدا زاڵ بین. بەڕای ئەم بیرمەندە لەكۆمەڵگای سۆسیالیستیدا پەیوەندیەكانی بەرهەم هێنان كە پەیوەندییەكی دەستە جەمعیانەی هەیە لەگەڵ خاسیەتی هێزە بەرهەم هێنەرەكاندا وەك یەكن واتە هاوشانن. ئەم هاوشانیەش ئەبێتە هۆی هەرە بنچینەیی بەخێرایی گەشەكردنو بەردەوامی ئابووری، لەفەرهەنگی سیاسیدا هەرچۆن پێناسەی جۆاوجۆ بۆ ئەم زاراوەیە كراوە، بەوچەشنەش چەندین جۆری سۆسیالیزم هەیە. وەك سۆسیالیزمی خەیاڵی، سۆسیالیزمی زانستی، سۆسیال دیموكرات، سۆسیالیزمی مەسیحی، سۆسیالیزمی فابیو سۆسیالیزمی نەتەوەیی... هتد.

## ٢٩ – شۆڕش :

زاراوه‌ی (revolution) لــه‌زاراوه‌ی فه‌ره‌نسی (revolution) که‌ئه‌ویش له‌وشه‌ی لاتینی (revolution–on) و سه‌چاوه‌ی (revoluere) وه‌گیراوه، که ئه‌م زاراوه‌یه له‌بنچینه‌دا له‌زاراوه‌كانی ئه‌ستێره‌ناسیه‌وه مانا ڕوون و لاتینه‌كه‌ی خۆی پاراستووه. كه ڕاشكاوانه ئاماژه‌یه به‌جوڵه‌یه‌كی (دووباره) و (خولانه‌وه) له زانستی ئه‌ستێره ناسیدا، به‌ڵام ئه‌م زاراوه‌یه بۆیه‌كه‌م جار له‌سه‌ده‌ی (١٧)دا وه‌ك زاراوه‌یه‌كی سیاسی كه‌ڵكی لێوه‌گیراوه. ئه‌ویش به‌و مانایه‌ی كه شۆڕش بریتیه له‌ڕوخانی ته‌واوه‌تی حكومه‌تێك له‌هه‌ر ولات یان ده‌وڵه‌تێك و دانانی ده‌سه‌ڵاتدار یان ده‌وڵه‌تێكی نوێ له‌جێگاكه‌ی له‌ڕێگای توندوتیژییه‌وه. هه‌رچه‌نده بیرمه‌ندانی زانستی سیاسی پێیانوایه ئه‌م زاراوه‌یه چه‌ندین پێناسه‌و ناسنامه‌ی جۆراوجۆری هه‌یه، كه هه‌ركه‌سه‌و به‌پێی دونیابینی خۆی ڕاڤه‌ی كردووه. بۆنموونه پێناسه‌ی زاراوه‌ی شۆڕش لای ماركسیسته‌كان جیایه له پێناسه‌ی شۆڕش لای هه‌ریه‌كه له‌بیرمه‌ندانی قوتابخانه‌ی لیبرالیزم یان كۆنزه‌رڤاتیزم. بۆیه هه‌رچۆن ماركسیسته‌كان پێیانوایه ئه‌بێ شۆڕش ئامانجی سه‌ره‌كی و بنه‌ڕه‌تی خۆی له‌گۆڕانكارییه ئابووریه‌كاندا بدۆزێته‌وه. ئاوه‌هاش به‌لای بیرمه‌ندانی قوتابخانه‌ی واقیعه‌وه كارنامه‌ی بنه‌ڕه‌تی شۆڕش بریتیه له‌گۆڕینی گروپی ده‌سه‌ڵاتدار به‌نوخبه‌ی سیاسی. چونكه ئه‌م قوتابخانه‌یه كۆمه‌ڵگای دابه‌شكردوه به‌سه‌ر نوخبه‌و خه‌ڵكه ساده‌كاندا، بۆیه پێیوایه ڕه‌نگه نوخبه‌كان له‌كۆمه‌ڵگادا جێی سروشتی خۆیان نه‌گرتبێ و نه‌چووبنه نێو پێكهاته‌ی ده‌سه‌ڵاته‌وه. بۆیه له‌وكاته‌دا شۆڕش ڕووده‌دات. له‌كاتێكدا ئه‌م چه‌مكه لای هه‌ندێ له‌بیرمه‌نده موحافیزكاره‌كان مانایه‌كی دیكه‌ی هه‌یه و بگره زۆربه‌یان پێیانوایه ڕوودانــی شۆڕش ده‌ره‌نجامی باوبوونی (السائد) خه‌یاڵ پلاوییه‌كه سه‌باره‌ت به‌توانای هێنانه‌كایه‌و به‌دیهێنانی كۆمه‌ڵگایه‌كی ئه‌فسانه‌یی.

### ٣٠ – عەلمانی – لائیک – :

ئەم زاراوەیە لەسەرچاوەی لاتینی (Laicus) کەمانای (شتێك کەهی خوایە) وەرگیراوە. وە بەکەسێك دەوترێ کەهیچ پلەوپایەیەکی لەهەرەمی کڵێسادا نیەو لەلایەن کڵێساوە هیچ ئەرکێکی ئایینی پێنەسپێرابێت. عەلمانیەت ئێستاکە بەرێبازێك دەگوترێ، کە دەیەوێ دامەزراوەو دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان لەژێر دەسەڵاتی ئاین رزگاربکات. عەلمانیەت لەرووی مێژوییەوە بزووتنەوەیەك بوو دژی کۆتو بەندی ئاینی و پشکنینی بیروڕاکان لەسەردەمی ڕێنیسانسدا کە لەئەوروپا سەری هەڵدا. ئامانجی عەلمانیەت دژایەتیکردنی هەریەکە لەو ماف و ئیمتیازانە بوو کە بەرپرسە ئاینییەکانی کڵێسا لەسەدەکانی ناوەراستدا بەخاوەن زەوی و زارە گەورەکانو دەوڵەمەندە ئەریستۆکراتەکانی بەخشیبوو. فەرهەنگی (رۆبیر) عەلمانیەت بەمجۆرە پێناسە دەکات (چەمکێکی سیاسیە دەخوازێت کۆمەڵگای مەدەنی لەکۆمەڵگای سیاسی جیابکاتەوە بەجۆرێك دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی ئاینی نەبێتو ئاینیش خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی نەبێت). دیارە ئەم زاراوەیە وەك زۆرێکی دی لەچەمکە فەلسەفیەکان چەندین جۆری جوداو چەندین مانا و پێناسەی جودای هەیە. بۆ نموونە پراکتیکی کردنی عەلمانیەت لە سیستمە دیموکراتو لیبراڵەکاندا جیایە لەسیستمە تۆتالیتارو شمولیەکاندا. ئەمەش مانای وایە عەلمانیەت هەرچۆن لەسیستمێکی کۆمۆنیستیدا تەنها مانای جیاکردنەوەی ئاین نییە لەدەوڵەت، بەڵکو دژایەتیکردنو نەفیکردنی هەموو ئاینو سرووتە ئاینیەکانیشە. ئەوا بـەردەوام لەهەوڵی کوشتنی ئەو مەیلەیشدایە گەر هەرتاکێکی کۆمەڵگا بیەوێ پراکتیکی بکات. دیارە ئەم رووەی عەلمانیەت لەفەرهەنگی سیاسیدا بە(عەلمانیەتی ئیلحادی) ناسراوە. کەچی ئەم چەمکە لەسیستمە دیموکراتو لیبراڵەکاندا ماناو جێگایەکی تری هەیە. ئەویش بریتیە لەوەی کە هەر تاکێکی کۆمەڵگا بەهەر دەنگو بەهەر رەنگێکی جودا، بۆی هەیە بەوپەری ئازادیەوە مومارەسەی هەموو ئەو سرووتە ئاینیانە بکات کەخۆی باوەری پێیەتی، بەبێ ئەوەی دەوڵەت هیچ جۆرە فشارو دەخالەتێکی زۆرە مڵییانەی تیا هەبێ. ئەمەش مانای وایە عەلمانیەت

بەمانا تەندروستو زانستیەکەی ئەرکو ئامانجی دژایەتیکردنی هیچ سرووتێکی ئایینی نیەو بەپێچەوانەوە لەو دەوڵەتانەی کە دەستوور بەچەمکی عەلمانیەت متووربەکراوە هەموو ئاینو سرووتێکی ئاینی ئازادو ڕێگەپێدراون. چونکە عەلمانیەت دابڕان نیە لەئاین بەمانای کاری شەخسیو تاکە کەسی هەر کەسێك، هێندەی ئەوەی دابڕانە لەدەولەتی تێوکراتیو دابڕانە لەگەڵ دەوڵەتی ئاینی و لەگەڵ دەوڵەتی خەلیفە کەتەنها مەگەر بەمردن لەسەر کار لابرێن دابڕانە لەگەڵ دەوڵەتی میرازکردنی مەی خۆر و بڕینی دەستی ئەوانەی کەدزی دەکەنو بەردبارانکردنی ئەوانەی پەیوەندی ناشەرعی - بەپێی پرانسیپە ئاینییەکان- دەکەنو دابڕانە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە حەڵاڵکردنی خوێنی بیریارو ئازادیخوازەکان حەڵاڵ دەکات بەناوی هەڵگەڕانەوە -مرتد- لەئاین. دابڕانە لەو دەوڵەتانەی بەناوی شەریعەتەوە مافی ژنان پێشێل دەکەن و هاووڵاتی غەیرە موسڵمان دەچەوسێننەوەو بەناوی یاساکانی سەدەی ناوەڕاستەوە (گرافیكو وێنەکێشانو پەیکەرسازیی و شیعرو گۆرانیو توێژینەوەی زانستی قەدەغە دەکەن) دابڕانە لەگەڵ ئەو کەلتوورەی کەڕشتنی خوێنی خەڵکی بێتاوان حەڵاڵ دەکاتو کوشتنی کۆرپە لەسکی ژنانی جولەکەدا بەڕەوا دەزانێت. وەك ((یوسف قەرزاوی)) لەفتوایەکیدا دەڵێت.

### ٣١ -کۆمۆنیزم:

چەمکێك، یاخود سیستمێکی کۆمەڵگایە، کەتیایدا کۆمەڵگا خاوەنی یەکەمی سەرچاوە سەرەکییەکانی بەرهەم هێنان و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە. لەڕووی تیۆریەوە ئەم سیستمە بەشی یەکسان بۆ ئەندامەکانی دابین دەکات بۆ هەریەکێك بەپێی تواناو بۆ هەریەکێك بەپێی پێویست. لەهەندێ بۆچوونی کۆمۆنیزمیدا بەتایبەتی لای مارکسیستەکان دەوڵـەت سودێکی ئەوتۆی نیە. بۆیە پێیانوایە لەکۆمەڵگای کۆمۆنیزمدا لەدواجاردا دەوڵەت بوونی نامێنێت. لەڕووی مێژووییەوە یەکەمجار کۆمۆنیزم وەك پێکهاتەیەکی سیاسی لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لەڕوسیا سەری هەڵداو خۆی بەدەوڵەتی چینی کرێکار ناوزەد دەکردو ڕابەری



هەواڵەی کتێب

ئەو شۆڕشە (لینین ١٨٧٠- ١٩٢٤)بوو، کە هەڵوەشاندنەوەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەمــی ڕاگەیاندو ئەنتەرناسیۆنالیزمی سێهەم یان کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی (کۆمێنترن)ی دامەزراند.

## ٣٢ -کەمینەکان:

بەتاقمێك دەوترێت. کەخاوەنی کلتوورو داب و نەریتو ئاینێکی جیا لەکلتوورو ئاینی خەڵکی ئەو ولاتەبن کە تێیدا دەژین.

## ٣٣ - کۆنزەرڤاتیڤ:

ئەم زاراوەیــە لە وشەی (کونسروا)ی ئینگیزییەوە وەرگــیراوە. کە بەمانای (کۆنەپارێز) دێت. بەو کەسانە دەوترێت لەکۆمەڵو دەوڵەتدا ڕێزی هەموو یاساو نەریتێکی ڕابردوو ئەگرنو هەوڵی مانەوەی ئەدەن. ئەم ڕێبازە لەسیاسەتی بەریتانیا ڕیشەیەکی دێرینی هەیە و یەکەمجار لەساڵی ١٨٣٠-١٨٤٠ ناوی (کۆنسرواتیو) لەبەریتانیا هات. لەو کاتەوە ئەم وشەیە جێگای تیۆرییەکی مێژوویی گرتۆتەوە. لەسیستمی سیاسی بەریتانیادا حزبی موحافزین یەکێك بوە لە حزبە گەورە دەرکەوتووەکانی ولات و گەلی گەورەپیاوانو زانای ئەو ولاتە کاریان تیاکردووە.

## ٣٤ - گەندەڵیی:

هەرچەندە تا ئەمرۆ بیرمەندانی بواری سۆسیۆلۆژی سیاسی لەسەر یەك پێناسەی فەرمی ڕێك نەکەوتوون کەبیبڕن بەبالای ئەم زاراوەیەدا. بەلام دەکرێ ئەم چەند دێرە خاڵی هاوبەشو ناوکۆیی نێوان هەموو پێناسەکانی (گەندەڵی) بێت. گەندەڵی واتە خراپ بەکارهێنانی دەسەلات بۆهێنانەدی دەستکەوتی تایبەتی و هاوکات ڕەفتارێکی بیرۆکراتیانەی چەوتە، کە ئامانجی تەنها قازانجی خودیە بەشێوازێکی نایاساییو ناڕەوا. ئەمەش مانای بەکارهێنانی (پلە کاری) حکومیە بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی

تایبەت. هینتنگتۆن Hintington سەبارەت بەگەندەڵی دەڵێت: یەکێکە لەو پێوانانەی پێواری دامەزراوەیی سیاسی کارامەی پێدەپێورێ. بۆیە گەندەڵی تەنیا بەری لادان نیە لەشێوازەکانی ڕەفتاری قبوڵ کراو، بەڵکو ئەنجامی لادانی خودی نەریت و بەهاکانە لەشێوازە ڕەفتارە دامەزراوەو باوەکان. بەکورتی گەندەڵی مانای خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ هێنانەدی ئامانجی مادیی سوودبەخش لەکاتی پێواری دامەزراوی سیاسی کاراو لاوازی لێهاتووی چاودێکردنی کۆمەڵگای شارستانی. ئەمە وێڕای سەرپێچیکردنی ئاشکرای یاساکانو پێشێلکردنی سیستمی بەهاو پێوانە ئەخلاقییەکان، هێماکردنە بۆ تاوانەکانی. بازرگانیکردنی بەکاری گشتیەوە و دەستدرێژی کردنە بۆسەر دارایی گشتی.

### ٣٥ - لیبراڵ:

ئەم زاراوەیە لەسەرچاوەی لاتینی (liber) وەرگیراوە. کەواتای (ئازادی) دەگەیەنێ. تیۆرێکە داکۆکی لەپاراستنی ئازادی لەبەرامبەر دام ودەزگایەك دەکات، کە هەرەشە لەئازادی مرۆڤ دەکەن. چەمکی سەرەکی لیبرالیزم بریتیە لەئازادی هاووڵاتیان لەژێر ڕکێفی حکومەتێکی سنووردارکراو بەیاسا. وەئامانجی سەرەکی خەبات کردنە دژی دەسەڵاتی ڕەهاو دیکتاتۆر. سەرەتا لیبرالیزم دژ بەحکومەتی ڕەهای کڵێسا لەخۆرئاواو پاشانیش دژ بەحکومەتی ڕەهای پاشاکان وەستا. لەجێگەی دەسەڵاتی ڕەها دەسەڵاتی سنووردارو مەرجداری کردە بەدیلو لە شوێنی دەسەڵاتی چەق بەستووی دیکتاتۆریانە دەسەڵاتی یاسایی هێنایە کایەوە. ئەمەش مانای وایە (یاساگەرایی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان. مافەکانی مرۆڤ، حکومەتی دامەزراوە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی) بەبنەماکانی لیبرالیزم دەژمێردرێت.

### ٣٦ - یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەت

ئەم زاراوەیە کە ناوە تەواوەکەی بریتیە لە (یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیست) بە وڵاتێك دەگوترێ کە لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧

لەسەردەستی (لینین) دامەزرا و لەڕێکەوتی ٢٥ کانوونی یەکەمی ١٩٩١ بەرەسمی هەڵوەشایەوە. کۆمارەکانی بەسەر ١٥ وڵاتدا دابەش بوو بوون. بەڵام ئەو وڵاتانە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت سەربەخۆ بوون و بوونە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کەبریتی بوون لە.

١ – ئازەربایجان ٢–ئەرمەنستان. ٣–ئۆزبەکستان. ٤–ستۆنیا ٥–ئۆکرانیا. ٦–تاجیکستان. ٧– تورکمەنستان. ٨–(فیدراسیۆنی) ڕوسیا. ٩–بیلا ڕوس. ١٠–قەرقیزستان. ١١–کازاخستان. ١٢–گورجستان. ١٣–لیتوانیا. ١٤– لیتۆنی. ١٥– مۆڵداڤی.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوانە کان.

١ –ئینسکلۆپیدیای فەیلەسوفان.

٢ –فەرهەنگی سیاسی.

٣ –جیهانی سۆفیا.

٤ –فەرهەنگی نوێ.

٥ –تیۆری سیاسی.

٦ –زانستی سیاسی.

٧ –بنەماکانی زانستی سیاسەت.

٨ –سیماکانی ئەقڵانیەت و خورافە.

٩ –فەلسەفەی خۆرئاوا.

١٠ –کلتووری بەجیهانی بوون.

١١ –دیاردەی گەندەڵی.

١٢ –موسوعه الهلال الشتراكیه.

١٣ –موسوعه علم الجتماع.